بسم اللّه الرحمن الرحيم

# ڕێنووسی زمانی کوردی

**نووسەر: فایەق محەممەدی (هەژار شنۆیی)**

**کتێبی فێرکاریی ڕێنووسی کوردی بۆ فێرگەکان**

سرشناسه: محمدی، فایق ۱۳۷۴
عنوان و نام پدید آور: رینووسی زمانی کوردی/ نوشتەی فایەق محەمەدی
مشخصات نشر: نقده سولدوزبایجان ۱۳۹۸
مشخصات ظاهری: ۱۸۹ صفحه
فروست: کتیبی فیرکاری رینووسی کوردی
شابک: ۹۷۸-۶۰۰-۷۳۸۸-۵۸-۷
وضعیت فهرست نویسی: فیپا
یاداشت: کردی
موضوع: کردی _ رسم الخط
موضوع: Kurdish language _ orthography and spelling
موضوع: کردی دستور
موضوع: Kurdish language _ grammar
موضوع: کردی _ خودآموز
موضوع: Kurdish language _ self instruction
ردەبندی کنگره: ۳۲۵۶PIPR
ردەبندی دیویی: ک۹فا۴
شماره کتابشناسی ملی: ۵۷۲۹۵۵۹

**شناسنامه کتاب**

نام کتاب: **ڕێنووسی زمانی کوردی**
نوشتەی: **فایەق محەممەدی (هەژار شنۆیی)**
ناشر: **انتشارات سولدوزبایجان**
تیراژ: **۱۰۰۰**
نوبت چاپ: **اول**
سال نشر: **۱۳۹۸**
محل نشر: **نقده**
تعداد صفحات: **۱۸۹**
چاپ: **آیدین یازار: ۳۵٦ ۳۰۳۳۹ – ۳۵٦ ۳۰۳۳۰-۰٤٤**
طرح روی جلد: فایق محمدی
**شابک: ۹-٤١-۷۳۸۸-٦۰۰-۹۷۸**
**ویراستار: سارا خنشاء**
**قیمت:**

انتشارات سولدوزبایجان

پێشەکی.......................................................................................................
فێربوونی ڕێنووسی کوردی ............................................................................ ١
کورتێک سەبارەت بە ئەلفبێی کوردی و وەرگرتنی .......................................... ٣
وانەبێژی زمانی کوردی ..............................................................................٥
خوێندنەوەی ڕێنووسی زمانی کوردی .......................................................... ٨
وانەی یەکەم – بەراوردکردنی ئەلفبێی کوردی و فارسی................................ ١٩
وانە دووەم – هاوبەشی و جیاوازییەکانی ئەلفبێی کوردی و فارسی ............ ٢٢
وانەی سێهەم – بزوێنەکان.......................................................................... ٢٥
وانەی چوارەم – بزوێنەکانی (ئا، ئی، ئوو) ................................................... ٢٧
وانەی پێنجەم – بزوێنەکانی (ئە، ئێ، ئۆ)....................................................... ٣٣
وانەی شەشەم _ پیتەکانی (ڕ، ر) و (ڵ، ل) ..................................................٤٠
وانەی حەوتەم – ئوی کورت، بزرۆکە، دوودەنگ و هەندێ پیت ................ ٤٦
وانەی هەشتەم – ئەرکی هەمزە – کێشەی و، ی ......................................... ٤٩
وانەی نۆیەم – پێناسەی بڕگە و جۆرەکانی بڕگە ........................................٥٤
وانەی دەیەم – ئەلفبێی کوردیی لاتینی ........................................................ ٥٦
خوێندنەوە .................................................................................................. ٦٦
مێژووی کورد ............................................................................................. ٦٧
قۆناغەکانی زمانی کوردی ............................................................................ ٧٠
باسێک لەسەر ڕۆژنامەی کوردستان ............................................................ ٧٢
زاراوەکانی زمانی کوردی ............................................................................ ٧٤
فۆلکلۆر چییە ................................................................................................ ٧٦
ئەدەبی کوردی ............................................................................................. ٨٤
ژیاننامەی هەندێ لە شاعیران و نووسەران ................................................. ٩١
وشەی زمانی کوردی .................................................................................. ١٣١
گرنگی کتێب ............................................................................................... ١٣٥
پێشەکی ڕێنووسی یەکگرتوو ....................................................................... ١٢٥
ڕێنووسی یەکگرتوو بەشی ئەوەڵ ................................................................................
پرێپۆزیشن (ئامرازی پێوەندی، دوولاگر) ....................................................... ١٤٤
کێشەی (لە) ................................................................................................. ١٤٧

کێشەی ئامرازی (تر)  و وشەی (تر)................................................................ ١٤٩
پیتی (ت) لە وشە و کاردا ................................................................ ١٥٠
ڕێنووسی یەکگرتوو بەشی دووەم ................................................................
کێشەی (ئی) ................................................................ ١٥٢
کێشەی (ی)ی دانەپاڵ ................................................................ ١٥٣
کێشەی (یە) ................................................................ ١٥٥
ڕێنووسی یەکگرتوو بەشی سێهەم ................................................................
کێشەی (دە، ئە) ................................................................ ١٥٨
کێشەی (بێ، بەبێ) ................................................................ ١٥٨
وشەی بیانی ................................................................ ١٥٩
ئاوەڵکار ................................................................ ١٦١
ڕێنووسی یەکگرتوو بەشی چوارەم ................................................................
وشە ................................................................ ١٦٢
چاوگ (مصدر) ................................................................ ١٦٤
جێناوی لکاو و چاوگ ................................................................ ١٦٦
ڕێنووسی یەکگرتوو بەشی پێنجەم ................................................................
کار (فعل) ................................................................ ١٦٩
نیشانەکان ................................................................ ١٧٥
خاڵبەندی ................................................................ ١٧٧
نموونەی تاقیی کۆتایی ................................................................ ١٨٥
سەرچاوەکان................................................................ ١٨٨

## پێشەکی

خوێنەری هێژا ئەمەی لەم کتێبە فێر دەبن ڕێنووسی سەرەتاییی زمانی کوردییە کە بە زانستییانەترین شێوە و بە کەڵکوەرگرتن لە باشترین، نوێترین کتێب و سەرچاوەکانی فێرکاریی زمانی کوردی لە زانستگاکانی ئێران و کوردستانی عێراق کە سەبارەت بە ڕێنووسی زمانی کوردی دانراوە، نووسراوە.

هەروەها ئەم ڕێنووسە ئێستاکانێ میلیۆنان کوردی سەراسەری دنیا بۆ نووسینی دەق، نامە، کتێب، ئینتێرنێت، گۆڤار، ڕۆژنامە و ... تەنانەت لە قوتابخانەکان و زانستگاکان کەڵکی لێ وەردەگرن، کەواتە لانیکەم فێربوونی ڕێنووسی سەرەتاییی زمانی کوردی بۆ هەر کوردێک لە دنیای ئەمڕۆدا  کە خۆی بە کورد دەزانێ پێویستە.

زمانی کوردی یەکێک لە زمانەکانی هیندوئەورووپاییە، کە وەکوو تەواوی زمانەکانی دنیا بەدرێژاییی مێژوو گۆڕانی بەسەر هاتووە، پەرەی سەندووە و خۆی لەگەڵ زانستەکانی ڕۆژ ڕێک خستووە، تەنانەت ئەگەر زمانێک نەتوانێت خۆی لەگەڵ زانستی ڕۆژ ڕێک بخات ئەوە بێگومان وشەی بێگانەی زۆر و زۆرتر دەبێت تاکوو لەنێو دەچێت و بەهۆی لەنێوچوونی زمان، ئەوە ئەو قەومە یا گەلە دەتوێتەوە و بوونی نامێنێت، تەنانەت لە بواری دەروونناسیشدا زمانی دایکی زۆر گرینگە و دانی زۆریان پێ داوە، واتە دەربڕینی هەست بە زمانی دایکی و نووسین بە زمانی دایکی، مرۆڤ دەگەیێنێتە ئەو پەڕی ئۆقرەیی، چون زمانی دایکی پێش لەدایکبوونی زارۆکێک کاریگەری لەسەر هەیە واتە (لە زگی دایکی)دا، جا بمێنێت کە بە لایەلایە و وشە بەسۆزەکانی دایک پەروەردە دەکرێ و زمانی دایکی لەگەڵ خوێنی تێکەڵ دەبێت.

هەروەها لە جیهانیشدا ڕێکخراوی یوونێسکۆ دەڵێت: **"کەسێک بە زمانی دایکی نەتوانێ بخوێنێت و بنووسێت ئەوە نەخوێندەوار دێتە ئەژمار تەنانەت ئەگەر پسپۆریشی  لە زمانەکانی دیکە هەبێ"** لە بواری مێژوویيیش زمانی دایکی پاشماوەیەکە کە باب و باپیرانمان بۆ ئێمەیان بە میرات جێ هێشتووە تاکوو بوونی خۆمان لە دنیای ئەمڕۆدا بزانین و ئاگاداری ئەم پاشماوەیە بین.

لە بواری ئایینیش خودا لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند شوێن وەکوو سوورەی (حجرات) ئایەی ١٣ و بەتایبەتی لە سورەی (ابراهیم) ئایەی ٤ دەفەرمێت: **"ئێمە پێغەمبەرانمان نەنارد مەگەر ئەوەیکە بە زمانی گەلی خۆیان لەگەڵیان بدوێن"**

ئەوە بەڕاشکاوی گرینگبوونی زمان لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان و قەبووڵکردنی پێغەمبەران نیشان دەدات.

**لە بواری ڕامیاریش یاسای (١٥)ی وڵات دەڵێت:** هەموو هۆزێک دەتوانێت زمانی دایکیی خۆی لە قوتابخانەدا هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی پەرە پێ بدات بەڵام بۆ ئەنجام نادرێ باسەکی دوورودرێژی هەیە کە سەرەکیترینی هۆشی نوێنەرەکانمان لە مەجلیس و خۆمانین.

لە زانستگا واتە لە (دانشگاه کردستان)ی سنەش لیسانسی زمانی کورد هەیە و هۆگرانی زمانی کوردی دەتوانن دوای تێپەڕکردنی قۆناغەکانی پۆل و وانەکانی زمانی کوردی، بەشانازییەوە لیسانسی زمانی کوردی وەربگرن.

هیوادارم ئێوەش بتوانن بەباشترین شێوە و بە کەڵکوەرگرتن لەم کتێبە و بە ئالیکاری مامۆستا، فێری زمانی زگماکیی خۆتان بن و پەرە بە زمانەکەتان بدەن و تا ئەو شوێنەی دەتوانن وەکوو ئەرکی سەرشانی هەموومان، خەڵک بۆ فێربوونی زمانی کوردی بانگهێشت بکەن چونکە مافی هەموو کەسێکە بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، تەنانەت ئەوەش بزانن کە بە فێربوونی زمانی خۆتان دەتوانن زمانەکانی دیکە بۆ نموونە فارسی، ئینگلیزی، عەرەبی و ... بەباشی فێر بن و بۆتان جێگیر بێت.

ئەگەر جوان سرنج بدەنە ئەم کتێبە دەبینن کە لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە **بەشی ئەوەڵ** ڕێنووسی سەرەتاییە کە گرنگترین بەشی ئەم کتێبە دەگرێتە خۆ و بناغەی تەواوی بەشەکانی زمانی کوردییە واتا گەر کەسێک ئەم بەشە جوان فێر نەبێت ئەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت ئەم بەشە بریتییە لە: "باس و فێرکاریی ئەلفبێی زمانی کوردی، شێوەی بێژەکردنی پیتەکان، جیاوازی و هاوبەشی ئەلفبێی زمانی کوردی و فارسی، چۆنیەتی نووسینی دەنگۆکەکان، بڕگەبڕگەکردنی وشەکان و ..."یە

**بەشی دووەمی** ئەم کتێبە خوێندنەوەیە کە بە پێویست دەزاندرێ، دوای ئەوەی کە فێرخواز فێری خوێندن و نووسین بوو، بۆوەی چاوی بە ڕێنووسی کوردی ڕابێت دەبێ دەست بە خوێندن بکات، جا چ باشتر هاوکات دەگەڵ ڕاهێنان و خوێندن بابەتێکی زانستی سەبارەت بە خۆی و زمانەکەی بخوێنێتەوە و وەکوو کەسێک کە خوێندەوارییی کوردی هەیە شتگەلێکیش لە خۆی بزانێت و دەگەڵ مێژووی ئەدەب، زاراوەکانی زمانی کوردی، شاعیرە گەورەکان و هەندێ بەرهەمیان ناسراو بێت و چێژ لەم زمانە شیرنە ببینێت.

**بەشی سێیەم**، کۆتا بەشی ئەم کتێبەیە کە لە پێشەکیەکەی باسی گرنگیم کردووە واتا بەشی ڕێنووسی یەکگرتوو، بۆیە لێرە زۆر باسی ناکەم تەنیا ئەوەندە بزانن دوای باش خوێندنەوە کە ئیتر فێرخواز دەیهەوێ بنووسێ تازە زۆر کێشەی بۆ دێتە پێش کە لەو بەشیدا بەجوانی چۆنیەتیی نووسینی بێهەڵە و مامڵەکردن دەگەڵ وشەکان فێر دەبێت و زانستی لە نووسینی کوردی پتەو دەبێ.

هەندێ بەشی وەک: نموونەی دیکە بنووسە یا هەندێ ڕاهێنان و لە تێنووسدا و ... بۆ ژیربوونی خوێندکار و قوتابیم داناوە کە داواکارم بەجوانی و ڕێکوپێکی ئەنجامیان بدەن و مامۆستای فێرگەش چاویان لێ بکات و هەڵەکانیان ڕاست بکات و بە ویستی خۆی لە کاتی پێویستدا ڕاهێنانی زۆرتر بە قوتابی بدات، ئەم کتێبە تەواو بە زمانی کوردی نووسراوە، بەڵام هەندێ شوێن بۆ تێگەیاندنی زێدەتری قوتابی و فێرخواز بە زمانی فارسی لە پەراوێزدا شرۆڤەم کردووە.

هەروەها واتای وشەکانیش زۆر گرنگە جا گەر بەتەنیا دەیخوێنی و واتای وشەکان نازانیت لە وشەنامەکانی کوردی واتایان بدۆزەوە بەڵام گەر لە فێرگە دەیخوێنن پێویستە مامۆستا جوان بۆ قوتابی واتایان بکات.

**<u>ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بۆ فێرگەکانی زمانی کوردی دانراوە بۆیە بۆ کەسێک کە بیهەوێ بەتەنیا و خۆی فێری بێت تۆزێک ئەستەم دەبێت.</u>**

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم: ئەم کتێبە سەر بە هیچ حیزب، دەزگا یا ڕێکخراوێکی سیاسی و ... نییە و لەسەر یاسای ( ١٥ قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران) ـە و تەنیا بۆ فێربوونی زمانی کوردی وەکوو تەواوی زمانەکانی دنیا کەڵک وەردەگیردرێت و بە شێوەیەکی خێرخوازانە و بەئەرک و زەحمەت، خۆم کۆم کردووەتەوە و نووسیومە لە زۆر کتێب و سەرچاوەشم کەڵک وەرگرتووە کە لە دوایین لاپەڕی کتێب ئاماژەم پێ کردووە، چەند جارێکم پاڵاوتەوە چەند ساڵ لە فێرگە وانەم لێ کوتووە و شوکر کاریگەرییەکی زۆر باشی بۆ فێربوون هەبووە، ئێستاش لەبەر دەستی ئێوەی هێژایە تاکوو توانیبێتم بەم خوێندەوارییە لاواز و سەقەتەم تۆزێکم خزمەت بە زمانی خۆم کردبێت، یان لانیکەم دڵم خۆش بێت کە ئەوەی لە دەستم هاتووە کردوومە، هیوادارم لێم قەبووڵ بکرێت.

**لە دوعای خێرتان بێبەشم مەکەن.** **هەژار شنۆیی ١٣٩٦**

# فێربوونی ڕێنووسی کوردی

زمان کۆمەڵێک نیشانەی بڕیاردراوی ڕێسامەندە لە دەنگەکان یا نیشانەکانی کوتن و نووسین، کە لەلایەن کۆمەڵێک مرۆڤی سەر بە تاقمێکی کۆمەڵایەتی یا فەرهەنگییەوە بە مەبەستی دامەزراندنی پێوەندی (تێگەیاندن و تێگەیشتن) بەکار دێت. ئەرکی زمان، پەیوەندیگرتن و دەربڕینی ڕا و هەستی دەروونە.

دەکرێ بڵێین زمان سیستەمێکی ئاڵۆزە کە مرۆڤ بۆ ڕاگەیاندن بەکاری دەبات. ڕێنووسیش واتە جۆری نووسینی دەنگەکانە، یانی هەر دەنگێک کە لە دەم دێتە دەرێ و دەبێتە دەنگۆکی زمانێک لە ڕێنووسدا یەک هێمای تایبەتی بۆ دانراوە هەر بەم شێوەیە هێماکان یان بڵێین پیتەکان لای یەکتر دادەنرێن و بڕگە، وشە و ... پێک دێنن بێگومان هەر زمانێک ڕێنووسی تایبەتی خۆی هەیە کە پسپۆڕ و شارەزاکانیان لە بواری زمان تێ کۆشاون بەباشترین شێوە ڕێنووسەکەیان لەگەڵ زمانەکەیان ڕێک بخەن بەڵام هیچ زمانێک نەیتوانیوە ئەم ئەرکە بەتەواوی بەجێ بێنێت و تەواوی کێشەکانی ڕێنووسیان چارەسەر بکەن چ ئەو ڕێنووسانەی تازە دانراون و چ ئەو ڕێنووسانەی مێژوویان زۆر کۆنە؛ چونکە زمان زۆر بەربڵاو و گەورەیە، کەچی هەندێک لە ڕێنووسی زمانەکان کێشەکانیان لەچاو ڕێنووسی زمانانی دیکە کەمترە، وەکوو: تازەبوونی ڕێنووسەکە بێگومان ئەو زمانانەی مێژووی ڕێنووسیان کەمتر بێ، کێشەکانیشی کەمترە، چونکە زمانناسانی ئەو زمانە تێ کۆشاون کێشە و هەڵەکانی ڕێنووسی زمانەکانی دیکە لە ڕێنووسی زمانیان دەربکەن و تایبەتمەندییە باشەکانیان بەرچاو بگرن بەڵام ئەوەی زۆر کۆنترە و نۆژەنی نەبووە وەک ئینگلیزی، فەرەنسی، فارسی، عەرەبی و ... کێشەی یێگجار زۆرترە واتا دەبینین کە وشەگەلێکی زۆر کە دەنووسرێ جورێکی دی دەخوێندرێ کە لە زمانی فەرەنسی ئەو کێشەیەی یێگجار بەرچاوە کەواتە گەر کەسێک بیهەوێ فێری ئەم زمانانە بێت زۆر کێشەی دەبێت و ناچارە شێوەی بێژەکردنی ئەم وشانە لەبەر بکات، هەروەها گۆڕانی هەندێ لە دەنگەکان یاکوو هۆکاری مێژوویی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی یەک ڕێنووس و ئەلفبێی نارێک لە زمانێکی دیکە بۆ زمانەکەیان، چاولێکەری ناشارەزایانە و ... هەموو هۆکارێکن بۆ کێشەداربوون و ئەستەمکردنی ڕێنووسی زمانێک.

زمانی کوردیش چ بە پیتی ئارامی و چ بە پیتی لاتینی کێشەی هەر هەیە بەڵام لەچاو زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی، تورکی، فەرەنسی و ... هەر کێشە نایێتە هەژمار و زۆر ساکار و زانستییانە ڕێک خستراوە.

له بنەڕەتدا ئەلفبێی فارسی لە عەرەبیەوە وەرگیراوە و هەندێ گۆڕانیان بەسەر هێناوە، ئەلفبێی عەرەبیش لە ئارامی، ئەویش لە عیبری ئەویش لە بابێلی و ... تا هیرۆگلیف، واتا هەموو گۆڕانێکیان بەسەر هێناوە تاکوو لەگەڵ زمانەکەیان بگونجێنن بەم شێوەیە زمانی کوردیش وەکوو فارسی لە عەرەبییەوە وەری گرتووە و لەگەڵ زمانەکەی گونجاندوویەتی، واتە هەندێ پیتی لێ سڕیوەتەوە و هەندێ پیتیش کە پێویست بووە و لەنێو زمانەکەی هەبووە بە شێوەی زانستییانە پێیەوە زێدە کردووە جێی ئاماژەیە کە چ بڵێین ئەلفبێی کوردی لە ئەلفبێی عەرەبی وەرگیراوە یان ئارامی و ... گرنگ نییە چونکە ئێستاکانێ گەر لێی بکۆڵینەوە هەموو ڕێنووسەکان و ئەلفبێکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانەکی دی وەرگیراوە و بەپێی تایبەتمەندی زمانەکەیان گۆڕانیان بەسەر هێناوە هەروەها هیچ ڕێنووسەک ناتوانێ نیشانەی دواکەوتوویی یان پێشکەوتنی وڵات و هۆز و گەلێک بێت چونکە گەر وا بێت دەبێ تەواوی ئەو زمانانەی ئەلفبێی لاتینی بەکار دێنن زۆر پێشکەوتوو بان کەچی وا نییە وەکوو وڵاتانی ئەفریقا یان گەر نیشانەی دواکەوتوویی بان ئەوە ئیتر بۆ وڵاتانی چین، ژاپۆن و ... ئەو ڕێنووسە جیاوازە بەکار دێنن و دواکەوتووش نین.

هەروەها بە هیچ شێوە زمان و ڕێنووس ناتوانێ هۆی جیابوون یان یێکگرتنی وڵاتان بێت بۆ نموونە چەندها زمان و ڕێنووسی جیاواز لە وڵاتانی چین، هیندوستان، سوئد و ... هەیە بەڵام وڵاتێکن کەچی زۆرێک لە وڵاتانی ئەوڕووپی و عەرەبی یەک ڕێنووس و یەک زمانن بەڵام چەندها ولاتن یان ئێران و ئەفغانستان یەک ڕێنووسن بەڵام دوو وڵاتن نموونەی ئاوها زۆرن کەواتە با زمان و ڕێنووسەکەی، پەیوەندی نەدەن بە سیاسەت یان هەر شتێک بۆوەی مەترسیدار بێت.

لەم کتێبەدا بۆ فێربوونی ڕێنووسی کوردی فێرخواز دەبێ لەگەڵ ڕێنووسی فارسی یا عەرەبی واتە ئەلفبێ یان پیتەکانیان ناسراو بێت تاکوو بتوانێ بەباشی فێری ڕێنووسی کوردیی ئارامی بێت. چونکە بۆ فێربوونی ڕێنووسی کوردی کەڵک لە دوو شێوە وەردەگیردرێت واتە یان دەبێ فێرخواز لە سەرەتاوە لە قوتابخانەکان فێری ئەلفبێی کوردی بێت وەکوو کوردەکانی عێراق و هەندێ وڵاتانی ئەورووپایی یان ئاشنایەتی لەگەڵ ئەلفبێی فارسی، عەرەبی هەبێت تاکوو بتوانێ ڕێنووسی کوردی کە نزیکی لەگەڵ ئەلفبێی فارسی و عەرەبی هەیە بەتەواوی فێر بێت، لەم کتێبە کەڵک لە شێوەی دووەم وەردەگرین.

## کورتێک سەبارەت بە ئەلفبێی کوردی و وەرگرتنی

پیتەکانی ئەلفبێی عەرەبی ٢٨ پیتن وەکوو:

**" ا / ب / ت / ث / ج / ح / خ / د / ذ / ر / ز / س / ش / ص**

**ض / ط / ظ / ع / غ / ق / ف / ک / ل / م / ن / و / ه/ ی"**

کە لەم پیتانە ٢٢یان بۆ زمانی کوردی گونجاون بەڵام ٦یان بۆ زمانی کوردی ناگونجێن وەکوو: ( **ث / ذ / ص / ض / ط / ظ**) کەواتە ئەم پیتانە لە ئەلفبێی کوردی سڕدرانەوە و بوونیان نییە پاشان بە دەستکاری **٧** پیت لەم **٢٢** پیتە گونجاوانە، حەوت پیتی دیکەی کوردییان لێ ساز کرد وەکوو: **(ڕ، ڵ، گ، چ، ڤ، پ، ژ)** بەڵام کێشەی ڕێنووسی کوردی هەر مابوو چون ڕێنووسی کوردی بڕیارە هەرچۆن لە زار دێتە دەرێ هەرواش بنووسرێ بۆیە پێنج پیتی بزوێنی (**ۆ، ێ، ە، وو** )ی بۆ زێدە کرا کەواتە بەم شێوەیە ئەلفبێی کوردی بوو بە **٣٣** پیت بەڵام بە پیتی هەمزە **(ئـ)** کە لە ئەلفبێی کوردی ئەرکی تایبەتی خۆی دەبینێت دەبێتە **٣٤** پیت هەروەها بە دوو پیتی (ئو**u**)ی کورت و (**Î** ئی)، کە لە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی بزوێنن و <u>شێوەیان</u> لە (**واو W**) و (**یای y**)ی نەبزوێن، دەچێ دەبنە **٣٦** دەنگۆک.

هەروەها زمانی کوردی یەکدانە بزوێنی دیکەی هەیە کە" **بزرۆکە**"ی پێ دەڵێن بەڵام پیتی بۆ دانەنراوە، ئێستا <u>دەنگەکانی زمانی کوردی</u> دەبنە **٣٧** و <u>پیتەکانیش</u> دەبنە **٣٤** پیت هەندێ کەس بەم ڕێنووسە، ڕێنووسی کوردیی ئارامی دەڵێن کە هەر ئەم ڕێنووسەیان مەبەستە چونکە لە زمانی کوردی کەڵک لە دوو ڕێنووس وەردەگیردرێت ڕێنووسی کوردیی لاتینی و ڕێنووسی ئارامی.

جێی ئاماژەیە کە مێژووی ڕێنووسی ئارامی یەگجار زۆرترە لە ڕێنووسی لاتینی و ماوەیەکی زۆرترە بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە لەنێو کورداندا بەکار دێت و پەرەی سەندووە و لەنێو کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات باوە.

**باسێکی کورت لەسەر مێژووی ئەلفبێی کوردیی ئارامی**

لەساڵی ١٨٩٨ڕا بە هۆی ڕۆژنامەی کوردستانەوە کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بووە، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی زمانی کوردیدا هەڵدرایەوە.

خەلیل خەیاڵی مۆتکی بۆ بنیاتنانی ئەلفبێیەکی ڕێکوپێک بۆ زمانی کوردی هەنگاو دەنێت کە بۆ ئەم کارە هەڵدەستێت بە نووسین و وەشاندنی یەکەمین پەرتووک لەسەر زمانی کوردی، ئەو پەرتووکە لە ساڵی ١٩٠٩دا لەژێر ناوی "ئەلفبای کورمانجی" و لە توێی ٢٧ لاپەڕەدا دەردەچێت.

له ساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵەیەک بە ناوی کۆمەڵەی هیڤی دامەزرێنرا کە ئامانج لە دامەزراندنی، دابەزاندنی زمان و وێژەی کوردی لە کوردەواریدا بوو. بۆ ئەو مەبەستەش هەڵستا بە دەرکردنی ٢ گۆڤاری "هەتاوی کورد" و "ڕۆژی کورد".

ئەم دوو گۆڤارە لە پێشڤەبردنی زمانی کوردی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو و لەسەر مژاری دیاریکردنی ئەلفبێی ئارامی یان لاتینی بۆ زمانی کوردی زۆر وتاریان تێدا بڵاو بووەتەوە.

له ساڵی ١٩٢٥دا بۆ تاوتوێکردنی زمان و ئەلفبێی کوردی هەوڵێکی نوێ درا.

یەکەم کەس کە ئەو باسەی ورووژاند، مامۆستا تۆفیق وەهبی بوو. تۆفیق وەهبی پێداگر و بەرگریکاری توندی پیتی عەرەبی بوو. هەر لەو گۆڤارەدا، بەڕێز ئیسمائیل حەقی شاوەیس پاڵپشتی لە پیتی عەرەبی دەکات، بەڵام دەڵێت:

هەردوو پیتی (ث/ص) پێویستە لە کوردیدا بکرێنە (س)، هەرسێ پیتی (ذ/ض/ظ) بکرێنە (ز) و پیتی (ط) بکرێنە (ت).

پەرتووکەکانی سەعید سدقی کابان و تۆفیق وەهبی ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی ئەلفبێی ئارامی هەبوو.

ئێستا بە بەراوردکردنی ئەلفبێی کوردی و فارسی گشتی ئەم بابەتانە جوان دەخەینە بەرباس و شرۆڤەی دەکەین، چونکە کوتمان کە ئێمە بۆ فێربوونی ڕێنووسی کوردی دەبێ لەگەڵ ڕێنووسی فارسی یا عەرەبی ئاشنایەتیمان هەبێ لێرەدا وانەکەمان بە بەراورد لەگەڵ ڕێنووسی زمانی فارسی دەست پێ دەکەین.

دوای فێربوون و شرۆڤەکردنی بەشی ئەلفبێ، ئەمجار دەگەینە بەشی نووسین واتە ڕێنووسی یەکگرتوو کە ئەویش ئێستا دەورێکی چالاک لە نووسینی هەر کوردێک دەبینێت و هەرکەس بیهەوێت دەست بە نووسین بکات دەبێ هاینە ڕێنووسی یەکگرتوو بەرچاو بگرێت دەنا هەم نووسینەکەی زۆر ناجوور دەخوێندرێتەوە و تێگەیشتن لێی ئەستەم دەبێت هەمیش بۆ دنیای ئینتێرنێت دۆزینەوەی یەکجار ئاستەنگ دەبێ. بەکورتی ئاماژەم بە ناوەرۆکی ئەم کتێبە کرد بەڵام هیچیان بە ڕادەی تێکۆشانی ئێوە بەڕێزان بۆ فێربوون گرنگ نییە، زۆرتر ئامانجی من لە نووسینی ئەم کتێبە وانەبێژی فێرکاری- مامۆستایانی- فێرگەکانە کەچی کەسێک خۆشی حەول بدات دەتوانێ فێری بێت.

## وانەبێژیی زمانی کوردی

**چۆن زمانی کوردی (ڕێنووسی کوردی) فێری فێرخواز و خوێندکاران بکەین؟**

لەم بەشەدا زۆر بەکورتی باسی ئەزموونی چەند ساڵەی خۆم لە فێرکردنی ڕێنووسی زمانی کوردی دەکەم کە ماوەیەکی زۆرە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قوتابی، خوێندکار یا فێرخوازانم فێری ڕێنووسی کوردی کردووە، ڕەنگە ئەم ئەزموونە ناتەواوەم بە کەڵکی زۆرێک لە ئێوە مامۆستایان و خەمخۆرانی خۆشەویست بێت. ئەمانەی لەم بەشەدا باسم کردوونە تەنیا ئەزموونی خۆمە و ڕەنگە ئێوە ڕێگای زۆر لەمە باشتریش بزانن و بە کاری بێنن بەڵام دیسانیش خوێندنەوەی ئەم بەشە ئینشائەڵڵاهـ قازانجی هەر دەبێت.

**وانەبێژی یان فێرکردنی ڕێنووسی کوردی بە دوو شێوە دابەش دەکەم.**

**یەک:** فێرکردنی ڕێنووسی زمانی کوردی بە کوردزمانەکان.

**دوو:** فێرکردنی زمان و ڕێنووسی کوردی بەو کەسانە کە کورد نینە یان کوردن و ناتوانن بە کوردی قسان بکەن وەک هەندێ لە کوردەکان کە لە دەرەوەی کوردستان گەورە بوونە یان خەڵکی نەتەوەکانی دیکە وەکوو: فارس، تورک، عەرەب و ...

لەم بەشەدا من ئەزموونی خۆم لە فێرکردنی ڕێنووسی کوردی بە کوردەکان، دەگێڕمەوە واتە **بەشی یەک**، چونکە تەنانەت ئەزموونی خۆم لەم بەشەداش پێویستی بە کتێبێکی جودایە چ بگات بە بەشی دوو کە باسەکەمان زۆر درێژ دەکاتەوە.

ڕەنگە لە پۆلی ئێوە ئاستی فێرخوازەکانتان جودا بێت یانی لە تەمنی ٧ ساڵانەوە تێیدا بەشدار بن هەتا تەمەنی ٥٠ یان ٦٠ ساڵان، هەر بۆیە پێشەکی پێتان دەڵێم کە خۆتان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەگەر دەلوێت جودایان بکەن واتە بیکەنە سێ چین، **چینی منداڵان، چینی مامناوەندی و چینی باڵا** یا هەر ناوێک کە پێتان خۆشە واتە **دەستەی ئەوڵ، دەستەی دووەم، دەستەی سێهەم و ...**

ئەگەریش نالوێت کە ئاستەکان جودا بکەن، ئەوە پێویستە لە مێشکی خۆتاندا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ جودایان بکەنەوە واتە مەبەستم ئەوەیە ئەم کتێبەی کە بەردەستتانە هەندێ لە بەشەکانی بە هەندێ لە کەسانی نێو پۆلەکەتان مەڵێنەوە، چونکە زۆر قورسە بۆیان و ڕەنگە دووریشیان بکات لە فێربوونی زمانیان، ئەویش دەستەی منداڵان و مامناوەندییە کە من ئەم کەسانەی خوارەوە بەو چینی دەزانم.

ـ تەمەنیان ژێر ١٥ ساڵ بێت.
ـ ئاستی خوێندەواریان کەم بێت واتە بە زمانی فارسی (نهضت) یان تەنیا پێنج پۆلی بنەڕەتییان تێپەڕ کردووە و باش ناتوانن زمانی فارسی و ... بنووسن و زۆر بەهێواشی و سەبرەوە وشەکان دەخوێننەوە جا لە هەر تەمەنێک بێت.

جگە لەمانە هەر کەسێک بێت و تەمەنی سەرەوەی ١٥ ساڵان بێت و خوێندەواری باش بێت ئەوە توانای ئەوەی هەیە تەواوی بەشەکانی ئەم کتێبە بەجوانی فێر بێت بەڵام بەم مەرجەی ڕاهێنانی هەبێت و خۆی پێوە ماندوو بکات چونکە فێربوونی ڕێنووسی زمانێک کە دەیانهەوێ لە سێ چوار مانگان فێری بن تۆزێک ماندووبوونیشی زیاترە.

هەڵبەت لەبیرمان نەچێت بەشی منداڵان دوایە لە دواڕۆژدا دەرفەت دەبێت تەواوی بەشەکانی فێر بن بەڵام جارێ پێویست ناکات.

**باشتریشە لە کتێبی تایبەت بە خۆیان کە بۆ فێرکردنی ڕێنووسی کوردی بۆ منداڵان نووسراوە کەڵک وەربگیرێت بە تایبەت ژێر ١٢ ساڵ.**

**شێوەی فێرکردن بە ئاستی منداڵان و مامناوەندی**

بۆ ئەم بەشە پێویستە سەرەتا بەشی **خوێندنەوەی ڕێنووسی زمانی کوردی** کە لە لاپەڕی ٨ دەست پێ دەکات و تا لاپەڕی ١٨ بەردەوامە بەباشی بخوێنن واتە دەبێت هاینە زۆر جوان و بەڕەوانی ئەم وشە و ڕستانەی ئەو بەشی بخوێنن نەک بنووسن واتە ئەگەر پێویست بوو بەشی خوێندنەوەی کتێب کە لاپەڕی ٦٦ دەست پێ دەکات لەوێش کەڵک وەربگیرێت تا فێرخواز جوان چاوی بە پیتەکان ڕابێت، جا ئەوجار تەنیا بەشی ڕێنووسی سەرەتایی، دەبێت زۆر بەوردی فێری بکردرێت و فێرخوازیش خۆی تێدا ماندوو بکات، جا ئەگەر توانای هەبوو زیاتر فێر بێت، ئەوە وانەکانی بەشی ڕێنووسی یەکگرتوو لە ئاسانەوە بەرەوە ئەستەمی دامەزراون دەتوانێت وردەوردە یاسا و ڕێساکانی لە نووسینی وشەکاندا بەکار بێنێت.

**بۆ بەشی باڵا**

ئەمانەش دەبێت سەرەتا جوان بخوێنن بەڵام نابێت وانەکانیان زۆر درێژ بکرێت بە شێوەیەک کە تێیدا ماندوو بن، چونکە ئەوان زوو وانەکان فێر دەبن بۆیە کە توانی بخوێنێت ئەوە لە بەشی ڕێنووسی سەرەتاییەوە دەبێت زۆرتر پرسیاریان لێ بکرێت تاکوو بزانین کە باش فێر بوونە بە پرسیارکردن وانە ئاسانەکانیش لایان شیرین دەبێت. جا ئەوجار وانەی سەرەکیی ئەوان لە بەشی ڕێنووسی یەکگرتوودا دەست پێ دەکات. بۆیەش دەمکوت بتوانن جودایان بکەنەوە بۆوەیە کە ئەوان لەبەر درەنگفێربوونی قوتابییەکانی ئاستی منداڵان و مامناوەندی کاتیان بەخۆڕایی نەڕوات.

**تکایە بەشی خوێندنەوە زۆر بەرچاو بگرن، بەتایبەت مامۆستا دەبێت وشەی قورسی دەرەکییان بۆ بنووسێت تا دڵنیا بێت دەزانن بخوێنن، نەک وشەی کوردی بە جۆرێک کە بتوانێت بێژەکردنیان پێشبینی بکات.**

**وشانێکی ئاوها گونجاون: وایڵد، ڕۆسۆڤێلت، ئەلمەعرووفی، ئای ئەم ئە کۆرد و ...**

چونکە ئەم وشانەی نەبینییوە و ئەگەر بتوانێت بیانخوێنێت یانی ئەوە پیتەکانی جوان ناسیوە چونکە پیتناسی زۆر گرینگە با جارێ نەتوانێ بنووسە بەڵام نەزانێ بخوێنێت دڵنیا بن ناتوانێت جوانیش بنووسێت و زۆر درەنگ فێر دەبێت جا هەر ئاستێک بێت.

جا ئەگەر بەرهەڵستیان کرد پێیان بڵێن کە ڕێنووسی کوردی بۆوەی دەبێت زۆر بەجوانی هەموو جۆر بێژەیەکی کە دەتوانین بیڵێین بینووسین چ ئینگلیزی بێت چ فارسی و ... بێت.

هەر بەم بۆنەیەوە زۆر وشەی فارسی یان بێواتام هێناوە کە ببێتە نموونە بۆ مامۆستایان و ئەوانیش نموونەی وا بێنن.

دیسانیش ئێوە مامۆستایانی بەڕێز یان زماندۆستان دەتوانن ئەم قسانەی من لەگەڵ ئەزموونی خۆتان تێکەڵ بکەن و خۆتان بەهێزتر بکەن.

**هیوادارم کاریگەری هەبێت.**

**هەژار شنۆیی**

## خوێندنەوەی ڕێنووسی زمانی کوردی

### ئەلفبێی زمانی کوردی (الفبای زبان کردی)

ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ز

ر ڕ ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ

ل ڵ م ن و ۆ وو هـ ە ی ێ

ـ ئەم پیتانەی خوارەوە لە زمان و ڕێنووسی کوردیدا نییە:

ظ، ض، ذ، ث، ص، ط، ة

ـ ئەم پیتانە لە زمان و ڕێنووسی کوردی و فارسی جیاوازن:

ڕ، ڤ، ڵ، ا، ی، وو، ـە، ێ، ۆ، و، هـ بزرۆکە


تێبینی:

هەندێ پیتی وەکوو (ڕ، ڤ، ڵ، وو، ێ، ۆ) جوان دیارە لە هیچ ڕێنووسەکدا نییە، بەڵام هەندێ پیتی وەکوو ( ا، ی، ـە، و، هـ ) وێڕای هەبوونیان لە هەندێ ڕێنووسی زمانەکانی دیکە، بۆچی بە جیاوازمان داناوە؟

وڵام: چونکە ئەم پیتانە ( ا، ی، ـە، و، هـ ) وێڕای بەدیبوونیان لە ڕێنووسی زمانەکانی دیکە، شێوەی نووسین، مامەڵەکردن و تەنانەت بێژەی هەندێکیان تەواو جیاواز دەردەکەوێت. کە ئینشائەڵلاهـ وردەوردە بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

| ئە | ـە | ە |
|---|---|---|





ئەستێرە　　　　ئەشکەوت　　　　دەفـە

ئەبرۆ، ئەبەدەن، ئەتوو، ئەدی، ئەرک، ئەژدیها، ئەژنۆ، ئەستەم، ئەستوور، ئەستێرە، ئەشکەنجە، ئەلحەملای، ئەلفبێ، ئەوەندە، چەنەبەچەنە، حەسەن، بەهـ بەهـ، بەبە، دە، گەهـ، دەروازە، دەست، سەرەوە، کەو، هەست، چەپ، بەربەست، دەوڵەمەند، ئەوەڵ، ئەنقەست، هەمەدان، ئەندام، چەمەدان، چەکمە، گەمی، دەمار، دەنک و ...

دڵدارە هەژار و دووری ژارە　　　　هەر ژارە بەشی کەسی هەژارە
گەرچی بە تەمەن بەهارە وەختم　　　　ئەمما ڕەش و لەش بەبارە بەختم
(م .محەممەدسەدیق مەحموودی)

بە لەیلاوە وەرە بەر قاپی ئەم لەیلایە ئەی مەجنوون
شەهێکە سەد سەری فەرهاد و شیرینی لەبەر کەوت　(مامۆستا مەحوی)

قوربان وەرە قوربانە، سا بمکە بە قوربانت
ڕەنگین کە بە خوێنام کاکۆڵی پەرێشانت
بۆو چاوە کەوا مەستە، دڵ سستە سەرم مەستە
ئەم ئەبرووە پەیوەستە بۆ قەتڵی موحیببانت　(مامۆستا حەریق)
زێر بەڵایە بێوەفایە دەوڵەمەند　　　　هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند

## هـ ـهـ هـ

هەور، هەنبانە، دەهـ مەهـ بەهـ بەهـ

# ئێـ ـێـ ـێ/ ێ








ئێـسک سێـو ئێـران و ئـێـراق

ئێرەکانێ، ئێل، ئێستاکانێ، ئێرەیی، ئێڕەڵماسی، دێمە، پێمەڕە، شێوە، فێربوون، کێ، کێچ، کێشە، کێشان، کێڵان، کێو، مێوژ، سێو، شێو، دێو، ڕێگا، لێو، پێڵاو، دێو پێست، تێر، زێڕ، زێروو، قێزەون، چێشتان، مێشوولە، مێشێن، پێشێل، مێژوو، مێرد، پێدرێژی گێل، گێزەر، گێلاخە، گێلاس، گێوژ، گێڕان، گێژەڵووکە، دێڵ، فێڵ، خێوەت، نێوەنێوە، بێستان، دێبەدێ، سێبەسێ، دێ، و ...

دەمێ ساقی دەمت بێـنە دەخیلی چاوەکانت بم
به جامێ دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم
(مامۆستا وەفایی)

کتێبەکەم هاوڕێــمە ڕووناککەرەوەی ڕێمە
فێرم دەکا زانیاری لەجیاتی گەمە و یاری
(قاسم محەممەد مستەفا)

کێ بەسەربەرزی ژیا بێ تاوێ ژینی قاڵاوی بە پووشێـک ناوێ
(مامۆستا هەژار)

دێــم بەرەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم
دێم بەرەو هەڵدێڕ و گێژ و بەند و گۆم
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پــێــم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
(مامۆستا هێمن)

# ئۆ ـۆ ۆ



ئۆردووگاهـ



تـۆپ



جـۆ

ئۆباڵ، ئۆخ، ئۆخر، ئۆردوو، ئۆف، ئۆقره، ئۆلک، ئۆهـ، ئۆینباز، ئۆل، شەپۆل، مۆن، قۆڵ، تۆز، خۆخۆر، خۆشپۆش، خۆشکێن، خۆڕاگری، تۆڵە، هۆنهۆن، هۆنراوه، قۆڵنج، قۆڵەقۆ، قۆڕەقۆڕ، چۆڵ، چۆم، نۆژ، لۆکە، لۆمە، سۆبە، سۆما، سۆند، شۆڕا، گۆپاڵ، سەهۆڵ، خۆڵ، پەڕۆ، ئەستۆ، زارۆک، دەهۆڵ، کۆن، ڕۆژبەڕۆژ، سێگۆشە، چرۆ، کۆڵنەدەر، گۆشت، کۆشک.

**ئازیزم! گولاو بۆی خۆی کولمی تۆن**
**ئەر بۆی تۆ نەبۆ بۆی گولاو جە کۆن؟** (مامۆستا مەولەوی)


**غەریبی تۆم نەخۆشی تۆم بە گۆشەی چاوی بیمارت**
**ئەسیری تۆم شەهیدی تۆم بە نووکی تیری موژگانت** (مامۆستا وەفایی)

**لە ڕۆژدا خۆزگە خۆزگەیە زۆرخۆر** **کەچی هەر لە ڕۆڕۆیە کەمخۆر**
**دنیا تیا ترۆیە مەوەستە تیا، برۆ** **کێ مایەوە تیا نەبووبێ ترۆ**
(مامۆستا مەحوی)

**دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**
**دڵم گەرمە و هەناسەم ساردە بێ تۆ** (مامۆستا نالی)

**تۆ ترساوی لاس، کوڕی سەر پشتی شێران نابێ بترسێ .... هانێ ئەوەش بۆ تۆ ئۆ بۆچ کوڕم بۆچ، هەم سەیرە هەم ناخۆشە، بەڵام ڕۆڵەم، ئەوەی وا دووری ئەکا تۆی.** (سوارەی ئیلخانی زادە/ بەشێک لە لاس و خەزاڵ)

## ـــ ــوو وو





**ئوتـوو** **دڕوو** **برووسک**

نوور، سوور، موو، دووکەڵ، چووکە، سووتان، تووفان، زووبەزوو، توورە، ماندوو، پەتوو، سێروو، مەحموود، کەرکووک، مێروولە، پێشوو، دڕوو، سووک، تووک، لووتکە، دووڕوو، ڕۆژوو، ڕووگە، خانوو، تەندوور، کووڕ، دروون، شووشتن، بوون، پێڵوو، سووچ، مووچە، دووپشک، چووکە، بووک، خەزوور، بوولەرزە،

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی

(مامۆستا هێمن)

مەنازە بە بوون مەگری بۆ نەبوو هیچیان تا سەر نین نە بوون و نە نەبوون

(مامۆستا هەژار)

دووڕوو و پڕوو وەکوو دڕوو دەیکوت خوێنمژم وەکوو زێروو

بە کوردی و بەکورتی پێی کوتم دوژمنی گورگێکی نادروستم

## ئو ــو ـــ

ئوستاد، ئوتوو، ئوڕووپا، کورد، تورک، کوتن، کوڕ، دوگمە، گورگ، کورت، گول، گوڵ، دروست، قومری، کورک، قورەقوڕ، خوری، خوشک، حوجرە، موژدە، چەکوچ، کوڵمە و ...


تێبینی:

وەک دەبینن لە زمانی کوردیدا دوو جۆر (او)مان هەیە (وو)ی درێژ و (و)ی کورت جارێ تەنیا بزانن کە (وو)ی درێژ هیچ کات لە سەرەتای وشە نایێت و (و)ی کورتیش هیچ کات لە کۆتایی وشە نایێت کەچی هەردووک دەتوانن لە ناوەڕاستی وشەکان بێن


# ئـا ـا ا



ئـاگر



ئـاوایی



ئـاڵـا

ئابڕوو، ئاخ، ئاغا، ئاخوڕ، ئادەم، ئاراس، ئارەزوو، ئارەقە، ئازار، ئازیز، ئاژەڵ، ئاسک، ئاماژە، ئامۆزا، ئامێز، ئاهـ، ئاوەڕۆ، ئاڵ، ئاڵتۆن، ئاڵۆز، ئایئای، ئامۆژگاری، ئافەرین، ئاست، ئاژاوە، ئاژۆ، ئاژۆتن، ئاکام، ئاکار، سارا، باران، دارا، سەرما، باڵندە، سەماوەر ماسی، کرماشان، ڕامان، داماو، سانا، یاسا، ساز، دالان، دالاش، گاشەبەرد، کار، شار، بار.

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە    ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە (مامۆستا هێمن)

برا وەڵا بە دەردی وا دوچارم    بەبێ ئارام و سەبر و قەرارم
ئەگەر گریام لەبەر بێهۆشی کوردان    مەکەن مەنعم کە چۆن بێ ئێختیارم
(مامۆستا قانع)

بێهۆدەیە بیر و خەم دڵت خۆش کە برا    پرسیار نەکرا بەشت درا هەرچی درا
(مامۆستا هەژار)

چراغم ئامان ...    ئامانەت فەرزەن ئامان سەد ئامان
وەسیێتم ئیدەن دەستم بە دامان    بەی وەسەر گڵکۆم سەوڵی خەرامان
(مامۆستا بێسارانی)

# ئیـ ـیـ ـی/ ی








ئیستکان　　　　شیرینی　　　　ئیلام

**میراویَ، ئیجبار، ئیختیار، ئیخراج، ئیخلاس، ئیدیکە، ئیرادە، ئیسۆت، ئیش، ئیشتها، ئیشکارۆ، ئیشکەبەرد، ئیشکەر، ئیشکەسۆفی، ئیشکەڕۆ، ئیفلیج، ئیما، ئیملا، ئیمزا، ئیمتیحان، ژیر، کیک، کیلۆ، کیف، کیسەڵ، کیژ، دیل، هەویر، زەوی، دەوری، سی، کیفۆک، نیۆک، پینەچی، میلە، پیواز، دیمەن، شین، میوان، سەمیرا، هاوین، فیشەک و ...**

**خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین**

**کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین** (حەزرەتی نالی)

**پیری ژیر ئەی خاوەنی ژین و ژیان**

**پڕ لە باسی کردەوەی شیرین و جوان** (مامۆستا فایەق زێوەر)


**ئەمن کوردێکم باسکی من قەوی**


**لەکن عەزمی من دەماوەند نەوی** (مامۆستا هێمن)

**یار کە فەرمووی بێرە باغی ڕوومەوە بۆ گوڵچنین**

**بێخود ئیتر ئیزن و پرسی باخەوانم بۆ چییە؟** (مامۆستا بێخود)

**ڕ ـڕ ڕ**







ڕۆژ      فـڕۆکە      کەڕ

**ڕازاوە، ڕامان، ڕاو، ڕاوێژ، ڕەقهەڵاتن، ڕەش، ڕێکەوت، ڕێژنە، ڕێنوێنی، ڕۆژهەڵات، ڕۆژمێر، ڕووپاک، ڕووقایم، ڕووگر، ڕووگرژ، ڕیشە، ڕێزین، ڕیحان، ڕوخسار، مەڕمەڕ، سارێژ، پڕژاندن باڕووت، باڕۆکە، پاڕانەوە، لاڕوو، یاڕەبی، گۆڕین، قڕڕە، گۆڕان، گەڕەک، گڕوو، گڕەگڕ، تەڕ، سڕین، فڕفڕە، فڕنی، قڕقڕۆچکە، قڕژاڵ، قڕان، قڕبوون، پڕپۆڵە، پڕبێژ، پەڕینەوە، دڕک، ڕاوچی، ڕامان، ڕیز، ڕووگە، دڕوو، بڕین، کڕین، مەڕمەڕ، کەڕ، شەڕ و ...**

**مەپۆشە ڕووبەڕووی ڕووی ئافتابت      بەبێ ڕووی تۆ دەلەرزێ سالمی ڕوو**

(مامۆستا سالم)

**بە ناڵە بە کوڵ بە گریان      بە سینگکوتان بە ڕووڕنین**
**بە بەرگی ڕەش بە چاوی سوور      بە گۆڕخانە بە کۆڕی شین**

(مامۆستا هێمن)


**بریندااران برین خوەش بوون      ڕەقیبان هەر دوو ڕووڕەش بوو**
**گۆ ڕابە برا ژ ناڤ نڤینان      بەس ئاهـ بکە ژ بەر برینان**

(ئەحمەدی خانی)


# ڤ ـڤـ ـڤ/ ڤ



ڤـالا



تـاڤـگه



مـرۆڤ

**ڤێنووس، ڤرا، ڤڕ، ڤژۆ، ڤالا، هەڤاڵ، ڤیدیۆ، دەڤ، دلۆڤـان، ئەڤـین، شرۆڤـه، دەڤ، ناڤ، شەڤ، مرۆڤ، ئاڤ، چاڤ، ڕاڤه، گڤه، ڤەخارین، بێریڤان، شڤان، سۆلاڤ، میڤان، ڤی، ڤێ، ڤیان، ڤیام، بڤه، تاڤگه، گڤەگڤ و ...**

دەنگبێژ و بلوورڤان دەڤێ بلوورێ دبه ئالیێ راستێ دەڤێ خوه، هەردو لێڤێن خوه ڤەدکشینه و ب نەفەسەکه درێژ ل بلوورێ دخه؛ دەنگێ بلوورێ میرێ تەنێ و دەنگبێژێ وی دبه کووراهیێن دەور و دەوران، نک بەگ و میران، داوەت و دیلانان، شەر و پەڤچوونان، نێچیر و نێچیرڤانان، عەگید و شەرڤانان... دەنگێ بلوورێ وان داڤێژه سەر پشتا موویەکێ ژ چیرۆکێن «هەزار و شەڤەکێ» و وان دبه وەلاتێ خەون و خەیالان، باڤ و کالان.


میر ژ قەدەها خوه یا ئاراڤا لوبنانێ چەند قولت ڤەدخوه، ژ جخارا خوه نەفەسەکه کوور دکشینه، سەرێ خوه بەر ب ژۆر دکه، ب قاسێ کێلیەکێ، چاڤگرتی، دفکره و دیسان ڤەدگەره سەر کاخزێ سپی و دنڤیسه؛

له کتێبی: بیرا قەدەرێ (محەممەد ئوزون (١٩٥٣-٢٠٠٧))

# ـ ڵـ ڵ/ڵ



پێڵاو



جاڵجاڵۆکە



گوڵ

کەڵەباب، خۆڵ، هێڵ، ساڵ، چەقەڵ، قرژاڵ، باڵندە، بۆڵەبۆڵ، ئاڵۆز، ئاڵباڵوو، هەڵووچە، گوڵەگەنم، خاڵ، کوڵمە، سمێڵ، جووڵە، بابۆڵە، سەهۆڵ، بڵێسە، دڵۆپە، قووڵ، دۆڵمە، کڵاو، سواڵکەر، پۆڵا، پووڵ، هەڵپەڕین، بڵاوکردن، هەڵبژاردن، سکاڵا، مەڵبەند، گۆڵ، کۆمەڵ، دەلاڵ، قەڵەو، گوڵاو، داڵاش، قەڵاتان، شەلاڵ، کاڵ، کۆڵبەر، ناڵەناڵ، بڵووز، گڵ، گەڵا، گوڵاڵە و ...

ڕۆڵەی خۆشەویست، جگەر گۆشەکەم   مەرهەمی زامی بەپەرۆشەکەم
هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە   کۆمەڵی نەزان وەک کا و بایە
(مامۆستا هەژار)

قەد گوڵ و ڕووگوڵ و دەرمانی گوڵە   ڕاستە ئەمرۆ گوڵە خەرمانی گوڵە
(مامۆستا وەفایی)

لە دنیادا دڵ ئارامێک و ئارامی دڵێک بوو
بە جارێ ماڵمی وێرانم ئەمیشم چوو و ئەویشم چوو   (مامۆستا مەحوی)

بەڵام دڵ بەڵایە دڵ بەڵایە   گوناهبار چاومە و دڵ موبتەلایە
(مامۆستا کاکەی فەلاح)

بە ناڵەناڵی نالی، دەپرسی لە نالی بۆچی دەناڵی
ئەگەر بە ناڵەناڵی نالی بگەی دەبێ وەک نالی بناڵی
(مامۆستا نالی)

## ئەم وشانە پێکەوە دەخوێنین:

نێلسۆن ماندێلا، ئالبێرت ئەنیشتەین، سۆقرات، ئەفلاتوون، وودی ئالێن، ئالپاچینۆ، ئۆسکار وایڵد، ئەبراهام لینکۆڵن، ئەحمەد خۆشناو، ئەریستۆتاڵ، ئەلبێرت کامۆ، ئەلێکسەندر گراهام بێل، بۆکۆڤسکی، بێرتراند ڕۆسێڵ، تۆماس ئێدیسۆن، تۆڵۆستۆی، دۆڤان هەورامی، ئیمانۆئێل، ئانتۆنی، ئێدریس عومەر، ئێلینۆر ڕۆسۆڤێلت، ئیمام شافعی، ئیسحاق فردیمان، یەلماز گۆنەی، کۆنفۆشوێس، ڤیکتۆر هۆگۆ، ڕێناس بیاوێڵی، مەحموود ملت ئابادی، محەممەد ئەلڕەعووفی، فیۆدۆڕ دۆستۆڤێسکی و ...

## هەندێ پەندی کوردی:

| | |
|---|---|
| بە ئیشە نەک بە ڕیشە | بەرتیل بەردی نەرم دەکات. |
| بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت. | بەڕە لە تەنکیەوە دەدڕێ! |
| بەشی خۆم بۆ خۆم، بەشی تۆش دەخۆم! | پیاوی برسی ئیمانی نییە! |
| بەهارێ پەز، پایزێ ڕەز، زستانێ ئەز! | نازانم، ڕاحەتی گیانم ! |
| پیاوی دووژنە جەرگی کونکونە! | پێوەدان خۆشترە لە ویزەویزە. |
| تێرنەخواردن، لە بابمردن ناخۆشترە! | تەنیایی بۆ خوا چاکە! |
| جلی کۆن لەبەر کە و کتێبی تازە بکرە! | چاڵ، بە دەرزی هەڵناکەندرێ! |
| چێشتی خۆش، لە دوورەوە بۆنی دێ! | چەقۆم لێ بدەن خوێنم لێ نایە! |
| حاشا لە شیری وشتر و دیداری عەڕەب! | حیز بە و سڵامەت بە! |
| حەماڵ بێت و گەماڵ بێ، بەس ماڵی لە شار بێ! | حەق ڕەقە! |

حەوتی بمرێ لە باوان، کلی نابڕێ لە چاوان!

خاوەن باغ و بێستان، شەرمەزارە لە زستان!

ئەوانەی زۆر دەزانن کەم قسە دەکەن، ئەوانەی کەم دەزانن زۆر قسە دەکەن!

تەشیڕێس تەشیڕێس بێ لە کلکی کەرێ دەیڕێسێ!

خزم گۆشتیشت بخوا، ئێسکت ناشکێنێ!          پیاوی نەخوێندەوار (بێسەواد) کوێرە!

**وانەی یەکەم**

## بەراوردکردنی ئەلفبێی کوردی و فارسی

ئەلفبێی فارسی و کوردی پیتەکانی لە دوو بەشی **بزوێن** (دەنگدار) و **نەبزوێن** (بێدەنگ) پێک هاتووە کە لە خوارەوە دەتوانن چاویان لێ بکەن و بە هاوکاری مامۆستا بێژەیان بکەن.

**نەبزوێن، بێدەنگ (بیصدا، صامت) لە ئەلفبێی فارسی**

**ب / پ / ت / ث / ج / چ / ح / خ / د / ذ / ر /ز / ژ / س / ش**

**ص /ض /ط / ظ /ع / غ / ق / ف / ک / گ / ل / م / ن / و / ە/ ی**

**بزوێن، دەنگدار (صدادار، مصوت)**

**(ـَ) (ـِ) ( ـُ ) (آ ا) ( ایـ ) ( او)**

---

**نەبزوێن، بێدەنگ (بیصدا، صامت) لە ئەلفبێی کوردی**

**ئـ / ب / پ / ت / ج / چ / ح / خ / د / ر / ڕ / ز / ژ / س / ش**

**ع /غ / ق / ف / ڤ / ک / گ / ل / ڵ / م / ن / و / هـ / ی**

**بزوێن، دەنگدار(صدادار، مصوت)**

**( ئا ـا ا ) ( ئوو ـوو وو ) ( ئی ـیـ ی )**

**( ئە ـە ە ) ( ئێ ـێـ ێ ) ( ئۆ ـۆ ۆ ) (ئو ـو – ) بزرۆکە (i)**

**دەنگ، دەنگۆک و پیت:** مرۆڤ دەتوانێ بێسنوور **دەنگ** دروست بکات بەڵام هەموو ئەم دەنگانە لە زمانەکەیدا بەکار نایێت بۆیە هەندێ لەم دەنگانە کە بە کەڵکی دێت، هەڵیاندەبژێرێت کە پێی دەڵێن: **<u>دەنگۆک</u>** (واج، phonem) ئەوجار کە نووسەیان بۆ دروست کرا لە فارسیدا (حرف) و لە کوردیشدا (نووسە، تیپ) یان **<u>پیتی</u>** پێ دەڵێن کە چووکەترین بەشی زمانە و دەنووسرێ، واتە بە کوتنێکی دی پیت شێوەی نەقاشیکراوی دەنگۆکەکانە و دەنگۆکیش ئەو دەنگانەیە کە بۆ هەر زمانێک هەڵبژاردراون و بە پیت دیار دەکرێن.

**برگە:** بەم چەند پیتە (دەنگۆکە)ی کە دێنە پاڵ یەک و بە یەک هەناسە لە زار دێنە دەرێ، برگە (بخش، هجا، syllable) دەڵێن و زۆربەی خەڵک لە دەست کەڵک وەردەگرن بۆ نیشاندانی، واتە لە هەر برگەدا دەست یەک جار لە سەرەوە دێتە خوار، بۆ نموونە: پیتەکانی" **ز، ا، ن، ا** " کە تێکەڵ دەبن و دوو برگەی " **زا / نا** " دروست دەکەن کە ئەم دوو برگەیەش هەر کامەی بە یەک هەناسە لە دەم دێتە دەرێ و پێکەوە وشەی "**زانا** " دروست دەکەن، کەواتە دیارە **وشە** دەتوانێ لە یەک یان چەند برگە چێ ببێت، ئەمجار چەند وشە لەپاڵ یەکتر جێ دەگرن و **ڕستە** (جملە) دروست دەکەن. وەکوو: زانا ئەمڕۆ بەیانی هات. کە ئەم ڕستەیە لە ١٨ پیت و ٨ برگە و ٤ وشە پێک هاتووە.

**بێدەنگ یا نەبزوێن:** بەو پیتانە دەکوترێن کە لە کاتی بێژەکردن، یەکێک لە بەشەکانی زار وەکوو: لێو، ددان، زمان، قوڕگ، گەروو بەستێکی بۆ دێتە پێشێ یانی پێش ئەوەی بێنە دەرێ دەگۆڕدرێن، ئەم پیتانە خۆیان نەبزوێنن و بە یارمەتیی بزوێنەکان بێژە دەکرێن. وەک نموونەکانی سەرەوە (یانی بەشی نەبزوێنەکان) کە لە ئەلفبێی کوردی **٢٩** پیتە .

**دەنگدار یا بزوێن:** بەو پیتانە دەکوترێن کە لە کاتی بێژەکردنیاندا، دەم و زار تۆزێ زیاتر دەکرێنەوە و زیاتر دەکێشرێن یانی لێو وێک ناکەوێت واتە ڕاستەوخۆ دێتە دەرێ. بزوێنەکان جووڵە و بزواندن دەخەنە ناو وشەوە بۆیە لە ئەلفبێی کوردیدا پێی دەڵێن بزوێن ئەم پیتانە لە ئەلفبێی کوردیدا ٨ پیتن.

دوو پیتی بزوێنی (ئو**u**) و (ئیـ **Î**) شێوەیان وەکوو نەبزوێنەکانی (واو **w**) و (یای **y**)یە.

## ڕاهێنان

**١. پیتەکانی نەبزوێن و بزوێن لە فارسیدا ........ و ....... و لە کوردیدا ...... و ...... ـە**

**٢. هەندێ پیتی نەبزوێن وەکوو ........، ........، ........ و ........ لە کوردیدا هەیە بەڵام لە فارسیدا نییە و هەندێ پیتی وەکوو ........، ........، ........، ........، ....... و ....... لە فارسیدا هەیە کە لە کوردیدا نییە.**

**٣. جیاوازی هەیە لە نووسینی پیتی نەبزوێنی ........ لە ئەلفبێی کوردی و فارسی، لە کوردی بە شێوەی ........ دەنووسرێ و لە فارسیشدا ...... دەنووسرێ.**

**٤. بڕگە یانی چی؟ لە هاتنی چەند بڕگە لە پاڵ یەک ........ دروست دەبێ.**

**٥. وەکوو نموونە ئەم وشانە بڕگە بڕگە بکە و بزوێن و نەبزوێنەکانی بنووسە.**

قوتابخانە :قو/تاب/خا/نە    بزوێن: و، ا، ـا، ـە    نەبزوێن: ق، ت، ب، خ، ن

| | | |
|---|---|---|
| نامیلکە: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| وەرز: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| خاکەلێوە: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| بانەمەڕ: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| جۆزەردان: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| پووشپەڕ: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| گەلاوێژ | بزوێن: | نەبزوێن: |
| خەرمانان: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| ڕەزبەر: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| گەڵاڕێزان: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| سەرماوەز: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| بەفرانبار | بزوێن | نەبزوێن: |
| ڕێبەندان: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| ڕەشەمە: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| هەینی: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| هەست: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| گوند: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| وەرەوە: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| پارێزگا | بزوێن | نەبزوێن: |
| هەڵکەوت: | بزوێن: | نەبزوێن: |
| سۆما: : | بزوێن: | نەبزوێن: |
| سەرۆک : | بزوێن: | نەبزوێن: |

**وانەی دووەم**

## هاوبەشی و جیاوازییەکانی ئەلفبێی کوردی و فارسی

پیتە هاوبەشەکان لە ئەلفبێی فارسی و کوردیدا لە نەبزوێنەکان **٢٥** پیتن و لە بزوێنەکانیش **۶** پیتن کە لە سەرەوە نیشانمان دا و لەگەڵ بێژەکردنیان ناسراو بووین ئێستا بەوردی باسی دەکەین.

**ئەلف) پیتە نەبزوێنە جیاوازەکانی ئەلفبێی کوردی و فارسی**

وەک لە وانەی یەکدا دیتتان لە بەشی نەبزوێنەکان **۶** پیت لە فارسی هەنە لە کوردیدا نینە وەک: (**ث، ذ، ص، ض، ط، ظ**) و٤ پیتیش لە کوردیدا هەنە کە لە فارسیدا نینە وەک (**ئ ڕ، ڤ، ڵ**) لە بزوێنەکانیش **٢** پیت لە کوردیدا هەنە بەڵام لە فارسیدا نینە وەک: (**ئو**)ی کورت و (**بزۆکە**) یەک پیتی هاوبەشیشان هەیە کە بێژەکردنیان یەکێکە بەڵام نووسینیان جیاوازەئەویش پیتی (**وو**)یە کە یەک جۆر بێژە دەکرێن بەڵام نووسینیان وەک دەبینن جیاوازە واتە لە فارسی بە "**و**" دەنووسرێ، لە کوردیدا بە شێوەی "**وو**" واتە بە دوو "**واو**" دەنووسرێت.

**ئەم پیتانەی لە ئەلفبێی فارسیدا هەیە و لە کوردیدا نییە**

پیتەکانی (ث /ذ /ص /ض /ط /ظ) لە ئەلفبێی کوردیدا بەرانبەرەکەی ئاوهایە:

**پیتەکانی (ث / ص) هەر بە (س) دەنووسرێن:** ثاد = ساد میثاق = میساق ثالث = سالس صاف = ساف صالح = سالح و...

**پیتی ( ط ) هەر بە (ت) دەنووسرێت:** طاس= تاس طاق= تاق طاهر= تاهر طوران= توران و ...

**پیتەکانی ( ذ / ض / ظ) هەر بە ( ز ) دەنووسرێن:** ذات = زات باذل= بازل کاذب = کازب ماضی = مازی قاضی =قازی ظاهر =زاهر ظالم = زالم ناظم = نازم و ...

بۆ پیتی (یٰ) کەڵک لە ( ـا) وەردەگرین وەک : عیسیٰ، موسیٰ = عیسا، مووسا و ...

بۆ پیتی ( اً ) کەڵک لە (ـەن) وەردەگرین وەک: حتما، قطعا = حەتمەن، قەتعەن و ...

هەندێ وشەی وەکوو: *خواهر، خویش، خواب* و ... بە ڕێنووسی کوردی ئەوجۆر کە دەخوێندرێت ئاواش دەنووسرێ وەک دەبینن وشەکانی سەرێ بەڕیز بە ڕێنووسی کوردی ئاوا دەنووسرێن: خاهەر، خیش، خاب و ...

<u>واتا لە زمانی کوردی چۆن بێژە بکرێت، ئاوهاش دەنووسرێ و دەخوێندرێتەوە</u>

نووسینی "**شەدە ـّ** "ش لە زمانی کوردی نییە و نووسینیشی بە چاولێکەریی زمانی عەرەبییە بەڵام ئەگەر هەر دەتانهەوێ بەرچاوی بگرن و بینووسن، ئەوە ئەو پیتەی شەدەی هەیە بە دوو جار بینووسن وەکوو: **محمّد، عبدالله** و... دەنووسن: محەممەد، عەبدوڵڵاهـ و ...

نووسینی ئە، وشانەش بەبێ "شەدە" ڕاستترە وەکوو: شەمە، یەکشەمە، زلە و ...

**ب) پیتە <u>نەبزوێنە هاوبەشەکانی</u> ئەلفبێی کوردی و فارسی**

لە سەرەوە باسمان کرد کە پیتە هاوبەشەکانی نەبزوێنی کوردی و فارسی **٢٥** پیتە کە بریتین لە:

**ب / پ / ت / ج / چ / ح / خ / د / ر /ز / ژ / س / ش**

**ع / غ / ق / ف / ک / گ / ل / م / ن / و / هـ /ی**

پیتەکانی" **ج، چ** " لەنێو زاراوەکانی زمانی کوردی کەمێک جیاوازتر بێژە دەکرێن و پیتەکانی (**ع، غ، ح**)ش لە زاراوەی کورمانجی، کەڵهوڕی و تەنانەت زمانی فارسی بێژە ناکرێن بەڵام لە ئەلفبێی فارسیدا دەنووسرێن هەروەها پیتی (هـ)[1] لە کوردیدا بە شێوەی دووچاو دەنووسرێ وەکوو :ماهـ بەهـ بەهـ گەهـ سێگۆهـ دێهـ مێهـ ئۆهـ فیقهـ و...

**گەهـ دەکا دەستت لە خارستانی غوربەت پڕ دڕوو**

**گەهـ لەنێو خاکیگەدایی و نەگبەتا دەتخا بە فوو** (ماممۆستا ویسالی)

**گەهـ نەرگس و لالە گاهـ سۆرگوڵ ڕەیحان و بەنەفشە گاهـ سونبول** (ئەحمەدی خانی)

**ئەم پیتە نەبزوێنانەی لە ئەلفبێی کوردیدا هەنە و لە فارسیدا نینە**

[1] لەبەر ئەوەی کە لە زمانی فارسی و عەرەبیدا (هـ ـهـ ـە، ە) بەرانبەر بە (H)ی لاتینی دادەنرێت، هەندێ کورد لە کاتی نووسین بە کۆمپیوتەر تووشی هەڵە دەبن و بزوێنی" ـە "دەگەڵ" هـ "تێکەڵ دەکەن واتە لە ئەلفبێی دیجیتالیی کوردیدا ( هـ ـهـ H) کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ (ە ـە E) بە یەک دوگمە دەینووسن.

چوار پیتی نەبزوێنی (**ئـ ڕ، ڤ، ڵ**) لە ئەلفبێی عەرەبی و فارسیدا نینە و تایبەت بە ئەلفبێی زمانی کوردین لەم بەشەدا باسی دوو پیتی **(ئـ ڤ)** دەکەین و لە بەردەوامی وانەشدا پیتەکانی (ڵ، ل) و (ر، ڕ) شرۆڤە و بەوردی باسیان دەکەین.

**ئـ :** هەمزە یان ئاوەڵبزوێن (ئـ) ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا تەنیا بە شێوەی (ئـ) دەنووسرێ و بێژە ناکرێت بەڵام چەند ئەرکێکی هەیە وەک لە سەرەتاهاتنی تەواوی پیتە بزوێنەکان و سەقامگیری لەنێوان دوو پیتی بزوێن کە ناهێڵێت بێنە پاڵ یەکتر جا بۆیە جارێ کارمان پێدا نییە بەڵام وەک وتمان دەبێ بزانن ئەرکی هەرە گرنگی، هاتن لە سەرەتای تەواوی پیتە بزوێنەکانە.

**ڤ :** ئەم پیتە بێژەکردنی لەنێوان پیتی (ف) و (و)دایە واتە هەندێک دەڵێن لە فارسیدا هەیە بەڵام پیتی بۆ نییە وەکوو وشەکانی (اول، دوم، سوم، واسە، وای و... ) لە ئینگلیزیشدا وەکوو پیتی (**v**) لە وشەی (love) لە کوردیدا دەنگێکە کە پیتی بۆ دانراوە و چالاکانە دەور دەبینێ.

جێی ئاماژەیە کە لە زاراوەی کورمانجیدا لە چاو سۆرانی زۆرتر بەکار دێت.

بێژەی ئەم پیتە دەتوانن لەم وشانەدا جوان ببینن.

وەک: بڤە، تاڤگە، گۆڤار، مرۆڤ، ڤیان، هەڤاڵ، ڤزڤز، گڤ و...

**وتی هەڤاڵ نەکەی نزیکی، بڤەی زۆر مرۆڤ کەفتییە بە گڤ لەم تاڤگەیە**

## ڕاهێنان

**١. چند وشە بنووسە کە پیتی " هـ " جارێک لە سەرەتا و جارێک لە نێوەڕاستی وشەدا هاتبێ.**

**٢. چەند وشە بنووسە کۆتاییان بە پیتی" هـ "بێت.**

**٣. چەند وشە بنووسن کە پیتی "ڤـ ڤ"یان تێدا بێت.**

**وانەی سێهەم**

## بزوێنەکان

له ڕێنووسی کوردیدا بزوێنەکانیش دەنووسرێن و بە پێچەوانەی ڕێنووسی فارسی هێمای تایبەتیان لەنێو وشەدا هەیە، واتا هەر وشەیەک هەر چۆن لە زار بێتە دەرێ، ئەو جۆریش دەنووسرێت.

بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا ٨ پیتن بەڵام ٦ گلەیان لەگەڵ فارسی یان زمانی عەرەبی یەکێکە و دوو گلەشی تایبەت بە خۆیە کە لە فارسی و عەرەبیدا نینە.

**بزوێنە هاوبەشەکان:**

**(آ ا)   (ای)   (او )   =   (ئا ـا ا)   (ئی ـیـ ی)   (ئوو ـوو وو)**

**(ـــَــ)   (ـــِـ)   (ـــُـ)   =   (ئە ـە ە)   (ئێ ـێـ ێ)   (ئۆ ـۆ ۆ)**

جوان سرنج بدەنە پیتە بزوێنەکانی کوردی دەبینن کە ئەگەر لە سەرەتا هاتبن هەموویان " ئـ " ئاوەڵبزوێن (هەمزە) دەگرن، بەڵام ئەگەر لە نێوەڕاست و کۆتایی هاتبن ئەوە دەلکێن بە پیتەکەی پێشیانەوە ئەگەر پیتەلکاو بێت یان جیا دەنووسرێ ئەگەر نەلکاو بێت.

لە بەردەوامی وانەکاندا بەتەواوی باسی بزوێنەکان دەکەین.

**بزوێنە جیاوازەکان:** پیتی ئو ـو (Uu) _ بزرۆکە (i)

پیتی" **او**"ی کورت تایبەتە بە زمانی کوردی کە لە "**وو**"ی درێژ کورتترە و زار کەمتر لە بێژەکردنی پیتی "**وو**" دەکرێتەوە بەزۆری هەر وشەیەکی کوردی کە" و"ی کورتی هەبێت ئەگەر بڕواتە نێو زمانی فارسی ئەوە دەگۆڕێت بۆ "**ۆ**" ی کراوە (ضمە) وەکوو: کورد دەبێتە" **کُـرد** "یان" کوشتن "دەبێتە" **کُـشـتـن** "یا وشەکانی" گورگ، بولبول بەڕیز دەبنە " **گُـرگ، بُـلـبُـل** " کە لە ڕێنووسی لاتینی پیتی (u)یان بۆ هەڵبژاردووە وەکوو (kurd, gurg) ئەمە دەگەڵ (واوw)ی نەبزوێن تێکەڵ نەکەن کە شێوەیان وەکوو یەک دەچێ، بۆ ئەوەی جوانتر جیاوازی (**ئو**)ی کورت و درێژتان بۆ دەرکەوێ سرنج بدەنە وێنەیەی لاپەڕی ١٥.




(ئەلف)




(ب)

سەیری ئەم وێنانەی سەرەوە بکەن جوان دەبینن کە لە وێنەی **"ئەلف"** کاتێ ئێمە (وو)ی درێژ بێژە دەکەین لێوەکانمان جوان وەدەر دەکەوێ و دێتە دەرێ واتە زەق دیارە، وەک بڵێین **" کوور"** واتە چەماوە (خمیدە) هەروەتر چاو لە وێنەی" **ب**" بکەن جوان دیارە کاتێ (و)ی کورت بێژە دەکەین لێو تۆزێک یان بڵێین بەحاستەمێک دێتە دەرێ وەک وشەی **"کوڕ"** واتە (پسر)

**بزرۆکە**

ئەم دەنگۆکە وەک لە ناوی دیارە لە ئەلفبێی کوردی ئارامی پیتی بۆ دانەنراوە بۆیە پێی دەڵێن "**بزرۆکە**_" واتە بزربوو، ونبوو و ... هەروەها بێژەکەشی لە (ێ) کورتترە و لە عەرەبیدا (کسرە مختلصە)ی پێ دەڵێن، واتە ئەو پیتەی لە ژێرە (کسرە، ــِـ) کورتتر بێژە دەکرێ، ئەم دەنگۆکە لە ئەلفبێی  کوردیی لاتینی بە (**i**) نیشان دەدرێت، بزرۆکە لەنێوان ئەم پیتانە جوان دیارە: بزن، گرتن، مردن، مشک و ... لە وانەکانی دیکە دیسان باسی دەکەین.

**کۆتا قسە**

تا ئێستا بۆتان دەرکەوتووە لە ڕێنووسی زمانی کوردی پیتە بزوێنەکانیش دەنووسرێن و پیتی تایبەت بە خۆیان هەیە کەواتە بە پێچەوانەی ڕێنووسی زمانی فارسی و عەرەبی ڕێنووسی کوردی هەر چۆن لە دەم (زار) دەربێت هەرواش دەنووسرێ، ئەمەش زۆرێک لە کێشەکانی ڕێنووس چارەسەر دەکات و دوودڵیمان نابێت لە تێگەیشتن و بێژەکردنی پیت و وشەکان.

**وانەی چوارەم**

## بزوێنەکانی (( ئا، ـا ا )) (( ئیـ یـ ی )) (( ئوو ـوو وو ))

**پیتی بزوێنی (آ، ا، ـا) واتە (ئا، ـا ا)**

بێژەی پیتی بزوێنی (آ، ئا) لە زمانی کوردی و فارسیدا بە یەک شێوەیە بەڵام **جیاوازیی شێوەی نووسینی** ئەم پیتە لە دوو زماندا **تەنیا لە سەرەتای وشەیە** واتە لە فارسیدا بە شێوەی (آی با کلاە) دەنووسرێ بەڵام لە ڕێنووسی کوردیدا ئاوەڵبزوێن (هەمزە)ی لەپێش دێت ئەرکێکی ئاوەڵبزوێن هەروەک باسمان کرد لە زمانی کوردی ئەوەیە کە لە سەرەتای تەواوی ئەو وشانەی بە بزوێن دەست پێ دەکەن، دێت.

پیتی ( **آ، ا، ـا** ) لە ڕێنووسی کوردی بە شێوەی (ئا، ـا ا ) دەنووسرێت و بێژەی وەک (ا) ی کۆتاییی وشەی ژمارە پەنجا (٥٠)یە.

| **آ = ئا** | **ـا = ـا** | **ا = ا** |
|---|---|---|
| آقا ☜ **ئاقا** | دامان ☜ دامان | سارا ☜ سارا |
| آرد ☜ **ئارد** | بادام ☜ بادام | زانا ☜ زانا |
| آرام ☜ **ئارام** | تالار ☜ تالار | مانا ☜ مانا |
| آوار ☜ **ئاوار** | کارزان ☜ کارزان | چرا ☜ چرا |

**ـ تۆش ئەم وشانە وەک نموونە بە ڕێنووسی کوردی بنووسە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **آشنا:** ئاشنا | **آمان:** | **آخ:** | **آشتی:** |
| **آبادان:** | **آگر:** | **آسمان:** | **آخر:** |
| **ساوار:** | **شار:** | **آران:** | **دارستان:** |
| **آسن:** | **آمان:** | **دادە:** | **کاروان:** |
| **داخواز:** | **آزاد:** | **آمانج:** | **آست:** |

# پیتی ئا ـا ا

ئـاوایی ئاشاوێ ئاواییـیـەکی مەزنە کە ئـاشێکی زۆر گەورەی تێـدایە و گەنم دەکـاتە ئـارد. لە ئـاوایی ئاشاوێ قوتـابیـیان دەچن بۆ قوتابخانە و وانە دەخوێنن.

ئـاوات، ئـامانج و ئـاسۆ پێکەوە ئـاواڵن، ئەوان لە قوتابخانەی ئاشاوێ پۆلی پێنجەمن. مامۆستا دەڵێ: ئـاو ئاوەدانی دێنێت، ئـاگادار بن شێرەی ئاوێ ئـاوەڵا بەجێ نەهێڵین، ئـاو زۆر بۆ ژیانمان گرنگە، ئاو نەبێ، ئاوەدانیش نابێت.

ئـاگادار بن بە ئـاگر یاری نەکەن، ئاگر بەئـاسانی وڵات دەسووتێنێ. قوتابیی ئـاقڵ و ئـازا بە قسەی دایک، باب و گەورەکانی دەکات و وانەکانی جوان دەخوێنێ و هەردەم بەپاکوخاوێنی دەگەڕێت.

ئـارینا و ئـاڵا، کچی کاک ئـارامن، کاک ئـارام ئـاسنگەرە، ئەو بە ئـاسن و ئاگر ئـامرازی جووتیاری دروست دەکات. کاک ئارام، ئامرازەکانی بەئـاسـانی دەفرۆشـێت و ئـاسنی تـازە بۆ ئـاسنگەرییەکەی دەکڕێ.

زۆربەی خەڵکی ئـاشاوێ، ئاشنای یێکترن، ئەوان ئـازایانە لە مەزرایێ تێ دەکۆشن و کار دەکەن. دادە ئاسێ ژنێکی پیرە، ئەو بەئارامی شەوانە بۆ منداڵانی ئاشاوێ چیرۆک دەڵێ و ئەوانیش گوێی دەدەنێ.

دادە ئـاسێ بـاسی ئـاشتی، ڕاستی و بوێری کاوەی ئاسنگەر دەکات لە دژی زوحاکی زاڵم.

## ڕاهێنان

١. چەند وشە بنووسە کە پیتەکانی (ئا، ـا، ا )یان تێدا بێت.

ئا: ئاسن، ..........................................................................

ـا ا: مار، لاسا، ..........................................................................

**پیتی بزوێنی (ای، یـ ی) واته (ئی یـ ی)**[٢]

بێژەی پیتی بزوێنی (ای، ئی) لە زمانی کوردی و فارسیدا بە یەک شێوەیە بەڵام **جیاوازیی شێوەی نووسینی** ئەم پیتە لە دوو زماندا **تەنیا لە سەرەتای وشەیە**_واتە لە فارسیدا بەشێوەی (ای) دەنووسرێ بەڵام لە کوردی هەمزەی لەپێش دێت ئەویش باسمان کرد کە ئەرکێکی هەمزە لە زمانی کوردی ئەوەیە، کە لە سەرەتای تەواوی ئەو وشانە دێت کە بە بزوێن دەست پێ دەکەن.

پیتی (ای، یـ ی) لە ڕێنووسی کوردیدا لە سەرەتا، نێوەڕاست و کۆتاییدا دێت بە شێوەکانی (ئی یـ ی) دەنووسرێ، بێژەی وەک (ای)ی وشەی ژمارە سی(٣٠)یە.

| | | |
|---|---|---|
| **ایـ = ئـی** | **یـ = یـ** | **ی = ی** |
| **ایران** ☜ ئیران | **آمین** ☜ ئامین | **آموزی** ☜ئامووزی |
| **این** ☜ ئین | **دین** ☜ دین | **دوری** ☜دووری |
| **ایمان** ☜ ئیمان | **سیر** ☜ سیر | **راستی** ☜ ڕاستی |
| **ایلام** ☜ ئیلام | **پیر** ☜ پیر | **پاکی** ☜ پاکی |

**ـ تۆش ئەم وشانە وەک نموونە بە ڕێنووسی کوردی بنووسە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ایشتا: ئیشتا** | **دیارده:** | **ایلات:** | **ایست:** |
| **ایختیار:** | **ایسلام:** | **دیار:** | **میرات:** |
| **ایواره:** | **ایراده:** | **شیر:** | **ایزافه:** |
| **ایخراج:** | **ایزن:** | **آرین:** | **آمین:** |
| **آزین:** | **فیل:** | **شیراز:** | **پاییز:** |

[٢] ئەم پیتە کە هەندێ باسمان کردووە لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی (Î)یان بۆ داناوە و زۆر جوان شێوەی لە پیتەکانی دیکە جیاواز کراوە بەڵام هەروەک دەبینن لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی ئارامی شێوەی ڕێک وەکوو (یای y)یە بەڵام لە وانەکانی دی زۆرتر باسی دەکەین و چۆنیەتی ناسینەوەی ئەم دوو پیتە لە بڕگە و وشەکان بە نموونە ڕوون دەکەینەوە.

# پیتی ئی ـیـ ی

دیـنی ئـیـسلام دیـنی ئێمه موسڵمانانه.

ئێمه موسڵمانان ئـیـمانمان به خودا و پێغەمبەر و کتێبەکەی هەیە و دینی ئیـسلاممان خۆش دەوێ. له کتێبی قورئانێ چیرۆکی زۆر وەکوو: حەزرەتی ئیـبراهیم، ئـیـسماعیل، ئـیـسحاق و ... هەیە، دیـنی ئـیـسلامێ پێشنیار دەکات: قورئانێ بخوێنـیـن و بـیـری لێ بکەینەوە تا ژیانێکی خۆشن هەبێ.

ئـیـقباڵ و ئـیـلخان خەڵکی پارێزگای ئـیـلامن ئەوان هەردەم بۆ ڕۆیشتن له ماڵێ ئـیـجازه له دایک و بابیان وەردەگرن، جا ئەگەر ئـیـجازەیان بدەن دەڕۆنه دەرێ.

ئـیـقباڵ دەڵێ: جارێک ئـیـجازەم نەگرت و چوومه دەرێ که گەڕامەوه باب و دایکم زۆر زویـر ببوون بۆیه ئـیدی بەڵێنم دا، ئەگەر بڕۆمه دەرێ یارمەتییان لێ وەربگرم.

ئـیـلام شارێکی گەورەیه له ئـیـلامێ حەرز زوو ئـیـشک دەبێ چون هەوای له هاویـنان زۆر گەرمه. من سەبارەت به شاری ئیلامێ دەمهەوێ ئـیـنشایەک بنووسم بۆیه له کەسێکی پـیـر، که ئیلامێ باش دەناسێ پرسـیـار دەکەم.

کوردیـی شاری ئـیـلامێ لەگەڵ سۆرانـی تۆزێ جیاوازه، ئەوان لەجیاتی: ئێسته، ئێواره، ئێمه، ئێوه، ئەمڕۆ، ئەمساڵ و ... ئاوهای بێژه دەکەن: ئـیـسه، ئـیـواره، ئـیـمه، ئـیـوه، ئـیـمڕۆ، ئـیـمساڵ و ... خەڵکی ئیلامێ ئـیـرادەیان زۆر بەهێزه ئەوان له شەڕی سەدامی زاڵم زۆر ئازایانه بەرگریـیان کرد.

| ڕاهێنان |
| --- |

١. چەند وشه بنووسه که پیتەکانی (ئی، یـ ی )یان تێدا بێت.

ئی: ئێشتیا، ..............................................................

یـ ی: پیر، یاری، ..............................................................

**پیتی بزوێنی ( او، ـو، و) واته ( ئوو، ـوو، وو)**

بێژەی پیتی بزوێنی (او، ئوو) له زمانی کوردی و فارسیدا به یەک شێوەیه بەڵام **شێوەی نووسینی ئەم پیته له دوو زماندا جیاوازە** واته:

له سەرەتای وشەدا له ڕێنووسی فارسیدا به شێوەی(**او**) دەنووسرێت بەڵام له کوردیدا ئاوەڵبزوێنی له پێشدا دێت و بەشێوەی (ئوو)یه له نێوەڕاست و کۆتاییی وشەکانیشدا له ڕێنووسی کوردیدا به شێوەی دووپاتەکردنی دوو (و) دەنووسرێ بەڵام له فارسیدا به یەک (و)ـە

وەکوو : مو = موو      نور =نوور    دور =دوور        تور = توور

جێی ئاماژەیه بڵێم که تەواوی **ئەم وشانەی کۆتاییان به پیتی (ئوو)یه له زمانی کوردی هاینه (ئوو)ی درێژە نەک کورت** وەکوو: مێژوو، دڕوو، ڕووبەڕوو و ... هەروەها گەر له **سەرەتای وشەدا دەنگی (او) هەبێ واته ئەو وشانەی که به (او) له زمانی کوردیدا دەست پێ دەکەن (ئو)ی کورته** وەک: **ئو**ستاد، **ئو**مێد، **ئو**توو، **و** ...

پیتی (او، ـو، و)ی درێژ له ڕێنووسی کوردیدا له نێوەڕاست و کۆتایی وشەکان دێت و به  شێوەکانی  ( ـوو، وو ) دەنووسرێ، بێژەی وەک (او)ی وشەی ژمارە دوو(٢)یه  .

| **او = ئوو** | **ـو = وو** | **و = وو** |
|---|---|---|
| اورا ☜ **ئوورا** | **آموز** ☜ئامووز | مـو ☜ مـوو |
| اونا ☜ **ئوونا** | **سوت** ☜ سـووت | آبرو ☜ ئابروو |
| اوف ☜ **ئووف** | **دور** ☜ دوور | جارو ☜ جاڕوو |
| اورژانس ☜ **ئووڕژانس** | **پویا** ☜ پـوویا | **بـو** ☜ بـوو |

**ـ تۆش ئەم وشانه وەک نموونه به ڕێنووسی کوردی بنووسه.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **سوت:** سووت | **او:** | **آرزو:** | **دوربین:** |
| **اوندا:** | **اوستان:** | **نور:** | **سور:** |
| **اوستوره:** | **اوکسیدان:** | **اوسلوب:** | **اوتوبوس:** |
| **کاروز:** | **آسور:** | **ایسور:** | **آمور:** |
| **کور:** | **آهو :** | **یور:** | **پودر:** |

# پیتی ئو ـوو وو

وریا بە کاکی دەڵێ: ئـورووپا لـە کوێـیە؟ کاکی دەڵێ: ئورووپا زۆر لێرە دوورە و هەڵدەستێ لەسەر نەقشە پێشانی دەدا و دادەنیشێت.

وریا: ئەرێ کاکە بۆچی پوورم بۆ ژیان چۆتە ئـورووپا و ئاوها لێمان دوور بووە، مەگەر ئەوێ لێرە خۆشترە؟

کاکی کە پێنووسی بەدەست بوو و لەسەر ڕووپەڕێک شتێکی دەنووسی، کوتی وریا گیان وڵاتی خۆمان بەهەشتە و لە هەموو وڵاتانی دنیا خۆشترە بەڵام ئێمە لە جیاتی خزمەت بە وڵاتمان و ئاوەدانکردنی دەچین و نۆکەریی ئەوان دەکەین و وڵاتی ئەوان ڕووناک و خۆش دەکەین لە قوتابخانەی ئەوان وانە دەخوێنین و خۆمان لەبیر دەچێ.

وریا دەڵێ جا کاکە گیان بۆچی وا دەکەین؟

کاکی، پێنووسەکەی پێشانی وریا دەدا و دەڵێ: وریا گیان چـون ئێمە وەدوای زانست ناکەوین و هێزی پێنووس و فێربـوون نازانین، خۆمان ناناسین و نـوستـووین و لەجیاتی حەول بدەین ئێرە ئاوەدان بکەین، دوور دەبین و دەترسێین.

وریا ئیتر زانی کە دەبێ لە قوتابخانە باش وانە بخوێنێت تا بتوانێ ڕۆژێک لێرە خزمەت بکات. هەر قوتابییەک و مرۆڤەکی زیرەک بە: پێنووس، ڕووپەڕ، فێربوون، نووسین و تێکۆشان دەتوانێ وڵاتی ئاوەدان بکات.

| ڕاهێنان |
| --- |

١. چەند وشە بنووسە کە پیتەکانی (ـوو وو )یان تێدا بێت.

ـوو، وو: وەک: نووسینگە، ڕووبەڕوو ..........................................................

..........................................................................................

**وانەی پێنجەم**

## بزوێنەکانی (( ئە ـە ە ))  (( ئێ ـێ ێ )) (( ئۆ ـۆ ۆ ))

لە وانەی سێیەمدا باسمان کرد کە لە زمانی کوردی و فارسیدا شەش بزوێن هاوبەشن واتە هەر دوو زمان بێژەی دەکەن و لە ڕێنووسەکانیان بەکاری دێنن دوایە سێ بزوێنی **"ئا، ئی، ئوو"**مان شرۆڤە کرد و بە نموونە ڕوونمان کردەوە و دیتمان کە لە فارسی و کوردیدا چۆن دەنووسرێن، لەم وانەیەشدا سێ بزوێنە هاوبەشەکەی دیکە کە یەک جۆر بێژە دەکرێن بەڵام نووسین و هەڵسوکەوت دەگەڵیان لە دوو ڕێنووسدا جیاوازە، باس دەکەین، کەچی جێی ئاماژەیە ئەم بزوێنانە لە فارسی و عەرەبیدا نانووسرێن، واتە پیتی دیاریکراویان بۆ نییە بەڵکوو وەکوو هێمایەک نیشانیان داوە و لە سەرەتا بۆ بێژەکردن و فێرکاریی وشەکان کەڵکی لێ وەردەگرن و نیشان دەدرێن کە ئەم سێ هێمایەی (ـَــــِــــُـ) یە و پێیان دەڵێن: (فتحە، کسرە، ضمە) لە کوریدا پێیان دەڵێن: "سەرە، ژێرە، بۆر" و لە تەواوی وشەکان گەر بێژە بکرێن دەبێ بنووسرێن و بەکار بهێنرێن.

وەک بەکورتی لە وانەکانی پێشوودا کوتمان شێوەی نووسینی بزوێنەکان هیچ دوودڵییەک لە چۆنیەتیی بێژەکردنی وشەکان ناهێڵێتەوە و دەبێتە هۆی بێهەڵە خوێندنی وشەکان، بۆیە یێکەک لە تایبەتمەندییە گەورەکانی ئەلفبێی کوردییە.

ئەم بزوێنانەش وەک تەواوی بزوێنەکان ئەگەر لە ئەوەڵی وشە بێن ئاوەڵبزوێن واتە "**ئـ** "دەگرن.

# ئە ـە ە

# ئێ ـێ ێ

# ئۆ ـۆ ۆ

**پیتی بزوێنی ( اَ ـــــَــــ ) واته " ئه، ـه، ه"**

ئەگەر پیتی بزوێنی ( ـــَـــ ) یان ( اَ ) له وشەی زمانی کوردیدا بوو به شێوەی خوارەوه دەینووسین و بێژەی وەکوو (ـــَـــ)ی ژماره ده (١٠)یه.

**اَ = ئه**      **ـــَـ = ه ـه**

سەره (فتحه) له ڕێنووسی کوردی به شێوەی (ئه ه ) نه (هـ ) دەنووسرێ.

**اَسب** ☜ **ئەسب**    **حَسَن** ☜ حـەسـەن    **دَه** ☜ دەهـ

**اَوَ**☜ **ئەوه**    **اَثَـر** ☜ **ئەسـەر**    **وَرَوَ** ☜ **وەرەوه**

**عَلـی** ☜ عـەلی    **ضَرب** ☜ زەرب    **طَرح** ☜ تـەرح

**زَنـگ** ☜ زەنگ    **ذَرع** ☜ زەرع    **ظَرف** ☜ زەرف

**شَکَر**☜ شـەکـەر    **صَرف** ☜ ســـــه رف    **بَـەبَـه** ☜ **بەهـ بەهـ**

**ـ تۆش ئەم وشانه وەک نموونه به ڕێنووسی کوردی بنووسه.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **دَزانم :** دەزانم | **دَوَروَرَ:** | **دَرواز:** | **بَربَست :** |
| **مَرمَر:** | **گورَ:** | **سَرما:** | **دَرمان:** |
| **اَسمَر:** | **چَنَبَچَنه:** | **دَرَکی:** | **اَستَم:** |
| **دَربَدَر:** | **سَردَشت:** | **اَمَر:** | **چَند:** |
| **بَرگ:** | **آمَد:** | **ایرَج:** | **اومَد:** |

# پیتی ئـه ـه ە

ئـەوە ئـەرسـەلانـە، ئەرسـەلان برای ئـەسمـەرە، ئـەوان دەچنـە قوتـابخـانـە تا وانـە بخوێنن.

ئـەرسـەلان هـەرای ئـەسمـەر دەکات: دە وەرە، دە وەرە، با درەنگ نـەگەینـە قوتـابخانە، چاو هـەوا ساردە و بەفر وردەوردە دەبارێ.

ئـەوین و ئـەسمـەر لـەسەر یەک قـەنـەپـە دادەنیشن و ئـەرسەلان و ئـەنوەریش بـەئـەدەبـەوە لـەسـەر قـەنـەپـەیـەکی دیکـە دادەنیشن، وانـە دەخوێنن و پـەروەردە دەبن. لـە قوتـابخـانـە منداڵان بـە بـەفر کایـە دەکەن و بـە بارینی بـەفر دڵشادن.

ئـەوان لـە هـەر حەفتـە کـە حـەوت ڕۆژە، تـەنیا ڕۆژانی: شـەمـە، یـەکشـەمـە، دووشـەمـە، سێشـەمـە و چوارشـەمـە دەچنە قوتـابخـانـە.

ئـەگـەرچی ئـەم جارە بـەفرەکـە کـەمە بـەڵام ڕێگاکان گیراون و خەڵک بە ئەسپەکانیان هاتوچۆ دەکەن. لـە مانگی بـەفرانبار، بەفر وردەوردە دەبارێ و حـەرز سپی دەکات.

کاک ئـەژدەر بـە وەروەرە، بـەفری سەربانەکەیان دەماڵێ و کاک ئەحمەدیش یاریدەی دەکات. کاک ئـەحمـەد و ئـەژدەر دەڵێن: بـەفر بەرەکـەتـەکی خودایـە، هەرچەند بێ هەر کـەمـە.

## ڕاهێنان

١. چەند وشە بنووسە کە پیتەکانی (ئە، ـە، ە)یان تێدا بێت.

ئە: ئەرک، ..........................................................................................

ـە ە: شەو، گەدە، ..............................................................................

**پیتە بزوێنی ( اِ ـــــِـ ) واتە ( ئێ ـێ ێ )**

ئەگەر پیتی بزوێنی ( ـــــِـ ) یان (اِ) لە وشەدا بوو ئەوە بە شێوەی خوارەوەی دەنووسین و بێژەی وەکوو (ـــِـ)ی ژمارە سێ (٣) یە.

**اِ = ئێ**　　　　**ـِـ = ـێ ێ**

ژێرە (کسرە) لە ڕێنووسی کوردیدا بەشێوەی (ئێ ـێ ێ) دەنووسرێت.

**اِسم** ☜ ئێسم　　**پِ** ☜ پێ　　**سِ** ☜ سێ

**ضِد** ☜ زێد　　**ذِن** ☜ زێن　　**مهِر** ☜ مێهر

**صِنف** ☜ سێنف　　**اِرادِ** ☜ ئێرادێ　　**ظِن** ☜ زێن

**ثِروَت** ☜ سێروەت　　**شِعر** ☜ شێعر　　**طِفل** ☜ تێفل

**ـ تۆش ئەم وشانە وەک نموونە بە ڕێنووسی کوردی بنووسە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **پِست :** | **بِکَس :** | **اِمضا :** | **شِر:** |
| **جِبَجِ :** | **اِوارَ :** | **ایمِن :** | **کِو :** |
| **اِمشَب:** | **شِلان:** | **رِزان:** | **پِرار:** |
| **اِسترِس:** | **مِشِن:** | **کِشت:** | **سِبَر:** |
| **بِستان :** | **ایسترِا :** | **نِشاط :** | **کِشوَر :** |

# پیتی ئێ ێـ ـێـ ێ

ئـێواران پـێش ئەوەی شەو دابـێ، ئـێمە هەموو پـێکەوە دەچین ئـێـزنگ خڕ دەکەینەوە تا شەوێ لە سۆبەدا بیسووتـێنین.

نازێ دەڵـێ: ئـێ ئـێ ئێزنگی من لە ئی ئێوە زۆرترە. هـێرش دەڵێ: نەخـێر ئی من زۆرترە. مام ئێلخان دێتە ئـێرە و ئێزنگەکان دەباتەوە دێ، هـێرش دەڵـێ: باپیرە ئەرێ پـێت قورس نییە؟ پـێرێش تۆ هـێناتەوە ئەمڕۆش دیسان تۆ دەیهێـنیـیەوە؟ مام ئێلخان دەڵێ: نا نەوە ژیرەکەم، ئەمن چەند ساڵە ئێزنگەکان لە دارستانڕا دێبەدێ دەبەمەوە ماڵـێ.

هـێرش دەڵێ: ئەرێ باپیرە دارستان چی تـێدایە جگە لە ئێزنگ؟

مام ئێلخان دەڵێ: ئاژەڵی زۆری وەکوو: شـێر، ڕێوی، کەروێشک، گورگ، کوند، سێروو، مێرووله و زۆر ئاژەڵی دیکەی تێدایە کە هەندێکیان مەترسیدارە و نابـێ بەتەنیا بێینە ئـێرە.

نازێ دەڵێ: باپیرە ئـێستا لە کوێستانیش ئێزنگ هەیە؟

بەڵێ، بەڵام لەوێ ڕێواس زۆرە، جا بۆ هـێنانی ڕێواسـێ دەچوومە وێ.

مام ئێلخان پشتی دێشـێ بەڵام ناهێڵـێ کەس بزانێ ئێشی هەیە زۆر مێـهربان و بوێرە، هەر کارێک دەبـێ دەڵـێ: ئینشائەڵڵاهـ جـێبەجـێی دەکەم. باب و دایک هەموو زۆر تـێکۆشەر و زەحمەتکـێشن.

## ڕاهێنان

١. چەند وشە بنووسە کە پیتەکانی (ئێ ـێـ ێ)یان تێدا بێت.

ئێ: ئێسک، ..............................................................................................

ـێـ ێ: تێر، مێ، ..............................................................................................

## پیتی بزوێنی ( اُ ، ـــُــ ) و ( ئۆ، ـۆ ۆ )

پیتی بزوێنی( ـــُــ ) یان ( اُ ) لە وشەدا بوو ئەوە بە شێوەی خوارەوە دەنووسین و بێژەی وەکوو (ـــُــ) ی وشەی ژمارە نۆ (٩)یە .

**اُ = ئۆ**      **ـــُــ = ـۆ ۆ**

بۆرە (ضمه) لە ڕێنووسی کوردی بە شێوەی (ئۆ ـۆ ۆ) دەنووسرێت.

| | | |
|---|---|---|
| **اُردَک** ☜ **ئۆردەک** | **خُدا** ☜ خۆدا | **تەواوی بکە ...** |
| **اُخَی** ☜ **ئۆخەی** | **تُــرد** ☜ تۆرد | **وُرد** ☜........................... |
| **اُستــاد** ☜ ئۆستاد | **خُدا** ☜ خۆدا | **دُست** ☜........................... |
| **شُمــا** ☜ شـۆما | **ذُرَت** ☜ زۆرەت | **بُـقَـمَـلَ**☜ ........................ |
| **گُـل** ☜ گۆل | **ظُهـر** ☜ زۆهر | **کُـدُ** ☜ ........................... |
| **سُم** ☜ سۆم | **ثُـرَیــا** ☜ سۆرەیا | **مُـو** ☜ ........................ |

**ـ تۆش ئەم وشانە وەک نموونە بە ڕێنووسی کوردی بنووسە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **اُخَی:** | **دُشاو:** | **دُست:** | **مُستانگ:** |
| **مُشکِل:** | **تُن:** | **کُهَن:** | **خُدا:** |
| **کُوکَب :** | **مُردَن :** | **سُلطان :** | **آکُرد :** |
| **اینُر :** | **نُرَمَ :** | **سُرسُر :** | **اُستان :** |
| **اُکَی :** | **خُشک :** | **بُر :** | **سُک سُک :** |

# پیتی ئۆ ـۆ ۆ

ئـۆخەی دۆی دادە سـۆزانە، دۆی دادە سـۆزان دۆیەکی زۆر زۆر خۆشە.

دیاکـۆ داوای دۆ لـە دادە سۆزان دەکات، ژینـۆش لە دروستکردنی دۆ یارمەتی دادە سـۆزان دەدات. دادە سـۆزان دەڵێ: دۆینـێ دۆیەکی زۆرم بـۆ ماڵێ چێ کردووە، وەرە دیاکـۆ با دۆت بـۆ تێ بکەم.

دیاکـۆ دەڵێ دادە سۆزان دۆ چـۆن ساز دەبێ؟

دادە سـۆزان دەڵێ: ماست لـەنێو مەشکە دەکەم و دەگەڵ ژینـۆ بە نـۆبە لێکی دەدەین تا دۆ ساز دەبێت و دوایێ بـۆوەی بۆنی خـۆشتر بێت پوونگە و بەڕێک گیای بـۆنخۆشی تێ دەکەین.

دیاکـۆ دەڵێ: ئەمن دۆم دەگەڵ ئـۆملێت و شـۆرباوێ زۆر پێ خۆشە، ئـۆی ئـۆی! لەبیرم هات دایکم کوتی ئەم دۆشاوە بدەم بە ئێوە لەبەر خواردنی دۆ هەر هـۆشم نەبوو.

ژینۆ دەڵێ: ئەی دادە سـۆزان دۆشاو چـۆن چێ دەبێت؟

دادە سۆزان دەڵێ: دۆشاو لە زۆر شت چێ دەکەن وەکوو: ترێ، سێو و ... بەڵام ئەمە دۆشاوی سێوە کە بە کوڵاندنی سێوەکان و گرتنی شیرەی سێوەکە دروست دەبێ. خـۆزگە ئێمە لەبەر ئەو هەموو نێعمەتانە شوکری خودا بکەین.

| راهێنان |
|---|

١. چەند وشە بنووسە کە پیتەکانی (ئۆ، ـۆ، ۆ)یان تێدا بێت.

ئۆ: ئۆد، ..................................................................................................

ـۆ، ۆ: دۆشین، برۆ، ..............................................................................................

**وانەی شەشەم**

## پیتەکانی (ڕ، ر) و ( ڵ، ل)

زمانی کوردی بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە خاوەنی دوو پیتی( **ر، ڕ**) و هەروەها دوو پیتی ( **ل، ڵ** )یە کە بە هاتنیان واتای وشەکە دەگۆڕن یانی جووتۆکەیان هەیە کەواتە دەبێ نووسینیان بەرچاو بگیردرێت.

**جووتۆکە:** یانی ئەگەر دوو دەنگی جیاواز لە وشەیەک لە یەک شوێندا دەرکەون و واتای وشەکە بگۆڕن ئەوە یانی ئەو دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنیمی جیاوازن و وەکوو دوو پیتی جیاواز هەژمار دەکرێن.

بۆ نموونە: ئەگەر پیتی "**ز**" خرایە جێی "**ن**" لە وشەی "**هەنار**" ئەوە دەیکاتە " **هەزار**" و واتایەکەی دەگۆڕێت هەروەتر ئەگەر پیتی "**ژ**" بخرێتە جێی "**ز**" ئەوە دەیکاتە "**هەژار**" و واتای دەگۆڕێت کەواتە سێ دەنگۆکی "<u>ن، ز، ژ</u>" سێ پیتن لە زمانی کوردی جا بۆ پیتی "**ر**" و "**ڕ**"ش هەروەتر بۆ میناک: وشەی "**کەڕ**" و" **کەر**" واتایەکەی گۆڕا کەواتە دوو پیتی جیاوازن یان بۆ " **ل** " و " **ڵ** " لە وشەی" **گوڵ**" و "**گول**" کە واتایەکەی گۆڕا کەواتە دوو پیتی جیاوازن، جێی باسە کە دەبێ میناکی ئاوهای زۆر بێت تا بڵێین جووتۆکەیە چەند نموونەی کەم ناتوانێ پیتەک بە ئەلفبێ زێدە بکات[٣].

## پیتی نەبزوێنی "ڕ" و "ر"

**ڕ :** ئەم پیتە یەکدانە (چەڵەمە، حەوتەک)ی لەژێرە و لەگەڵ (**ر**)ی سووک بێژەکردن و نووسینیشی جیاوازە و لە فارسیدا نییە و لە زمانی کوردیش پێی دەڵێن (**ڕ**)ی قورس یان (**ڕ**)ی گڕ، کە چەند تایبەتمەندی هەیە.

**یەک:** تەواوی وشەکانی زمانی کوردی کە بە (**ر**) دەست پێ دەکەن بێگومان (**ڕ**)یە واتە (**ڕ**)ی گڕە وەک: ڕیز، ڕاو، ڕێبوار، ڕیش، ڕاست، ڕێز، ڕامیاری و...

**دوو:** دەتوانێت لە نێوەڕاست و کۆتاییشدا بێت. وەک: دڕاو، بڕین، گڕاو، گریان، دڕی، جاڕ، باڕ و...

---

[٣] زۆر کەس دەڵێن کە دەنگی "ص، ط" لە زمانی کوردیدا هەیە وەک :صەگ، صابوون، صەمەد، طەواو و ...ئەی بۆچی ئەم دەنگانە پیتیان بۆ دانەنراوە، چونکە ئەم دەنگانە جووتۆکەیان نییە واتا وشەگەلێک هەبێ کە بە " ص، س " واتایان بگۆڕدرێت ئەم دەنگە دەبێ پیتی بۆ دابنرێت و بە ئەلفبێ زێدە بکرێ کەچی نییە.

**بەراوردکردنی (ر) و (ڕ)**[٤]

پیتی (ر)ی سووک هیچ کاتێک لە سەرەتای وشە نابێت بەڵکوو دەتوانێت لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دەور ببینێت و لەسەر زمان سووک بێژە دەکرێت بەڵام (ڕ)ی گڕ یان قورس دەتوانێت لە سەرەتا، نێوەڕاست و کۆتاییی وشەکاندا بێت و لە ئەلفبێی فارسیشدا نییە.

**دانان یان دانەنانی (٧) چەڵەمە لەژێر (ر) واتای وشەکە دەگۆڕێت[٥] وەک:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **دڕاو** (پاره) | **دراو** (پول) | **بڕین** (بریدن) | **برین** (زخم) |
| **گڕاو** (چشمه آب) | **گراو** (اسیر) | **گڕیان** (شعله‌ورشدن) | **گریان** ( گریه) |
| **دڕی** (برید) | **دری** (شرمنده) | **باڕ**(جوجه بهاری) | **بار** (بار) |
| **جاڕ** (اعلام عمومی) | **جار** (دفعه) | **کەر** (خر) | **کەڕ** (ناشنوا) |
| **وەڕین** (پارس) | **وەرین** (ریزش) | **گەڕەک** (محله) | **گەرەک** (خواستن) |
| **بڕۆ** (رفتن) | **برۆ** (ابرو) | **پەڕی** ( پریدن) | **پەری** (پری) |
| **ئاوڕ** (واپس نگری | **ئاور** (آتش) | **فریو** (فریب) | **فڕیو** (پریده) |
| **گۆرین** (فلان) | **گۆڕین** (عوض شدن) | **زڕیان** (فاش شدن) | **زریان** (باد جنوب) |

**ـ نموونەی دیکە بۆ پیتی "ڕ، ر" بنووسە.**

---

**[٤] پیتی (ڕ) لە زاراوەی کورمانجیش هەیە و واتای وشەکانیش دەگۆڕێت وەکوو: برین و بڕین بەڵام چون لە کورمانجیدا بۆ پیتی (ڕ) هیچ پیتێک دانەنراوە بۆ وشەگەلێکی وا بە ناچار وشەکە بە دوو پیت دەنووسن وەک: birrîn و birîn ئەم وشانە کەمن لە کورمانجیدا بۆیەش ئاوها جیایان دەکەنەوە، کەچی لە سۆرانیدا زۆر چالاکە.**

**[٥] لێرەدا مەبەست جووتۆکەی پیتەکانی (ڕ) و (ر)یە کە دەبینن نموونەکانی لە سێ چوار دانە زۆر زیاترە بۆیەش دەبێ وردبین بین و ئەم دوو پیتە تێکەڵ نەکەین.**

# پیتی "ڕ ـڕ ڕ"

**کاک ڕەحیم چێوداره، چێودار کەسێکە مەڕ و ماڵات دەکڕێ و دەفرۆشێ. کاک ڕەحیم هاتووە تا مەڕێکی کاک ڕێبوار بکڕی، کاک ڕێبوار مەڕەکانی لەمێژە ڕاگرتووە.**

**مەڕداری کارێکی ئەستەمە دەبێ بۆ بەخێوکردنی مەڕەکان شوان هەبێ. کاک ڕێبوار خۆی شوانە بۆیە لە دەشت و کێوەکان ڕێگایەکی زۆر دەڕوات و مەڕەکانی دەلەوەڕێنێت.**

**شوانەکان ڕووبەڕووی زۆر ڕووداوی مەترسیدار دەبن وەکوو: برووسک، هێرشی گورگ و ...**

**کاک ڕێبوار لەبەر هێرشی گورگان سەگی زۆر دڕی ڕاگرتووە کە دەگەڵی دەڕۆن بۆ دەشت و شاخ کاتێکیش گورگ ببینن دەوەڕن و دەگەڵی بەشەڕ دێن.**

**مەڕ زۆری قازانج هەیە وەکوو: شیرەکەی کە ڕۆنی کەرە، ماست، پەنیر و ...ی لێ دروست دەکەن.**

## ڕاهێنان

**١. ئەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بێنە.**

ڕۆژ، کوڕ، غەڕغەڕە، ڕازاوە، مەڕ، داروێنە.

نموونە: ڕۆژ: تیشکی ڕۆژ لە هاوینان زۆر بەهێزترە.

## پیتی نەبزوێنی " ڵ" و "ل"

**ڵ :** ئەم پیتە یەکدانە (چەڵەمە، حەوتەک)ی لە سەرەوەیە و لەگەڵ (**ل**)ی سووک هەم بێژەکردن و هەم نووسینی جیاوازە و لە فارسیدا نییە و لە زمانی کوردیش پێی دەڵێن (**ڵ**)ی قورس کە چەند تایبەتمەندی هەیە .

**یەک :** بەپێچەوانەی پیتی (**ڕ**)ی گڕ، هیچ کاتێک " **ڵ**" ناتوانێت لە سەرەتای وشەدا بێت و تەواوی ئەم وشانەی بە (**ل**) دەست پێ دەکات هاینە (**ل**)ی سووکە بۆ نموونە :لاسا، لافاو، لەیلا، لوتکە، لووت، لیوان، لیسە و...

**دوو :** دەتوانێت لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا بێت وەکوو: دەڵاڵ، داڵان، پاڵاغ، گوڵ، چڵ، قاڵاو، ماڵ، خاڵخاڵۆکە، ساڵ و...

**تێبینی :** (ل)ی سووک لە سەرەتا، نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دێت. وەکوو: لافاو، لادێ، لیوان، نال، شل، دەلال، گول، چل، لاولاوە و...

**بەراوردکردنی (ل) و (ڵ)**

(**ڵ**)ی قورس هیچ کاتێک ناتوانێت لە سەرەتای وشەدا بێت بەڵکوو دەتوانێت لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دەور ببینێت و لەسەر زمان قورس بێژە دەکرێت بەڵام (**ل**)ی سووک دەتوانێت لە سەرەتا، نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا بێت و سووک بێژە دەکرێ.

دانان یان دانەنانی (۷) حەوتەک لەسەر (ل) واتا (معنی) وشەکە دەگۆڕێت وەک:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **گوڵ** (گل) | **گول** (جذامی) | **چڵ** (شاخه) | **چل** (٤٠) |
| **دەڵاڵ** (دلال) | **دەلال** (عزیز) | **پەڵە** (بارانی پایزی) | **پەلە** (عجله) |
| **زڵە** (جنجال) | **زلە** (بزرگ) | **گەڵ** (همراه) | **گەل** (ملت) |
| **گڵ** (خاک) | **گل** (درد) | **بەڵەک** (سیاه سفید) | **بەلەک** (ساق پا) |
| **خێڵ** (عشیرت) | **خێل** (لوچ) | **پەڵک** (یک نوع درخت) | **پەلک** (شاخه) |

**ـ نموونەی دیکە بۆ پیتی (ڵ، ل) بنووسە.**

# پیتی ڵ ڵ ڵ

هەوا زۆر خۆشە وڵـات هەموو گوڵ و لاولاوەیە، منداڵـانی لادێ وەدەرکەوتوونە. گوڵـاڵـە و لەیلا دەگەڵ لالۆ و لازۆ یاری دەکەن، هـەڵگورد شمشاڵ لێ دەدات و شاهۆش گورانی دەڵێت و هـەڵـاڵـە گەڵـامێو لێ دەکاتەوە و شەماڵ لێی وەردەگرێت.

هەموو منداڵـان دڵـشاد و خوشحاڵن، هەڵـاڵـە کچی کاک جەماڵـە و لای ماڵـیان چەند دارێکی مێوی لێیە.

دادە لەیلا گوڵی زۆر خۆش دەوێت، ئەو دایکی شەماڵ و هەڵـاڵەیە.

هەردەم شەماڵ بۆ چاندنی گوڵەکان دەچێ گوڵدان دێنێت و بە بێڵ و پێمەڕە گڵ هەڵـدەقەنێ، ئەو دڵی زۆر بە گوڵەکان خۆشە.

**ڕاهێنان**

**١. ئەم وشانەی خوارەوە لە دەفتەردا لە ڕستەیەکدا بەکار بێنە.**

لێکۆڵینەوە، هەڵاڵە، مەڵبەند، لاولاوە، کەژاڵ، بۆڵەبۆڵ .کۆمەڵەگا، لوولە.

نموونە: لێکۆڵینەوە: لەسەر بابەتێکی زانستگە لێکۆڵینەوەم هەیە.

**٣. هەڵەکانی ئەم دەقە بخە نێو بازنە و سێ جار تەواوی دەقەکە لە دەفتەردا بنووسە.**

ڕۆژێک کورێک بە ناوی ڕێبوار بە گل کایەی دەکرد لەناکاو بینی کە منداڵێک زۆر زویر لەپاڵ دیوارێک دانیشتووە و سەیری دەکات ڕێبوار زۆری دل بۆ سووتاو و بڕیاری دا کە بروات و داوای لێ بکات یەگرا کایە بکەن لێی نزیک بۆوە و پێی کوت ناوت چییە؟ کورەکە زۆڕ بەخوشحالییەوە ولامی دا: ناوم سەرکەوتە ئەی ناوی تۆ چییە؟ ئەویش ولامی دایەوە ناوم ڕێبوارە، دێی یەگرا بە گل کایە بکەین؟ سەرکەوت ولامی دایەوە :ئەخە ڕەنگە بە گل گول بین و نەخۆش بکەوین .ڕێبوار وتی :سەرکەوت گیان ئەم گلە زۆڕ خاوێنە دلنیا بە نەخۆش نابین .دەستی درێژ کرد و سەرکەوتیش دەستی گرت و پێکەوە ڕۆیشتن و بە گل زۆڕ کەڵوپەلی جوان و سەڕنجڕاکێشیان دروست کرد وەکوو :گوڵ، هەڵۆ، ڕێوی، مال و...

دوایێ پێکەوە بوونە هاوڕێ و هەموو ڕۆژێ یەکتریان دەدیت و لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد و گەمەیان دەکرد و دلی یەکتریان نەدەشکاند و یارمەتی یەکتریان دەدا و ئەگەریش منالێکی تەنیایان بدیتبا ئەوە داوەتیان دەکرد بێت کایەیان لەگەڵ بکات .

**٤. لەم دەقەی سەرەوە ئەم وشانەی پیتی (ڕ، ڵ، ر، ل)یان هەیە، لێرە بیاننووسە.**

**وانەی حەوتەم**

## "ئو"ی کورت و بزرۆکە، دوودەنگە و هەندێ پیت

باسی پیتە بزوێنەکانی هاوبەش لە زمانی کوردی و فارسیمان کرد کە شەش بزوێن بوون و ئەوەش فێر بووین کە سێ بزوێنی (ئا، ئی، ئوو) لە ڕێنووسی فارسی و کوردی دەنووسرێن و تەنیا شێوەی پیتی "**وو**" لە فارسی و کوردی جیاوازە لە وانەی پێنجدا باسی سێ بزوێنی (ئە، ئێ، ئۆ)مان کرد و زانیمان کە ئەو سێ دەنگۆکە چۆن لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا دەنووسرێن.

ئەوجار دەگەینە پیتی (ئو، ـو، و) کە لە ڕێنووسی کوردی لە هەوەڵ و نێوەڕاست دێت و بە شێوەکانی (ئو، ـو و) دەنووسرێن و لە فارسیدا نینە و تایبەت بە ڕێنووسی کوردییە **هەروەها لە کۆتاییی هیچ وشەیەکی کوردیشدا نایێت.**

| ئو | ـو | و |
|---|---|---|
| ئومێد | گورگ | – |
| ئوستاد | کوردستان | – |
| ئوتوو | کورت | – |

**نموونەی دیکە:**

کورد، تورک، کوتن، کوڕ، دوگمە، گورگ، کورت، گول، گوڵ، دروست، قومری، کورک، قوڕەقوڕ، خوری، خوشک، حوجرە، موژدە، چەکوچ، کوڵمە و ...

بەراوردێک لە نێوان (**وو**)ی درێژ، (**و**)ی کورت و (**ۆ**) کە چ جیاوازییان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| کووڕ (خمیده) | کوڕ (پسر ) | کۆڕ (جلسه) |
| قووڵ (عمیق) | قوڵ (قل آب) | قۆڵ (بازو) |

## ڕاهێنان

**١. جێیەکانی بەتاڵ بە (و)ی کورت یان (وو)ی درێژ پڕ بکەوە.**

ئـ...ندا، ئـ...ردوگا، خـ....دمـ....ختار، تـ...رک، حـ...کـ...مەت، کـ...تن، د...رمان، دەرز... ، ئـ...ستـ...رە، ئارەز...، ڕ...بەڕ...، ئـ...کسیدان، ئـ...تـ...بـ....س، چەکـ...چ

**٢. ئەم وشانە بە بێژەی کوردی و بە ڕێنووسی کوردی بینووسە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **خُرما:** | **قُربان:** | **دُشمن:** | **دُرست:** |
| **دُعا:** | **دُنیا:** | **بُلبُل:** | **شُکر:** |

**بزرۆکە ( i )**[٦]

هەندێ وشەی کوردی هەن کە لە ڕواڵەتدا بزوێنیان تێدا نابینرێ بەڵام لە ڕاستیدا دەنگی بزوێنیان تێدایە، ئەو بزوێنە لە ئەلفبێی کوردیی لاتینیدا بە پیتی (i) دیاری کراوە، بەڵام لە ئەلفبێی ئارامی (عربی)دا هیچ پیتێکی بۆ دانەنراوە، دیار نییە و بزر بووە، بۆیە ناوی نراوە "بزرۆکە" بۆ نموونە:

بردن (birdin)، من (min)، ژن (jin)، چل (çil)، بزن (bizin) کەواتە (٨)ەمین دەنگی بزوێنی کوردی کە بە ئەلفبێی عەرەبی نانووسرێت" بزرۆکە"(i) یە.

**چاوی مەس<u>تت</u> بێ هەموو <u>شت</u> کێشە دەفرۆشە بەڵام**

**ئا<u>گری</u> فیتنە لە گۆ<u>ڕی</u> ئەو <u>کل</u> و <u>کل</u>دانە دێ** (مامۆستا هێدی)

**دوودەنگە و هەندێ پیت**

هەندێ جار دوو یا چەند پیتی بزوێن بێ بۆشایی لە یەک بڕگە بەدوای یەکتر دێن کە "(diphthong) یا دوودەنگەی پێ دەڵێن وەکوو: گوێز، خوێن، گوێ، کوێر، چوار، خوار، خوا و ... لێرەدا دوو ڕا هەیە.

**یەک:** ئەوەیە کە لەدوای پیتی ئەوەڵ کە نەبزوێنە بزرۆکە هەیە و ئەم وشانە دەبنە دوو بڕگە وەک: **کوێر** = ک + بزرۆکە / وێر **خوار** =خ + بزرۆکە / وار

**دوو:** دوودەنگە یان دیفتۆنگ ئەو بزوێنانەن کە زایەڵەی دوو دەنگیان تێدایە، ئەمانە پێویست ناکات پیتی تایبەتییان بۆ دابنرێت بۆیە هەر بەشێوەی دووپیتی دەنووسرێن وەک: (وێ، وی، وا، یا) واتا وەک پیتێکی بزوێن چاویان لێ دەکرێ.

وەکوو: شوێن، نوێن، کوێ، خوێ، گوێلک، سوێند، گوێز، خوێن، گوێ، کوێر، چوار، خوار، خوا، دوا، کوا، گیان، دیان، ڤیان، ژیان و ...

**واتە ئەم وشانە بە ڕای یەکەم دەبنە دوو بڕگە و بە ڕای دووەمیش یەک بڕگەن.**

---

[٦] بعضی از کلمات کردی هستند که در اصل هیچگونه صداداری در آنها دیده نمیشود مثل (بردن، من، ژن، چل، مردن، بزن، خستن) یعنی اگر آنها را بخش بخش کنیم میبینم که در بخشها هیچ صداداری وجود ندارد مثل" **مر / دن** در بخش **"مر"** و "**دن** " هیچگونه صداداری دیده نمیشود ولی در اصل بین حرف <u>م ر</u>، و <u>د ن</u> یعنی mir و din یک حرف صدادار وجود دارد که در کردی لاتینی به این شکل نوشته میشود (i) ولی در کردی آرامی نوشته نمیشود اگرچه تلفظ میشود. و علت نامگذاری آن هم به بزرۆکه یعنی گم شده، پنهان شده گاهی در اول هم میاید پس مثل دیگر صدادارها (همزه ئـ) میگیرد مثل ئسفەهان (Isfehan)، ئنجا (inca)، ئشق (işq)

تەنانەت لە شێوەزاری کوردیی خواروو (کەلهوڕی، گۆرانی، لەکی، فەیلی)ش هەر بەو شێوەیە دەبێت بنووسرێت و پێویست ناکات پیتی جیاکاری بۆ دابنرێت.

(بیستـویـن) بێستون (چـوی) چۆن (زوی) زوو (دوێـت/دویـەت )کچ

لە هەندێک زاراوەی زمانی کوردی وەک موکریانی هەر کات پیتی" **ک، گ** "پێش یەکێک لە پیتەکانی"ێ، ی" و یان "**وێ، وی**" بێت بێژەکردنی پیتی "**ک، گ** "گۆڕانکاری بەسەر دێت و بە شێوازێکی گۆم و گۆنگ لەنێوان پیتەکانی" **گ، چ** "بێژە دەکرێت بەڵام "**گ**" تۆزێ قورستر بێژە دەکرێت بۆ نموونە:

**ک + ێ، ی =** کێو، کیسەڵ، کوێر، کوێخا، کوێستان، کیفۆک، کیسە، کیژ، کێڵان، کێوی، کێهە، کێهان، کێشە، کێچ و...

**گ+ ێ، ی =** گێلاس، گێژ، گوێز، گوێ، گیان، گیا، گیران، گیرفان، گیرۆدە، گیرسان، گێزەر، گێل، گێڕان، گێوژ، گێلاخە، گێژەڵووکە، و...

ئەم دوو گۆڕانکارییە دەنگییە تەنیا ئی یەک سنووری دیاریکراوە و نابێ پیتی بۆ دیار بکرێت یان بۆ "**ص**" کە هەندێ زاراوە بە کاری دەبەن لە وشەهایێکی وەکوو: سەمەد = صەمەد، سابوون = صابوون

یاکوو بۆ "**ن**"ی تایبەتی ناوچەی سنە و دەورووبەری وەکوو :مانگا، مانگ و ...یان بۆ "**ط**"ی سلێمانی وەکوو: طەواو = تەواو، طۆپی پێ = تۆپی پێ و ... یان لە دەشتی هەولێر" **ڵ** "دەکەنە "**ر**" وەکوو: لاڵ = لار، دەڵێم = دەرێم، ماڵ = مار

**تێبینی:** ئەمانە ناوچەیین و بە هیچ شێوە نابێ پیت زیاد و کەم بکرێت یان زۆر کەس دەڵێن پیتی (ڤ) لە زاراوەی سۆرانی لەگەڵ (و) جووتۆکەی نییە بۆیەش دەبێ بسڕدرێتەوە بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە زمانی کوردی تەنیا یەک زاراوە نییە و ئەم پیتە لە کورمانجی زۆر گرنگە و نابێ بە هیچ شێوە دەسکاری ئەلفبێ بکرێت.

## ڕاهێنان

**١. لە کام وشەدا لە چ شوێنی وشەکەدا "بزرۆکە" هەیە دەستنیشانی بکە.**

شنۆ، سـەر، وشـە، وس، سنـە، گوڵـاو، دڵ، گڵ، هـزر، وتـار، نامـۆ، بسک، ئندێشـە، بـژی، هـەرد، نـەگۆڕ، ئسفەهان، ئوستاد، مشک، گەسک، دۆکڵیو، قەبـر

**٢. نموونە وشەی کوردی بنووسە کە بزرۆکەیان تێدا بێت:**

**وانەی هەشتەم**

## ئەرکی هەمزە (ئـ ئـ)

هەندێک لە زمانزانان هەمزە بە بزوێن دادەنێن و لای هەندێکیش بە نەبزوێن دەناسرێت، بەڵام کورد، هەمزەی بە شێوازی (ئـ) بەکار هێناوە و بڕیاری داوە وەکوو (نەبزوێن)ێک چاوی لێ بکات، بۆ ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بێن، یان بزوێنەکان لە سەرەتای وشەدا بنووسرێن.

نموونە:

نـاازاد = نـائـازاد          او = ئـاو          ەو = ئــەو

ۆخەی = ئـۆخەی          ورووپا = ئـورووپا          ێجگار = ئـێجگار

هەمیشە لە هەوەڵی بزوێنەکان دیت وەک :ئە، ئێ، ئۆ، ئی، ئو، ئا، ئوو

| پیتی ئـ + پیتە بزوێنەکان | | وێنە | |
|---|---|---|---|
| کوردی | فارسی | کوردی | فارسی |
| ئـ + ە | اَ | ئەهوەن | اَهوَن |
| ئـ + ێ | اِ | ئێوارە | اِوارَ |
| ئـ + ۆ | اُ | ئۆقرە | اُقرَ |
| ئـ + ا | آ | ئامانج | آمانج |
| ئـ + ی | ایـ | ئیلیان | ایلیان |
| ئـ + وو | او | ئووک | اوک |

53

لەنێوان دوو بزوێن دێت و ناهێڵت بێنە پاڵ یەک وەک:

بەئەسپاپی، بەئەمەگ، بەئۆک، بەئیش، دووئەستێر، دووئەوەنە، گائەل، وەئەی، ڤەئانین، خۆئاردن، بێئەندازە، ڕائاو، سائەقڵ، ڕائەسپاردە، نائیلاج و ...

**قرتاندنی ئاوەڵبزوێن (ئ)**

کورد هەر لە کۆنەوە تا بۆی کرابێت ئاوەڵبزوێنی تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکار هێناو دەنا قرتاندوویەتی، بۆ نموونە لە کۆنەوە وای کردووە:

ترش + ئاو = **ترشاو** نەک " ترشئاو" گوڵ + ئاو = **گوڵاو** نەک "گوڵئاو"

بار + ئاش = **باراش** نەک " بارئاش" ڕۆژ + ئاوا = **ڕۆژاوا** نەک "ڕۆژئاوا"

کارئـاسانی = کاراسانی ماڵـئاوایی= ماڵاوایی.

بانـئـەفشار = بانـەفشار کارئـەندامزانی= کارەندامزانی

وەک دەبینن لەم نموونانەی سەرەوەدا ئاوەڵبزوێن (همزە) قرتاندراوە چونکە یەکەک لە پیتەکان نەبزوێنە و دوو بزوێن ناکەونە پاڵ یەک، کەواتە پێویستیان بە ئاوەڵبزوێن نییە نموونەی دیکە وەکوو: کەمەندام، چاوەسمەر، چاوەستێرە، گوڵەندام، گوڵەستێرە، شێرەندام، خاکەناز، ڕۆژاوا، خۆراوا، ماڵاوا، گوڵاو، قوڕاو، چڵکاو، ئەمباراو، سێڵاو و...

بۆ قرتاندنی ئاوەڵبزوێن دەبێ دوو "**بزوێن**" نەکەونە پاڵ یەکتر چون ئەرکێکی هەرە گرنگی ئاوەڵبزوێن هاتنی لەنێوان دوو بزوێنە. وەکوو: دووئەوەندە، دووئەستێرە و ..

## چەند خاڵی گرنگ

بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (u) و (w) یەک پیتی (**و**) دانراوە:

**وانە** Wane _ کـورد Kurd _ دێو Dêw _ بولبول Bulbul

بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (î) و(y) یش یەک پیتی( **ی** ) دانراوە وەکوو:

مـیرMîr ، _ سـی Sî _ مەی Mey ، _ یـار Yar

واتە پیتی (**و**) و پیتی (**ی**) هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن[٧]

**چۆن (واو w)ی نەبزوێن و بزوێنی (ئو u)ی کورت لێک جیا بکەین؟**

**واوی نەبزوێن (w):** ئەم پیتە نەبزوێنە بە شێوەی (واو) بێژە دەکرێت و بێژەکردنی وەکوو (و)ی ژمارەی حەوت (٧)ـە

[٧] یعنی چهار حرف در الفبای آرامی کردی هستند که به دو شیوه (و، ی) نوشته میشوند ولی اگر به شیوه کردی لاتینی نوشته شوند هر چهار حرف مشخص و جدا هستند (u) و (w)، (î) و (y) و این یکی از مشکلات الفبای آرامی است.

تەواوی وشەکانی کوردی کە بە (**و**) واتا بەبێ ئاوەڵبزوێن دەست پێ بکات هاینە (واو)ی بێدەنگە چونکە هیچ وشەیەک لە ڕێنووسی ئارامیدا بە بزوێن دەست پێ ناکات و (ئو)ی کورت کە بزوێنە لە سەرەتای وشە دەگەڵ ئاوەڵبزوێن دێت.

وەکوو: وریا ـ **و**شە ـ **و**ەرە ـ **و**ێنە ـ **و**ڵام ـ **و**ەرز ـ **و**رچ ـ **و**ڵات ـ **و**س و ...

**لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەکان وەکوو:**

مێ**و**ژ ـ کە**و** ـ کا**و**ە ـ سە**و**دا ـ دا**و**ەت ـ سە**و**ەتە ـ دا**و** ـ خۆشنا**و** ـ ڕائا**و** و ...

ئەگەر سەرنجی بدەنێ دەبینن کە (واو w) دوا یان پێش پیتی "بزوێن" هاتووە ئەوەش ییێکەک لە ڕێگاکانی جیاکردنی (واوw ) لە (ئو u)ی کورتە.[8]

## **کێشەی (یای y ) و ( ئی î )**

سەیری ئەم وشانە بکەن : دەی (dey) سی (sî) لەو دوو نموونەیەدا، (y ) نەبزوێنە و دەنگێکی کورتە، بەڵام (î) بزوێنە و دەنگێکی درێژە، گەر سەرنج بدەن دەبینن لە ئەلفبێی عەرەبیدا، هەر دوو شێوەکەی "**ی**" و "**یای**" وەکوو یەکن بەڵام لە لاتینیدا دوو جۆرن (**y**) و (**î**) واتە لە ئەلفبێی عەرەبیدا جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێنی"**ی**" وەک "واو" و "ئو" تۆزێ وردبوونەوەی دەوێ.

بەڵام لە ڕێنووسی کوردیی لاتینیدا، دوو شێوازی جۆربەجۆرن و بەو جۆرە جیاکردنەوەی بزوێن لە نەبزوێن زۆر ساناتر دەبێت.

## **چۆن (یای y )ی نەبزوێن و بزوێنی (ئی î ) لێک جیا بکەینەوە؟**

**یای نەبزوێن (Y):** ئەم پیتە نەبزوێنە و بەشێوەی (یای) بێژە دەکرێت و بێژەکردنی وەکوو (یـ)ی ژمارەی یازدە (١١)یە

---

[8] پس بدانید که این چهار حرف کاملا جدا هستند و تلفظ جدا دارند شکل دوتا از آنها مثل (واو) صامت و ( او)ی کوتاه مثل هم هستند. ولی راحت میتوان مشخص کرد که کدام (واو) است و کدام (او) بدینوسیله: اگر (و) پشت یک صدادار یا جلو یک صدادار <u>در یک بخش</u> آمد پس این (واو) است مثل: وەرە، واسە، وێنە، کەو، مێوژ و...

ولی وقتی پشت یا جلو صدادار نبود این همان ( او) کوتاه است و صدادار مثل: کورد، گورگ، کوڕ و ... اگر در ابتدا یک (و) به تنهایی آمد آن کلمه (واو) است و بیصدا مثل: وەقت، وام، وەرە، وەفر، واسە و...

اگر در ابتدا یک (ئو) آمد میدانیم که (او) کوتاه است و صدادار مثل :ئومێد، ئوستاد و... چون همەی حروف صدادار در زبان کردی اگر در اول کلمەای بیایند حتما "ئ" همزه میگیرند.

تەواوی وشەکانی کوردی کە بە (**ی**) دەست پێ دەکات هاینە (یای)ـە چونکە (ئی) بزوێنە و لە سەرەتای وشە دەگەڵ ئاوەڵبزوێن دێت.

وەکوو: **یـ**ار - **یـ**وونان ـ **یـ**ەمەن ـ **یـ**اسا ـ **یـ**انە و ...

**لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەکان وەکوو:**

دا**یـ**ە ـ شا**یـ**ان ـ پا**یـ**ز ـ سە**یـ**ران ـ کا**یـ**ە ـ مە**ی** ـ **ئای**ئای و ...

ئەگەر سەرنجی بدەنێ دەبینن کە (یای **y**) دوای یان پێش پیتی "بزوێن" هاتووە ئەوەش یێکەک لە ڕێگاکانی جیاکردنی (یای **y** ) دەگەڵ (ئی **î**)یە.[٩]

**بەکورتی**

پیتی (ی) و (و) لەم بەشانەی خوارەوە **نەبزوێنن:**

١. ئەگەر لە **سەرەتای وشەدا** بێن وەک: وەرە، واسە، **و**ایە ___ **یـ**اران، **یـ**اد، **یـ**اسا

٢. ئەگەر لە **سەرەتای برگەدا** بێن وەک: وار: **وار** _ دەور: دە / ور

ڕێبوار: ڕێب/ **وار** _ ئەیا: ئە/ **یا** _ دایە: دا / **یە**

٣. ئەگەر **لەپێش یان دوای بزوێنەکان** بێن وەک: **کەو**، **باو**، **خوناو**، **کەی**، **دەیوس**، **دێـی**، **وانە**، **یـانە** و ...

**تێبینی:** (و، ی)ی بزوێن هەمیشە پیتی دووەمی یەک بڕگەن.

**تێبینی**: ئەگەر لە بڕگەیەکدا هیچ کام لە بزوێنەکانی( و، وو، ە، ێ، ا، ی، ۆ) نەبینرا ئەو بزرۆکەی تێدایە.

---

[٩] **بەم شێوەیە لێکیان جیا دەکەینەوە**

اگر (ی) پشت یک مصوت یا جلو یک مصوت در یک بخش آمد پس این (**ی**) صامت است .مثل :یاوەر، یاس، یەختە، یوو، مەی، دایە، بای و ... ولی وقتی پشت یا جلو مصوت نبود این همان (ای) است مثل : ئیتر، ئیدی، تیر، سیر، سی، دین و...

اگر در ابتدا با (ئـ) آمد آن کلمە با (ای) شروع شدە است مثل: ئیران، ئیراد، ئیست و...

## ڕاهێنان

**١. لەم وشانە (واو) و (ئو)ی کورت لەگەڵ (ی)  (ئی) دیار بخە.**

وشە : پیاو، دیتن، ڕایە، چایە، میراو، دیرۆک، گەورەیی، پیری، ئوستاد، ئیمان

**٢. دە وشە بنووسە کە" و"ی بزوێنی تێدا بێت.**

**٣. دە وشە بنووسە" یای "نەبزوێنی تێدا بێت.**

**٤. دە وشە بنووسە کە "واو"ی نەبزوێنی تێدا بەکار هاتبێت.**

**٥. دە وشە بنووسە کە" ی"ی بزوێنیان تێدا بەکار هاتبێت.**

**٦. بۆچی لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا ٣٧ دەنگۆک هەیە بەڵام ٣٤ پیتە؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە.**

**وانەی نۆیەم**

## پێناسەی بڕگە و جۆرەکانی

لە وانەی یەکەمدا هەندێ باسی پێناسەی بڕگەمان کرد، هەر بڕگە بریتییە لە چەند پیت کە بەدوای یەک بە یەک هەناسە لە دەم، بەبێ ڕاوەستان وەدر دەکەون.

**بڕگە لە وشە**

هەر وشە پێکهاتووە لە چەند بڕگە، هەر بڕگەش یەک بزوێن و چەند نەبزوێنی تێدایە، هیچ بزوێنێک لە سەرەتای بڕگەدا نایێت و هەمیشە نەبزوێن لە سەرەتاوە دێت وەک: ئۆقرە، دێ، کورد، ئشق و ... هەرەوەها دوو **بزوێن** ناتوانن بەدوای یەکدا بێن.

**جوورەکانی بڕگە**

١. **نەبزوێن + بزوێن** وەک: ئۆ، سێ، با، سی، ئا، دوو، پێ، تۆ و ...

٢. **نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن** وەک: سەر، دار، سیر، کەڕ، ڕاز و ...

٣. **نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن + نەبزوێن** وەک: کورد، مەست، مشک، تیشک، مێشک، ئشق، مست و...

**چەند نموونە**

| | |
|---|---|
| **شەمشەمەکوێرە:** شەم /شە /مە/کوێ /رە | بزوێن: ـە، ـە، ـە، وێ، ە |
| **کۆبوونەوە:** کۆ/ بوو / نە/ وە | بزوێن: ۆ، وو، ە، ە |
| **دەرەتان:** دە / رە / تان | بزوێن: ە، ە، ـا |
| **ڕۆژهەڵات:** ڕۆژ /هە / ڵات | بزوێن: ۆ، ـە، ـا |
| **بەرخۆدان:** بەر / خۆ / دان | بزوێن: ە، ۆ، ا |
| **ناسنامە:** ناس / نا / مە | بزوێن: ا ، ا، ە |
| **هەڵۆ:** هە / ڵۆ | بزوێن: ە، ۆ |
| **کورد:** کورد | بزوێن: و |
| **گیان:** گیان ___ /گ/یان | بزوێن :یا ___ بزرۆکە، ـا |
| **گوێ:** گوێ ___ /گ/وێ | بزوێن :وێ ___ بزرۆکە، ێ |
| **دوا:** دوا ____ /د / وا | بزوێن :وا ___ بزرۆکە، ـا |

## ڕاهێنان

**١. وەکوو نموونە ئەم وشانەی خوارەوە بڕگە بکە و جوری بڕگەکان بنووسە.**

ئاماژە : ئا/ما/ژە   ئا = جۆری یەک   ما = جۆری دوو   ژە = جۆری یەک

ئەستێرە:

باشوور:

باکوور:

ڕۆژاوا:

بەرپرس:

بەڵگە:

پەخشان:

تایبەت:

تۆمار:

چەپەڵ:

چەشن:

چیرۆک:

شەمشەمەکوێرە:

داهێنەر:

سەرۆکایەتی:

کتوپڕ:

کۆمار:

کۆمەڵایەتی:

مێژوو:

هەڵکەوتوو:

مست:

دەستەمۆ:

بارمتە:

**وانەی دەیەم**

**ئەم وانەیە تەنیا بۆ ئاشنایەتییە**

## ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی

لاتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێین بۆ ئەوەی لە ئەلفبێی کوردی کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ، باشتر تێ بگەن، زۆر گرنگە ئەلفبێی کوردیی لاتینی بناسن. ئەم ئەلفبێیە کە بە دوو شێوەی گەورە و چووکە دەنووسرێ بریتییە لە:

**Aa – Bb – Cc – Çç – Dd – Ee – Êê – Ff – Gg – Hh – Ii – Îî – Jj  Kk – Ll – Mm – Nn – Oo – Pp – Qq – Rr – Ss – Şş – Tt – Uu – Ûû – Vv – Ww – Xx – Yy – Zz.**

بزوێنەکانی بریتین لە "٨" دەنگۆک و هەر هەشتەکەیان دەنووسرێنەوە:

**(Aa – Ee – Êê – Ii – Îî – Oo – Uu – Ûû)**

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ<br>__ | ئا ـا ا<br>A a | بـ ـبـ ب<br>B b | پـ ـپـ پ<br>P p | تـ ـتـ ت<br>T t | جـ ـجـ ج<br>C c | چـ ـچـ چ<br>Ç ç | حـ ـحـ ح<br>__ | خـ ـخـ خ<br>X x |
| ـد د<br>D d | ـز ز<br>Z z | ـر ر<br>R r | ـڕ ڕ<br>RR rr | ـژ ژ<br>J j | سـ ـسـ س<br>S s | شـ ـشـ ش<br>Ş ş | عـ ـعـ ع<br>__ | غـ ـغـ غ<br>__ |
| فـ ـفـ ف<br>F f | ڤـ ـڤـ ڤ<br>V v | قـ ـقـ ق<br>Q q | کـ ـکـ ک<br>K k | گـ ـگـ گ<br>G g | لـ ـلـ ل<br>L l | ـڵـ ڵ<br>LL ll | مـ ـمـ م<br>M m | نـ ـنـ ن<br>N n |
| ـو و<br>W w_U u | ئۆ ـۆ ۆ<br>O o | ئوو ـوو وو<br>Û û | هـ ـهـ هـ<br>H h | ئە ـە ە<br>E e | یـ ـیـ ی<br>Y y_Î î | ئێ ـێ ێ<br>Ê ê | XW | wê,wa,ya |

بۆ نووسینی پیتی "ڕ، ڵ" لە نێوەڕاست و کۆتاییی وشەدا بە دووپاتەبوونی "ڕ" (rr) "ڵ" (ll) دەنووسرێت وەکوو : پەڕۆ(perro ) کەڕ (kerr) یان کەڵک (kellk)

پێویست ناکات لە سەرەتای وشە بە ئەلفبێی لاتینی، بۆ نووسینی"ڕ" کەڵک لە (rr) وەرگرین، چونکوو زۆر ناشیرین دێتە پێش چاو، بۆیە هەر (r) بەسە وەکوو ڕاز (raz) ڕێگا (rêga) ڕۆژ (roj ) بەڵام زۆر گرنگە لە سۆرانیدا هەموو پیتێکی سەرەتای وشە کە بە (ڕ) دەست پێ دەکات بە (ڕ) بنووسرێن نموونە : ڕێز، ڕەش، ڕزگار و …

جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێن لە ئەلفبێی لاتیندا زۆر ئاسانە، چونکە هەر دەنگێک پیتی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە بەتایبەت هیچ بزوێنێ لە نەبزوێنەکان ناچێ وەکوو: y – î – u – w

**پیتەکانی (ع، غ، ح)**

بۆ ئەم سێ پیتەش شتێک دیاری نەکراوە، و دیاریکردنیشی ئێستا ئەستەمە تەنانەت لە زمانی ئەورووپییەکانیش هەندێک پیت نییە و بە نووسینی دوو پیت بە دوای یەکتر دەنووسن

وەک (ڕ) (rr) و (ڵ) (ll) مەعرووف meruf

**چەند میناکێک بۆ پیتەکانی ئەلفبێی کوردیی لاتینی**

Av – Mîvan – Dara

Bizin – Baba – Kebab

Car– Cacim – Sac

Çûçik – kemançe – Çekuç

Dar – Radyo – Mad

Esman – dever– deste

Êvar – Pênc – Nazê

Filçe – Heft – Maf

Goşt – Şagird – Gog

Hirmî – Bhîv – Gunah

InteINT – jin – min

Îman – Dîk – Dîwar

jin – Qijik – Roj

Kar – Keko – Sivik

Lîmû – Leklek – FîL

Mişk – Mamo – Şerm

Nan – Mane – Nîv

Ordek – Otobûs – Do

Pişik – Dapîr – Xirap

Qaz – qirik – beq

Rovî – Baran –Çar

Saet – Sosret – Das

Şêr –Meşîn – Şeş

Texte – deste – Tût

Ustad – Guçik – Dudu

Ûr – Bilûr – Dû

Vala – kevir – Dev

Werîs – Ewr – Şew

Xak – berxik – Ax

Yar – Meymûn – Ayay

Zivistan – Xinzîr – Pez

## ڕاهێنان

**١. له چەند هێڵدا جیاوازی ڕێنووسی کوردیی ئارامی و لاتینی بنووسه.**

**٢ . ئەم دەقەی خوارەوە به ڕێنووسی کوردیی لاتینی بنووسەوە.**

کاتێک باس له زمانی کوردی دەکرێ هەموو گرنگی ئەم زمانه دەوڵەمەنده دەزانن و به کۆڵەکەی هەر گەلێک هەژمار دەکرێ بەڵام که دەبێته کردار ئەوه زۆرینەی خەڵک خۆی لێ دەدزنەوە؛ بۆ میناک کاتێک کەسێکی له شارەکانی کوردنشێنی ئێراندا به کوردییەکی پەتی قسان دەکات وای چاو لێ دەکەن دەڵێی پاشماوی بابی لێ خواردووه کەچی ئەگەر تۆزێک بیر بکاتەوه دەبێ زۆریش دەستخۆشی لێ بکات بۆوەی بۆ زمان و مانەوەی ئەوه وا تێدەکۆشێت، کەواته برای بەڕێز و خوشکی هێژا تکا دەکەم به کوردی بدوێن و شەرم مەکەن چون ئەوەی دەبێ شەرم بکات ئێوه نین بەڵکوو ئەوانن که بەڕەڵا و بێ ڕیشه بوونه .

## Siyabend û Xecê

Li ser Çiyayê Sîpanê, xortekî nêçîrvan digeriya. Navê wî xortî Siyabend bû. Siyabend xortekî çeleng û bedew bû. Wî ji keçeke bi navê Xecê hez dikir. dI dilê Xecê jî de Siyabend hebû.

Bavê Xecê dixwest keça xwe bide yekî dewlemend. Lewma jî keça xwe nedida Siyabend.

Siyabend û Xecê her du jî dengbêj bûn. Dema ku wan bi dizî hev didît dilê wan geş dibû, kêfa wan dihat, bi hev re henek (şoxî) dikirin û dikeniyan.

Rojekê Siyabend Xec revand û bir ser Çiyayê Sîpanê Xelatê. Ew bi bextê xwe şa bûn.

Rojekê komeke gakovî di wir re derbas dibû. Siyabend tîr û kevanê xwe hildan û bi pey wan ket. Wî gakoviyek brîndar kir û xwest wî şerjê bike. Gakovî stroyê xwe li Siyabend xist û ew avêt binê gelî.

Xecê hinekî sekinî, deng ji Siyabend nehat. Ew bi lez li pey Siyabend çû. Gihaşt raserî gelî. Dengê Siyabend hate wê.

Siyabend û Xecê gelek stran  Siyabend brîndar bû, li binê gelî dinaliya. li ser hev gotin. Dawiyê Xecê jî xwe avêt Xwarê. Her du jî li wir mirin, lê evîna wan nemiribû.

## Çîroka zembîlfiroş

Zembîlfiroş çîrokeke kurdî ye. Ev çîrok hem bi nivîskî heye hem jî wekî stran û destan di nav gel de bi devokî tê gotin. Çîrok di dema Merwaniyan de li Farqînê derbas dibe. Li wî bajarî hê jî bi navê "Kela Zembîlfiroş" kelayek heye. Zembîlfiroş ciwanekî xizan û çeleng bû. Zar û zêçên wî hebûn.

Wî ji bo debara mala xwe selik difirotin. Ew ji bo firotina selikan li nava bajêr kolan bi kolan digeriya. Rojekê di kolanê de dimeşiya. Xatûnê ew dît dilê wê kete zembîlfiroş. Agirê evînê, dilê wê her tim disot. Xatûnê

rojekê zembîlfiroş anî serayê û evîna xwe jê re got. Lê zembîlfiroş yekî bawermend û dilpak bû, daxwaza wê nepejirand. Wî demeke dirêj li hemberî xatûnê li ber xwe da. Dawiyê wî rêya xelasiyê nedît û xwe li ser kelayê avête xwarê. Lê belê tiştek pê nehat, ew bû kevok û ber bi esmanan ve firiya.

## بالولێ حەكیم

روژەكێ خەلیفە هارون رەشید كیسكەكێ تەژی پارە دا بالولێ حەیكم و گۆتێ: هەرە ڤی كیسێ پارەی لسەر هەژار و نەدارێن باژێری دا بەلاڤ بكە.

بالولێ حەكیم ژی پارە ژێ وەرگرتن و بەرەڤ بازار و كولان و تاخێن باژێرێ بەغدا چوو و لدیڤ كەسەكی دگەریا كو هەژار و دەست كورت بیت و پێدڤی ب هاریكاریێ بیت، داكو هندەک ژ وان پارا بدەتێ، بەلێ پشتی لێگەریان و ماندیبوونەكا گەلەک هیچ پارە نەدانە كەسێ

جارەكا دن كیسێ پارا وەكی خۆ برد دا خەلیفەی و ل بەرامبەر وی دانا و گۆتێ: ئەز گەلەک گەریام، هند گەریام تاكو ئەز ماندی بووم و پێین من خوە لبەر من نەگرتن، بەلێ من چ كەس نەدیتن ژ خەلیفەی هەژارتر و دەست كورتتر بە، ژ بەر هندێ من ئەڤ كیسێ پارا جارەكا دی ئینا بدەمە هەژارترین و پێدڤیترین كەس كو جەنابێ خەلیفە یە.

خەلیفەی ژی دزانی كو بالولێ حەیكم ژ قەستا وسا نابێژیت و حكمەتەكا پێ هەی، ژبەر هندێ پرسیارا وێ رەفتارێ ژ بالولێ حەیكم كر كا چما پارە زڤراند.

بالولێ حەكیم ژی گوتێ: من ل بەرامبەر هەر بازار و دوكانەكێدا دیت سەرباز و دارودەستەكێن تە سەكنی بوون و باج و سەرانە ژ خەلكی وەردگرتن و دئینانە خزین و گەنجینەیێن تە، ژ بەر هندێ ئەز وەسان هەست پێ دكەم كو كەسەک ژ تە هەژار و دەست كورتتر نینە.

چونكی ئەگەر تویێ پتێڤی نەبای دا بۆچی پارە و باج و سەرانەی ب زورداری ژ خەلكی وەرگری؟

هەر ژبەر هندێ من پارێن تە جارەكا دی بوو خزینا تە زڤراند.

مرۆڤێ ئازا و بەخشەندە ئەو كەسەیە ژ رەنج و زەحمەتا خوە دبەخشیت ژ وی مال و سامانی یێ كو ب كەدەكا حەلال و پاقژ بدەست ڤە ئینای دویر ژ فێل و زورداری لسەر حسێبا خەلكەكی نابیتە سەدەقە و بەخشین.

# چیرۆکێن کورت

**ئێخسیر**

دو کالەپیر لسەر لێڤا جاددێ ب هێواشی دچوون و ب خەمۆکی دپەیڤین.

– ئەڤ زەمانە، زەمانێ دووماهییێیە. پەرگال (سیستم)ێ مە ژ خرابیێ بەرەڤ خرابترە. دەم هاتیە داخوازنامە بهێت نڤێسین.

– داخوازناما چ؟

– ئەو داخوازناما پیدڤییە بۆ خوەدێ مەزن بهێتە بلندکرن.

– ئەم دێ چ د وێ داخوازنامێدا نڤیسین؟

– داخوازێ ژ خودانێ دنیایێ دکن کو لەشکەرەکێ چەکدار ب نووترین چەک بوومە بهنێریت و بهێنە سەر توخیبێ وەلاتی و شەرێ دوژمنان بکەت و سەرەدرەییا ئێخسیران دگەل مە نەکەت.

– ئەگەر داخوازا مە ب جھ نەهات، ئەم دێ چ کن؟

– ئەم دێ داخوازنامەکا دی بۆ بلند کن و دێ ژێ داخواز کن کو مە ژ هەر پێنج نڤێژان ئەفوو بکەت.

– ئەگەر رازی نەبوو؟

– نەخێر، دێ قایل بیت، هەروەسا دێ مە ژ رۆژیان ژی ئەفوو کەت، خوەدێ میهرەبان و دلۆڤانە.

**بەهەشت**

ئەو زەلامێن دا نڤێژێ کەن، ب چریسەت هێڤ دکرنە مەلایێ مزگەفتێ، زەلامەکی ب دەنگەکێ نزم پرسیار ژ مەلایی کر: "ئەرێ مەلا، فرۆکە ل بەهەشتێ هەنە؟

مەلایی لێ ڤەگەراند: "چ فرۆکە ل بەهەشتێ نینن."

بێهنا زەلامان هات، ب دلخوەشی گۆتن: "سپپاس بۆ خوەدێ."

**زارۆک دکەنن**

رۆژەکێ پادیشاهەکی هندەک زارۆک لناڤ زەڤییەکێ دیتن، یاری دکرن و ب دلخوەشی دکەنین. ژێ پرسی : هوون بۆ چ دکەنن؟

زارۆکەکی گۆت: ئەز دکەنم چونکو ئەسمان شینە.

یەکی دی گۆت: ئەز دکەنم چونکو دار کەسکن.

یێ سێیێ گۆت: ئەز دکەنم چونکو چووچک دفرن.

پادیشاهی هێڤ دکر ئەسمانی و چووچکان و داران، دیتن بێ کەنی نە، بۆ وی خویا بوو کو کەنیێ زارۆکان ژ بلی ترانەکرنێ ب پادشاهی و دەستهلاتداریا وی چ ئارمانجێن دی نینن. ڤەگەری قەسرا خوە و بریارەک دا کو خەلکێ میرگەها وی ئێدی نەکەنن. خەلکێن پیر و کال گوهداریا بریارێ کر و ئێدی کەس نەدکەنی لێ زارۆکان چ پووتە ب بریارا پادشاهی نەکر و هەردەم دکەنین چونکو دار کەسک بوون و ئەسمان شین بوو چووچک دفرین.

**بەرنامەیەک رادیۆیێ**

بێژەر: برا ناڤێ تە چیە؟

گەنج: ئەبدلمەنعم ئەل-چەلەبی.

بێژەر: تە ژن ئینایە؟

گەنج: نەخێر، من نەئینایە.

بێژەر: کارێ تە چیە؟

گەنج : ئەز بێکارم.

بێژەر: بۆ چ تو شۆل ناکی؟ ئەرێ تو زەنگینی یان تە مەراقا کاری نینە؟

گەنج: ئەز نە زەنگینم، و من مەراقا کاری ژی هەیە. ئەڤە چەندین سالن ئەز بۆ خوە ل کارەکی دگەرم.

بێژەر: ئومێدا تە چیە؟

گەنج: نها ئەز بمرم.

بێژەر: گوهدارێن خوەشتڤی، بێگومانە کو برادەرێ هێژا ئەبدلمەنعم ئەل-چەلەبی وەلاتپارێزەکێ ب ئەخت و بارە، هەروەک هوون دبینن مرادا وی داخوازا مرنێیە. چونکو بەشداریێ د ئاڤاکرنا جڤاکا مەیا پێشکەفتی دە ناکە.

زەکەریا تەمەر: ٢٦ چیرۆکێن کورت نڤیسین

## هەجی رۆڤی

رۆڤیکەک هەبوو ل دەردۆرا گوندەکی، دەمەک ب سەردە هات نێچیرا وی کێم بوو و گەلەکی برچی بوو، هالێ وی نەخوەش بوو، رۆڤی فکری وێ چ بکە دا کو خوە ژ مرنێ بپارێزە، پیلانەک هات بیرا وی، بلەز رابوو و بەرێ خوە دا گوند راستی دیکەکی هات، دیک ژێرە گۆت: خێرە تو دلەزینێ رۆڤی؟ رۆڤی لێ ڤەگەراند گۆت: بێژە من هەجی رۆڤی، دیک گۆت: ما تو چوویی هەجێ؟رۆڤی گۆت نا لێ بەرێ من ل هەجێیە، دیک گۆت: ما تو من ژی ب خوەرە نابێ هەجێ؟ رۆڤی بلەز لێ ڤەگەراند و گۆت: ژ خوە ئەز ل هەڤالەکی وەک تە دگەرم کو ب من رە ببێ هەڤال، دە کەرەمکە وەرە ئەم هەرن.

رۆڤی و دیک دانە دۆرا هەڤ و مەشین گهشتن بەر چەمەکی، ئۆردەکەک د چەم دە دچێریا دەما چاڤێن وێ ب رۆڤی و دیک کەت ژ وان پرسی هوون ب کوو ڤە هەرن؟ رۆڤی لێ ڤەگەراند : ئەمێ هەرن هەجێ، ئۆردەکێ گۆت: ما هوون من ژی ب خوە رە نابن؟ رۆڤی لێ ڤەگەراند: سەر سەرا و هەردوو چاڤان دە کەرەمکە هنەک مەشین گهشتن کەوەکی لسەر لاتەکێ دخوەند، گاڤا چاڤێ کەو ب وان کەت بانگی وان کر و گۆت: وە ولۆ دایە دۆرا هەڤ ما هوونێ ب کووڤە هەرن؟ رۆڤی لێ ڤەگەراند : ئەمێ هەرن هەجێ، هوونێ هەرن هەجی ؟رۆڤی لێ ڤەگەراند و گۆت : بەلێ ئەزبەنی ئەمێ هەرن هەجێ، کەو گۆت: ما هوون من ژی ب خوەرە نابن؟ رۆڤی گۆت : چاوا ئەم تە ب خوە رە نابن، دە کەرەمکە وەرە. پشتی دەمەک ل وان بوو شەڤ رۆڤی بەرێ وان دا شکەفتەکێ و ژ وان رە گۆت: ئەمێ د ڤێ شکەفتێ دە ئیشەڤ راوەستن و رازن و سبێ ئەمێ دیسە چوونا خوە بدوومینن

شەڤ بوو، نیڤێ شەڤێ بوو چاخێ بانگدانا دیک، دیک شیار بوو و بانگ دا رۆڤی سەرێ خوە هلدا و گۆتە دیک: تە ئەم ژ خەو شیارکرن ڤێ جارێ ئەزێ ل تە ببوورم لێ جارەک دی باوەرکە ئەزێ تە بکوژم! لێ دیک بانگدانا خوە بەردەوام کر، رۆڤی ژی رابوو و خوە دارا دیک و قرک لێ بادا ئەو کوشت و کەتە سەر کەلاخێ وی دە خوار و دیسە ڤەگەریا خەوا خوە و رازا، بوو بەرێ سبێ چاخێ خوەندنا کەو، کەو ژ خەو رابوو و بوو قەبقەبا وی و خوەند ،رۆڤی دیسا ژ خەوێ رابوو و ژ کەو رە گۆت: تەژی ئەم ژ خەوا سبێیا شێرین راکرن، رازێ، ژ تەرا چێترە بەری کو ئەز تە ژی ب ریا دیک دە بشینم لێ کەو ژی وەک دیک گۆهـ نەدا رۆڤی و خوەندنا خوە بەردەوام کر، رۆڤی رابوو خوە دارا کەو و ئەو کوشت و کرە تاشتێ .

دنیا بوو سبهـ و رۆژ دەرکەت رۆڤی و ئۆردەک ژ خەو رابوون، رۆڤی ل هێنجەتەکێ دگەری دا ئۆردەکێ ژی بخۆت، رابوو ژ ئۆردەکێ پرسی: ژ بۆ چ قرکا تە کەسکە؟

ئۆردەکێ لێ ڤەگەراند و گۆت: ژ بەر کو ئەز سەییدم، رۆڤی گۆتە ئۆردەکێ : ئەز ژ تە باوەر ناکن هەگەر تو سەجەرا خوە ژ من رە نەوینە ئۆردەکێ ژێرە گۆت باشە، کا ب من رە وەرە دا ئەز سەجەرا خوە نیشا تە بدم رۆڤی گۆت: باشە دە فەرمۆ ئەم هەرن، ئۆردەکێ دا پێشیا رۆڤی و مەشین ،قووناخەکێ چوون تاژی گەرێن د پێشیا وان دە دەرکەتن، ئۆردەکێ گۆتە رۆڤی: ئەوێ هان سەجەرا منن، گاڤا چاڤێ رۆڤی ب جۆتێ تاژیان کەت قەرەم لێ شکەستن و خوەست برەڤێ لێ جۆتێ تاژیان لێ زیڤرین و رێ ژ بەر گرتن و ئەو کوشتن و قرک لێ ڤەزیلاندن، هەیفا دیک و کەو ژێ هلاندن و ئۆردەک سەربەست کرن و چوو مالا خوە.

لازگین دێروونی سویسرا ١.١٢.٢٠١٦

**مژاری کۆتایی**

**ئەم دەقەی خوارەوە بە زاراوەی سۆرانی و ڕێنووسی لاتینی نووسراوە.**

Wek basman kird, zimanî kurdî xawen dû rênûs e Ke bote yêkek le kêşe gewrekanî dûrbûnewey zarawey kurmancî degel zarawekanî dîke, çunke zarawekanî: Soranî, Hewramî, Kellhory htd … be rênûsî Aramî (Erebî) denûsin û tewawî berhemekanyan be rênûsî Aramî dedene derê, ca boye bedaxewe her kesêk le zarawekanî Soranî, Hewramî, Kellhory htd … ewell hengaw ke rênûsî Latînî debînin xêra bîr le zimanî Îngilîzî deken û çun zorbey xellkanî Rojhellat û Başûrî Kurdistan le zimanî Îngilîzî lawaz in, her bew çawîş seyrî rênûsî Latînî deken ca îtir bedaxewe zor kem le danîştuwanî Rojhellat û Başûrî Kurdistan hewl bo fêrbûn û rewan xwêndinî rênûsî û deq be şêwey Latînî deden.

Êsta êwe berêzan ke deqekanî serewetan be zarawey Kurm- ancî xwênd cwan botan derkewtûwe ke xwêndin û têgeyiştin le zarawey kurmancî be rênûsî Aramî zor sanatir û rahettir e, ewîş hoy ewe ye ke êwe berêzan çawtan be rênûsî Aramî rahatûwe bellam xwêndinî em deqe bo danîştûwanî Bkûrî Kurdistan asan e ewîş asayî ye çûnkî maweyekî zor e ke danîştûwanî Bakûrî Kurdistan be rênûsî

Latînî denûsin û dexwênin ca boye lem beşeda demhewê hendê taybetmendî rênûsî Latînî bas bikeyn ke renge ta êsta bîrtan lê nekirdibêt cêy amaje ye eweş bêjim be hîç şêweyek namhewêt berawird le nêwan rênûsî Aramî û Latînî bikim yan bêjim kam rênûs bo zimanî kurdî guncawtir e. bellkû amancim ewe ye ke bizanîn çi qazancêkî heye fêrbûnî rênûsî Latînî bo ême, ca boye êsta çend xalêk ke bo xom be giringî dezanim bas dekem.

١. Rênûsî zorîney kurdanî cîhan Latînî ye. bo nimûne ٢٥ ta ٣٠ mîlyonî kurdanî kurmanc ke tenya le Bakûr dejîn hemû rênûsî Latînî bekar dênin cige le ew kurdaney le derewey willat in ke ewanîş her zorîne be Latînî denûsin, her weha zorbey kurdanî cîhan le dunyay emro da pîtekanî Latînî be hoy xwêndinî zimanî îngilîzî le qutabxanekan dezanin û radey têgeyiştin le elifbêy Latînî ne tenya lenêw kurdan bellkû le tewawî dînya da zortir e.

٢.Sakarî eliffbêy Latînî çi bo fêrkarî çi bo bekarhênanî rojane bo nmûne fêrkirdinî ٣١ pît be dû şêwey nûsînî gewre û çûke[١٠] zor asantir le fêrkirdinî ٣٧ pît be çend şêwey likaw û nelkaw e wek :(ع عـ ـعـ ـع) û pîtekanî dîke, her weha kêşey bizroke û dû pîtî (ی، و) wekû bizwên û nebizwênîş namênêt.

٣. bekarhênanî rênûsî întêrnêt wek: nawnîşanî torrekomelayetî-yekan, mallperekan, nermewallekan û … hemû Latînî ye, wate ger

---

[١٠] نووسینی پیتەکانی لاتینی بە گەورە و چوکە ئەویش هەر تایبەتمەندییەکی ئەرێنییە بۆ نموونە لە ڕستەی: ئەو کوڕە هەژارە _ من نازانم گەلۆ مەبەست ناوی کوڕەکەیە (Hejar) یان هەژاربوون (فقیر_ hejar)ی ئەم کوڕە دەڵێ، کەچی لە ڕێنووسی لاتینی ئەوەڵین پیتی هەموو ناوە تایبەتەکان وەک ناوی شارەکان، مرۆڤ، چیا، ڕووبار و شوێن و ،،، بە گەورە دەنووسرێت گەر گەورە نەنووسرابێت کەواتە دەتوانێت ناوێکی گشتی بێت یان ناو نەبێ. ئەم تایبەتمەندییە زۆر تێگەیشتن لە خوێندن هاسان دەکات.

bimanhewêt be kurdî mallperêkî kurdî çê bikeyn debê hayne nawnîşanî be Latînî bêt. hemû nermewalle û dezgahekanî pêwendîy dunya, elfbêy Latînî piştgîrî deken boye ger kurdîy Latînî bizanîn bekarhênanyan bo ême asantir debêt û kêşey têkellî pîtî kurdî leser dezgakanî pêwendî namênêt.

**Derencam:** kewate zarawekan zor zor lêk nizîk in û ewey lêkyan dûr nîşan dedat rênûsekan in, êweş têbikoşin bitwanin be her dû rênûs xotan rabênin û fêryan bin.

# مێژووی کورد

کورد لە کوێوە هاتووە؟ هۆی ئەوەی کە ئەو ناوەی لێ نراوە چ بووە؟ ڕەگەزی چییە؟ ئەمە پرسیارانێکن هەموو نەتەوە و هۆزێک لە گەلەکەی خۆی دەپرسێت و پێیان خۆشە کە مێژووی خۆیان بزانن.

لە کتێبی شەرەفنامەدا بە لاساییکردنەوە لە شانامەی فیردۆسی نووسراوە: کورد ئەم کەسانەن کە لە چەنگی زوحاک ڕزگاریان بووە، بەڵام ئەمە تەنیا دیرۆکێکە دوور لە ڕاستی و هیچ بنەماییێکی زانستیی مێژوویی نییە.

مێژوونووسانی عەرەب سەبارەت بە کورد دەڵێن: (الكرد طائفة من الجن) واتە کوردیان بە بنەماڵەی جن داناوە، هەندێکیشیان ڕەچەڵەی کورد بە عەرەبەوە گرێ دەدەن. مەسعوودی پێی وایە کە کوردەکان سەرەتا عەرەبی قسەیان کردووە پاشان گۆڕانیان بەسەر هاتووە، ئەمەش وڵامی دراوەتەوە و ڕاست نییە.

کورد لە ڕوانگەی وشەوە بە واتای پاڵەوان و بەهێز پێناسە کراوە، ئەمین زەکی دەڵێت: وشەی کورد لە زمانی ئاشوورییەوە وەرگیراوە کە لەو زمانەدا بە واتای بەهێز هاتووە یان هەندێ دێژن کە ئەوە هەمان (گوردی)یە کە لە شانامەدا بە واتای پاڵەوان هاتووە.

لەنێو مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتناس سەبارەت بە بنچینەی کورد مشتومڕ هەیە کە دەکرێ بە دوو دەستە دابەشیان بکەین.

**دەستەی یەکەم:** مێژوونووسانێک کە پێیان وایە، کورد لە ڕەگەزی هێندوئەورووپاییەکانە کە هاتوونە ڕۆژاوای ئێرانی ئێستا و لەگەڵ خۆجێیەکانی ئەو ناوچەیە تێکەڵ بوونە.

**دەستەی دووەم:** لەم باوەڕەدان کە کورد خۆجێ و نیشتەجێی ڕۆژاوای ئێران بوونە کە لەگەڵ ئەرمەنی و ... خزمن و دوایەش یەکێک لە زاراوەکانی ئارییاییان هەڵبژاردووە و قسەیان پێ کردووە.

بەڵام ئەو نەتەوانەی کە ڕۆژهەڵاتناسان پێیان وایە پێش کۆچکردنی ئارییاییەکان لە ڕۆژاوا و باکووری ئێران دەژیان ئەمانەن: لۆلۆ، گوتی، کاسییەکان، میتانی، هیتی، سۆمێری و...

جا سەبارەت بە درێژنەبوونی ئەم بەشە باسیان ناکەین بەڵام دەتوانن بڕواننە ئەم کتێبە مێژووییانەی سەبارەت بەم هۆزانە نووسراون.

زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییە نوێیەکانیش جەخت لەسەر بوونی پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی میللەتانی نیشتەجێی چیاکانی زاگرۆس لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکچوو دەکەن، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی کورد و زمانی کوردی بە درێژاییی مێژوو گەشە و گۆڕانی میللەتانی چیای زاگرۆس وەکوو: "عیلامی، لۆلۆ، گوتی، کاسی، هیتی، سۆمێری"یە، کوردی ئەمڕۆش پاشماوەی ئەم میللەتانەیە.

مادەکانیش کە یەکێک لە هۆزەکانی "مزۆپۆتامیا" بوون، هەندێک دەڵێن: کۆچیان کردووە و هاتوونە بوونەتە دراوسێی نەتەوەکانی زاگرۆس و دواتر حوکوومەتێکی مەزنیان پێک هێناوە و هەندێکیش دەڵێن: کە هەر لەمێژەوە لەوێ بوونە بەڵام ئەوە گرینگ نییە کە کۆچکردنیان لە چ کاتێک بووە بەڵام ئەوە ڕوونە کە مادەکان لەنێو خۆیاندا حوکوومەتی ناوچەییی بچووک بچووکیان هەبووە کە دواتر میری یەکێک لەم ناوچانەی هەرێمی ماد کە بە لێهاتوویی و دادپەروەری جێگای باوەڕی خەڵک بوو بە ناوی دیاکۆ "دیوکۆس" وەکوو گەورەی خۆیان هەڵی دەبژێرن تا ئاسایشی وڵاتیان بپارێزرێت، دواتر دیاکۆ توانیی متمانەی فەرماندەکانی هەرێمی ماد ڕابکێشێت و یەکگرتوویییەکی بەهێز لە نێوانیان پێک بێنێت هەگمەتانیش واتە هەمەدانی ئێستاش دەبێتە پێتەختیان، بەڵام لە دەوروبەری مادەکان هۆزەکانی وەکوو سەکایی کە هۆزێکی شەڕکەر بوون لە ناوچەی ورمێ و پارسەکانیش لە باشوور هەروەها ئاشوورییەکانیش لە ڕۆژاوای مادەکان بوون، کێشەیان بۆ دروست دەکردن.

دیاکۆ پاش ٥٣ ساڵ دەسەڵاتداری چرای ژیانی کوژایەوە و حوکوومەت کەوتە دەست فەرەوەرتیشی کوڕی کە ٢٢ ساڵ ئەویش حوکوومەتی کرد و توانی دوای بابی ئەوەڵ هێرش بکاتە سەر پارسەکان و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی و قەلەمڕۆی ماد بەرینتر بکات، دواتر سوپایەکی گرانی کۆ کردەوە تاکوو کۆتایی بە زوڵم و زۆری ئاشوورییەکان بێنێت، بەڵام سەکاییەکان هاتنە یارمەتی ئاشوورییان و مادەکانیان گەمارۆ دا و فەرەوەرتیشیان کوشت و مادەکانیان تاڵان کرد.

دوای فەرەوەرتیش کوڕەکەی "هوخشتەر" دەسەڵاتی گرتە دەست، هوخشتەر سەرکردەیەکی بێوێنە بوو، خێرا سوپایەکی بەهێزی کۆ کردەوە و ئەوەڵ لەگەڵ بابل بوو بە یەک، دوایێ نەینەوا پایتەختی ئاشوورییەکانی گرت، بۆیە دەوڵەتی ماد زۆری پەرە سەند و زۆر بەهێز بوو دوای هوخشتەر کوڕەکەی ئاستیاگ دەسەڵاتی گرتە دەست و تا گرتنی مادەکان بە دەستی هەخامەنیشییەکان بەردەوام دەبێت. کەواتە حکومەتی مەزنی ماد لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین ئەستێرەی دەسەڵاتی لەترووسکە دەکەوێت.

بێگومان ئەوەی سەبارەت بە مێژووی کورد خوێندمان، زۆر بەکورتی باس کراوە چون ئەم کتێبە، کتێبەکی مێژوویی نییە، بۆیەش دەرفەتی شیکردنەوەی زیاترمان بۆ ناڕەخسێ، جا ئەگەر دەتانهەوێ زۆرتر لەم بوارەدا بزانن بەتایبەت لە پێکهاتنی دەوڵەتی ماد و ئەو هۆز و گەلانەی پێش دەوڵەتی ماد لە ناوچەی دوو ڕووبار "مزۆپۆتامیا" بوونە، دەتوانن سەردانی کتێبی "وارگەی مێژوویی کورد" [11] بکەن کە نووسەر لەم کتێبەدا زۆر بە زمانێکی ساکار بەڵام زانستی باسی چۆنیەتیی پێکهاتنی دەوڵەتی ماد و تەنانەت بارودۆخی وڵاتانی پێش ماد دەکات.




نەخشەی فەلاتی (چیاکان) ئیران و بەینئەلنەهرەین

هەروەتر سەبارەت بە زمانی ئەو سەردەمی ئەم وڵاتانە و پێوەندیان دەگەڵ زمانی کوردیی ئێستا کە بەداخەوە لێرە دەرفەت نابێ باسی بکەم، دەتوانن سەردانی کتێبی "زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا" [12] بکەن کە نووسەر لە بەشی "پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس" باس لە پەیوەندی زمانی کوردی دەگەڵ "سۆمەری، لۆلۆ، کاسی، سۆبارتۆ و ..." دەکات و نموونەش بۆ وشەکان دێنێتەوە.

---

**[11] نووسەر "محەمەد ئیبراهیمی محەمەدی" چاپی ئەوەڵ ١٣٩٤ بڵاوکردنەوەی (علمی کالج) شاری سنە، ئەم نەخشەی لە سەرەوەی دەبینن لە کتێبی "وارگەی مێژوویی کورد" هەڵگیراوە.**

**[12] نووسەر "د. ڕەفیق شوانی" چاپی یەکەم ٢٠٠٨ بڵاوکردنەوەی "موکریان" هەولێر، ئەم کتێبە بە زمانی فارسیش وەرگێڕدراوە بە ناونیشانی (زبان کردی و جایگاه آن در میان زبان‌های دنیا) وەرگێڕ: (دکتر جبار میرانی)**

## قۆناغەکانی زمانی کوردی

قۆناغەکانی زمانی کوردی بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکرێ

### ١. قۆناغی کۆن (دێرین)ی زمانی کوردی

زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییە نوێیەکانی ئێرانی کە بە زمانی فارسین، جەخت لەسەر پەیوەندیی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی میللەتی نیشتەجێبووی چیاکانی زاگرۆسەوە لەسەر بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکچوو دەکەن ئەمە بێجگە لە ڕووی گۆڕانی دیاردەی دەنگسازییە، بۆیە دەکرێت و کارێکی زانستییە کە بە زمانی کوردی بڵێین زمانی **زاگرۆسی** هەروەها کوردی ئەمڕۆش پاشماوەی میللەتانی: لۆلۆ، گۆتی، کاسی، سۆبارتۆ، سۆمری، ئۆرارتۆی و... یە کە لە پەنای یەکتر ژیاون و کاریگەرییان لەسەر یەک هەبووە کە زۆر جار یا تێکەڵ بوونە یا جیا بوونە هەروەها هۆی چەند زاراوەبوونی کوردەکانی ئێستاش دەگەڕێتەوە سەر ئەم هۆزانە.

بەڵام ئەوەی بۆ دیاریکردنی قۆناغی زمانی کوردی گرنگە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانە لە ساڵی ٧٧٠ی پێش زایین واتە زمانی ماد زمانی فەرمی دەوڵەتی ماد بووە کە کۆنترین بەڵگەش بۆ قۆناغی کۆن کتێبی پیرۆزی ئاوێستایە.

### ٢ . قۆناغی نێوەڕاستی زمانی کوردی

ئەم قۆناغە لە سەردەمی هێلینییەکانەوە تا کۆتایی ساسانییەکانە، بەداخەوە ئەم قۆناغە لە زمانی کوردیدا تاریکە، کەچی بەهۆی بەڵگەکانی کتێبی پیرۆزی زەردەشت دەتوانین بڵێین: دوو بەش بووە "پەهلەوی ئەشکانی" باکوور و "پەهلەوی ساسانی" باشوور کە ئەویش زۆری لێ فەوتاوە.

### ٣. قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی

ئەم سەردەمە بە سەردەمی هاتنە کایەی شێوەزارانی زمانی کوردی ناو دەبردرێت و ساڵانی ١٠ی زایینی واتە کاتێ کە دەوڵەتانی بچووک و میرنشینەکانە گەڕانەوە سەر زمانی زگماکی خۆیان؛ دەتوانین چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی نموونە بەڵگەی نووسراوی زمانی کوردی دابنێین، پاشان هۆنراوە بە شێوەزاری هەورامی لە سەدەی ١٧ی زاینی وەکوو بێسارانی، مەلای جەباری، مەولەوی و لە باکووریش مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، عەلی حەریری، فەقێ تەیران بەڵگەی نووسراوەی ئەو سەردەمن و لە سەرەتای ١٩ی زایینی زاراوەی کوردی نێوەڕاست بەهۆی

هۆنراوەکانی نالی، سالم و کوردی گەشەی کرد و نموونەی ئەو سەردەمن کە بە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی **١٨٩٨**دا کۆتایی پێ هات.

### ٤. قۆناغی نوێی زمانی کوردی

لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان دەست پێ دەکات و بێجگە لە هۆنراوە ئەمجار پێشی دەنووسرێت و کوردیی نێوەڕاست پەرە دەستێنێت و وردە وردە بەرەو کوردییەتی و خۆماڵی دەڕوات و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن، واتە لە ساڵی **١٩٩١** دەبێتە زمانی دیبلۆماسی و هەروەها دەبێتە زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکوو: ڕادیۆ، کەناڵی ئاسمانی، تۆڕی ئینتێرنێت و ... کە بەرەبەرە خۆی بەرۆژ دەکاتەوە تا بگونجێت و وشەی زێدەتر بێت.

تایبەتمەندیی کوردیی نێوەڕاست کە پێک هاتووە لە شێوەزارەکانی "سلێمانی، موکریانی، ئەردەڵانی، سۆرانی، جافی" و ... بەردەوام لە خزمەتکردنی ئەدەبیات، چاند و ... کوردایە، بەردەوام پێی دەنووسرێت و بەپێچەوانەی زاراوەکانی دیکە لە شێعر و ئەدەبیاتەوە بۆتە زمانی خوێندن و نووسین، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و زانستی جۆراوجۆری پێ نووسراوە. هەروەها لە باشوور زمانی دامودەزگایەکانە و لە ئینتێرنێت، تەلەفوونەکان و ... کەڵکی لێ وەردەگرن هەروەها دانانی کتێبی ڕێزمانی بۆ ئەم زاراوەیە لەلایەن کەسانێک وەکوو "م. سەعید سدقی" **١٩٢٨** لەبارەی ڕێزمان و وشەسازییەوە و "م. تۆفیق وەهبی" **١٩٢٩** بوو نیشانەی گەشە و ستانداردبوونی ئەم زاراوەیە، بەڵام هاوکات دەبێ بۆ گەشەکردنی لە زاراوەکانی دیکە کەڵک وەرگرێت.

جێی ئاماژەیە ئەوە بڵێم زاراوەی کورمانجیش کە زاراوەی زۆربەی زۆری کوردەکانە، ساڵانێکی زۆر بەهۆی گوشاری دەوڵەتی تورکییە لە پەرەسەندن دوا کەوت، بەڵام ئێستا ئەویش زۆر چالاک و بەهێزانە ڕۆژبەڕۆژ ڕادەی بەکارهێنانی لە نووسراوەکان وەکوو کتێب، ڕۆژنامە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، میدیا و ... زۆرتر دەبێت و کەسانێکی زۆر ئێستا سەرقاڵی خوێندن و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەنە کە بە پیتی لاتینی دەنووسرێت.

## باسێک لەسەر ڕۆژنامەی کوردستان

رۆژنامەیا کوردستان، یەکەمین رۆژنامەیا ب کوردییە. رۆژنامەیا کوردستان د ٢٢یێ نیسانا سالا ١٨٩٨'ئان دە، ژ ئالیێ میقداد میدهەد بەدرخان ڤە ل قاهیرەیێ، ل پایتەختا مسرێ دەست ب وەشانا خوە کریە. دەستپێکا وەشاندنا رۆژنامەیا کوردستانێ، مینا خەباتەکە رەوشەنبیری تێ نرخاندن. رۆژا دەستپێکا دەرخستنا رۆژنامەیا کوردستان ئیرۆ ژ ئالیێ هەموو دەزگەهێن کوردی و هەروها ژ ئالیێ حکوومەتا هەرێما کوردستانێ ژی وەکە دەستپێکا رۆژنامەگەریا کوردی تێ قەبوول و پیرۆزکرن. رەوشا جهانێ و پێدڤیا رۆژنامەیەک کوردی پشتی شۆرەشا ١٧٨٩ئان ل فرانسایێ، رامان و گیانا نەتەوایەتی ل سەرانسەرێ وەلاتێن ئەورووپایێ بەلاڤ بوو. د ناڤ دەمەکە کەم دە، ئەڤ رامان مینا لەهیەکێ ل جیهانێ بەلاڤ بوو و بێگومان ئیمپاراتۆریا ئۆسمانی و گەلێن کو د بن دەستهلاتداریا وان دە دژیان، مینا ئەرەب، ئالبان (ئارناود)، بولخار و ترک ب خوە ژی کەتنە بەر ڤێ لەهیێ. پشتی تێکچوونا سەرهلدانا بەدرخانیانا سالا ١٨٤٧ئان، دەولەتا ئۆسمانی مالباتا بەدرخانیان سرگوونێ قاهیرەیا پایتەختا مسرێ دکە. میقداد میدهەد بەدرخان بەگ ل ور دەست ژ کار و خەباتێن نەتەوایەتی بەرنادە و خەباتێن خوەیێن رەوشەنبیری ددۆمینە. رۆژنامەگەریا کوردی ژی جارا یەکەم ب ڤان خەباتێن میدهەد بەگ و وەشاندنا رۆژانامەیا کوردستان، دەست پێ دکە. رۆژنامەیا کوردستان و دەستپێکا رۆژنامەگەریا کوردی ئەڤ رۆژنامەیا یەکەمە د دیرۆکا کوردستانێ دە. هەر وها، گەلێ کورد وێ دەمێ هەم ژ ئالیێ فیزیکی، هەم ژ ئالیێ چاندی و رامانی، هەم ژی د وارێ زمان و گەلەک ئالیێن دن دە ل هەمبەری ئێریش، زلم و زۆرداریا تێکۆشینا مان و نەمانێ ددا. تایبەتی و گرینگیەکە دنا مەزنا رۆژنامەیا کوردستانێ ژی ئەڤ بوو کو، د دەمەکە وها دە هاتە وەشاندن. لەورە پێدڤیەکە مەزنا گەلێ کورد ب دانووستەندن، نووچە، راگهاندن و ب چاند و هونەرا خوە، ب زمانێ خوە هەبوو. رەوشەنبیر و میرێ مەزنێ گەلێ کورد میقداد میدهاد بەدرخان ئەڤ ڤالاهی دیت و ب کەد و کەسپەکە بێهەمپا ئەڤ ڤالاهی ب وەشاندنا رۆژنامەیا کوردستانێ داگرت و پێ رە ژی بوو دەستپێکەک، بوو دیرۆکەکە گرانبها. میقداد میدهەد بەدرخان، ب خوە سەدەما وەشاندنا رۆژنامەیێ وها تینە زمێن: «ل دنیایێ چقاس مسلمان هەنە د گوند و باژارێن هەمیان دە دبستان و رۆژنامە هەنە. بوویەرێن ل دنیایێ دقەومن د ڤان رۆژنامەیان دە تێن نڤیسین. لێ مخابن کورد ژ رۆژنامەیەکێ بێ پارن و نزانن د دنیایێ دە چ دقەومە، جیرانێ وان مۆسقۆف چاوایە دێ چ بکە. لۆما د ریا خوەدێ دە من ئەڤ رۆژناما ها نڤیسی. ب ئیزنا خوەدێ تەئالا ژ نها پێڤە د هەر

پانزدەهـ رۆژان دە ئەزێ رۆژنامەیەکێ بنڤیسم. من ناڤێ وێ کریە کوردستان. د ڤێ رۆژنامەیێ دە ئەزێ قالا قەنجیا زانیاریێ و تێگهیشتنێ بکم؛ ل کو دەرێ مرۆڤ فێر دبە، ل کو دەرێ خوەندنگەهـ و دبستانێن قەنج هەنە، ئەزێ نیشانی کوردان بدم؛ ل کو دەرێ چ شەر دبە، دەولەتێن مەزن چ دکن، چاوا شەر دکن، تیجارەتێ چاوا دکن؛ ئەزێ قالا هەموویان بکم.» میقداد میدهەد بەدرخان د سەرگۆتارا یەکەما رۆژنامەیا کوردستانێ دە ل سەر رەوشا ئابۆری و جڤاکی یا گەلێ کورد ژێ رادوەستە. زەختێن ل سەر رۆژنامەیا کوردستان پشتی زەختا ئۆسمانیان ل سەر مسرێ، رۆژنامەیا کوردستان ژ نەچاری گەلەک جهـ گوهەراندن. بەدرخانیان وەشاندنا رۆژنامەیا کوردستانێ ل هن وەلات و دەڤەرێن ئەورووپایێ، مینا جەنەورە، لۆندۆن و فۆلکستۆنێ دۆماندن. هەژمارێن ١ێ تا ٥ئان ل قاهیرەیێ، ژ یا ٦ئان تا ٩ئان ل باژارێ جەنەورەیا سویسرەیێ، ژ یا ٢٠ئان تا ٢٣عیان ل قاهیرەیێ، هەژمارا ٢٤ئان ل لۆندۆنێ، ژ ٢٥ئان تا ٢٩ئان ل فۆلکستۆنا باشوورێ ئینگلیستانێ و ژ هەژمارا ٣٠یی تا ٣١ێ دیسا ل جەنەورەیێ هاتنە وەشاندن. پشتی میدهەد بەدرخان بەگ، ئەڤدرەهمان بەدرخان بەگ خوە دا بن بارێ دەرخستنا رۆژنامەیێ، د ٤٧ مەهـ و ٢٢ رۆژان دە، ل سرگوونێ د رەوشەکە دژوار دە ٣١ هەژمار هاتنە وەشاندن. د ١٣ێ نیسانا ١٩٠٩'ئان رۆژنامەیا«کوردستان» ژ ئالیێ ئۆسمانیانڤە هاتە گرتن.



# زاراوەکانی زمانی کوردی

**١. کۆمەڵەزاری کوردیی باشوور وەکوو:** کرماشانی، کەڵهوڕی، فەیلی دەربەندی، قوروەیی و ...

ئەو ناوچانەی کە بە شێوەزاری کوردی باشوور قسە دەکەن:

لە ڕۆژهەڵات (ئێران) : کرماشان، سەحەنە، کەنگاوەر، قەسریشیرین، هەرسین، سونقوری کولیایی، ئیسلاماوا، گیڵانی ڕۆژاوا، کرندی ڕۆژاوا، دینەوەر، مایدەشت، قوروە، بیجاڕ، لوڕستان، ئیلام، مێهران و..

لە باشوور (ئێراق) : خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان و ...

**٢ . کۆمەڵەزاری گۆران وەکوو:** هەورامی، زازایی، باجەڵانی، کاکایی و ...

ئەو ناوچانەی کە بە شێوەزاری کوردیی هەورامی[١٣] و زازا قسە دەکەن:

لە ڕۆژهەڵات (ئێران) : پاوە، نەوسۆ، هەورامانی تەخت و لهۆن، ژاوەرۆ، زەهاو، نۆدشە، باشووری مەریوان.

لە باشوور (ئێراق) : سەیسادق، هەڵەبجە، بیارە و ...

باکوور (تورکیە) : بینگۆڵ، دێرسیم، خارپووت، ئوورفا، بەدلیس و ...

**٣. کۆمەڵەزاری کورمانجی کوردی باکوور:** بۆتانی، بادینی، بایەزیدی، هەکاری، شکاکی، هەرکی و ...

جا ئەو ناوچانەی کە بە شێوەزاری کوردیی ژووروو قسە دەکەن:

لە باکوور (تورکیە) : وان، ئامەد، ئەرزەڕۆم، بایەزید، هەکاری، مێردین و ...

لە باشوور (ئێراق) : زاخۆ، شنگال، دهۆک، بارزان، عەقەرە و ...

لە ڕۆژهەڵات (ئێران) : ورمێ، ماکۆ، سەڵماس، برادۆست، کوردەکانی باکووری خۆراسان و...

لە ڕۆژئاوا (سوریە) : قامیشلۆ، حەسەکە، کۆبانی، عەفرین، سەرێکانی و ...

---

[١٣] شێوەزاری هەورامی یەکێک لە کۆنترین زاراوە کوردییەکانە و دەوترێت گاتاکانی ئاڤێستای زەردەشتیش بەم زاراوەیە نووسراوە.

٤ . **کۆمەڵەزاری کوردی نێوەڕاست** وەکوو: سلێمانی، موکریانی، ئەردەڵانی، جافی، بابانی، سۆرانی و ...

ئەو ناوچانەی بە زاراوەی کوردیی نێوەڕاست قسە دەکەن ئەمانەی خوارەوەن:

سۆرانی: لە باشوور (ئێراق): سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، چەمچەماڵ، کۆیە، ڕواندز و....


لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: سەقز، بانە، مەریوان، تیکاب و....

موکریانی: مەهاباد بۆکان، سەردەشت، پیرانشار، شنۆ و....

ئەردەڵانی: سنە، دیواندەرە، کامێران، بانلەیلاخ، دێولان و....

جافی: جوانڕۆ، ڕوانسەر، سەلاسی باوەجانی، سەرپێڵیزەهاو و....

گەرمیانی: برێک لە خەڵکی پارێزگای کەرکووک و ...




ئەم نەخشەیە لە "ویکی پەدیا" وەرگیراوە.

## فۆلکلۆر چییە؟

بێگومان کورد خاوەن مێژوویەکی کۆن و ڕەسەنە، هەر بەم هۆیەوە فەرهەنگی پڕبایەخی بۆ جیهان بەدیاری هێناوە کە نوێنگەی شارستانیەت، زانیاری، تێگەیشتوویی، زانستی شەڕ، سەرکەوتن و سەربەرزی لە ماوەی ساڵیانی درێژدا بووە، ئێستاش گەلێ: پەند، گۆرانی، بەیت و چیرۆکیان سینگ‌بەسینگ و دەم‌بەدەم پارێزراوە کە وەک چرایەک ڕووناککەرەوەی ڕێگەی سەخڵەتی داهاتووە بەو یادگارە کۆنانەی کە ئەمڕۆ دەیگێڕنەوە لە زمانی لاتیندا "فۆلکلۆر" دەڵێن.

**واتا هەر ئەدەبی پێشکەوتووی وڵاتێک بناخەیەکی هەیە کە فۆلکلۆری پێ دەکوترێ.**

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و مێژووی میللەتێک، ئەو فۆلکلۆرە گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە وتەی ماکسیم گورکی: بناخەی ئەدەب لە فۆلکلۆردایە بەداخەوە کورد چون ژیانێکی هێمنی نەبووە نەیتوانیوە ئەم گەنجینە پڕبایەخە بەتەواوی بپارێزێ، کۆی کاتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ.

ئەبووڤیان ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ئەرمەنی دەڵێت: تەواوی کوردەکان گیانی شاعیرانە لە دەروونیاندا ئامادەیە و هەموو لە وتنی گۆرانی و شیعردا بەتوانان و زۆر بەهێمنی و ساکاری گۆرانی بەسەر کێو، تاڤگە، چەم، ئەسپ، گوڵ و چەک هەڵدەڵێن، واتە زۆر جوان هەستیان دەڵێن و لەنێو نەتەوەکانی دیکەش ناسراوە.

مامۆستا عەلی خزری فۆلکلۆر ئاوها مانا دەکات: فۆلکلۆر زانستێکی تازە و نوێیە کە بریتییە لە زانست و بۆچوون و باوەڕی ڕەسمی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک، واتا ئەو ئەلفبێیەی کە پێی ژیاون، پێی دەژین و هەموو بوون و مانی خۆیان لەودا دەبینن.

لەبارەی فۆلکلۆرەوە وتوویانە: فۆلکلۆر یانی ناسنامە و ناسێنەری نەتەوەکان واتە تەواوی نەتەوەکان بە فەرهەنگ و فۆلکلۆری خۆیانەوە دەناسرێن یانی بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بارێکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، ڕووحی، ئابووری، ڕامیاری، هونەری و ...

لە ساڵی ١٨٤٦ی زایینی زاراوەی فۆلکلۆر لەلایەن "جەوهەر تۆهز" کە زانایەکی کەلەپوورناسی ئینگلیزی بوو، بۆ یەکەم جار بۆ ناونانی ئەم زانستە ساوایە وەکوو لقێک لە لقەکانی مرۆڤناسی بەکار هێنراوە.

زاراوەی فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بڕگە پێک دێت. یەکەمیان فۆلک (خەڵک، گەل) و دووەمیان لۆر (پەند)ە. وشەکەش بە واتای "زانستی گەل یان پەندی خەڵکی" دێت کە واتای دەبێتە کەلەپووری گەل یان وێژەی گەل.

فۆلکلۆر بەشێکە لەو کەلەپوورەی بنەمای بوون و مانەوەی نەتەوەی پێک هێناوە. بەڵام شایانی باسە کە فۆلکلۆر بەر هێرشی بێگانە نەکەوتووە و بۆ کورد ماوەتەوە ئەویش چونکە ناتوانرێ لە ڕەگ و ریشەی دەربهێنرێ و لەنێو ببرێ.

وا باشە ئاوا فۆلکلۆر مانا بکەین: فۆلکلۆری کوردی یانی نەتەوەی کورد، فۆلکلۆری فارس یانی نەتەوەی فارس و ... هەر گەل و نەتەوەیەک یانی فۆلکلۆری ئەو نەتەوەیە.

**بەشەکانی فۆلکلۆر:** ئەفسانە، چیرۆک، گۆرانی، پەندی پێشینیان، گاڵتەوگەپ، مەتەڵ، جلوبەرگ، هەڵپەڕکێ و ... لەم بەشدا هەندێ باسیان دەکەین.

**ئەفسانە:** دەتوانین بە جورێک لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتاییی مرۆڤ دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێ، کەرەسەی ئەفسانە لە خیاڵ وەرگیراوە کە پشتاوپشت و دەماودەم دەیگێڕنەوە، لە ئەفسانەی کوردیدا قارەمانی سەرکەوتوو هەموو کات لە ئادەمیزاد و زۆرتر لە چینی هەژار و ڕەنجکێشە کە هێزی خراپە بەرەو نەمانە، ئەفسانەی مەمی ئالان و خدری زیندوو، شای ماران و ... وێنەیەکی بەرچاوە لە ئەفسانەی کوردین.

**چیرۆک (داستان)**: وەکوو ئەفسانەیە بەڵام دەتوانرێ ڕاست بێت هەروا ڕوونترە لە ئەفسانە واتە بەرەوپێشچوونێکی ئەفسانەیە بەڵام کەرەسەی لە ژیان وەرگیراوە و ژیانێکی بەختەوەر و ئامۆژگاری تێدایە، هەرچەند هەندێ جار ڕەنگی ئەفسانە دەدات. لە چیرۆک مرۆڤ ئاواتەکانیان دەگێڕنەوە جا بۆیە هەر چیرۆکی نەتەوەیەک ڕووساری سرووشتی گەلەکەی نیشان دەدات، چیرۆکی کوردیش پێک هاتووە لە ئازایەتی، کۆڵنەدان، وەفاداری و بەئەمەگی و ژیری، ئەوین و دڵداری کە خوێنەری کورد و بێگانە ڕاحەت دەتوانێت ئەم بنەمایانە بەدی بکات، بەداخەوە مێژووی نووسینی چیرۆکی کوردی لە زمانی کوردیدا زۆر نییە بەڵام چیرۆکی یێگجار زۆرن، کە دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکانی: مەم و زین، دوازدە سوارەی مەریوان، مەحموود ئاغای شیوەکەل و چیرۆکەکانی مامۆستا پیرەمێرد، حەسەن قزڵجی و ... بکەین.

**پەندی پێشینان**: بریتیە لە چەند قسەیەکی کورتی کوردیی پەتی، کە پێکەوە نووسێنراون، واتایەکی بەرزیان پەیدا کردووە. مەبەست لە پەند ئەو وتەیەیە، کە زۆر بڵاو بۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە باوە، ئەمەش یان لەبەر ئەوەی بیرێکی فەلسەفی قووڵ بەخۆوە دەگرێت، یان لەبەر ئەوەی باس لە بنەڕەتێکی عەقیدەیی دەکات، کە ئەمە زۆر جار بە زانایی (حیکمەت)یش ناودەبرێت.

زۆر جار ئەو پەندگێڕەوانە پیرەپیاو یان پیرەژنی قسەزان و ئاقڵ بوونە، هەستیان بە پێداویستی بەرامبەرەکانیان کردووە، بۆیە لەو دەرگاوە بۆی هاتوونە، کە بۆ بەرامبەریان بەگرنگ زانیووە، هەمیشە هەوڵیان داوە ئەو پەندەیان لە گوێی بەرامبەردا بچەقێنین، کە ئێمە (سەری ڕەشمان لەبەر هەتاوێ سپی نەکردووە) و خۆ دەزانین دنیا چ باسە، ئیتر قسەکانیان هێندە بەڕێوجێ بووە، پەندەکانیان هێندە نەستەق و لە دڵ شیرین بووە دەستبەجێ کاری خۆیان کردووە.

**مەتەڵ:** (بە ئینگلیسی: Riddle، بە عەرەبی: لغز) بە واتای گرێکوێرە و شتی ئەستەم و ئاماژەیە بە وتەیەکی هۆنراو کە مەبەست و واتایەکی شاراوەی تێدایە و ڕادەی بیرتیژی، وریایی، زیرەکی و ژیری مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێ.

لێکدانەوەی مەتەڵ زۆر شتی نادیار و شاراوەمان بۆ دەردەخات؛ جگە لەوەی ڕادەی بیرتیژی، ژیری و وریایی نەتەوەییمان بۆ دەردەخات، زۆر زاراوە و وشەی تایبەتی ئەو زمانەش لە تیاچوون دەپارێزێت. لە زمانی کوردیدا بەهۆی فرەدیالێکتیکی و زاراوەی جۆراوجۆر، هەر ناوچەیەک مەتەڵی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی مەتەڵەکان.

**سوودەکانی مەتەڵ**: بۆ هەڵسەنگاندنی هۆش و وریایی، کێبەرکێ و کات بەسەربردن، بەهێزبوونی بیر و هۆش پاراستنی وشە و زاراوەکان، لێکدانەوەی باری کۆمەڵناسی، ئابووری، مێژوویی، کەلتووری و... زانیاری لەمەڕ ژیان و ژیواری ڕابردووان و...

**گۆرانی:** مێژووی هونەری گۆرانی لە هونەری مۆسیقا کۆنترە. ئەگەر بمانەوێ تەمەنی گۆرانی کوردی دەستنیشان بکەین، دەبێ لەو کاتەوە دەست پێ بکەین کە کورد بوونی هەیە. سەرەتای نەش و نماکردن و سەرهەڵدانی گۆرانی کوردی دەگەڕێتەوە سەردەمی زەردەشت و سروودەکانی ئەو ئایینە پیرۆزە. دەکرێ سروودی گاتا (گاسا) و (یەشت)ەکان کە لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستادا هاتووە، بە سەرەتای گۆرانی کوردی ئەو سەردەمە دەستنیشان بکەین. ئەو سروودانە کە جۆرە گۆرانییەکی ئەو چاخە بوون، لەبەر

ئەوەی لە باری ئایینییەوە دەرەتانیان پێ درابوو، زۆر زوو توانیویانە گەشە بکەن و پێش کەون. وەک فتوای ئایینی لەلایەن موغەکان واتە ڕێبەرە ئایینییەکانی زەردەشتەوە، بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە ڕاگەیەندراوە کە هەر کەسێ سروودەکانی ئاڤێستا بە ئاوازەوە بخوێنێ، کاریگەرتر و باشتر ئامانجەکانی دەپێکێ و لای خودا بەڕێزترە و ئەجری زۆرترە.

هەندێ شێوازی گۆرانی کوردیمان هەیە کە نە نەتەوەکانی دەراوسێ هەیانە و نە توانیویانە بیکەن بە موڵکی خۆیان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو جۆرە ئاوازانە تەنیا بە کورد دەوترێ و بەس. ئەویش ئەم ئاوازانەیە: *هۆرە، سیاچەمانە، لاوک یان لاوژە، حەیران، بەیت، چەمەری، سۆزی گەرمیان.*

**گاڵتەوگەپ:** شێوازێکە تێیدا وشە و زاراوەکان بە جۆرێک بەکار دێن کە زۆر جار پێچەوانەی ئەو مانا ڕاستەقینەیە کە نووسەران باسی لێ دەکات. ئامانجی یەکەمی گاڵتەوگپ ڕەخنەیە و ئامانجی دووەمی پێکەنینە، هەندێ جار دەیەوێ لە ڕێگای گاڵتەکانیەوە ڕەخنە لە دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵگا بگرێ، تەنیا لە چوارچێوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکەنین و کاتبەسەربردندا نەماوەتەوە، بەڵکوو پەڕیوەتەوە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕامیاری و ئابووری و ... لە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیدا، گاڵتەوگەپ، یەکێکە لە بوارە هەژارەکان، بە جۆرێک کە تا سییەکانی سەدەی بیستەم، کتێبی سەربەخۆمان لەم بوارەدا نییە، لە کۆتایی سییەکاندا و بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٣٩دا "محەمەد مستەفا کوردە"، کتێبی (مەلا مەزبوورە) دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٧ حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) کتێبی (گاڵتەوگەپ) بڵاو دەکاتەوە و لە ساڵی ١٩٥٣ش عەلائەدین سەججادی (١٩٠٧-١٩٨٤) یەکەم بەرگی (ڕشتەی مرواری) بڵاو دەکاتەوە، کە دواتر هەشت بەرگی دی بە دوادا دێت و دەبێتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین کتێبەکانی گاڵتەوگەپ لە ئەدەبیاتی کوردی.

**جلوبەرگ:** ڕوونترین هێمای کولتوور، بێگومان جلوبەرگە کە هەڵگری بەشێکی گەورە لە دابونەریتی گەلێک و شێوازی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگایە واتا ئەوە سروشت و چۆنیەتی ژیان لەو سروشتەدایە دیار دەکات کە چ شێوە جلوبەرگێک بۆ خۆمان دابین بکەین، جلی کوردی یێکەک لە جوانترین و بەئەدەبترین جلوبەرگەکانی دنیایە کە لەگەڵ دین، باوەڕ، هەڵسوکەوت، کار، گۆڕانی ئاوهەوا و ... تەواو گونجاوە هەروەها لە زۆر ڕێوڕەسمی دنیادا پلەی یەکەمی هێناوەتەوە بۆیەش بە درێژایی مێژوو هەر ماوەتەوە و نموونەی جوانتر و بەڕۆژی لێ هەڵدەکەوێ.

مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی ماد و دەتوانین وێنەگەلێک کە لە دەورەی هەخامەنشی کێشراونەتەوە سەیری سەربازانی ماد بکەین و هەروەها ئەوەڵین وێنەی کێشراوە لە جلی کوردی دەگەڕێتەوە سەردەمی سەفەوییە کە ئەورووپییەکان هاتوونە و کێشاویانە هەروەها ئەوەڵین وێنەی تۆمارکراو بە کامێراش لە سەردەمی ناسەرەدین شای قاجار بووە، زۆرترین گۆڕان بەسەر جلی کوردیش هەر لە سەردەمی قاجار بوو کە فرەچەشنی لە پارچەدا زیادی کرد و ...

جلی پیاوانە: چۆخە (کەوا) و ڕانک (پاتۆڵ)، پشتێند، سۆرانی، کڵاو و دەستار، پەستەک، پووزەوان و کەوشی کەڵاش لە نموونەی: مرادخانی، ملەکی، هەورامی، ڕەزای، سلێمانی و ...

**جلی ژنانە:** کراس، کەوا، سوخمە، کوڵەباڵ، پشتێند، سرودین و ...

بەداخەوە لێرە دەرفەتی ئەمەمان نییە زۆرتر لەسەر بابەتەکە بڕۆین و تەنیا بۆ ناسرابوون هەندێ باسم کرد بەڵام تکاتان لێ دەکەم مەهێڵێن ئەم جلوبەرگە جوانە بفەوتێ کە لەگەڵ هیچ بەشێک لە ژیانمان کێشەی نییە، خۆهەڵاوەسین بە مۆدی ڕۆژاوا (غرب) ئەوەڵین هەنگاوە بۆ نۆکربوون و لەنێوچوونمانە.

**هەڵپەڕکێ:** یان بە واتایەک دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە کاتی جۆراوجۆر و بە مەبەستی جۆراوجۆر دەردەبڕدرێ لەلایەن کۆمەڵگای هەر نەتەوەیەک پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر بڕوانینە مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژاییی ئەم مێژووە هەڵپەڕکێ بوونی هەبووە دیارە گومان لەوەدا نییە کە بەپێی ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵپەڕکێی بەشێک لە نەتەوە جۆراجۆرەکان فەوتاون یان ڕووبەرووی نەمانە و بە شێوەیەکی زۆر کەمڕەنگ ماوە. لە ڕاستیدا هەڵپەڕکێ لەلای هەر گەل و ناوچەیەکی جیهان ڕوانینی جیاوازی لەسەرە چونکە هەڵپەڕکێی هەر نەتەوەیەک دەربڕی بەشێکی کارەساتەکان و مێژووی نەوتراوی ئەو گەلەیە، وەک چۆن زۆر جار نەتەوەیەک بە هەر هۆیەک نەیتوانیوە ڕووداوەکانی خۆی بنووسێ یان باسیان بکات، توانیویەتی بە داهێنانی جۆرێک لە هەڵپەڕکێ ئەو ڕووداوە بە زمانی وێناکردن و دەربڕینی هەست لە ڕێگای هەڵپەڕکێ دەرببرێت. هەڵپەڕکێ یان گۆڤەند سەمای فۆلکلۆری نەتەوەی کوردە، هەڵپەڕکێ سەمایەکی چەند کەسییە کە لە شاییەکانیدا بەتایبەت جەژنی نەورۆز و زەماوەنددا بەڕێوە دەچێ.

**مێژووی هەڵپەڕکێی کوردی:** هەڵپەڕکێ هەمیشە لای خەڵکی هەر نەتەوەیەک گرنگی خۆی هەبووە. هەڵپەڕکێی کوردیش بێگومان مێژوویەکی کۆن و قسەی جۆراجۆریشی لەسەرە، مێژووی هەڵپەڕکێی کوردی دەگرەێتەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ پێش زاین ئەو کاتەی

ئیمپراتۆری ماد توانی پەرە بە دەسەڵاتەکەی لە ناوەچەکەدا بدا، لەو کاتەوە فەلسەفەی هەڵپەرکێ بە سەرکەوتنەکان و شکستەکانی ئەو شەڕە و بە جۆرێک دەربڕینی هەستەکان هاتە ئاراوە. بە درێژاییی مێژوو، نەتەوەی کورد شاهیدی دەیان و بگرە سەدان کارەساتی تاڵ بووە و هەر جارێکیش توانیویەتی دەرفەتێک بۆ خۆشی بدۆزێتەوە بێگومان بۆ دەربڕینی خۆشییەکەشی وەک چۆن بۆ ڕووداوە تاڵەکان بە هەڵپەرکێ هەستی خۆی دەربڕیوە بەو شێوەیە بۆ خۆشییەکانیشی بە هەڵپەرکێ دەربڕینی خۆی هەبووە. هەڵپەرکێ لەنێو تاکەکان و تەنانەت نەتەوەی کورد خاوەن پێگەیەکی گرینگ و نەفەوتاوییە. هەڵپەرکێ یانی دانانی شێوەی جۆراوجۆری قسە نەگوتراوەکان و بەسەرهاتەکان بۆ نەوەی نوێ تا بەزیندوویی ڕابگرێت و بیگوازێتەوە.

دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی مادەکانەوە لەسەر هەڵپەرکێی کوردی وا دەنووسێت: "لە ساڵی ٦١٢ی پێش‌زاین ئیمپراتۆری ماد بە ڕێبەرایەتی "هووەخشتەر" هێرشێکی سەختی کردە سەر نەینەوا و توانی ئاشوورییەکان بێنێتە ژێر دەسەڵاتی مادەکان و بەو جۆرەش دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ماد بەربڵاوتر بێت. کاتێک شەڕ کۆتایی پێ هات، "هووەخشتەر" داوای لە فەرماندەکانی خۆی کرد کە چیرۆکی ئەو شەڕەی بە شێوەیەک بۆ باس بکەن. لەو سەردەمەشدا بە هۆی ئەوەی کە بردنی شمشێر و کەرەستەی شەڕکردن بۆ ژووری فەرمانرەوا قەدەغە بوو، فەرماندەکان لە جیاتی شمشیر دەسماڵی سووریان بەدەستەوە گرت و شەڕیان بۆ پاشا گێرایەوە.

فەرماندەی یەکەم کە هەمان چۆپیکێشی ئەمڕۆی هەڵپەرکێی کوردییە دەستی هەموو سەربازەکانی خۆی گرت کە پێشاندەری پشتگیری هێزی سەربازی ماد بوو بە فەرماندەکانی خۆیان و نیشانەی وەفاداری ئەو سەربازانە بە ئیمپراتوری ماد، یەکەم هەنگاو هەڵپەرکێ بە شێوەی ئارام کە ئەمرۆ ناوی ئەو هەڵپەڕینە (گەڕیانە) دەستی پێ کرد و ئەوە بە واتای ئەوەیە کە ئێمە شەڕەکەمان بەئارامی دەست پێ کرد. پاشان بە هەڵگرتن، هەڵپەڕینەکەیان توندتر کرد و ڕیتمی هەڵپەڕین گشتتر بوو و ئەوەش بە مانای ئەوەی بوو کە ئێمە بەتوندی هێرشمان کردە سەر دوژمن.
لەنێو هەڵپەڕینی کوردی کە مێژووییترین سەما و هەڵپەرکێی جیهانە، چەندین شێوازی دیکەش هەیە کە یەک لەوان (سێ‌پێ)یە کە یەک لاق بۆ پشتەوەو دوو لاق بەتوندی و خێرا بۆ پێشەوە هەڵدێتەوە کە ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە لە شەڕیدا هەنگاوێک بۆ پشتەوە پاشەکشەی بکەین، زۆر بەتوندی دوو هەنگاو بەرەو پێشێ دەچینەوە. هەروەتر تەواوی هەڵپەرکێکان خاوەن واتایەکی ڕەسنن.

هووەخشتەر، پاشای مادەکان پاش بینینی ئەو شێوازە لە شیکردنەوەی شەڕەکەی نێوان مادەکان و ئاشوورییەکان خۆشی هات و فەرمانی دا کە ئەو ئایینە لە هەموو جێژنەکان و

بەرنامەکان، بەتایبەت لە هەموو جێژنەکانی پاش سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا بەکار بێنن، هەتا یاد و بیرەوەری سەرکەوتنەکانی ئیمپراتوری ماد هەتاهەتایە لە یادی خەڵک و دوژمنانی میللەتی ماد بمێنێتەوە. هەر بۆیە زۆر سەرچاوە ئەمە بە سەرەتای مێژووی هەڵپەڕکێی کوردی دەزانن کە بەم پێیەش دەکرێ بڵێین: هەڵپەڕکێی کوردی یەکێک لە کۆنترین هەڵپەڕکێکانە لە جیهاندا."

لە سەردەمی باشتربوونی کار و بارانبارین، بۆ ئاوەدان بوونەوەی کشتوکاڵ، بۆ وەرزی دروێنە، بۆ کاتی زەماوەندی کچ و کوڕ، لە کاتی سەرکەوتنی شەڕەکان، لە کاتی شکستهێنانی شەڕەکان، کاتی لەدەستدانی ئازیزێک، بۆ کاتی خۆئامادەکردن بۆ کارەساتێک، بۆ کاتی هێرشبردن یان بەرگریکردن لە وڵات، بۆ کاتی نەهامەتی و قاتوقری، بۆ سپاسکردن و نزاکردن لە پەروەردگار و دەیان نموونەی هاوشێوەی ئەمانە گەلی کورد بە دانانی هەڵپەڕکێ و بە زمانی هەست، دەربڕینی بۆ ڕووداوەکان بووە، کەواتە هەڵپەڕکێ دەتوانێ نموونەیەکی باش بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکە زمانێکیش بێت کە هەمووان لە یەک کۆ دەکاتەوە و هەرکەس دەتوانێ بەبێ جیاوازی دەربڕی هەستەکانی خۆی بێت.

لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی زۆر لە هەڵپەڕکێکان گشتگیرن بەڵام هێندێک هەڵپەڕکێش هەیە لە ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان کە ئاماژەیە بە ڕووداوێک کە لەو ناوچە ڕووی داوە. چەند شت فاکتەری سەرەکین بۆ زیندوومانی هەر نەتەوەیەک، **یەکەم زمان و نووسین بە زمانی زگماکی دواش فۆلکلۆر** و بەشەکانی وەکوو: گۆرانی، ئەدەب، پەند، شێعر، جلوبەرگ، و...هتد. بێگومان کە لە نێویاندا هەڵپەڕکێش خاوەن ڕەسەنایەتی و پێناسەیەکی دیکەیە بۆ شوناسخوازیی نەتەوەی کورد، هەڵپەڕکێ و نمایشکردنی تابلۆی هەڵپەڕکێ لە کوردەواریدا بەزۆری باسکردنە لە ڕابردوو، هەوڵی داوە تا لە ڕێگای هەڵپەڕکێوە هەستی سەرکەوتنەکەی یان شکستەکەی بەبێ زمانی ئاخاوتن و لە ڕێگەی هەڵپەڕکێوە دەربڕێ.

دیارە هەڵپەڕکێ تەنیا بۆ خۆشییەکان نییە، بەڵکوو جۆرێک لە سەما و هەڵپەڕکێش لەنێو کوردەواریدا هەبوو کە لە کاتی لەدەستدانی کەسێکی ئازیز یان شۆڕشگێڕێک سەمای شینگێری بەڕێوە چووە، ئەویش بەپێی ناوچەکانی کوردستان دەگۆردرێت و لە ڕاستیدا جۆرە سەمایەکی عیرفانی و گوزارشکردنە لە داخ و هەستێکی ناخۆش و تەنانەت جۆرێکیش لە نزاکردنە لە پەروردەگار کە لەم جۆرە سەماکردنەدا هەیە. لە بارودۆخی ئێستادا کە دوژمنان بەتایبەت چاندی وڵاتانی ڕۆژاوا (غرب) بەردەوام پلان دەگێڕن تا زمان، کولتوور، فەرهەنگ و شوناسی کوردبوونمان ئاسمیلە بکەن و چاندی خۆیان بەسەر بسەپێنن و بیکەنە نۆکەری خۆی وەک ئێستا دەبینین بە سەدان کاناڵ و ...

شتەکانی خۆی دەکاتە دروشم و نیماد بۆ ئێمە. بۆیە لەم حاڵەدایە کە زمانی شێعر، کلتوور، فەرهەنگ، بەیت و حەیران و هەڵپەڕکێ دەبنە زمانێک بۆ باسکردن لەو چەوساوەیییە و دەبنە چەکێکیش بۆ سەلماندنی پێناسەی نەتەوەییبوون و بەهێزکردنی شوناسخوازی لەنێو نەوەی نوێدا و لە هەمان کاتیشدا زیندووڕاگرتنی هەموو بەسەرهاتە مێژووییەکانن کە بە درێژاییی مێژوو ڕووبەڕووی کورد بۆتەوە، زیندووڕاگرتنی ئەم مێژوویەش یارمەتیدەرە بۆ نیشاندانی شارستانییەت و کەونارابوونی کوردستان و گەلی کورد ڕوو بە جیهانیان. نابێ لەبیرمان بچێت کاتێک کەسانی پسپۆر بیانهەوێت لێکۆلینەوە و کاری نووسین لەسەر نەتەوەیەک بکەن، یەکەم شتەکان مێژوو، نەریت، کولتوور، زمان و هەڵپەڕکێن کە بە داویدا دەچن وەک سەرەتایەک بۆ ناسینی ئەو گەلە.

بۆیە پێویستە بۆ خۆناساندنی زیاتر بە جیهان کار بکەین لەسەر بەهێزبوونی ئەو لایەنانە و یەک لەوان هەڵپەڕکێیە، چونکە گەلێک زیندووە کە بتوانێت مێژوویەکەی بەزیندوویی ڕابگرێت کە هەڵپەڕکێی کوردی هەڵگری زۆر قۆناغی مێژوویییە.

خوێنەری بەڕێز چاوێک لە وڵاتانی جیهان بکەن بۆ نموونە هیندوستان کە بە چ شێوەیەک کولتوور و چاندی خۆی پێشانی دنیا دەدات و چ قازانجێکی لێ وەردەگرێت یان تەنانەت چین بە چ شێوەیەک جەژنەکان و وەرزش و چاندی خۆی دەپارێزێت و پێداگری لەسەر دەکات، بێگومان ئێمەش چاند و داب‌ونەریتەکی زۆر دەوڵەمەند و بەهێزمان هەیە بەڵام داخی گرانم لاوەکانمان ڕۆژبەڕۆژ لێی دوورتر دەبن و وەدوای چاندی ڕۆژاوا دەکەون، چەندە لاوی ئێمە گوێ لە حەیرانەکان، بەیتەکان، چیرۆک و ئەفسانەی کوردی دەگرێت؟ یان چەند لە سەدی کوردەکان تەنانەت دەزانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن و دەقی پێ بنووسن؟ کێشە لە ڕۆژاوا و دنیا نییە کێشە لە خۆمانە چون بایەخی ئەو کولتوورەمان نازانین وەنییە دەڵێن: بایەخی زێڕ زێڕەنگەر دەزانێ، وەک چارە پێشنیار دەکەم زۆرتر کتێب سەبارەت بە مێژوو، چاند، فۆلکلۆر و زمانی کوردی بخوێنن تاکوو بزانن لەنێو چ کانگایەک لە زێڕدا دەژین و شانازی بە خۆتان بکەن و بەسەربڵندییەوە پێشانی دنیای بدەن.

# ئەدەبی کوردی

ئەدەب و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی یەکێک لە گرینگترین بناغەکانی هەرە قایمی نەتەوەیە کە تەواوی نەتەوەکان شەرەف و مایەی شانازی خۆیانی لەسەر دادەمەزرێنن بۆیە ئەگەر میللەت یا نەتەوەیەک ئەدەبی نەبوو یان لێت بێبەش کرد ئەوە ڕایدەکێشی بۆ دیلیەتیی هزر و بیر و هۆش کە ئەمە زۆر خراپترە لە تەواوی دیلیەتییەکان، چونکە نەخۆشییەکانی لەش چارەسەر دەکرێن بەڵام نەخۆشیی بیر و ئاقڵ کە مردنێک بۆ ئەو گەلەیە تازە هیچ دوکتۆرەک بۆی دەرمان ناکرێ. کەواتە وەکوو مرۆڤێکی ڕووتمان لێ دێت کە هەر کەس بە جورێک کەڵکمان لێ وەردەگرێت و شتێکمان لەبەر دەکات.

مەبەست لە ئەدەب ئەو گەوهەر و قسە جوانانەیە کە لە لێوی شاعیر، ئەدیب و نووسەری ئەو نەتەوەیە دێتە دەرەوە و وێرەی خیاڵی ناسک و بیروباوەڕی دەداتە ئەو شتەی کە دەڵێن شعوور دەبزوێنێ گیان دەلەرزێنێ و زمانەکەیان بەرز دەبێتەوە لەسەر ئەم قسەیە هەر شتێک شاپەڕی خیاڵی شاعیرێک یا دەستنەخشینی دەستڕەنگینێک یا پیشەگەری پیشەسازێک گەیشتبێ، ئەدەبە و بە ئەدەب دادەنرێ. ئەدەب لە ڕووی واتاشەوە یانی فەرهەنگ، وتووێژ، قسەی جوان و ڕازاوە و ...

**مێژووی ئەدەب**

نابێ ئێمە بکەوینە ئەو باوەڕە و بڵێین: لەو دەورەیە کە خوێندن و نووسینەوە نەبووە، ئەدەبیش نەبووە. چونکە مرۆڤ لەپێش نووسین قسەی کردووە و ئەم قسەیە خاڵی نەبووە لە ئەدەب، کەواتە مێژووی ئەدەب زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەست پێکردنی قسەکردنی مرۆڤ، ئەدەب زەمانێکی زۆر دوورودرێژە هەر بەسەر زمانەوە بووە، ئەم دەیگێڕایەوە بۆ ئەو و ئەو دەیگێڕایەوە بۆ ئەو. ئیتر نە پێنووسی دیوە نە لاپەڕ.

مێژووی ئەدەبی لە چاو مێژووی ڕامیاری (سیاسی)دا بەنرختر و بەکەڵکترە. هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گومانی تێدا نییە کە لە ئاژاوەی هزرییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمەش یەکەم جار لە زمانی شاعیر و لە نووکی پێنووسی ئەدیب و زاناکانەوە دێتە بەرهەم. لەمانە وردەوردە بەهۆی نووسینەوەی نووسەرەکان و خوێندنەوەی خەتیبەکانەوە دەتەنێتەوە بۆ نێو خەڵکی دی و ئنجا بزووتنەوە سەر هەڵدەدا.

تەواوی وڵاتان بەپێی دەسەڵاتی خۆیان تێ کۆشاون بۆ زیندوبوونەوەی ئەو ئەدەبییاتەی کە بیر و باوەڕ و ڕەوشت و خووی باوباپیرانیان بووە، کەچی ئەگەر کورد، هەلی وانی هەبا بێگومان ئەدەبی کوردی ئێستا لە ئەدەبە بەرزەکانی عالەم دەبوو، ئێستاش چاو لە ئەدەب بکرێ کە بریتییە لە ئەفسانە و داستان قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان، دەسکردی دەستڕەنگینان، هۆنراوەی نازکی خەیاڵی شاعیران و ... دەبینین کە کوردیش هەیێتی زۆر دەوڵەمەندیشە بەڵام بەداخەوە ڕۆژگار دەرفەتی ئەوەی نەداوەتێ کۆیان بکاتەوە و بینووسێت.

جا کە ئەدەب بەزۆری بە واتای هۆنراوە دادەنرێت وا باشە پێناسەیەک لە هۆنراەوش بخوێنین و بزانین ئاماژە بە چی دەکات.

**شیعر، هۆنراوە یان هەڵبەست :**

وتەیەکی هۆنراویی سیحراوییە، کە کار دەکاتە سەر هەست و هزری مرۆڤ. لایەنگرانی هۆنراوەی عەرووزی، کێشی عەرووزی، سەروا و... تایبەتمەندییەکانی شیعری کۆن بە پێناسەی شیعر دەزانن و تا ڕادەیەک شیعری ئازاد کە ڕەها لەم بەندانەیە بە شیعر نازانن. شاعیرانی بەرەی نوێ، بە ڕێزگرتن لە هەر دوو شێعری کۆن (عەرووزی) و شێعری ئازاد، سنووری دژایەتی نێوانیان بەزاندووە و دەلاقەیەکی تازە و ئاوەڵاتریان بە ڕووی شیعردا کردۆتەوە.

باس لەسەر ئەوەی شێعر چییە؛ باسێکی گەلێک ئەستەمە، کە تا ئێستا لە سەرەتای مرۆڤەوە کە شێعر بووە واتایەکی چڕوپڕی بۆ نەکراوە.

ڕەزا ئیبراهیمی لە پەرتووکی "زێڕ لە مس "دا دەنووسێ :

"واتای شێعر زۆر کارێکی ئەستەمە، بەڕاستی یەکێ لە کارە هەرە دژوارەکانە کە ئەتوانین بڵێین شێعرە، واتاهەڵنەگرترین شتێکە کە بوونی هەیە."

شەمس قەیس‌زادە دەڵێ: "شێعر وتەیەکی بیرلێکراو، ڕێکوپێک، دەروونی، هاوکێش، یەکسان و وشەی کۆتاییان لێک چووە. ئەم واتایە بە چوار هێمای ( هزر ، کێش ، زمان ، پاشڵ یا سەراو ) چاودێر دەکرێ."

محەممەد ڕەزا شەفیعی لە شیفای ئیبنی سینای بەلخی ئاوای هێناوە: "شێعر نووسراوێکە خەیاڵی، تێکەڵ لە وتەهەڵگرەکانی کێشی یەکگرتوو، یەکسان و دووپاتە و

هەموو پیتەکانی کۆتایی لێکچوونیان تێدا بەدی دەکرێ. شێعر ڕووداوێکە لە زمان ڕودەدات و لە ڕاستیدا شاعیر بە هۆنراوەکەی کارێک لە زمان دەکات کە خوێنەری، لەنێوان زمانی ئەدا و شێعرەکانی و زمانی سەردەم هیچ جیاوازییێک هەست پێ ناکات."

لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: شێعر گرێدراوی هەست، سۆز و خەیاڵە کە لە زمانێکی ئاهەنگین شێوە دەگرێ. لەم بارەوە بیروبۆچوونی جیاواز زۆرن بۆیە ئاماژەی زۆرتر ناکەین.

**دەورەکانی ئەدەبی کوردی**

لە سەرەتادا ئەدەب تەنیا بەرهەمی شێعری بووە، بۆیە ئێمە قۆناغەکانی بەرهەمی هۆنراوەی کوردی نیشان دەدەین و بەکورتی باسی لەسەر دەکەین.

**دەوری هەوەڵ:** دەتوانین ئەم دەورەیە بە دەورەی کۆنی ئەدەبی کوردی دابنەین واتە لەم دەورەیەدا ئەدەبی کوردی تەنیا زارەکی بووە و سینگبەسینگ هاتۆتە پێشێ، واتە پێش هاتنی ئیسلامیش هەر هەبووە و بەداخەوە زۆری لەنێو چووە بۆیە شتانێکی وا لە دەستدا نییە هەرچەند شتانێک لە زەردەشتەوە ماوەتەوە تەنانەت پارچە چەرمێک کە لە ئەشکەوتی "جێشانە"ی هەزارمێردی سلێمانیدا دۆزراوەتەوە چەند شێعرێکی بە کوردی لێ نووسراوە کە بەڵگەیەکی بەنرخە.

هەروەها یەکێک لە موغەکانی زەردەشت لە هەورامان ناوی "پیری شاریار" بووە، کتێبێکی لێ بەجێ ماوە کە بەندبەندی ئامۆژگاری و قسەی نەستەقە لە بەینی هەموو بەندەکانی دەڵێت: گۆشت جە واتای

پیرشاریار بۆ هۆشت جە کیاستەی زانای سیمیار بۆ

ئەم دەورەیە کۆنە و بەداخەوە زۆر لە نووسراوەکانی لەنێو چووە یان لەنێو بردراوە و گۆڕاندراوە.

**دەوری دووەم:** پاش هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر دەسەڵاتداری ساسانییەکان دیوانی پاشاکان کران بە عەرەبی و ئاسەواری نووسراوی دەسەڵاتداری ساسانییەکان کەمکەم لەنێو چوو، تەنها لە ئاستی فۆلکلۆر و پیرەکانی یارساندا نەبێ، بابا تاهیر یەکەم شاعیری بەرچاوە کە دەستی بە نووسینی چوارینە بە شێوەزاری لۆری کردووە و لە ئەوەڵ کەسانێکە لە عەرەبی دوور بووەتەوە.

دوای باباتاهیر ئاماژە بە یەکەم بیرۆکەی نووسین بە زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستان دەکەین کە بە زاراوەی کورمانجی ژووروو دەئاخفن. لەو بەشی کوردستان (میرنشینی جزیر و بۆتان) خاوەن دەسەڵاتێکی خۆجێیی بووە و هەر ئەوەش بۆتە دەراوێکی ڕوون بۆ ئەم بیرە ئاوانگاردە. کە وایە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی یەکەم کەسانێکن کە کاری نووسراوەییان لێ بڵاو دەبێتەوە و بەم جۆرە زمانی کوردی دێتە ڕیزی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە.

دوای ئەوان دەبێت ئاماژە بە شێوازی هەورامی بکەین واتە لەو سەردەمی کە کوردەکان بە عەرەبی و فارسی هۆنراوەیان دەکوت و کوردیی نێوەڕاست هیچ کاریگەری نەبوو، زاراوەی هەورامی دەورێکی تایبەتی دەگێڕا لە ناوچەی کوردەواریدا ئەویش چەند هۆیەکی هەبوو، **یەکەم**: ئەوەی کە زاری هەورامی زۆر لە کۆنەوە زاری ئایینی زەردەشت و زمانی دەسەڵاتدارەکان بووە بۆیە دوای ئیسلامیش لەنێو نەچووە، هەر کاریگەری هەبووە و هۆنراوەی لە خانەقایەکان و حوجرەکان هەبووە واتە لە هۆنراوەی زەردەشتی بۆ ئیسلام دەوری بینیوە.

**دووەم**: دەتوانین ئاماژە بە شاخاوی و ئەستەمی گەیشتن بە ناوچەی هەورامان بکەین کە ئەوان نەکەوتبوونە بەر کاریگەری شێوازی بێگانەکان و بە زمانی خۆیان هۆنراوەیان دەکوت و چون لەگەڵ کوردەکانی ناوچەی بابان و ئەردەڵانیش هاتوچۆیان هەبووە خەڵکەکەی ئەم ناوچەیانە پێیان خۆش بووە و خۆیان فێری ئەم زاراوەیە دەکرد و شێعریان پێ دەکوت، لە شاعیرانی ناسراوی ئەم زاراوەیە دەتوانین بە مەلا یەعقووب، مەلا "جادالله" مەلای جامی و ... ئاماژە بکەین بەڵام شۆڕشێک لە ئەدەبی (شێعری) کوردیدا بەرپا دەبێت. ئەویش بە درەوشانەوەی دەقەکانی مامۆستا بێسارانییە[١٤].

هەر لەو دەوروبەرەدا هەندێ دەنگی دیکە سەر هەڵدەدەن کە بەزۆری لە زاری هەورامیدا دێنە گۆ لە ناسراوترینی شاعیرانی هەورامی دەتوانین ئاماژە بە بێسارانی بکەین لەم نێوەدا سێ کۆچکەیەک (بێسارانی - سەیدی - مەلەوی) پەیدا دەبێت و بە سەرتەڵی مامۆستا **مەولەوی** دەگاتە لوتکە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە سەرجەمی ئەم

---

[١٤] شێعری بێسارانیش لە سەر کێشی بڕگەیی و بە شێوەزاری هەورامی کاریگەرییەکی گرنگی لە شێعری کوردی و بەتایبەت هەورامیدا بووە. پیرەمێرد بڕێک لە هۆنراوەکانی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی.

دەنگانە؛ خۆیان وەک کورد و بەرهەمەکانیان وەک کوردی پێناسە دەکەن[١٥].

هەر چەن مەواچان فارسی شەکەرەن     کوردی جەلای من بەس شیرین تەرەن
مەعلومەن جە دەور دونیای بەدئەندێش     مەحروزەن هەرکەس بە زوبانی وێش     (خانای قوبادی)

چون فارسی بێ پەند حەکیمان     بە لەفز کوردی کەردم تەرجومان
چونکە من ئەسڵم سنیف ئەکرادەن     هەر کەس بە ئەمسال وێش خاترشادەن
(فەقێ قادری هەمەوەند)

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد     بابۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد     من
ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد     سلسلەی سپای زەحاک کەردم هورد     (شاوەیس قولی)

**دەوری سێیەم:** هاوکات، یان لە دەراوسێیەتی هۆنراوەی هەورامی نەک زۆر دوور لە شارەزوور، سێ کۆچکەیەکی دیکە لە شیعری کوردیدا دێتە ڕسکان و دەبێتە بنەمایەک بۆ زۆر شورشی سەردەمیانە لە ڕەوتی شیعری کوردیدا.(نالی ـ سالم ـ کوردی ) سێ کوچکەیەک کە مامۆستا مەحوی تەواوی دەکات و بنجەکانی هێڤمتر دەکات. بەتایبەت شۆڕشی مامۆستا نالی کە بەرزی ئاستی شیعرەکانی بە ڕادەیەکە کە مامۆستا پیرەمێرد سەبارەت بەو ئەڵێ: "ئێمە لە کوردیدا دوای مەولەوی شاعیری وەک نالیمان نەبووە" هەر لە سەردەمی نالی و مەولەویدا، شەپۆلەکانی گۆڕانکاری لە ئەدەبدا دەستیان پێ کراوە. بۆ نموونە لە ئەدەبی فارسیدا کە شاعیرانی بەرەی نالی و مەولەویش لێی بەئاگا و تەنانەت لەژێر تەوژمی کاریگەریشیدا بوون، لەو دۆخەدا بووە. شێوازی گەڕانەوە، ڕەوتێک کە لە سەروبەرەی دارمانی دەسەڵاتی سەفەوییەکان تا سەردەمی هاتنە سەردەوری فەتحعەلی شای قاجار، یان لە نێوەڕاستی سەدەی دوازدەهەم تا سەردەمی مەشرووتە، لەنێو شاعیرانی سەردەمی فارسدا لە ئارادا بوو و لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لایان وا بوو کە شیعری زاڵی فارسی گەنیوە و لە قەیراندایە. بۆیە هەوڵ و بزاڤ بۆ بەخۆداهێنانەوە و زیندووکردنەوەی لە ئارادا بووە کە دواتر دەگاتە ئەدەبی سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە. لەم بزاڤەدا گەڕانەوە بۆ شێواز و

---

**[١٥] مەبەست لەوەی کورد ئاماژە دەکات کوردە، دەگەڕێتە سەر قسەی پووچی ئەو کەسانەی دەڵێن: هەورامییەکان کورد نینە، بەڵام وەک دەبینن گەورە شاعیرانیان چۆن ئاماژە بە کوردبوونیان دەکەن و ئەوانن کە خاوەن بیروڕانە نەک نەخوێندار و دمارگرژەک.**

شیعری سەردەمی پێشووتری ئێرانی، بەتایبەت شێوازی ئێراقی بەبرە بووە. بەرەی نالی زۆر ژیرانە ئەو دۆخەیان خوێندوەتەوە و ژیرانە و بوێرانە بە ئەرکی سەردەمیانە هەستاون و بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێک، گۆمی مەندی ئەدەبی کوردییان شڵەژاندووە و بەرەو زیندووبوونەوەیان بردووە. مامۆستا «نالی (١٧٩٧-١٨٥٥) بە هەوڵ و زەکای پۆلێک شاعیری وەک: سالم (١٨٠٠-١٨٦٦)، کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩) و مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤)» بنجبەست و بە قوتابخانە دەکرێت. گرنگ لەوەدایە ئەوانیش شۆڕشە ئەدەبییەکەی خۆیان وەک «کورد» پێناسە دەکەن:

تەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا. (مامۆستا نالی)

کوردی زۆبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول

بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێوەفا. (مامۆستا مەحوی)

مەهی فارس زەبانم گفت (سالم) شەرحی حالت گو

وتم بەڵەد نیم لە ئستلاحی ئێوە، من کوردم. (مامۆستا سالم)

تەنانەت شاعیرانی کورمانجیش بە شێوەزاری خۆیان کوردییان ناساندووە. وەک ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و ...

**قۆناغی پاش نالی تا ئێستا:** ئەگەر بۆ شرۆڤەی ئەو قۆناغە، هەر لە مامۆستا مەحوییەوە دەست پێ بکەین، ئەبنە شوێنهەڵگری ڕەوتێکی پڕ ئاوەدان و زیندوو و خاوەن براڤ. پەیتاپەیتا دەنگە شێعرییەکان دەبریسکێنەوە و ئاوەدانی و جیاوازی بە ڕەوتە ئەدەبییەکە دەبەخشن. حاجی قادری کۆیە، حەمدی ساحیب قڕان، قانع، پیرەمێرد، ئەحمەد مۆختار، زیوەر، شێخ ڕەزا، بێکەس و ... هەر کامە بە جۆرێک دەبنە دەنگی خاوەن زەکا و بەهرەی ئەو ڕێبازە و بەتایبەت لە پیرەمێردی نەمرەوە، دۆخ بۆ شۆڕشێکی نوێ و سەردەمیانە لە شێعری کوردیدا فەراهەم دەکرێت.

دواکات مامۆستا گۆران دەبێتە پێشەنگ و باوکی شۆڕشێکی نوێی سەردەمیانە لە شێعری کوردیدا کە هاوتایی لەگەڵ شۆڕشەکانی بێسارانی و نالی دەکات. کەسانێکی

وەک: هێمن، هەردی، هەژار، کامەران، کاکەی فەلاح، حەمەسالح دیلان و ... کەسانێکن کە ئەبنە ئاوەدانکەرەوە و بەردەوامکەری ڕێبازەکەی گۆران. بەڵام ڕەوتەکە ناپەنگێتەوە و قۆناغ بە قۆناغ لە بەڕۆژکردندایە.

ئەدەبی کوردی لە لقی سۆرانی، لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیشدا وەکوو: چیرۆک، رۆمان، شانۆ، ڕەخنە و ... گەشەی کرد و پەرەی سەند.

هەر جۆرە گۆڕانکارییەک بەئەنقەست و بەئیرادە و لەسەر شێوازی فام، زانست و بەهرەی تایبەت بووە. هەرکام لە دەنگەکان، ئەوانەی پێشوو بە پێوەر دەگرێت و بەسەر بنچینەی ئەوانەوە بەهرە و داهێنان و جیاوازییەکانی خۆی دەئافرێنێ. دەکەوێتە ناسین، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان و تەنانەت شرۆڤە و باسیشیان لەسەر دەکات. بۆ نموونە پیرەمێرد باسی داهێنانەکانی نالی و مەولەوی دەکات. گۆران تاوتوێی هەوڵەکانی پیرەمێرد و نالی و مەولەوی دەکات. شێرکۆ بێکەسیش باسی هەموویان دەکات. کەواتە لە ڕەوتێکی دۆنادۆنی ئەدەبیدا، ڕۆحە گەورەکان، بەتایبەت مەولەوی و نالی، دەرژێنەوە نێو جەستەی دەقەکان و بەسەردەمیانە و بەڕۆژ دەکرێنەوە. ئەمەش بانگچڕی پلان و پرۆسەی بەردەوام و زانستیانە دەکات بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە ڕوانگە دەڵێت: ((بە بیروڕای من، ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی ئێمە ببووینایە و نەبووینایە دەبوایە لەم قۆناغەی ئێستای میللەتەکەماندا سەری هەڵبدایە یان بتەقایەتەوە.)) واتە دەبوو بزووتنەوەیەکی تر دروست بوایە ئەگەر ڕوانگەش نەبوایە، ئەمەش واتای بزاڤێکی بەردەوام و زیندوو دەدات. چونکە نوێکاری و بەڕۆژکردنەوەکان ئاماژە بە پێداویستیە زەمەنییەکانی ئەدەبی نەتەوەیی دەدەن.[١٦]

[١٦] http://peshang.blogfa.com

# ئەحمەدێ خانی

ئەهمەدێ خانی د سالا ١٦٥٠ ئان ٥١ێ دە ل باژارێ جۆلەمێرگێ ل گوندێ خانێ هاتیە دنیایێ، د سالا ١٧٠٧ ئان دە ل بازیدێ وەفات کریە. ناڤێ باڤێ وی شێخ ئیلیاسە، ناڤێ کالکێ وی ئەیازە. خانی ژ ئەشیرا "خانیان"ە و ب خوە قەت نەزەوجیە.

**پەروەردەهیا وی**

ژیانا خانی د ناڤ پەروەردەهیێ دە دەرباس بوویە، خانی پەروەردەهیا خوەیا پێشین قورئان و فقهێ ل جەم باڤێ خوە شێخ ئیلیاس دگرە، پشتی خوەندنا ل جەم باڤێ دچە د مەدرەسەیێن بدلیس و خەلاتێ دە دخوینە، خوەندنا خوە ل بەخدا، شام، هەلەب و د مەدرەسەیێن ئیرانێ دە ژی پێش ڤە دخە.

د مەدرەسەیێن ئیرانێ دە هینێ فەلسەفەیا ئیسلامێ، ئاسترۆنۆمی و فیلۆلۆژیێ دبە. د مەدرەسەیێن سووریێ دە ژی هینی فەلسەفەیا یەونانێ دبە. خانی پشتی دەمەکی دچە باژارێ مەکەیێ هەجا خوە دکە ژ وێ شوون دە دچە مسرێ ژی دگەرە و دزڤرە بازیدێ.

ئەهمەدێ خانی د دیرۆکا کورد و کوردستانێ دە ب ناڤ و دەنگە. دەربارێ پێشڤەچوونا چاند، هونەر، وێژە و زمانێ کوردی دە جهێ وی جودا و پر گرینگە.

خانی د ١٤ سالیا خوە دە دەست ب نڤیساندنێ دکە، پرانیا پرتووکێن خوە ب کوردی ب زاراڤایێ کورمانجی نڤیساندنە، خانی ب تایبەتی ژ بۆ کو زارۆکێن کوردا باش دین و زمانێ خوە هین ببن پرتووکەکە ب ناڤێ نووبهارا بچووکان دنڤیسە و نیڤێ پرتووکێ ژی دکە فەرهەنگا کوردی-ئەرەبی و ئەڤ فەرهەنگا وی د دیرۆکا کوردان دە بوویە فەرهەنگا هەری پێشین و ب سەد سالان ڤە د مەدرەسەیێن کوردستانێ دە هاتە خوەندن.

ئەهمەدێ خانی ژ بۆنا پەروەردەهیا زارۆکێن کوردان مەدرەسە ژی ڤەکریە و ل ور دەرس دایە تەلەبەیان. د مەدرەسا ئەهمەدێ خانی دە دەرسێن ئۆلی فقه و هەدیس و دەرسێن زانستییێن وەکە فەلسەفە، دیرۆک، وێژە، ئەردنیگاری، ئاسترۆنۆمی و هود. دهاتن داین.

هەلبەستڤانێ ب ناڤ و دەنگ ئیسمایلێ بازیدی و گەلەک وێژەڤانێن کورد د بن باندۆرا خانی دە مانە.

ئەهمەدێ خانی سالا ١٧٠٧ئان دە ل بازیدێ دچە بەر رەهما خوەدێ و تربەیا وی ل بازیدێیە.

خانی یەکێک بووە لە مەلا گەورەکانی سەردەمی خۆی و شارەزاییەکی باشی لە فەلسفە و زانستەکانی دیکەدا هەبووە، خانی لە دێڕێک لە هۆنراوەکانیدا باسی لەدایکبوونی خۆی دەکات و دەڵێ:

لەو ڕا کو دەما ژ غەیب فەلک بوو تەئریخ هەزار و شەست و یەک بوو

ئەحمەدی خانی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری گەورەی کورد بووە. ئەحمەدی خانی لە یەکەم کەسانێک دادەنێن کە لەسەر کوردایەتی و نەتەوەخوازیی کوردی نووسیویەتی.

بەناوبانگترین بەرهەمی کتێبی شیعری مەم و زینە کە چیرۆکێکی دڵدارانە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٦٩٢ بە شێوەزاری کورمانجی نووسراوە.

وەک لە سەرچاوەکانی ژیانی و کردەوە ئەدەبییەکانی شاعیر دەردەکەوێ باب و باپیرانی دەوڵەمەند و ژیانیان ساکار بووە و بە بەختیاری ژیاون.

ئەحمەدی خانی یەکەم شاعیرە کە گلەیی لە سەرۆکهۆزەکانی کورد دەکات کە یەک ناگرن و پشت بە نەیارانیان دەبەستن، دەنا دوژمنانی کورد غولامێتیان بۆ کورد دەکرد و دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی هەمیا ژ مە تا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

ئەحمەدی خانی، گرینگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە و کاتێک بە زمانی کوردی شێعری نووسیەوە تەنیا هەر بۆ ئەوە نەبووە کە بەو زمانە بنووسێت بەڵکو بە کوردینووسینی، وەکوو هەڵوێستێک لە دژی دەستەڵادارنی بەکار هێناوە، هاوکات وەکوو ڕەخنەیەکیش لە کوردەکانی خۆیان، چونکە خانی پێی وا بووە کە زوو خۆیان دەدەنە دەست، ئاغا و دەسەڵاتدارە بیانییەکان، کوردەکان ئازا و دلێر بوون، شاسوار، وەفادار و جێی متمانە بوون، بەڵام ئەوە بەکەڵکی چی دێت، کاتێک خۆیان پەرشوبڵاو بن و نەتوانن یەک بگرن تا خۆیان کەیخودای خۆیان بن؟ زمانی نووسین دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەست بکەن کە ئەوانیش هەن و هەروەها هانی کوردانی داوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەیاران.

**بەرهەمەکانی**

*عەقیدەیا ئیمانێ، بە پەخشان و هۆنراوە سەبارەت بە پێنج کۆڵەکەی ئیمان لە ئیسلامدا نووسراوە .ساڵی ٢٠٠٠ لە سوید چاپ کراوە.

*نووبەهارا بچووکان، ١٦٨٣، فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی کە بە شێعر، بۆ منداڵانی کوردی داناوە کە فێری زمانی عەرەبی ببن کە ئەو سەردەمە زمانی دین و زانست بووە، یەکەم جار لە ١٩٢٦ لە ڕەواندز چاپ کراوە.

مەم و زین، ١٦٩٢، یەکەم جار لە ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە.

لەم شێعرەی ئەحمەدی خانیدا دیار دەبێت کە خانی شارەزاییی باش لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا هەبوو ...کە دەڵێت:

فات عمري في هواک یا حبیبي کل حال (عربی)

ئاهـ و نالم همدمم شد در فراقت ماه و سال (فارسی)

گر بنیم قانم دیلەرسەن چوقدن اولمشدر حلال (تورکی)

مەست و سەرخوشم ژ عشقێ من نەما عەقل و کەمال

**بەشێک لە پێشەکی مەم و زین**

سەرنامەئێ نامە نامێ ئەللا — بێ نامێ وی ناتەمامە وەللا

نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عشق — ئسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عشق

بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە — بێ نامێ تە نامە ناتەمامە

مەعشووق تویی ب فەخر و نازی — عاشق تویی لێک بێ نیازی

ئەڤ رووح و جەسەد ب جەبر و ئکراهـ — تەزویج بووین ب ئەمرێ ئەللاهـ

حەرفا کو مە گۆتی نەقشێ هوورە — لێ مەقسەد و مەعنەیا وێ کوورە

ئەم غافل و عاتل و گونەهکار — مایینە د قەیدێ نەفسێ ئەممار

نینن مە د قەلبی فکر و زکرەک — ناکن ب زەبانی حەمد و شوکرەک

خانی کو نهن ب قەلبێ زاکر — باری بدە وی زەبانێ شاکر

و ...

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد | بێ مەعرفەتن بێ ئەسل و بنیاد
ئەنواعێ ملەل خودان کتێبن | کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو کورمانج | عشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج
کورمانج نە پڕ د بێ کەمالن | ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن
في الجملە نە جاهل و نەزانن | بەلکی د سەفیل و بێ خودانن
و ....

**چوارخشتەکی**

زاهدێ خەلوەتنشین پابەستێ کردارێ خوەیە
تاجرێ رحلەتگوزین دلدارێ دینارێ خوەیە
عاشقێ دلبەرحەبین دلدایێ دلدارێ خوەیە
دا بزانی هەر کەسەک بێشوبهە غەمخوارێ خوەیە

بێعەمەل تو ژ کەس مەکە هیڤی عەتاء و هممەتێ
بێغەرەز ناکێشتن قەت کەس ژ بۆ کەس زەحمەتێ
کەس نەهن قەت هلگرت بارێ تە ئەو بێ ئوجرەتێ
گەر چ عیسا بت ئەوی فکرا کەر و بارێ خوەیە

هۆشیار بی ! دا نەکی عومرێ خوە بێحاسل تەلەف
لەو کو نادەت فایدە مال و گەنج و ئەولاد و خەلەف
ماجەرایا خزر و دیوارێ یەتیمی بوو سەلەف
ڤی زەمانی هەر کەسەک معمارێ دیوارێ خوەیە

## مامۆستا نالی

نالی دامەزرێنەری قوتابخانەی شێعری بابان و لە گەوەرەترین شاعیرەکانی زاراوەی کوردی نێوەڕاستە. نالی ناوی خدر (خضر)ە کوڕی ئەحمدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکاییلییە کە لە گوندی خاکوخۆڵ، لە دەشتی شارەزوور لە ساڵی ١٧٩٧ی زایینی هاتووەتە دنیا، هەر لە تەمەنی منداڵی نێردراوەتە حوجرە بۆ خوێندن. لە سەرەتاوە وردەکتێبی فارسی و قورئانی خوێندووە، دواتر زانستەکانی تری قورئان و فەرموودە، سەرف و نەحو، کەلام، بەلاغە، فەلەک، فیقھ و سیرەی خوێندووە .

خوێندنی ئەمانەی تەواو کردووە و دواتر ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە، لە چەندەها شوێن وەک سنە، سابڵاغ، هەڵەبجە، سلێمانی و لای چەندەها مامۆستای باشی ئەو سەردەمی خوێندووە .

نالی مەلایەکی باش و ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، بێجگە لە زمانەکەی خۆی فارسی، تورکی و عەرەبی بەباشی زانیوە، تەنانەت شێعریشی پێ نووسیون.

لە دوای بیست و پێنج ساڵی تەمەنی، کوردستان جێ دەهێڵێت و دەچێتە حەج، و دوای تەواوکردنی حەجەکەی ڕووی کردۆتە شام و لە ساڵی ١٨٥٠ تا کۆتاییی ساڵی ١٨٥٤ نالی لە شام بووە، لەو ماوەیەدا میرنشینی بابان دەڕووخێت و دەنگوباسی ڕووخانەکەی پێ دەگات، هەست دەکات خۆشییەکەی سلێمانی نەما، حەبیبە نەما، دۆست و ئەحبابەکانی وەکوو جاران نەمان، سوپاکەی ئەحمەد پاشا تیاچووە و سوپای ڕۆمی جێیانی گرتۆتەوە، نامەیەک بۆ مامۆستا سالم دەنووسێ و دەیهەوێ لە بارودۆخی سلێمانی ئاگادار بێ و بگەڕێتەوە "سالم"یش نەک هەر هاندەری نابێت کە بگەڕێتەوە سلێمانی بەڵکوو تکای لێ دەکات نەشگەڕێتەوە، وەکوو لە قەسیدەکەیدا دەڵێت:

تو خوا بڵێن بەو حەزرەتی نالی دەخیلی بم

بەو نەوعە نەکا بە سولەیمانییا گوزەر

نالی بێهیوا بووە و بەناعیلاجی ڕووی لە ئەستەمبوڵ کردووە و لەوێ لەلای ئەحمەد پاشای بابان دەبێ و لەگەڵ پیاوە کوردەکانی دی ژیانێکی خۆش و ئەدیبانەیان لە دیوەخانی ئەحمەد پاشادا ڕابواردووە و هەموویان بە مامۆستا بانگیان کردووە.

زۆربەی هۆنراوەکانی نالی، هۆنراوەی دڵدارییین یان پیاهەڵدانە، تەنانەت بەسەر گوێدرێژەکەیدا، لەگەڵ هەبوونی کۆمەڵێک لە شێعری ئایینی، هەروەها شێعری نیشتمانپەروەریش لەنێو شێعرەکانی نالیدا بەدی دەکرێت.

لە سەردەمی نالیدا، شێعرنووسین بە کوردی، شێوەزاری سۆرانی وەک عەیبێک وا بووە، نالیش یەکەم کەس بووە کە بە زمانی کوردیی شێوەزاری سۆرانی شێعر دەنووسێت، بۆیە کاتێک کە خەڵکان و ڕۆشنبیران و شاعیرانی ئەو سەردەمە شێعرەکانی نالی دەبینن، دەست دەکەن بە تانەلێدان و پێکەنین بە نالی و شێعرەکانی، نالیش بەم شێوەیە وەڵامییان دەداتەوە:

تەبعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

یەکێک لە بەناوبانگترین شێعرەکانی نالی ئەو شێعرەیە کە بۆ سالمی نووسیوە و ئەویش وەڵامی دەداتەوە، ئەو دوو قەسیدەیە بە ناوی (دوو نامەکەی نالی و سالم)ەوە ناوبانگیان دەرکردووە. نالی ئەو قەسیدەیەی وەکو نامەیەک بۆ سالمی هاوڕێی نووسیوە و باسی دوورەوڵاتی خۆی لە شام دەکات و هەست و تاسەی دووری نیشتمان و شارەزوور و سلێمانی کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە داگیر کرابوو، دەردەبڕێت سالمیش لە وەڵامدا شێعرێکی بەرزی بۆ دەنووسێت و هەر دووکیان بە خەیاڵ و بە "با" دا، نامەکانیان دەنێرن.

نالی بەم شێوەیە قسیدەکەی دەست پێ دەکات:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەواخواهـ و هەمدەمە !

وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حووزوور!

حەزرەتی نالی لە ساڵی ١٨٥٥ لە شاری ئەستەمبۆڵ شەڕابی مردن لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا لە مەیگێڕی گەردوون وەردەگرێت و دەیخواتەوە و لە گۆڕستانی "ئەبا ایوب انصاری"دا دەنێژرێ.

## خەتات فەرمووی کە خۆشە چین و ماچین

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین        کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین
برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین  ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!
شکافێکە کلافەی نافی زوڵفت        دەڕێژێ میسک و عەنبەر لێرە تا چین
لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت        هەزار، گوڵچینی بێبەرگ و نەوا چین!
ئەتۆ میهری و مەهروویان ستارەن        لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین؟
هەموو زەڕڕاتی میهری ڕووتە باقین        خودامان بۆ بەقایە لێرە لاچین!
بڵێ نالی بە ئەربابی وەفا : بێن        هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین

## گەر دەپرسی

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم
من بەبرسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم
ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو
سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم
تا سەری زوڵفت لەسەر ڕوو حەڵقە دا
من وەکوو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم
ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من
ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم
شەربەتی خەوف و ڕەجای ئەغیار و یار
ترش و شیرین هەم دەچێژم، هەم دەخۆم
من لە تەوری عالەم و دەوری فەلەک
زەربی لازیب، زەخمی بێمەرهەم دەخۆم
تاڵی بێیار و دیار و تار و مار
عەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم
نەوعە ئینسانێ هەیە غەمقووتیە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم
غەم دەڵی: نالی کە غەمخواریم نەکا
ناعیلاجم من بەنیئادەم دەخۆم

## لەبت میم و، قەدت ئەلف و زوڵف چیم

لەبت میم و، قەدت ئەلف و، زوڵف چیم    دەزانی بەم سیانە تالیبی چیم!
وەفای عەهدە لە من ڕۆح و، لە تۆ ماچ    چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم
کە هاتی تێغی بێزاریت لە سەر دام    سەری خۆم خودبەخود هەڵگرت و ڕۆییم

## بە مەرگی خۆت

بە مەرگی خۆت قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبوورێکە
مەقام و مەنزڵت، ئاخر، لەکن جەمعی قوبوورێکە
دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە چاوی سووکی مەنواڕێ
بەخۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی توورێکە
شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە، چ خورشید و بلوورێکە!
لە خەڵوەت هاتەدەر سۆفی، گڵ و بەردی بە سەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە، ئەویش تازە غورورێکە
غەمی چاوت لە چاومدا، هەمی قەددت لە سینەمدا
لەبەر سستی و زەعیفی ئەو خەوێکە، ئەم خوتوورێکە!
بە زاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەموو دەردان
کە نالی گەر بناڵێنێ ئەمیش نەشئە و سورورێکە

## ئەڵڵاهـ.. ئەڵڵاهـ..

ئەڵڵاهـ.. ئەڵڵاهـ.. کە چ عەقڵ و چ کەماڵێکی هەیە!
لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە چ جەماڵێکی هەیە!
دڵڕفێنێکە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ
واجبە مەدحی بکا هەرچی کە ماڵێکی هەیە
ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون
یووسفی میسرە، عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە!
خەتی سەبزی لە کەناری لەبی، نالی! هەروەک
خزری زیندە لەسەر چاهە، زولالێکی هەیە

## مامۆستا سالم

سالم کوڕی محەمەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقرانە و لە ساڵی ۱۸۰۰دا لە شاری سلێمانی هاتوەتە دنیا. لە ساڵی ۱۸٦٦دا وەفاتی کردووە و لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

تایبەتمەندیەکانی شێعری سالم بەکارهێنانی زۆر لە وشەی قورئانی، ئاماژە بە ڕووداوە مێژووییەکان و بەکارهێنانی وشەی فەلسەفی و سۆفیانەیە.

وەکوو هاوڕێکانی لە حوجرەی فەقێتی خوێندوویەتی بەڵام تەواوی نەکردووە، زۆر حەزی لە دەنگوباسی ئەدەبی کردووە و زۆرتری کاتی بە خوێندنەوەی دیوانی شاعیران و ژیاننامەی ئەوان تێپەڕ کردووە و زۆریش کەیفی بە هۆنراوەکانی نالی و کەلیمی هەمەدانی دەهات هەرچەند زۆر لە هۆنراواکانی باسی دڵداری و ئەوینداری کردووە بەڵا وا دیارە خۆشەویستی نەبووە.

### ئەگەر نەخلی مورادم بێسەمەر بێ

ئەگەر نەخلی مورادم بێسەمەر بێ    به من چی باغی دونیا جوملە بەر بێ

ڕەقیب یار ئەر بە من بۆسێ کەرەم کا    بە تۆ چی گەر هەمووی شەهد و شەکەر بێ

لە وەختێکا سەری خۆم بێ کڵاو بێ    بە من چی تاجی شاهی پڕ گوهەر بێ؟

ڕەقیب ئەمجار کە دڵبەر رامە بۆ من    بە تۆ چی گەر هەموو شام و سەحەر بێ

کە خۆم ڕەختی غوڵامی شک نەبەم هیچ    بە من چی خواجە گەر زەڕڕین کەمەر بێ

ئەیا دوشمن کە بەختم هاتە یاری    بە تۆ چی گەر قەبای شاهیم لەبەر بێ

لە کونجێکا لەگەڵ یار ئەر بنیشم    بە من چی عالەمێ زیر و زەبەر بێ؟

ئەرێ حاریس کە مونعیم پێم کەرەم کا    بە تۆ چی سەد تمەن گەر بیشتەر بێ

بە نەومیدی دەرم کا گەر لە دەرگا    بە من چی تاق و حوجرەی پڕ لە زەر بێ؟

کە سالم بازی دەوڵەت هاتە سەر من    بە تۆ چی دوشمن ئەر خاکی بە سەر بێ

## مامۆستا کوردی

مستەفا بەگی کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقڕان، ناسراو بە کوردی، لە ساڵی ١٨١٢ز لە سلێمانی لەدایک بووە، هەر لە سلێمانی لە ساڵی ١٨٥٠ز کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە. شاعیر وەکو منداڵانی سەردەمەکەی خۆی لە حوجرە فێری خوێندەواری بووە، بەڵام درێژەی بە خوێندن نەداوە بۆ ئەوەی ببێتە مەلا. مستەفا بەگی کوردی بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی قوتابخانەی شیعری بابان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بەداخەوە بەرهەمێکی کەمی شاعیر کەوتۆتە دەست خوێنەران.

ئەی موسوڵمانینە! نابێ پێم بڵێن چیم کردووە؟

دڵبەرم بۆچی وەها دەستی لە خوێنم خستووە؟

پەنجەکەی خوێناویە ئێستا دەکا حاشا گوڵم

سوێند دەخوا بە خودا دەڵێ بیللا ئەمن نەمکوژتووە

چونکە ئەمڕۆ من شەهیدی کەربەلایی عیشقی تۆم

هەر وەکوو کەو پەنجەکانت وا بە خوێنم ڕشتووە

چاوی مەستی فیتنەجۆکەت وەک سواری تورکمان

خەرمەنی عەقڵ و دڵ و هۆشی بە غارەت بردووە

پەرچەمت هەر وەک پەڕی تاوس کە دەدرەوشێتەوە

هێندە نەرم و سافە وا قورئان دەخۆی تووکی قووە

کێ خەلاسی دێ لە قوللەی قافی عیشقت چاوەکەم؟

زەحمەتە بیللا کە چونکە پڕ لە سیحر و جادووە

یا خودا دوور بێ لە چاوی بەد، تەماشا کەن گوڵم

هێندە باریکە قەدی، قورئان دەخۆی تاری مووە

## مامۆستا مەستوورەی ئەردەڵان

ناوی ماهشەرەف خانم و نازناوی مەستوورە بووە. دەورووبەری ساڵی ١٢٢٠ ک.م (١٨٠٥ز) لە بنەماڵەی قادرییەکانی سنەدا، کە ئەوسا زۆر لای دەسەڵاتدارەکان بەڕێز بوون، لە شاری سنە هاتە دنیا. باوکی،(ئەبولحەسەن بەگ)، لە پیاوە ڕەسەنەکانی سنە بووە و دایکیشی لە بنەماڵەی وەزیری سنە بووە. لە سەردەمی خەسرەوخانی ئەردەڵان، (دەسەڵاتداری ئەردەڵان)، کە بە ناکام ناو براوە، خان و ماڵە قادرییەکان لە یەکتر ڕەنجاون و ئاشت بوونەتەوە و بوونەتە خزم. هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتی بەخزمبوونە مەستوورە بۆتە خێزانی خەسرەوخان. خانیش لە هۆنراوەنووسیدا لە خانم نزیک بۆتەوە کە لە دیوانی هەردووکیاندا پێکهەڵگوتنیان زۆر بەرچاوە. مەستوورە دواجار بە هۆی هەندەک ڕووداو، کۆچی کردووە بۆ سلێمانی و هەر لەوێشەوە لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

باوکی زۆری حەز لەوە بووە مەستوورە بە شێوەیەکی جیاواز لە ئافرەتانی ئەو سەردەمە بەخێو و پەروەردە بکات و لە زانست و وێژەدا میراتگری خۆی بێت. بۆ گەیشتن بەم ئاواتە مەستوورەی وەک سێبەری خۆی لێ کردبوو لە هەڵسوکەوت و قسەکردندا، بەتایبەت کە دەچوو بۆ شار و گوندەکانی کوردستان، مەستوورە هاوڕێی هەمیشەیی بوو.

هەر ئەمەش مەستوورەی کردە ئەو ئافرەتە ڕووناکبیر و هەستناسک و شارەزایە لە گەلەک کاروباردا و وای لێ هات ببێ بە یەکەک لە ئافرەتە بلیمەتە سەرکەوتووەکانی ئەو چاخە و لە بوارەکانی ئۆل، وێژە، مێژوو و هەتد، گۆی هونەر لە دەست و چنگی پیاوانی سەردەم دەربێنێت.

بە وتەی بابەمەردۆخ:

"ژنی وا تا ئەو چاخە لەنێو هیچ گەلێکدا سەری هەڵنەداوە."

یەکەم ژنی مێژوونووس لە هەموو دنیا و یەکەم خاتوونی خاوەن شەرعییات لە هەموو دنیای ئیسلام.

هۆنەرەک بە دیوانێکی بریتی لە ٢٠ هەزار دێڕەوە، لە غەزەل و قەسیدە و چوارینە و قەتعە بە کوردی و فارسی."

لێدوانی هەندێ زانا سەبارەت بە مەستوورە:

ئوگینا واسیل (وەرگێڕی مێژووی ئەردەڵان بۆ ڕووسی) ئاوا دەڵێ: "لە تیرە و هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، ئافرەتەکی دیکەی وەک مەستوورە کە هەم

هۆنەرەکی بەتوانا و هەم مێژونووسەکی لێهاتووە بووبێت، نەبووە. بەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ژنی ڕووناکبیری وەک مەستوورەی بە خۆیەوە نەبینیوە."

مەولەویش دەفەرموێ:

خورشیدەکەی ناز ئەوج بورج سەور سەرتوغرای دەفتەر مەحبووبان دەور
ها نە یانەکەی بورج شەرەفدا نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا

بەرهەمەکانی: مێژووی ئەردەڵان، شەرعییات، مجمع الادبا، دیوانی هۆنراوە

یەکەک لە هۆنراوە هەرە بەرزەکانی مەستوورە، لاواندنەوەی خەسرەوخانە لە پاش مردنی خەسرەوخان. هۆنراوەکە زۆرە، بۆیە بەکورتی باسی لێ دەکەین.

تایبەتمەندیی شازی لاواندنەوەی مەستوورە، کە ئاستی سۆز و دڵداریی ئەو و خەسرەوخان دەردەخا، بەرزتر لە سۆزی ڕەها، پەیوەندیی زانستیی ئەوان بەیەکەوەیە.

**خەسرەوم دەردم**

جە جەوری فەڵەک ناسۆرەن دەردم جگەر پڕ جە هوون، هەناسەسەردم
ئەسرین سەروازەن وە چیهرەی زەردم خوسووس- فیدات بام - شای کەمەر لاڵم
پەڕێ ناکامیت مەگرەوام بە تاو جە بەدبەختیی وێم سەر نیام وە
خاو دیم جە خاو مەرگ: شای جەمویقارم مەسروری دەروونرێشی زامدارم
جە کیتابخانە چون هەردەجاران نە دەورت دڵشاد جەم بەستەن یاران
خەسرەو وێت وە فەڕ خەسرەوانەوە نیشتەبێت نە سەدر کیتابخانەوە
چەنیی بەدبەختان عەیش و نۆشت بێ لاڵ بام، نام مەرگ فەرامۆشت بێ
هەر یەک وە نەوعێ مەکەردی دڵشاد نەو قەبری تاریک نمەکەردی یاد
مەواتی ئەووەڵ نەوجوانییەن ئیبتدای سروور کامەرانییەن
گۆشت وە ئاواز ناڵەی ئاهەنگ بێ خاترت مەسروور جە سەدای چەنگ بێ

## مامۆستا مەولەوی

له ساڵی ١٨٠٦(١٢٢١ی کۆچی) له گوندی سەرشاتەی سەرووی ناوچەی تاوگۆزی بەشی عێراق لەدایک بووە. له سەرەتادا له حوجرەکەی باوکی له دێی بێژاوه له نزیکی هەلەبجە دەست دەکات بە خوێندن و دواتریش بۆ درێژەپێدان بە خوێندنەکەی ڕوو له خوێندنگە بەناوبانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان و بابان دەکات. مەولەوی بەشی زۆری تەمەنی بە هەژاری بەسەر بردووە، ئەو کاتەی له سەرەتای خوێندندا بووە باوکی مردووە، ناچار بۆ بەخێوکردنی خوشک و براکانی وازی له خوێندن هێناوه بۆ ماوەیەک و پاشان گەڕاوەتەوە سەر خوێندنەکەی. له سلێمانی لای مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆدشیدا کە موفتی سلێمانی و مامۆستای مزگەوتی مەڵکەندی بووە خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی وانەوتنەوەی وەرگرتووە. دیسان گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکانی دەورووبەری هەڵەبجە و دواتریش له سەرشاتە خۆی بە مەلایەتی و نووسینەوە خەریک کردووە. عەنبەرخاتوونی هاوسەری حەوت ساڵ بەر له خۆی مردووە. ئەمەش کارەساتێکی گەورە بووە و کاریگەری زۆری کردۆتە سەر شێعرەکانی مەولەوی. مەولەوی له دوا ساڵەکانی ژیانیدا کوێر بووە و ئەمەش کاری زۆر کردۆتە سەر دەروونی و له چەند پارچە شێعردا دەردەکەوێت. هەروەها کارەساتێکی دیکەش کە بە سەر مەولەویدا هاتووە، سووتانی کتێبخانەکەی بووە و گومانیش لەوەدا نییە کە بەشێک له کار و بەرهەمەکانی تێیدا سووتاوە. مەولەوی لەساڵی ١٨٨٢(١٣٠٠ کۆچی) کۆچی دوایی دەکا و له گۆڕستانی ئەسحابە له سەرشاتەی سەروو نێژراوە.

مەولەوی زاتێکی قسەخۆش و نوکتەباز بووە. جارێکیان میوانی دۆستێکی دەبێ له پاوە، تا لەوێ دەبێ خواردنێکی خۆشی دەرخوارد نادا. کە ماڵاوایی لێ دەکا و دەگەڕێتەوە دۆستەکەی تا ملەی کەڵیان (شوێنێکە له نزیکی پاوە) ڕەوانەی دەکا. لەویا پێی دەڵێ: بێقەزا بی پەلەت کرد و زوو تەشریفت برد، من بەتایبەتی کاوڕێکم هەڵگرتبوو ئەمشەو بۆتی سەرببڕم و بیکەین بە کەباب و پێکەوە بیخۆین و ڕایبوێرین، مەولەویش دەڵێ: مادەم وا بێ وەڵڵا دڵت نایەشێنم و لەگەڵت دەگەڕێمەوە تا کەبابەکە بخۆین، دەگەڕێتەوە. کابراش ناچار کاوڕەکە سەر دەبڕێ و بۆی دەبرژێنێ.

مەولەوی لەگەڵ هەر جۆرە خەڵکێکدا بە گوێرەی عەقڵی ئەوان جووڵاوەتەوە. جارێکیان له مزگەوتی شێخ عەبدۆلقادری موهاجر له سلێمانی خەریک دەبێ خۆی ئامادە دەکا بۆ نوێژی مەغریب فەرەنجییەکی درێژی لەبەردا دەبێ، کابرایەک بانگی دەکا کوڕە کابرا فەرەنجییەکەت نوێژی پێوە نییە فڕێی دە، ئەویش گورج فڕێی دەدا و نوێژ دادەبەستێ، کە له نوێژ دەبنەوە یەکێک لێی دەپرسێ ئەوە له ڕاستیدا فەرەنجییەکەت نوێژی پێوە نەبوو وا فڕێت دا؟ مەولەوی دەڵێ: نەوەڵڵا پاک و نوێژی بوو، بەڵام تا من کابرام حاڵی

دەکرد کە نوێژییە، نەک جەماعەتی مەغریب بەڵکوو هی عیشایشم دەچوو، وتم چاتر ئەوەیە فرێی دەم و لە کورتی بیبرمەوە. مەولەوی، جگە لە کوردی، زمانی عەرەبی و فارسیشی باش زانیوە و بە هەردووکیان شێعری نووسیوە. دیوانەکەی کە بە شێوەزاری هەورامییە پلەیەکی بەرزی لەنێو شێعر و ئەدەبی کوردیدا هەیە.

مەولەوی چەند ساڵێکی بەر لە مردنی بەپەرێشانی و بەدحاڵی گوزەراندووە. ئەم کارەسات و ڕووداوە ناخۆشانە بوونەتە هەوێنی چەند شێعرێکی بەرز و نایاب، لە چەند پارچە شێعرێکیدا بەڕوونی کاریگەری ئەم کارەساتانە دەبینرێ کە چۆن دڵ و دەروونی مەولەوی پڕ بووە لە خەم وناڵەی ژان و پەژارە و بێکەسی. بەشێکی زۆری شێعرەکانی مەولەوی بۆ لاواندنەوە و شێوەن تەرخان کراون و شێعری شیوەن پانتاییەکی فراوانیان لە دیوانەکەیدا گرتووە، یەکەمین شاعیری کوردە کە زۆرترین قەسیدەی شیوەنی بۆ لەدەستچوونی ئازیز و خۆشەویستان و نزیکانی خۆی هۆنیوەتەوە، لەنێو ئەو شێعرانەدا ٧ قەسیدەیان بۆ شیوەنی عەنبەرخاتوونی هاوسەری تەرخان کراون، شیوەنەکانی بۆ عەنبەر خاتوون لە ڕووی ئەدەبیەوە زۆر بەرزترن لەو شیوەنانەی بۆ کەسانی دیکەی نووسیون، چونکە سۆز تێیاندا ڕاستەقینەترە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مردنی عەنبەر خاتوون گەورەترین کۆست بووە بۆ مەولەوی، پیری، کوێری و زەلیلی بەقەد مردنی خاتوونی ئازیزی دڵگران و پەریشانیان نەکردووە. لە قەسیدەیەکی بەرز و جوانیدا بەم شێوەیە ئەو خاتوونەی لاواندووەتەوە:

**ئەدای پەشێویی حالاتی جەستەم**
**دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم**
**بەڵام «مەعدووم» هەرس دیدەش جۆش وەردەن**
**ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن**
**پەلەپەل پێکان پەل وە خامەدا**
**یەک فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی نامەدا**
**ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت نە بێخی ئاودا مەگێڵۆ پەرێت.**

واتە: باسی حاڵی پەشێوی جەستەم بە قەڵەمە شکاوەم ناکرێ، بەڵام ئەسرینی دیدەم سێڵاوی کردووە و کوێر بووم، ناچار پەنام بردۆتە بەر پێنووس بۆ ئەوەی دەستگیرم بێت و لە ڕێی ئەوەوە خەمی خۆم بەیان بکەم.

لە قەسیدەیەکی تردا بەم شێوەیە بە شیوەن خۆی پێشکەشی عەنبەر خاتوون کردووە:

**ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزانی سەرد**

**بەرگی وەردی باغ «مەعدووم» بەرد پەی هەرد**

**مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ**

**وەرنە، کەی؟ کێ دی؟ وەهار گوڵڕێز بۆ**

واتە: «ئەمساڵ نەوبەهار هەروەک پایزی سارد پەڕەی گوڵی باخی مەعدوومی خەزان پێ کرد و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ هەرد، ئەشێ بەختی من مەیل و ئەنگێزەی پێچەوانە بێت ئەگینا چ کەسێ بینیویەتی بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ؟.»

لە قسیدەیەکی تریشدا، بە سۆزێکی بەرز و ئەندێشەیەکی قووڵەوە عەنبەر خاتوونی لە گۆڕدا لاواندووتەوە و فەرموویەتی:

| | |
|---|---|
| **سۆچنۆم حەسرەت دەردی جیاییت** | **نەک چون بڵێسەی یادی تەنیاییت** |
| **وە مەرگت، دیدەم، هام نە گوزەردا** | **منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا** |
| **موتریب مەقامێ دەردم ناچارەن** | **ساقیا جامێ دۆس ئینتیزارەن.** |

واتە: «ئەگەرچی حەسرەت و دەردی جودایت دەمسوتێنێ، بەڵام بڵێسەی یادی تەنیات لە گۆڕدا بەژانترە، ئازیزم بە مەرگت سوێند بێ منیش لەسەر ڕۆیشتنم، ئەمڕۆ بێ، یان سبەی ماڵاوایی لە دنیا دەکەم و دێمە لات، گۆرانیبێژ تۆ مەقامی مەرگ بخوێنە چونکە دەردی من بێچارەیە، مەیگێڕ دە تۆش لوتفێ بکە و جامێ شەرابی مەرگم بدەرێ، چونکە یار چاوەڕوانمە بۆ لای بچم.»

مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیدا وتووە کە وا دیارە لە مانگی موحەڕەمدا مردووە:

**شوورای عاشووران دیسان بەزمش بەست**

**موحەڕڕەم ئاما مەحرەم شی نە دەست**

**ئەو خەریک نە چۆڵ شار عەدەمدا**

**من نە کەربەلای سارای ماتەمدا**

واتە: «وا دیسان قەرەباڵغی سینگکوتانی رۆژی عاشوورا پەیدا بووەوە و مانگی موحەڕەم هات و من مەحرەمەکەی خۆم لەکیس چوو کە خێزانمە. عەنبەر خاتوون لە دەشتی چۆڵی شاری فەوتاوی و نەبوونیدا داماوە، منیش ئەوەندەی کەربەلا، لە ڕۆژی کوشتنی حەزرەتی حوسەیندا، خەم خەفەتی تیایە.»

مەولەوی پاش لەدەستدانی عەنبەر خاتوون و حەوت ساڵ بەر لە مردنی هەردوو چاوی کوێر بوونە. بە بۆنەی لەدەستدانی سۆمای چاوانییەوە ئەم شێعرەی وتووە:

**یاری وەفادار شەرت و بەین بێشۆ      چون نووری دیدەی «مەعدوومی» مەبۆ**
**وەختێ بەندەی وێش بێحاڵ وە چەم دی      ئەسرین وە چەمدا ڕێزاو پەشێو بی**

لەپاڵ ئەم هەموو فرمێسک وژانەوە پیریش یەخەی پێ گرتووە، لە پارچە شێعرێکی دیوانەکەدا لە دەست پیری ناڵەی لێ بەرز بووەتەوە و بەم جۆرە سکاڵای خۆی کردووە:

**موتریب، بۆ وە داد دڵگیریمەوە      پیری ها ئاما وە پیریمەوە**

واتە: کاکی گۆرانیبێژ وەرە بەدەم دڵگرانیمەوە، چونکە پیری هاتووە بەپیرمەوە و پێشوازیم لێ دەکات.

ئەو پارچە شێعرەی کە بۆ پیری خۆی هۆنیویەتەوە، بەم دوو نیوەدێڕەی مستەفا بێسارانی قفڵی کرددووە:

**کۆچی دواییمەن، یاوانم نۆبە      نۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار، تۆبە!**

تافی لاوی و جوانیم ئاوا بوو و پیری هات و پاش پیریش مەرگە و نۆبەی چاولێکنانە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە تۆبە بکەم و بەشکم خودای دلۆڤان بمبەخشێ.

مەولەوی لە پارچە شێعرێکی تردا سەرزەنشتی خۆی کردووە، گوایا هەرچەند لە مەرگ نزیک بووەتەوە چاکەی کەمە، وتوویەتی:

**خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر      نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەوبەر** پشتم چەمیوە و ئەمەش هەوڵی ئەوەم دەداتێ دانەوم و لە دەروازەی بچووکی هەستییەوە بپەڕێمەوە بۆ جیهانی دوایی، ئەم شاعیرە پایەبەرزەی گەلەکەمان ساڵەکانی کۆتاییی ژیانی بەم هەموو خەم و پەژارانەوە تێپەڕاندووە، مەرگی عەنبەر خاتوون و لەدەستدانی بینایی و ئازاری پیری، ئاشکرایە کوێربوونیشی هۆکاریک بووە بۆ مردنی، چونکە لەو سەروبەندەدا بۆ سەرەخۆشی لە ئاشنایەکی ڕۆیشتووە بۆ گوندی پریس، لە گەڕانەوەدا کە لە گوندی هانەسوورە نزیک بووەتەوە بە جڵەوگیری وڵاخەکەی وتووە: من چاوم نابینێ بەڵام دارتوویەک لەسەر ڕێگەماندایە لقێکی لاری هەیە و ڕێگەکەی گرتووە، کە گەیشتینە ئەو شوێنە پێم بڵێ با سەر دانەوێنم، قەدەری خودا وا بووە هاوڕێکەی لەبیری چووە ئاگاداری بکاتەوە، سنگی داویەتی بە دارەکەدا و بە پشتا لەسەر وڵاخەکەی کەوتووەتە خوارەوە و پشتی شکاوە.

بەرهەمەکانی مەولەوی: دیوانی مەولەوی.

ئەلفەزیلە (اَلْفَضِیلَة): ٢٠٣١ شیعری بە عەرەبی.[١]

ئەلفەوائێح (اَلْفَوٰائِح): ٥٢٧ شیعری بە فارسی.[١]

عەقیدەی مەرزییە (اَلْعَقِیدَةُ الْمَرْضِیَّة): ٢٤٥٢ شیعری بە کوردی.[١]

نامیلکەیێک سەبارەت بە تەریقەتی نەقشبەندی بە فارسی.[١]

## چەمان هەم قامەت

چەمان هەم قامەت کەیفم، خەمبارەن     زەردی نە ڕووی دڵ زەوقم دیارەن
تەوقی خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن     کەفی پای شادیم خار تێ شکەستەن
ساقی، سا دەخیل جامی مەی وەکەف     دەروێش، ئامانەن کەفێ نە ڕووی دەف
خۆ نەوی فرسەت جارێ نەجاران     هەر پۆس وە مشت بیم پەی دینی یاران
چەپگەرد جە خاتر وێش هەرگیز نەویەرد     کەی بی جامێمان پڕ جە بادە کەرد
ئێمەیچ با ساتێ بە زمێمان جەم بۆ     لادێ هەر خاسەن ئەر سەد کە کەم بۆ
من ناڵە، تۆ دەف، ئەو سافی یا دورد     هەنی فەردی دەرد مەینەت گەردەن ورد

## فەڵەک بێفرسەت

فەڵەک بێفرسەت.. فەڵەک بێفرسەت     ئەی چەرخی چەپگەرد، بێسەبر و فرسەت
غەدداری بەدکار، بێوادە و بەینەت     پڕ جەور و ستەم بێمیهر و مۆبەت
فەڵەک، وە بەختم چ نەردێ شانای     نامەی حەیاتم وە هیچ نەوانای
مەزرەعەی شادیم دای وە فەنادا     پووشەکەی جەستەم وە سۆزەی با دا
ئازیزم جە من بێگانە کەردی     شەرتی دۆسیمان جە بەین لابەردی
عەهد و مۆبەتت نە ویرش بەردەن     نە مەرهەمی زام، نە دەوای دەردەن
فیراقش فەرقم تا وە پەنجەی پام     ڕەگ و ڕیشە و پۆس جیا کەرد تەمام
لافاوی ئەسرین نە چەم هۆرێزا     وەڵگەکەی سەر تەڵ حەیاتم ڕێزا
هەر ئازام پەی وێش شین و زاریشەن     لاڵە و ناڵەی سەخت زامی کاریشەن
تۆ بێوەفاییت جە حەد بەرشییەن     باکت جە فەریاد مەزڵوومان نییەن

## مامۆستا پیرەمێرد

پیرەمێرد ناوی تۆفیقی کوڕی مەحموود ئاغا, کوڕی هـەمزە ئاغای مەسرەفە، لە ساڵێ ١٨٦٧زاینی لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە هاتۆتە دنیاوە ئەو سەردەمە لە کوردستان خوێندن و خوێندەواری زۆر کەم بوون. ئەوانەش کە هەبوون لەناو چواردیواری حوجرەی مزگوەتەکاندا دەەیانخوێند و فێری خوێندن و نووسین دەبوون تۆفیقیش کە تەمەنی گەیشـتۆتە ٦-٧ ساڵی نێردراوە بۆ حوجرەی مەلا حـسێنە گۆجە لە شاری سلێمانی، ماوەیەک کە لەوێ وانە دەخوێنێت، گوایا لـەوێ لەسەر هۆنراوەیەک هی (خواجا حافظ) لەگەڵ مامۆستاکەیا تێک چووە لەبەر ئەوە حەسەنی مامی لەوێ دەیگوێزێتەوە بۆ مزگەوتی مەلا سەعیدی زلزلەیی کە دەیباتە ئەوێ حـەسەنە فەنی پێی دەڵێت: (تۆفیق ئومێد دەکەم دەم و نەفسی ئەم زاتە پاکە بتکاتە شاعیرێکی وەک من) پاش ماوەیەک پیرەمێرد دەبێ بـە فەقێ لە مزگەوتی هـەمزە ئاغای باپیری کە شوێنەکە نزیک بـاخێک بووە پێیان وتووە باغی پوەرە بەگی کە لە گەڕەکە گۆیژەیە و چاپخانەکەی پیرەمێرد نزیک ئەو شوێنەیە، لەوێ لـەو مزگەوتە لای مەلا مەحموود ناوێک دەست دەکات بە خوێندن و فێربونی زمانی عەرەبی و وانەی ئایینی.

پیـرەمێردیش هەروەک (حاجـی قادری کۆیی, نالـی و مـەحوی و مـەولوی) هۆنراوەی نووسـیوە، پیـرەمێـرد مزگەوت بە مزگەوت، شار بە شار گەڕاوە لە هەر شـوێنێک ماوەیەک مـاوەتەوە ... پاش ئەوەی زۆربەی مـزگەوتەکانی شاری سلێمانی گەڕاوە ڕوی کردۆتە مزگەوتەکـانی شـاری بانە لـە کوردستانی ئێران، لە بانەوە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لەساڵی (١٨٨٢)دا کراوە بە "کاتب نفوسی" لە سلێمانی لە ساڵێ ١٨٨٦ کراوە بە باشکاتبی مەحکەمەی شارباژێر و لە ساڵی ١٨٩٥ کراوە بە معاونی مدەعی عام لە کەربەلا بەڵام ئەو ئیشەی داییم بـەدڵ نـەبووە و وازی لێی هێـناوە، لە ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفییدا چووە بۆ تورکیا بۆ ساڵی دوایی شێخ سەعید و تۆفیق پێکەوە چوون بۆ مەککە بۆ حەج لە گەڕانەوەیاندا بۆ تورکیا سەید ئەحمەی خانەقا و وەفایی شاعیریشیان لەگەڵ دەبێت وەفایی لە ڕێگەدا کۆچی دوایی کردووە بـەم پێیە تۆفـیق بووە بە حاجی تۆفیق.

## وەسیەتنامەی پیرەمێرد

ئەمجارە ئەمرم، لە مردن ناترسم، ژیانێکی باش و عومرێکی درێژم ڕابوورد، گەلێ شاران و وڵاتان گەڕاوم، گەورە و پادشاهانم دیوە، تاڵی و سوێری زۆرم چەشتووە، بە نیوەخوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە، بەسەربەرزی دەزانم کە لە ڕێی باوەڕی خۆمدا حەپس و زیندانێکی زۆرم دیوە. لەم وڵاتەدا دوو چاوم هەبووە، یەکێ (زانستی) و یەکێ (ژین)، ئێستا کە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ و ببم بە بار بە سەر خەڵکەوە، ڕوو ئەکەمە قاپی ئەبەدی، ڕوو ئەکەمە قاپی ئەبەدی بەبێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، موحتاجی کەس بووبێتم، هیچم پاشەکەوت نەکردووە، هیچیشم لەدوا بەجێ نەماوە، چاوم لەدوای خۆم نییە، خۆم بە ئاخر خێر ئەزانم، هەرچەندە یەکانە هیوام ئەوە بوو کە ببینم قەوم و میللەتەکەم پلەیەک لەمە بەرزتر و خوێندەوارتر و پێگەشتووتر بن، بوو بە گرێ و لە دڵما و نەمدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەختیارم، چونکە بۆم دەرکەوت کە قەوم و میللەتەکەم لە پێشکەوتنان و هەموو جۆرە توانا و قابیلیەتێکیان تێدایە، ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕ و کچ تا خوێندەوار نەبن بێسوودە، هەموو شت بە عیلم و فەنەوەیە وەکو وتوومە:

لای من بە خوێندەوارییە، ئاهـ خوێندەوارییە

هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ دەردی کارییە

ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەک من ئارەزوو ئەکەم

ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم

ئامۆژگاریم ئەوەیە بە شوێن ماددە مەکەون، دنیا زۆر بەگران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی ڕاست و بێموقابیلی قەوم و زمان و وڵاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لا مەدەن، خوا و پێغەمبەری خۆتان بناسن و ڕەوشتتان پاک و خاوێن بێ. ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکە مەفەوتێنن، ئەم قەلەندەرخانەیە تێک مەدەن، ئەو یەک دوو کەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیەدا خۆیان داوەتە پەنای من، بێنازیان

مەکەن حەقیان بە سەرمەوەیە. ڕۆژنامەکەش لە دەست مەدەن، چاپخانەکە ئیش پێ بکەن، چونکە لە لایەکەوە ناکوژێتەوە و خزمەتی پێ ئەکرێت، لە لایەکی تریشەوە ئەو جیهەتەی من یارمەتیم داون، بەڵکوو بەهۆی ئیشکردنی چاپخانەکەوە ئەو یارمەتییەیان لێ نەبڕێت. ئامۆژگاریم ئەوەیە کە شێعر و نووسینەکانم کۆ کرایەوە مەیفەوتێنن، ئیستیفادەی لێ ئەکرێت، ئامۆژگاریم ئەوەیە لە گردی مامەیارە بمنێژن، بۆم مەگرین، ئەگەر زۆر بیرتان کردم جارجارە سەرم لێ بدەن، فائق ئەم ئامۆژگاریانەم بۆ تۆیە و بۆ ئەو کەسانەیە کە بە تەنگمەوەن. "پیرەمێرد"

**کتێب و چاپکراوەکانی**

دیوانی مەولەوی (ئەسڵ و ڕۆح)، ساڵی ١٩٣٥ لەچاپخانەی خۆی بە دوو بەرگ لە چاپی داون.

چیرۆکی مەم و زین

دوانزە سوارەی مەریوان، ١٩٣٥

کتێبی پەندی پێشینان، ١٩٣٦

چیرۆکی مەحموود ئاغای شێوەکەل،١٩٤٢

گاڵتەوگەپ ساڵی ١٩٤٧، بریتییە لە هەندێک ڕووداوی خۆشی نێو کۆمەڵی کوردەواری، هەم بۆ پێکەنین و هەم بۆ پەند وەرگرتنە.

دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی دەکردەوە.

شێعرەکانی وەلی دێوانە و بێسارانی، ئەوی دەستی کەوتبێ، لە هەورامییەوە کردوویە بە شێوەی سلێمانی.

زنجیرە وتارێک دەربارەی مێژووی میرنشینی بابان و خێڵ و تیرەکانی جاف، و گەلێک ڕووداوی مێژوویی گرنگ.

لەو کتێبانەی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کورد:

گەشتی هۆنەرمەندێک لە جیهاندا

ڕۆمانی کەمانچەژەن، ١٩٤٢، لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی.

## مامۆستا قانع

محەممەد کابولی (١٨٩٨-١٩٦٥) یان قانع، شاعیری بەناوبانگی کورد لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلولی ١٨٩٨ لە مەریوان لەدایک بووە و لە ڕێکەوتی ٧ی ئایاری ١٩٦٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی لەنگەدێ لە ناوچەی شلێر گۆڕستانی شێخ ئەوڕەحمان نێژراوە. مامۆستا قانع بەهۆی شێعرەکانیەوە «شاعیری چەوساوەی کوردستان» ناوبانگی دەرچووە.

شێعرەکانی قانع هەوێنی بیرێکی پێشکەوتووخوازانەیە

## شێتانە

| | |
|---|---|
| شێتانە، شێتی، شێتیکی شێتم | شێتە، شێت نیم، شێتی شێتیتم |
| خۆزگە هەموو کەس دەمێ شێت بوویا | با بێسەودایی ئیتر نەژیایا |
| خەم دوورە لە شێت، بەشی عاقڵە | عاقل بێعەقڵە ، بە ناو عاقڵە |
| شێت دڵپاکە ناو کەس نابا | بەشی کەس ناخوا ،بەخیڵی نابا |
| تاوانی شێتان فەقەت شێتیە | هەزاران خۆزگەم بەم بێ عەقڵیە |
| ئەگەر عاقلی دوور لە شێتیە. | شێتیم پێ خۆشە عەقڵم بۆچییە |

### شاکاری ئەدەبیی مامۆستا قانع

| | | | |
|---|---|---|---|
| دولبەرم | دەناڵم | شەو | بەتەنیایی |
| دەناڵم | بۆ گوڵێک | کە دوورە | لە ڕۆشنایی |
| شەو | کە دوورە | لە خەیاڵم | خاڵانی |
| بەتەنیایی | لە ڕۆشنایی | خاڵانی | بووم بە میوانی |

### نموونەی شێعری ئایینی

یا محەمەد لێو بە بار و دڵ بە بوریانم مەکە

ئەی ڕەئیسی هەردوو دنیا، دیدە گریانم مەکە

دەستە ئەژنۆ و چاوەڕێگەی دەستی یارانم مەکە

من کە ئالی تۆم، زەلیلی باری "عصیان"م مەکە

غەیری قاپی ڕەئفەتت، بۆ کەس سەناخوانم مەکە!

## ژیانی کچ

کچی بەستەزمان دەوری ژیانی
سینەماییکە ئەگەر بزانی

کە لەدایک بوو، ئاهەنگی نییە
ئەڵێن: ئای کچە! فاییدەی چییە؟

پیپیرۆزانەی کەس بۆ ناهێنێ
هیچ کەس بەچاکە هەرگیز نایدوێنێ

پڕ و پیرە ژن، دەوری دایکی ئەدەن
هەر یەک بە جۆرێ دڵخۆشی ئەکەن

خەم مەخۆ، خوا لەسەر کەرەم بێ
کوڕیشت ئەبێ، خاترت جەم بێ

بۆ ئیشی ناو ماڵ، بۆ هاتوچۆی دەر
ئەمیش پێویستە لەجێی کارەکەر

سەد ساڵ نەخۆش بێ، نابینێ دەرمان
لەجێی دڵخۆشی، هەر چەپۆک لێدان

نابێ نان بخوا تا هەموو خێزان
نەچێتە دواوە، لەسەر سفرەی نان

لەپاشان ئەمیش ئەگەر نەتۆرێ
لە پاشخوان بخوا و حاجەت بشۆرێ

ئەگەر بتۆرێ، هیچ کەس نازانێ
بەبرسی ئەگری، هەتا ئەتوانێ

نابێ بە دارتاش، نابێ بە توجار
نابێ بە ناڵبەند، نابێ بە عەتار

ئەگەر لە حەوشە، سەر بێنێتە دەر
دایکی تێی ئەخوڕێ، بێحەیای ماکەر!

ئەم بەستەزمانە، هەتا پازدە ساڵ
دیل و گیراوە، دەرناچێ لە ماڵ

کاتێ گەورە بوو، دێنە هاتوچوو
بە لای ناخێری، کچ ئەدەن بە شوو

لە کوڕی وەستا و بەزاز و قەساب
داواکاری ئەبن، لە چاک و خراپ

نیوە ئەفەندی و حاجیی ژنمردوو
بێچووە خانەدان، کۆن و ڕابردوو

ئەمجا داک و باب ئەکەونە تەگبیر
گوێ نادەن بەوە جوان بێ یاخۆ پیر

تەماشای ئەکەن، هەر پارەی زۆر بێ    ئیتر کەیف خۆیە، ڕەش بێ یا بۆر بێ

کچی بەستەزمان ئاگای لێ نییە    نازانێ چپەی داک و باب چییە؟

بابی دێتە جواب، حاجی زۆر چاکە    خاوەن پارەیە و زۆر زۆر دڵپاکە

گوێ مەدەن بەوە، دانی نەماوە    تەمەنی جوانی تەواو فەوتاوە

لیرە و مەجیدی لە تاکە و جووتە    کۆمەڵی کردووە، تا ئارەزووتە

کاتێ کچ زانی کە ئەیدەن بە شوو    ئەیدەن بە حاجی و دنیای لە دەس چوو

خوڕ خوڕ فرمێسکی لە چاو دێتە خوار    پێچ ئەدا لە خۆی وەک ماری زامار

ئەڵێ هەی جوانی! هەی دنیای ڕۆشن!    هەی دایک و باوک، هەی دۆس و دوژمن

هەی گەورەکچان! هاوسەر، هاوفەردان!    هەی بەشخوراوان، هەناسەسەردان!

بۆچی کۆمەڵی حیمایەی حەیوان    ناپرسن لە حاڵ ژیانی کچان؟!

ئەر ئینسانیش نین، مەعلووم حەیوانین    بۆچی بێ خەمخۆر لە ڕووی جیهانین؟!

خوا حافیزتان ئازاد کەن گەردن    وا من ڕێ کەوتم بۆ شاری مردن

## بەندیخانە

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە

ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە

زور دەمێکە چاوەڕوانی زرِزرِی زەنجیر ئەکەم

سەیری ئەم زنجیرە کەن وەک زیوەری شاهانەیە

بووکی ئازادیم ئەوێ و خۆینم خەنەس بۆ دەست و پێی

حەڵقە حەڵقەی پێوەنم بۆ پلپڵە و لەرزانەیە

گەرچی دۆژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم

باش بزانێ کۆنجی زیندانم قۆتابیخانەیە

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ

قوڕبەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

## ئەی کوردینە

ئەیا کوردینە تا کەی خەوی خەفڵەت ... ئەیا کوردینە تا کەی دەرد و میحنەت

وەرن لەم عەسرەدا نۆبەی ژیانە ... کە دەوری مەکتەب و بەرزی گەلانە

بە قەولی شێخەکانی گردنئەستوور ... لە عەقڵ ومەعریفەت خۆتان مەکەن دوور

بەڵێ: یا شێخ ئەگەر دنیا خەرابە ... دڵت بۆچی لە بۆ دونیا کەبابە

بەتەنیا دادەنیشێ شێخ لە ئەشکەوت ... لە دووری ماڵ و ئاوایی لە مزگەوت

هەتاکوو پێی بڵێن پیاوی خودایە ... ئەگەر چی مەقسەدی شێخ هەر ڕیایە

دەسا کوردینی بۆ خاتر خواتان ... لەگوێ مەگرن قسەی ڕیشدرێژی ملپان

بخوێنن خوێندنە نووری سەعادەت ... بخوێنن خوێندنە ڕێگەی هیدایەت

بەڵێ پیرۆزە عیلمی ئایین و دین ... بەڵام کەی عیلمە عیلمی مردووشۆرین

بە کەشکۆڵ و سواڵ و زەرگ و حووحوو ... ئەسەف وا کوردەواریمان لە دەس چوو

ئەزانم "قانعا" دەردت گرانە ... سکووتت چاکە لەم نەقڵ و بەیانە

## شێعری تور

کو..کو..کوردم، ز..زوانم، لە..لە..لاڵە، تە..تەواو

ن..نەزانی، م..م..ماڵی، ک..ک..کردم، خ..خراو

ڕ..ڕەفیقم، س..سواری، ب..ب..با بوون و منیش

ڕ..ڕ..ڕۆژی مە..مە..مەیدان ک..ک..کەر دێنمە تاو

بۆ نەجاتی هۆ..هۆ..هۆزم، لە..لە باتی ت..تفەنگ

س..سیواک و ڕ..ڕ..ڕیش و کە..کە..کەشکۆڵی شکاو

لە..لەلای خۆم مە..مەلام و نە..نە..نەمزانی شتێ

غەیری باسی مە..مەمار و قە..قە..قەور و حە..حەساو

فە..فە..فیترە و زە..زەکات و یە..یە..یاسینی نەخۆش

ئە..ئە..ئاگر، جە..جەحەننم، ب..بڵێسەی بە تە..تاو

پ..پ..پردی س..سیرات و هە..هە..هەنگوێنی بەهەشت

ح..ح..حوری ج..جوان و م..م..میوەی تە..تەواو

د..درێژی جە..جەجاڵ و کو..کو..کورتانی کەری

کو..کو..کوشتن مە..مەسیح و ع..ع..عاسای ب..بناو

ئ..ئ..ئیشکی م..مناڵ و گ..گ..گرتن شە..شەوە

هە..هە..هاڵی ژ..ژنان و ب..ب..بوونی بە..بە چاو

ئ..ئەمانە بە..بەیانم کە..کە..کردن بە شیعر

لە مناڵی خە..خەریک بووم، هـ.هەتا بووم بە پیاو

قانعا! شیعرت بە سافی قیمەت و نرخی نییە

تۆ تەماتە کە بە لاڵی ناوی خۆت خەیتەوە ناو؟!

**مامۆستا هەژار موکریانی**

عەبدوڕەحمانی شەڕەفکەندی ناسراو بە هەژار، ساڵی **١٣٠٠ی** هەتاوی، ١٩٢١ی زایینی لە شاری مەهاباد لەدایک بوو. باوکی پیاوێکی ئایینی و دیندار بوو کە ژیانێکی سادە و ساکاری هەبووە.

عەبدوڕەحمان تەمەنی دوو ساڵ بوو کە لە سۆزی دایکی، بێبەش بوو و لە هەمان سەردەمی منداڵییەوە تامی سەخڵەتی و تاڵی ژیانی چێشت.

کە پێی نایە نێو تەمەنی پێنج ساڵانەوە لەلای باوکییەوە فێری ئەلفبێ و قورئانخوێندن بوو و پاشان نرایە بەر خوێندن و دواتریش ڕەوانەی خانەقای "شێخی بورهان" کرا و پاش فێربوونی زانستە پێویستەکان، بەرەو گوند و ئاواییەکانی دەوروبەر چوو بۆ لای چەند مامۆستایەکی پایەبەرزەوە، پلەی زانیاری خۆی بەرز کردەوە.

لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا بەرپرسایەتی گەورەکردن و پێگەیاندنی خوشک و برا چکۆلەکانی کەوتە ئەستۆ.

بۆیە بەناچاری وازی لە خوێندن هێنا و پاش کۆچی دوایی باوکی، دەستبەرداری خوێندن بوو و ڕووی کردە دەسخستنی بژێوی ژیان.

لەبەر گرینگی و بایەخدانان بۆ خوێندنی براکانی، سەرباری هەموو کێشەکانی ژیانی شارنشینی، ناچار بوو ڕوو بکاتە شاری بۆکان.

هۆگری فرە و فراوانی عەبدوڕەحمانی لاو، بە زمان و تۆرەی کوردی ئەوەندە زۆر بوو کە تا ساڵەهای ساڵ زۆربەی شێعری شاعیرانی لەبەر بوو.

دواتر نازناوی هەژاری بۆ خۆی هەڵبژارد کە زمانحاڵی ژیانی خۆی بوو.

یەکەمین بەرهەمی شێعری مامۆستا هەژار ناوی" ئاڵەکۆک"ە کە بۆ زمانی ئازەریش وەرگێڕدراوە و بڵاو بۆتەوە.

هەژار لەبەر کێشەی سیاسی پاش دوو مانگ مانەوە لە زیندانی سەقزدا لە حاڵێکدا دەیانەویست بیگوێزنەوە بۆ مەهاباد، توانی لە زیندان ڕابکات و پاش سەخڵەتییەکی فرە و فراوانی نێو سەرما و کرێوەی زستان، خۆی گەیاندە خاکی ئێراق.

لەوێش ئەگەرچی بە دەست گەلێک گیروگرفتەوە ناڵان بوو بەڵام وازی لە خوێندنەوە و موتاڵا نەهێنا و بەردەوام بەشێکی ئەو پارەییەی دەستی دەخست، کتێبی پێ دەکڕی.

لەبەر کاری تاقەتپڕووکێن و تووشبوون بە بەدخۆراکی، گیرۆدەی نەخۆشیی ئازارەباریکە هات و دواتر لەلایەن ژمارەیەک لە هاوڕێیانییەوە گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە" جەبەل"ی لوبنان.

ئەم نەخۆشخانەیە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە بوو کە هەژار لە ماوەی دوو ساڵ و چەند مانگ مانەوە لەوێ، توانی زۆربەی کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیە بخوێنێتەوە و ئاستی زانیاری خۆی لەسەر زمان و تۆرەی عەرەب بەرز بکاتەوە. دواتر کە گەڕایەوە ئێراق، بوو بە ئەندامی" کۆڕی زانیاری "ی ئەو وڵاتە.

مامۆستا هەژار سێ ساڵیش لە وڵاتی سووریا ژیانی بردە سەر. سەرەنجام ئەم کەسایەتییە پایەبەرزە پاش بیست و حەوت ساڵ دووری لە ئێران، گەڕایەوە وڵات و لە شارۆچکەی" عەزیمییە"ی شاری کەرەج لە ڕۆژاوای تاران، نیشتەجێ بوو.

لە هەمان سەردەمدا بوو کە دەستی دا وەرگێڕانی "یاسا ی پزیشکی " بەرهەمی "ئەبووعەلی سینا." دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە، ناوی هەژار لە نێوەندەکانی ئەدەبی و زانستیدا کەوتە سەر زاران و بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی زمانی فارسی.

مامۆستا هەژار زۆربەی ساتوکاتەکانی شەوانی خۆی بە خوێندنەوە و وەرگێڕان و نووسینەوە وەپێشت سەر دەنا و لەبن سێبەری ئەو هەوڵە بێوچانەدا زۆر بەرهەمی گرانبایی خستە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بدەینە ژمارێک لە بەرهەمەکانی ئەم کەسایەتییە پایەبەرزە:

- دیوانی شێعری بۆ کوردستان - شەرح و ڕاڤەی دیوانی مەلای جزیری
- وەرگێڕانی یاسای پزیشکی ئیبنیسینا بۆ سەر زمانی فارسی لە حەوت بەرگدا
- قاموسی هەنبانەبۆرینە - چێشتی مجێور - چوارینەکانی خەیام
- وەرگێڕانی چەند بەرهەمی دوکتۆر عەلی شەریعەتی لە فارسییەوە بۆ کوردی
- وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی
- وەرگێڕانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی لە فارسییەوە بۆ کوردی.

- مامۆستا هەژار، یەکێکە لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی تەواوی ئێران کە خاوەنی دەیان بەرهەمی بەنرخی دیکەیە.

خامەی بەهێز، زمانی پوخت و پاراو، بیری ورد و داهێنەرانە و کەسایەتی ڕەوشتبەرزی ئەم نووسەرە ناودارە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا خۆی دەنوێنێ.

سەرەنجام ڕۆژی پێنجشەمە دووەمی ڕەشەمەی ساڵی **١٣٦٩ی** هەتاوی (**١٩٩١**)ی زایینی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد و بەرهەمەکانی بە یادگار بۆ هەمووان بەجێ

هێشت. تەرمەکەی مامۆستا هەژار گەڕێندرایەوە شاری مەهاباد و لە گۆڕستانی" بوداغ سوڵتان"ی ئەو شارەدا لەتەنیشت " هێمن"ی نەمردا ئەسپەردەی خاک کرا.

**وەرگێڕانی خەیام**

تیریێژ کە بە ڕۆژ و پێل بە دەریا دریا
لەو ڕۆژەوە گوڵ پێ کەنی، بولبول گریا
خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان
ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریا

دەستم کە بڕۆیبایە خودائاسایی
گەردوونێ ترم دەخستە ڕوو سانایی
بەدبەختی بەشی نەزان و نامەردان با
دڵخۆشیم ئەدا بەرانبەری زانایی

دەمبینی کە خەمبار و کز و داماوم
وا بیر مەکەوە لە مەرگ و کەس ترساوم
مردن کە لە ڕێمە، هەر دەبێ، ناترسم
ژاکاوی ئەوەم بەئارەزوو نەژیاوم

پەندێکی مناڵەکەت بدە مامەی پیر
با بازی بە خاک و گڵ نەکا، ژیری بەبیر!
بێژنگی لە دەس دەرێنە! بەس دابێژێ
کەللەی سەری پاتشاهـ و میر و وەزیر

سەرخۆش بە بە مەی، لە سەر دەراوێژە کەسەر
ئەم کورتەژیانە، ڕێی خەمانی مەخە بەر
بەس گێژ و نەزان و هێڕ بە، خۆ تۆ زێڕ نی
ژێر خاک بکرێی، دووبارە بتهێنەوە دەر
ڕابوێرە بەسەربەرزی، بە نان و ئاوێک
سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو ناپیاوێک

لەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا
مەردایەتی مەفرۆشە لەپێناو تاوێک

گۆزێک لە دەسم شکابوو، ئەو گریا بۆم
خەم داتنەگرێ، منیش یەکێکی وەک تۆم
زۆر جار منیش وەکوو تۆ گۆزەم دەشکاند
تۆش ڕۆژێ دەبی بە گۆزە، دەشکێی وەک خۆم

هات و چوو بە بێهودە منالّی و جوانیم
پیر بووم و بەبێ داخەکەم و خۆزیا نیم
شاگردی زەمانە بووم و زۆریش چەوسام
وەستام لە هەموو کار و لە هیچ وەستا نیم

هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونە دەریش چۆن و کەیە، نازانم
سەد خۆزگە نە هاتبام، نە چووبام، نە ببام
لەم گێرەوکێشەدا، ڕەحەت با گیانم

جارجارە پەنا بە مەی دەبەم، ناچارم
خەمبارم و پێم ئەڵێن کە تاوانبارم
خۆزی وەکوو مەی، درۆ و دزیش مەستی ئەکرد
مەردێکم ئەویست کە بیگوتا وشیارم

مەڕوانە پەشێو و لێوبەبارم، نە کەمم
بەرزم لە هەژارییا چیای سەربەتەمم
هەرکەس لە سەرێکەوە خوداپێداوە
من خاوەنی شەشدانگی کوڵ و دەرد و خەمم

هەر کەس کە دەسی بە تیکەنانێ برەسێ
لاکۆخێ هەبێ، شەوانە تێیدا وەحەسێ
چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بەدڵ
بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ

شێخێ بە ژنێ خراپی گوت بێشەرمێ
بۆ هەرچی دەست بۆ بەرێ، ساز و نەرمی
پێی گوت: "بەڵێ، من وەکوو دیارم هەر وام
تۆش داخۆ وەکوو نیشان دەدەی، دڵگەرمی؟"!

لەو کۆشک و سەرایە کە جەم جامی گرت
ڕێوی ترەکییوە مامز ئارامی گرت
بارام کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی دەگرت
دیتت بە چ جۆرێ گۆڕ بارامی گرت

**هەڵۆ هەر بەرزە**

پایزە دار و دەوەن ڕەنگزەردە
با تەزوو سەردە بەتۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆشخەوەرێ
دارە خۆی دەڕنێ خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەشپۆشە بەگریە و ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە
بە گڑەی سەردی هەناسەی کەش و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرەهەڵۆ
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چ بووم بۆ وا نیم؟

هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشتپۆڕ و کەوم، وەردەکەوم
گۆشتەنێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پایزی وەرزی ژیانە
وردەهەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاو بەتاڵی منە هاکا مردم
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بە سەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەر بایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچێتەوە لای باوە هەڵۆم؟

تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە
داخم ئەو ڕازە لەبن سەرپۆشە
دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە
ژین گەلێ شیرینە فیزی ناوێ
چاری ئەم دەردە لەلای قالاوە
دەچمە لایی و بەوە چم لێ نایە

پاش هەموو چەرمەسەری ئەم عەرزە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
گەرچی زۆر پیرە بەلاوی ماوە
ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە

سەرنەوی دای لە شەقەی شابالان
بوو بە میوانی قەلێکی ڕووڕەش
قەل قڕی: لێم مەیە پێش، زۆرداری
زوو کە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە

هاتە وێرانەیەکی جێمالان
چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێبەش
خوا شوکر زۆر بەکەنەفتی دیاری
دوور لە من بگرە لەشم بەنوێژە

وتی ئەی لالەقەلەی هەر لاوم
هەمە پرسێک و دەبێ بمبووری
وەک دەڵێن ئێوە بە چل ساڵ بارن
ڕێیەکەم پێ بڵێ بۆ هەرمانم
سوێند دەخۆم پاشی هەتا بشمێنم

پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هۆی چییە، کە تۆ لە مردن دووری؟
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و بارن
تۆی لەلات دەست دەکەوێ دەرمانم
هەر کەوێ ڕاوی بکەم بۆت بێنم

قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون
باب و خاڵت بەنەزانی مردن
هەر کەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ
ماڵی ئێوە کە لە لووتکەی کێوە
خوێنەپۆڕ پۆڕگی دەخاتە خوێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
دەتەوێ زۆر بژی، خۆش ڕابوێری؟

سەیرە لام چۆنە کە خاوەنناون؟!
بیری سەربەرزییە وای لێ کردن
بای بڵندایی سەرودڵ دەگرێ
لای جن و دێوە بەلای زۆر پێوە
گۆشت کەوی تازە گرفتی دێنێ
تا وەها بی تەقەلات بێبەهرە
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری

وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لەسەر گەندەڵەدارێک دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە
گۆشتەبارگینی گەنی و تۆپیوە
کردنی چینە لە پەین و شیاکە
تاوتینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بە میرات ماوە
خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە
گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم
تاقە دوو ڕێت لەبەرە، پێت بێژم
یان لەناو بۆگەن و نزمایی ژیان
یان بەسەربەرزیەوە بسپێرە گیان

ڕاچەنی لەو وتەیە پیرەهەڵۆ
هاتە بەر چاوی گەلێ کەند و کڵۆ
کەوتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان
مان ئەگەر وا بێ چ شیرینە نەمان
وتی: پیرۆز بێ لە خۆت ئەم ژینە
جەژنی تۆ بۆ مە شەپۆر و شینە
کێ بەسەربەرزی ژیا بێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بە پووشێک ناوێ
چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا
پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا

بەهەڵۆیی لە ژین بێبەش بم
نەک هەزار ساڵێ قەلی ڕووڕەش بم
بۆ شتێک ئێستە لە خۆ بێزارم
من هەڵۆ بۆچی بە تۆ بوو کارم؟!
مەرد ئەگەر کاری بە نامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە
کەوتە خۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا
ئاگرێکی لە دەروون داییسا
ڕاستەوخۆ بۆ سەر و هەر بۆ سەر چوو
هەردی جێ هێشت و لە هەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵێ ژیا بەو تەرزە
سەرنەوی و هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە

## مامۆستا هێمن

شاعری ناوداری کورد، محەمەدئەمین، کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، ناسراو بە هێمن، لە شەوی ٤ لەسەر ٥ ی مانگی مەیی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی لاچینی نزیک شاری مەهاباد لەدایک بووە. هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندن و چەند ساڵ لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد دەخوێنێت.

پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان، بە مەبەستی ئەوەی کە لە دوارۆژدا ببێتە مەلا و جێی مەلا جامی، باپیرە گەورەی، بگرێتەوە.

چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت، لەوێ چاو و گوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر کەس دەبێتە دۆست و ئاشنا و گەلێک کەسی ڕووناکبیر و تێکۆشەر و شاعیر دەناسێت و بە دیداریان شاد دەبێت.

پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجە و لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵ و نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێت و لەوەوە شارەزایی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکات و هەستی شاعیری چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.

ساڵی ١٩٣٨ کە تەمەنی دەگاتە ١٧ ساڵی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلاناوێ. بە ڕۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانەش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسییەوە خەریک دەکات .

وردەوردە هاتوچۆی مەهاباد دەکات و لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیار دەبێتە هاوڕێ. ئەو لاوانە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییان گیر دەکەوێت و بۆ خوێندنەوە بە هێمنیش دەدەن.

ساڵی ١٩٤١ لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شێعرنووسین دەکات و هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆش نابێت کە کوڕەکەی بە شێعرنووسینەوە خەریک بێت و ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شێعرەکانی "هێمن"ی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێت و لێی زویر دەبێت و سەرزەنشتی دەکات.

هێمن لە ١٦/١١/١٩٤٦دا لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکات و خێزان پێک دێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێت و ناوی دەنێن سەلاح .

بەهۆی بارودۆخی زۆر پیس و گڵاوی حوکوومەتی شای گۆڕبەگۆڕ ناچار دەبێ بەرەو باشوور ڕابکات و ماوەیەک لەوێ بمێنێتەوە کە بەداخەوە زۆر زۆر نەهامەتی و

ئەستەمی دەبینێت و ئەو نەهامەتیەش لە هۆنراوەکانی جوان دیارە، کۆتایی ساڵی ۱۹۷۳ دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێ دەخاتە سەر کاغەز. لە ۱۹۷٤دا لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە. لە هاوینی ساڵی ۱۹۷٤دا لە کتێبێکدا بە ناوی تاریک و ڕوون چاپ دەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی تاریک و ڕوون لەلایەن لاوان و ڕووناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوەو وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوە و وتوویژی لەسەر دەکەن. هاوکات چەند نووسەر و شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنووسن و مشتومڕێکی گەرم دەخوڵقێنێت .

سەرەتای ساڵی ۱۹۷۸ جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەست پێ دەکات، زۆر بەخێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوە و مەرگی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە. هێمن و هاوڕێکانی وەک هەر کوردێکی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆ نێو کەسوکار و خێزانیان دەکەوێتە سەری، بۆیە بڕیاری خۆیان دەدەن و دەگەڕێنەوە.

ڕۆژی ۱۹۷۹ لە ئۆردوگای بەستەسێنی نزیک قەڵادزێ لەماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونە ڕێ. رۆژی ۱۹۷۹ دەگەنە سەردەشت و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا لە ماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێنێتەوە. هاوکات تەلەفۆن بۆ مەهاباد دەکەن و هەواڵی گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاری و خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیێنن .

ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بەخێرایی لەنێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. دەستە دەستە لاوان، ڕووناکبیران و خەڵک خۆ ساز دەکەن بۆ پێشوازیکردن لە هێمن. دەمودەست سەلاح-ی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونە ڕێ .

سەرلەبەیانیی رۆژی ۱۹۷۹ هێمن لەگەڵ خزموکەسەکانی و کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێ دەکەوێت. کۆمەڵکۆمەڵ خەڵک بە ئوتومبێل دێن بەپیریەوە و دەیکەنە ڕۆژی شایی و ئاهەنگ.

دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئوتومبێلەکان دەگەنە تاقەداری نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شێعرخوێندنەوە، شایی و هەڵپەڕکێ دەبن و هەموو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەن بۆ نێو مەهابادی دەبەنەوە .

چەند ڕۆژ کۆمەڵکۆمەڵ و دەستەدەستە خەڵک لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت. ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبی لێ دێت و دەبێتە جێی شێعر و باسی ئەدەبی و شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەدیبان و ڕووناکبیران.

به درێژاییی ساڵانی ١٨٧٩-١٩٨٦ هێمن له زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوه و بۆنەکاندا له شارەکانی سنه، کرماشان، ورمێ، مەهاباد و ...دا چالاکانه بەشداری دەکات و به شێعر و وتاری جوان ئەو بۆنانه ڕازاوه دەکات.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند شاعیر و نووسەردا وتوویژ دەکات و پێیان دەڵێت با به هەمووومان هەوڵ بدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەین و گۆڤار و ڕۆژنامه و کتێبی کوردی تێدا چاپ بکەین.

هەر بۆ ئەو مەبەسته لەگەڵ چەندین کاربەدەستی دەوڵەت قسەوباس دەکات و هەوڵدەدات که ڕەزامەندیی ئەوان بەدەست بێنێت هێمن و هاوکارەکانی کۆڵ نادەن تا سەرەنجام به ئیمکاناتێکی کەمەوه بنکەیەک به ناوی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی "ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی" له ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک به ناوی سروه دەردەکەن. هەتاکوو هێمن خۆی له ژیاندا دەبێت، چوار ژماره لەو گۆڤاره دەردەکەن. پاشتریش کەریمی قەیومی و چەند نووسەرو شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروه بەردەوام دەبن. ئینجا دەست به چاپکردنی هەندێک کتێب دەکەن و وردەوردە کارەکانیان گەشه پێ دەدەن و بەنیاز دەبن زیاتریش گەوره و فراوانی بکەن. بەڵام له گەرمەی کارکردنیاندا شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ساڵی ١٩٨٦ له شاری ورمێ هێمن کۆچی دوایی دەکات. بەرەبەیانی رۆژی شەممه ١٩/٤/١٩٨٦ تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێ دەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ له مەراسیمێکی پڕشکۆدا لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا له گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بەخاک دەسپێردێت.

**بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن**

تاریک و ڕوون، پاشەرۆک، ناڵەی جودایی، چەپێک گوڵ و چەپکێک نێرگز
شازاده و گەدا، قەڵای دمدم، هەواری خاڵی
توحفەی موزەفەرییه (وەرگێڕان)
ئەفسانه کوردییەکان (وەرگێڕان)
ئەفسانه کوردییەکان (وەرگێڕان)

## عەزیزم بۆچی تۆراوی

عەزیزم بۆچی تۆراوی لەخۆڕا ؟ چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟
ئەتۆ وا زوو لەبیرت کردم ئەمما فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا
لە منڕا خۆ خەتایەک ڕووی نەداوە ئەدی بێمەیلی بۆ ڕووی دا لە تۆڕا
ئەسیری کەزیەتە کۆتری دڵی من دەبێ حاڵی چ بێ کۆتر لە تۆڕا؟
سەروماڵ و کەماڵ و بیر و هۆشم لە نەردی عیشقی تۆدا پاکی دۆڕا
لە چاوم دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنین کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا
من و لاشەی پەپوولە ماینەوە و بەس شەوی دووری، شەمیش تواوە لە گۆڕا

## موو ناپسێنم

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم
ژیانم پڕ لە ڕەنجە و نامرادی بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ و بەس ئەتۆش مەحکوومی حەپسی ئینفیرادی
قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کورددا نەبوو پەیمانشکاندن لەکوێ فێر بووی گوڵم پەیمانشکێنی؟
ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم دەکەم یادت، بەیادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم
شەوانە هاونیشینی جامی بادەم بە بادە با پەژارە و غەم بە با دەم
کە دەستی ڕۆژگار بای دا سەری من سەری شووشەی شەراب وا چاکە با دەم

## بلوێری شوان

نیوەشەوە، دنیا خامۆش — دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش

ئاهەنگێکی گیانپەروەرە — شادیهێنە، خەفەتبەرە

ئاهەنگێکی دڵنەوازە — تارە؟ یۆڵۆنە؟ یا سازە؟

نا... نا... ئاهەنگی بلوێرە — جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە

هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە — کە بەو مانگەشەوە جوانە

دانیشتووی لە ڕژد و هەڵدێر — پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی — شادی، بەکەیفی، بێخەمی

ئاغاش بەنۆکەر ناگری — وەک من لە داخا نامری

وەرە شوانە هەموو شەوێ — نیوەشەوێ، کاتی خەوێ

لەو کێو و نواڵە زەنوێرە — تێ توورێنە لەو بلوێرە

لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە — پەنجە لە بلوێر ببزێوە

با کێوەکە دەنگ داتەوە — شاعیریش خەو بیباتەوە

## بۆ کچە کوردێک

کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری — بەوەی نییە ماوەییێکە چوویە شاری

ئەگەر پێت خۆشە هەروا بتپەرستم — نەکەی لا دەی لە دابی کوردەواری

## مامۆستا شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس، کوڕی شاعیری ناوداری کورد فایەق بێکەس و لە (**٢/٥/١٩٤٠**) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، شاعیرێکی گەورەی کوردە لەگەڵ چەند نوسەرێکی تردا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕەوتی ڕوانگەیان دامەزراندووە، کە بە یەکێک لە گرووپە چالاکەکانی بواری ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەی ڕابردوودا دادەنرێت.

شێرکۆ بێکەس بە یەکێک لە تازەگەر و شاعیرە بەناوبانگەکانی شیعری کوردی ناسراوە، تا ئێستا دەیان خەڵاتی نێودەوڵەتی لە بواری شیعردا وەرگرتووە، دیارترینیان لە ساڵی **١٩٩٨** لە سوید خەڵاتی توخۆلسکیی پێ بەخشراوە، کە یەکێکە لە خەڵاتە گەورەکانی بواری ئەدەبیات لە جیهاندایە، بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی کورد دادەنرێت.

شێرکۆ بێکەس لە ساڵی **١٩٨٦** کوردستانی بەجێ هێشتووە و تا ساڵەکانی (١٩٩٢) لە وڵاتی سوید بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

خاوەنی پتر لە٣٠ کتێبی شیعرییە، بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕاون بۆ زمانەکانی "عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، سویدی، دانمارکی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ئەڵمانی و ...دواکاریشی بەڕێوبەری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بوو لە شاری سلێمانی.

ئەم شاعیرە بەهێزە لە ڕۆژی ١٣**ی** گەلاوێژی سالی ١٣٩٢**ی** هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

**وەسییەتنامەکەی**

دوای نەخۆشکەوتنی، شێرکۆ وەسییەتنامەکەی بڵاو کردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**وەسییەتنامەی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر....**

"من نامەوێت لە هیچ کام لە گرد و گردۆڵەکەکاندا بنێژرێم کە دیارن و ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەر ئەوەی پڕ بوونەتەوە و دووەم لەبەر ئەوەی من حەز بە قەرەباڵغیی زۆر ناکەم، من ئەمەوێ ئەگەر سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم ڕێگەم پێ بدات ئەوەم پێ ڕەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیدا و بەتەنیشت مۆنۆمێنتەکەی شەهیدانی "١٩٦٣"ی سلێمانییەوە بنێژرێم، ئەوێ خۆشترە و تەنگەنەفەس نابم، من حەز ئەکەم بە مردوویش نزیکی ئەو خەڵکە و ژن و پیاوی شارەکەم و دەنگی مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و یانە جوانەکانی ئەو پارکە بم.

کتێبخانە، دیوانەکان و وێنەکانم ببرێن بۆ شوێنی مەزارەکەم، با کافتریایەک و باخچەیەکی بچکۆلانە لەو شوێنەدا هەبێت بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەران و کچ و کوڕی دڵدار ببنە میوانم، من ئەمەوێ لە ئێستەوە بە چاوی خەیاڵ تەماشای ئەو پارکە بکەم و دوای مردنی خۆم ببینم، ئەمەوێ بەدەم چریکەی دیلان و ئەڵڵاوەیسییەکەی

مەردان و سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی) بنێژرێم، من ئەمەوێ لە پرسەکەمدا مۆسیقا لێ بدرێت، لەناو مەزارەکەمدا تابلۆی جوانی هونەرمەندانی شارەکەم هەڵبواسن، من ئەمەوێ دوای خۆم و بە ناوی "بێکەس"ەوە خەڵاتێکی ساڵانە تەرخان بکرێ و بدرێت بە جوانترین دیوانە شێعری هەڵبژێردراوی ئەو ساڵە و خەرجی ئەم خەڵاتەش لەو میراتە بدرێ کە جێی دەهێڵم."

شێرکۆ بێکەس یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی شێعری سەردەمی نوێی کوردی کە هونەری کوردی بە زمانی شێعری بە دنیا ناساند.

هەمیشە شێعری شێرکۆ بێکەس، باس لە نشتیمانپەروەری، خۆشەویستیی ئاو و خاک و سروشت کردووە. شێرکۆ لە **٤ی** ئابی ٢٠١٣ دەمژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا .

نموونەیەک لە هۆنراوەکانی

ئەو کاتە کە بیرم دەکەوێت
کوردی نازانم
سەر دادەخەم
شەرم دەکەم
لە پێنووس و پەنجەکانم
دایە گیان، تۆ نازانی
قاقای پێکەنینی کاغەزەکەم
چەنێ ئازارم دەدا
هەموو ڕۆژێک سەد جار
بە دەستی خۆی لە دارم دەدا

هەر خۆشییەک لەبەر ئەکەم
یان قۆڵەکانی درێژە
یاخود کورتە
یاخود فشە
یاخود تەنگە بە بەری من

هەر خەمێکیش لەبەر ئەکەم
ڕێک ئەڵێی بۆ من کراوە
لە هەر کوێ بم

**خۆشەویستی**
وڵات زۆرە لە کوردستان
شۆخ و شەنگتر
خوێنگەرمتر
وڵات زۆرە لە کوردستان
چاوی گەشتر
ئێسکسووکتر
وڵات زۆرە لە کوردستان
قسەخۆشتر
دەستڕەنگینتر
بەڵام ئەی کوردستانەکەم
وڵات نییە هەرگیز
لە تۆ خۆشەویستتر!

# وشەی زمانی کوردی

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی و مرۆڤ هەر خۆشی ڕۆڵی هەبووە لە پاراستن و گەشەپێدانیدا، زمانی کوردیش وەک هەموو زمانێکی دیکەی دنیا بەردەوام وشەی تازە بەرهەم دەهێنێت و وشەی کۆن نوێ دەکاتەوە بێگومان وشە لە زمانی بێگانەش وەردەگرێت ئەگەر تۆزێک سەرنج بدەنە هۆنراوەی شاعیرانی سەردەمی مامۆستا نالی و پێش مامۆستا نالی دەبینن وشەی نێو بەرهەمەکانیان بەرەبەر دەگەڵ وشەی بەرهەمەکانی دوای خۆیان و ئێستای تاکی کورد جیاوازی هەیە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر گەشەکردنی زمانی کوردی بە درێژاییی کات و گۆڕینی بیر و هزریان بۆیە ئێستا زمانی کوردی لە قۆناغی پەتیبووندایە و پێویستە ئێمەش ئەم گۆڕانە مێژووییە بۆ پەرەسەندنی زمانمان و نەفەوتانی بەرچاو بگرین و حەول بدەین بۆ زیندووڕاگرتن و بەرەوپێشچوونی لەنێو زمانانی دنیادا.

فەرهەنگی وشەی هەر میللەتێک ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵ، سروشتی ئیش و کار و ڕادەی پێشکەوتنێتی، لە ڕێی تەماشاکردنی فەرهەنگەکەیانەوە تێ دەگەیت کە ئەو میللەتە گەیشتووەتە چ ئاستێکی ڕۆشنبیری، ئابووری، زانستی، و ... واتە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لە هەر بوارێکیشدا پێشکەوتوو بن، فەرهەنگی زمانەکەیان لەو بوارەدا دەوڵەمەند و پێشکەوتووترە.

فەرهەنگی زمان پێکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی (فەرهەنگی بنەڕەتی و فەرهەنگی گشتی). فەرهەنگی بنەڕەتی هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەو زمانەوە هاتۆتە ئاراوە، واتە وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تەنها موڵکی یەک زمانن، چونکە هەر زمانێک خێزانە زمانی خۆی هەیە و هاوبەشی زۆرە لە نێوانیاندا، بەڵام فەرهەنگی گشتی واتە سەرجەم وشەکانی زمان، ئەوانەی بنەڕەتی و ئەوانەش کە لە ئەنجامی تێکەڵاوی لەگەڵ میللەتانی تردا هاتونەتە ئاراوە، بە هۆی پێداویستی ڕۆژانەوە بە هۆکارەکانی بازرگانی و ئابووری و زانستی و ... هتدە.

هەندێ لەم وشانەی پێویستە قوتابی بیانزانێ و بەکاریان بێنێ، وەکوو نموونە هێناومە کە ڕۆژانە بەداخەوە بەبێ هۆ و نەزانین کەڵکیان لێ وەرناگیردرێت.

**قوتابخانە:** شوێنی وانەخوێندنی قوتابی، (مدرسه)

**زانستگە، زانکۆ:** شوێنی وانەخوێندنی خوێندکار، (دانشگاه)

**فرەزان، تۆرەڤان:** کەسێکی زۆرزانا لە زانستێک یان چەند زانست، (دانشمند)

**فێرگە، خوێندنگە:** شوێنی فێربوونی فێرخواز، (آموزشگاه)

**بەڕێوبەر:** کەسێک کە کاری شوێنەک بەڕێوە دەبات، (مدیر)

**پۆل:** شوێنی وانەخوێندن لە قوتابخانە یان زانستگە و ...، (کلاس درس)

**تێنووس، پەڕاوی:** دەستەیەک کاغەزی سپی بۆوەی لەسەر بنووسن، (دفتر)

**نامیلکە:** بابەتێکی تایبەت نووسرابێ و لە ٤٨ لاپەڕە تێپەڕ نەکا (جزوه)

**وتار:** نووسراوەیەکە (لە ٢٠٠ هەتا ٢٠٠٠٠ وشە) کە تێیدا بابەتێک دەخرێتە بەرباس و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبێتەوە، (مقاله)

**گۆڤاننامە، باوەڕنامە؛ بڕوانامە:** پسوولەی گەواییی خوێندن، شادە، (کارنامه)

**تاقی، جەڕباندن:** تاقیکردنەوەی کەسێک تا لێهاتوویی و لێزانی دیار بکرێت، (امتحان)

**سەرکەوتن، دەرچوون:** دەرچوون یان سەرکەوتن لە خوێندن یان تاقی، (قبول شدن)

**نەخوێندەوار:** ئەوەی نازانێ بخوێنێ و بنووسێ، (بیسواد)

**خوێندەوار:** ئەوەی دەزانێ بخوێنێ و بنووسێ، (باسواد)

**دێڕ:** کۆمەڵە وشەیەک کە لە سەر خەتێکی ئاسۆیی نووسرابێ، (سطر)

**فەرمانگە:** دائیرەی دەوڵەت، (اداره)

**فەرمانبەر، کاربەدەست، مووچەگر:** ئەوەی لە فەرمانگە بۆ دەوڵەت کار دەکا. (کارمند)

**پێڕست:** ڕیزی شتێک، فهرست، (لیست)

**ناونیشان:** ئەوەی ببێتە هۆی ناسینەوەی شتێ یان کەسێک، (آدرس)

**جەمسەر:** سەری دوو شت کە بگەنەوە یەک، (قطب)

**ئەرێنی:** بەکارهاتوو و باش بێ، مثبت **نەرێنی:** بەکارتەهاتوو و خراپ بێ، (منفی)

**سەرەتا، پێشەکی:** وتن یا کردنی کارێک پێش دەستپێکی کارەکە، (مقدمه)

**وێژە:** کۆمەڵە نووسراوەیەک سەبارەت بە بابەتێکی تایبەتی، (ادبیات)

**بیرەوەری:** نووسین بۆ لەبیرنەچوون، (یاداشت)

**وتووێژ، پەیڤین، ئاخافتن:** قسەکردنی چەند کەس، (گفتوگو، مکالمه)

**نووسراو، بەنووسین:** ئەو شتەی دەنووسرێ، (کتبی)

**زارەکی:** ئەوەی بە زار "دەم" دەکوترێ، (شفاهی)

**جووڵە:** بزاو، بزاوتنی شتێک، (حرکت)

**ڕاوێژ، ڕاوێژکردن:** باسکردن و گوێندانی بیروڕا، (مشورت، مشورت کردن)

**ڕاوێژکار:** ئەوەی کاری ڕاوێژە، (مشاور)

**نووسەر:** ئەوەی کتێب دەنووسێ یان کاری نووسینە، (نویسندە)

**ڕاهێنان:** مەشق و تێکۆشان لەسەر کارێک یان شتێک بۆ فێربوونی چاکتر، (تمرین)

**گشتی:** هەموو تێکڕا، (کلی، عمومی)

**هەڵە، چەوت:** نەڕاست بێ، (اشتباە)

**سکاڵا، گازندە، گلەیی:** دەربڕینی ناڕەزایەتی لە شتێک یان کەسێک، (شکایت)

**بەڵێن، سۆز:** پەیماندان بە کەسێک، (قول)

**چاند:** کۆمەڵێک زانیاریی تاکەکەسی سەبارەت بە هونەر، ئەدەبیات، زانست، ڕامیاری و هتد کە کەسێک بۆ بردنەسەری ئاستی بیر و پەروەردەیی خۆی فێر دەبێ، (فرهنگ)

**واژین:** نووسراوەی ئەدەبی یان هەر نووسراوەیەکی دی، (انشاء)

**نژوە:** لەبەر گوتن نووسینەوە، (املاء)

**ڕوونووس:** لە ڕووی نووسینەوە، لەبەری هەڵگرتن، (کۆپی)

**دەستکرد:** چێکراو، (مصنوعی)

**خۆڕسکی، خوەزا، سرووشتی:** ئەوەی مرۆڤ دروستی نەکردووە، (طبیعی)

**ململانێ، بەربەرەکانی، کێبەڕکێ:** پێشکەوتن و سەرکەوتن لە یەکتر، (مسابقە)

**نوێنەر:** هەڵبژاردەی شارێک بۆ دەستووردان لە پەرلەمان، (نمایندە)

**ڕێنوێنی:** پێشاندانی ڕێ لە کار یان شتێک، (راهنمایی)

**کاتژمێر، دەمژمێر:** ئامرازێکە بۆ نیشاندانی کات، (ساعت)

**ئاژاڵ:** زیندەوەر، (حیوان)

**باڵندە، پەلەوەر:** ئەو ئاژەڵەی دەفڕێ، (پرندە)

**بنەماڵە، خێزان، ماڵبات:** هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵێک پێکەوە دەژین، (خانوادە)

**ئەندام:** بەشداربوون لە کۆمەڵێک و ...، (عضو)

**ئاپۆرە:** هەژماری ئەو کەسانەی لە شوێنەک دەژین، (جمعیت)

**ڕووگە:** ڕوو لەو شوێنەی نوێژێ دەکەن، (قبلە)

**کەرەستە:** شتی نێو ماڵێ، (وسایل، لوازم)

**ڕەژی:** خەڵووزی دار بۆ سووتان، (زغال)

**کڕنۆش:** چەمانەوە بۆ ڕێز و حورمەت، (سجدە)

**خاچ:** چوار دانە بزمار کە لەسەر زەوی یان دیوار بە شکڵی چوارگۆشە یان لاکێشە دایدەکوتن و چوار دەست و پێی کەسێک پێوە دەبەستن، (صلیب)

**ئەندازیار:** پسپۆڕ لە کاری بیناسازیدا، (مهندس)

**جلوبەرگ:** شیاوی لەبەرکردن، (لباس، پوشاک)
**باڵوێزخانە:** دەزگای وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە، (سفارتخانە)
**پارێزەر، بریکار:** ئەوەی کە لەلایەن کەسێک یان کەسانێکەوە دیاری کرابێت، (وکیل)
"**ئابووری:** زانستی تاوتوێی بەرهەمهێنانی سامان و بەکار هێنانی شمەک و خەدەمات و کۆنترۆڵی ژێرانەی خەرج و داهات، (اقتصاد)
**کەسایەتی:** خولق و خوو و ڕەوشت و سفەتە باشەکانی کەسێک کە دەبنە هۆی متمانە و ڕێزی کەسێک لەلای کەسانیتر، (شخصیت)
**هەواڵ، دەنگوباس، نووچە:** زانیاری سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، بەتایبەت ئەوەی ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، رادیۆ و تەلەویزیۆن ڕاپۆرتی دەکەن. (اخبار)
**ژیار، ژیوەر، شارستانەتی، شارستانێتی:** کۆمەڵە دەسکەوتێکی ماددی و مەعنەوی مرۆڤ لە ناوچەیەک، وڵاتێک، یان سەردەمێکی دیاریکراو، یان خود ڕەوشی پێشکەوتوو و ڕێکخراوی هزری و کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک کە نیشانەکانی، بەرەوپێش چوون لە زانست و هونەر و دەرکەوتنی بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە و ...، (تمدن)
**دژایەتی، دژێتی:** بەرهەڵست، بەرهەڵستکاری، بەرەنگاری، (مخالفت)
**چاوەدێری، چاڤدێری :** سەرپەرشتی و کۆنترۆڵکردنی کارێک و ...، (نظارت)
**بنگە، بنەڕەت:** ئەوەی بناغەیە و بۆ شتەکانی دیکە، (اساس)
**دەستەبەری:** کار یان ڕەوتی دەستەبەر بوون، وەئەستۆ گرتن، (ضمانت)
**ناسنامە:** بەڵگەی فەرمی بۆ ناسینەوەی پێناسی تاکەکان، (شناسنامە)
**واژۆ:** ئەو نیشانەی مرۆڤ لەژێر شتێکی دەدات بەو واتایەی پرژاندوویەتی، (امضا)
**بانگەشە**: تایبەتمەندی یان قازانجەکانی شتێک یان کارێک بە خەڵک کوتن، (تبلیغات)
**بەڵگە، هۆ:** ئەوەی بۆ سەلماندن یان ڕەتکردنەوەی شتێ دەخرێتە ڕوو، (دلیل)
**بەلەم، بەڵەم، لۆتکە:** شتێکە مرۆڤ پێی لەسەر ئاوێ دەڕوات، (قایق)
**فڕۆکە، باڵافڕ:** شتێکە مرۆڤ پێی دەتوانێت لە ئاسمان بگەڕێت، (هواپیما)
**ڕێکەوت:** کاتی ڕوودانی ڕووداوێک بەپێی ڕۆژ و ساڵ و مانگ یان یەکێک لەوانە، (تاریخ)
**ئەرک، ئەرکی سەرشان:** کارێ کە پێویستە بکرێ، (وظیفە)
**مەبەست:** ئامانجت لەو شتەی دەتهەوێ، (منظور)
**ڕواڵەت:** شتێک کە بەئاسانی دیارە، (ظاهر)
**دەستەمۆ، کەدی:** (اهلی)　　**دەستەمۆکەر:** ڕاهێنەری ئاژەڵ
**کێوی، هۆڤی:** ئەوەی دەستەمۆ نەکراوە، (وحشی)
**تەنانەت**: (حتی)　　**هۆ:** (علت)　　**جۆر:** شێوە، (طرز)　　**هاینە:** (حتما)

## گرنگی کتێب لە ڕوانگەی ناودارانداا

کتێب یەکەمین مامۆستای مرۆڤە، قازانجەکانی خوێندنەوەی پەرتووک هێندە زۆرن نایەنە هەژمار جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان ئەو کەسانەدا هەیە کە پەرتووک دەخوێننەوە لەگەڵ ئەوانەی کە پەرتووک ناخوێننەوە وەک دەڵێن: زێڕنگەر نرخی زێر دەزانێت، تەنها خۆێنەری ڕاستیشە کە بایەخ، چێژ، خۆشی، گرنگی و سوودەکانی خوێندنەوەی پەرتووک دەزانێت. پەرتووک بانکێکی پڕ لە زانست و زانیاری هەمەڕەنگەیە، کانییەکی ئاوی ڕوون و هەمیشە خوڕە. هەر کەسێک بە خوێندنەوەی پەرتووک گۆش و گەورە کرابێت، هەرگیز بچووک نابێتەوە.

پەرتووک جوانترین و بەهادارترین دیارییە. ئەگەرچی هەندێک پێیان وایە لەم ڕۆژگارەدا، بەهۆی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ئامێری تازەوە، بەهۆی ئێنتەرنێت و خوێندنەوەی ئەلیکترۆنییەوە، کەمتر پەرتووکی چاپکراو دەخوێنرێنەوە، بەڵام هەرچەند تەکنۆلۆژیای پێش بکەوێت و ئامێری تازەش بێنە کایەوە، چێژی خوێندنەوەی پەرتووکی نووسراو و چاپکراوی باش و بەسوود کاڵ نابێتەوە. توێژینەوەیەکی پراکتیکی نوێی ئەمریکی، ئەوەی سەلماند کە خوێندنەوەی پەرتووک، کاریگەرییەکی ئەرێنی و باشی دەبێت بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە دوودڵی و خەمۆکی و بێزاری و گوشار و بارودۆخی نەرێنیی دەروونی.

پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە هەموومان، بە تایبەتیش ڕۆشنبیران و نووسەران تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری خوێندنەوەی پەرتووکی هەمەچەشنەین. خوێندنەوەی پەرتووک هۆیەکی سەرەکییە بۆ دەوڵەمەندبوونمان بە زانست و بە زانیاری هەمەچەشنە، بۆ رۆشنبیریی زیاتر، هۆیەکە بۆ زمانپاراوی و بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانمان بە وشە و بە زاراوەی نوێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانین باشتر و جوانتر گوزارشت لە بیر و خەیاڵ و بۆچوونی ناخی دەروونمان بکەین.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، خوێنەری دەقگرتوو و خووگرتوو بە خوێندنەوەی پەرتووک بۆی دەردەکەوێت، کە پەرتووک باشترین هاوڕێیە و پەشیمانیش نابن لە بە سەربردنی ئەو کاتانەی کە بە خوێندنەوەی پەرتووک تەرخان دەکرێ، هەرچەند ڕا و تێبینی و سەرنجی جیاوازیشی سەبارەت بە پەرتووکەکان هەبن، لە بایەخیان کەم ناکاتەوە.

دایکان و باوکانی خۆشەویست، مامۆستا دڵسۆزەکان، هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانتان و قوتابییەکانتان بە خوێندنەوەوەی پەرتووکی باش و بەسوود ڕابهێنن و هانیان بدەن و بیانکەن بە دۆستی هەمیشەی پەرتووک، تا خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤارەکانی منداڵان ببن بە خوویەکی ڕۆژانەیان و بە ئارەزوویەکی هەمیشەییان.

پێم خۆشە کە چەند چەپکی وتەی جوان و شیرین دەربارەی بایەخی پەرتووک بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست، کە لە گوڵزاری گوڵە هەمەڕەنگەی وتەی ناودارانی جیهانەوە بۆم گوڵبژێر کردوون.

**تۆ لەماڵی خۆت دایت و بە خوێندنەوەی کتێب سەردانی جیهان دەکەیت.** (دارین)
**من بەبێ پەرتووک ناتوانم بژیم** ( توماس جێڤرسۆن )

**لە ژیانمدا لەو کاتانە خۆشتر و شادترم نەبینیوە، کە لەنێوان کتێبەکانمدا بەسەرم دەبرد.** ( جێمس شیرلی )
**ماڵی بێ پەرتووک وەکوو جەستەیەکی بێگیانە** (تشسترۆن)

**کتێبە باشەکان هاوڕێی ڕاستن** (فرانس باکۆن)

**کۆڵەکەی پێشکەوتن لە سەدەی نوێدا، پەرتووک و ڕۆژنامەیە.** (ڕۆزڤێلت )

**پەرتووک مامۆستایەکی بێدەنگە.** (ئۆلۆس جالینۆس)

**ئەو پارەیەی کە وڵاتێک لە کڕینی پەرتووکدا خەرجی دەکات، گەر لەو بڕە پارەیە زیاتر نەبێت کە بۆکڕینی (بنێشت) خەرجی دەکات، ئەوە وڵاتێکی ناشارستانییە.**
(ئەلبێرت هیوبارد )

**پەرتووکەکان کۆمەڵێک کاغەزی مردوو نین، ئەوان هۆشن و لەسەر ڕەفتەکانندا دەژین.**
(گیلبەرت تهایت )

**پەرتووکێک ئەو چێژەی نەبێت کە چەند جارێک بخوێنرێتەوە، هەرگیز شایانی ئەوەش نییە کە بخوێنرێتەوە.** (ئۆسکار وایڵد)

**نووسەر تەنها نیوەی پەرتووکەکەی دەنووسێت، نیوەکەی تری خوێنەر دەینووسێت**
(یوسف کۆنزاد)

**باشترینی پەرتووکان، ئەو پەرتووکانەن کە خوێنەران وا هەست دەکەن، کە خۆیان نووسیویانن** (باسکال )

**پەرتووکێک دەتوانێت بەتەنها، تەوای پەرتووکخانەیەک ئاوەدان بکات.** (ئەمەرسۆن)

**بەسوودترینی پەرتووکان ئەو پەرتووکانەن، خوێنەر هان دەدەن بۆ تەواوکردنیان.** (ڤۆلتێر)

**کە پەرتووک کۆ دەکەیتەوە، واتە شادی کۆ دەکەیتەوە.** (ڤینست ستاریت)

**بەختەوەر کەسێکە کە بە یەکێک لەم دوو شتانە شاد بێت: بە پەرتووکە باشەکان یان بە هاوڕێیانی پەرتووکدۆست.** ( ڤیکتۆر هۆگۆ )

**پەرتووک ئەو هاوڕێ دڵسۆزەیە، کە بە بێدەنگی هەڵەکانم ڕاست دەکەنەوە.** (هەودا)

**تۆ لە یەک شەودا ئەم پەرتووکە دەخوێنیتەوە، بەڵام من لە پێناوی نووسینیدا، تەواوی مووی سەرم سپی کردووە.** (منتکیۆ)

**ئەگەر تۆ باخچەیەک و پەرتووکخانەیەکت هەبێت، واتە لە هیچت کەم نییە.**
(مارکۆس تۆلیوس سیکەرۆ)

**هەرگیز پەرتووک بە ئامانەت بە کەس نەدەیت، تەنانەت ئەگەر بڕوای تەواویشت بەو کەسانە هەبێت، لە پەرتووکخانەکەی مندا تەنها ئەو پەرتووکانەی تێدان کە بە ئامانەت لە خەڵکیم وەرگرتوون.** (ئاناتۆل فرانس)

**ئەو شتانەی کە من حەز دەکەم بیانزانم لە پەرتووک دان، چاکترین هاوڕێشم ئەو کەسەیە کە پەرتووکێکم پێشکەش بکات کە من نەمخوێندۆتەوە.**
(ئابراهام لینکۆڵن)

**پەرتووکخانەکەت پڕ بێت لە پەرتووک، باشترە لەوەی کە جزدانەکەت پڕ بێت لە پارە.**(دیگۆن لایلی )

**کێشەی نێوان من و ژنەکەم ئەوەیە، ئەو برە پارەیەی پاشەکەوتمان کردووە، ئەو دەیەوێت بازنگێگی زێڕی پێ بکڕێت، منیش دەمەوێت پەرتووکەکەمی پێ چاپ بکەم.**
(گۆردن مۆریس)

**هەر کەسێک پەرتووکێکی بەسوود لەناو بەرێت، واتە مرۆڤێک دەمرێنێت.** (میلتۆن )

**کاتێ بۆ یەکەم جار پەرتووکێک دەخوێنمەوە، وا هەست دەکەم کە هاوڕێیەکی تازەم گرتووە و کاتێ بۆ دووەم جار دەیخوێنمەوە، هەست دەکەم کە هاوڕێیەکی کۆنم بەسەر دەکەمەوە.** ( ئۆلیڤەر سمیس)

**پەرتووک ڕابەرە لە بچووکیدا، خۆشیبەخشە لە گەورەییدا، هاوڕێیە لە تەنیاییدا.**
(جۆنسۆن)

**بە "ئەرستۆ"یان کوت: چۆن کەسێک هەڵدەسەنگێنیت؟ لە وەڵامدا کوتی: لێی دەپرسم چەند پەرتووکت خوێندووتەوە و چی دەخوێنیتەوە؟**

**درێژە بە خوێندنەوەی پەرتووک بدە، بەڵام ئەوەت لەیاد بێت کە پەرتووک تەنها پەرتووکە پێویستە تۆ فێری ئەوە بیت کە بیر لە خۆت بکەیتەوە.** (مەکسیم گۆرگی)

**هەندێک پەرتووک ئازادیمان پێ دەبەخشن، هەندێکی تریان ئازادمان دەکەن.**
(ئەمەرسۆن)

**ئەو تاوانەی کە لە سووتاندنی پەرتووکێک مەترسیدارترە، ئەوەیە کە نەیخوێندرێتەوە.**
(جۆزیف برودسکای )

نووسەر: **" ڕەزا شوان"**

## پێشەکی

خوێندکارانی خۆشەویست پیرۆزباییتان لێ دەکەم کە ئێستا دەتوانن بە ڕێکوپێکی، کوردی بخوێنن و پیتەکان دەناسن و دەتوانن تا ڕادەیەکیش زمانی خۆتان بنووسن، بۆ دەڵێم تا ڕادەیەک؟ چونکە گەر ئێستا دەست بۆ پێنووس ببەن و بتانهەوێ دەقێک، بابەتێک یان نامە و ... بە کوردی بنووسن ئەوە چەند بەربەستێک دێتە پێش ڕێتان، بۆ نموونە ئێوە دەتانهەوێ واتای کوردیی (روانشناسی) بنووسی بەڵام ئەم وشەیە بە چەند شێوە دەتوانن بنووسن:

***دەرون ناسی   دەروون ناسیی   دەرونناسی   دەروناسی   دەرونناسیی***

دەگەڵ خۆتان دەڵێن: کامە بنووسین؟ ڕاستەکە کامەیە؟

یان دەتانهەوێ واتای کوردیی (شروع کردن) بنووسن کە دەتوانن بەم چەند شێوەیەی خوارەوە بنووسن:

***دەستپێکردن   دەست پێ کردن   دەستپێ کردن   دەستپێکردن***

یان کام لەمانەی خوارەوە ڕاستە؟

هەڵماندەگرت _ هەڵمان دەگرت _ هەڵمان‌دەگرت _ هەڵمان‌دەگرت و ...

زانسپەروەر _ زانست پەروەر _ زانستپەروەر _ زانست‌پەروەر و ...

دەنگ و باس _ دەنگوباس _ دەنگووباس _ دەنگوباس و ...

هەزاران و هەزار وشەی وا هەیە کە ئێوەی پێنووس‌بەدەستی کورد، لەپێشتانە و نازانن کامیان ڕاستە، بۆیە لێرەدا ئێوە دەبێ پەنا بۆ ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بەرن.

بەکورتی ڕێنووس یانی: "شێوەی نووسینی وشەکان و چۆن هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دۆخە جۆراوجۆرەکانی" بۆیە پێویستە بزانن کە ئەکادیمیای کوردی، زانستپەروەرانی کورد و شارەزایانی زمانی کوردی هەروەتر مامۆستایانی خاوەن ڕای زمانی کوردی

لەسەر چی ڕێک کەوتوونە و چییان پێشنیار داوە، باشترین وشەی پێشنیاریدراو کامەیە و بۆچی؟ جا بۆیە ئەوە ئێوەش دەبێ وا بنووسن.

لەم بەشەی باسەکانمان دەچینە سەر باسەکی دیکەی ڕێنووس کە بە **"ڕێنووسی یەکگرتوو"** ناسراوە، واتە ئەو شێوە نووسینە کە پێمان دەڵێت چۆن باشترین شێوەی نووسینی وشەیەک یان وشەگەلێک لە زمانی کوردیدا هەڵبژێرین. جا بۆیە بۆ هەر تاکێکی کورد کە دەیهەوێ بنووسێ، فەڕزە و هاینە دەبێ فێری بێت، دەنا هەم نووسینەکەی خۆی بەهەڵە دەردەچێت هەم ڕێنووسی کوردی خرا دەکات و لە سەردەمەکی وا گرنگ کە "ئایتی" دنیای گرتووە و هەرکەس بیر، بۆچوون یا دەستکرد و ... دەخاتە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان ماڵپەڕ یا هەر شتێک ئەوە ئێمە دەبێ نووسینەکانمان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بنووسین تا نووسراوەکانمان لە دنیای ئینتێرنێت بەساکارترین شێوە بدۆزرێتەوە و بکەوێتە پێش دەستی نووسەر و زۆر بەساکاریش خوێنەر بتوانێ بیخوێنێت و چێژی لێ ببات.

ئەوەی لێرەدا زۆر پرسیار دەکرێ ئەوەیە کە گەلۆ ئێمە لەم بەشەی ڕێنووسدا ڕێزمان فێر دەبین؟ زۆر بەکورتی دەڵێم: کە ڕێنووس و ڕێزمان پێکەوە گرێدراون واتە بەشێکی زۆر لە ڕێزمان لە ڕێنووسدا بۆ نووسینی وشەگەلێک لە یەک دەستە پێویستە و خوێندکار دەبێ ئەمە فێر بێت چون بڕیار نییە کە بۆ نووسینی یەک وشە شێوەی نووسینی لەبەر بکات، بەڵکوو دەبێت بزانێ ئەم وشەیە لە کام بەشەکانی ئاخاوتنی ڕێزمانە، گەلۆ ناوە، کارە و ... ئەوجار سادەیە، داڕێژراوە، لێکدراوە جا ئەمجار نووسینی ئەم بەشەش بە چ شێوەیەکە وەکوو ئەرکی ڕێنووس باسی دەکرێ، بەڵام پێویست نییە لە وشەکان ورد بێتەوە و ئەرکی وشەکان و شیکردنەوەی و ... بۆ بکات چون ئەم بەشە لە ڕێزماندا بەتایبەتی کاری لەسەر دەکرێت و لە ڕێنووسی یەکگرتوودا کەڵکی نییە.

بەکورتی چەند خاڵی گرینگی ڕێنووسی یەکگرتووتان بۆ باس دەکەم:

**یەک:** نووسینەکانت دیار دەکرێ لەسەر ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە: من لەسەر "گووگێل" دەنووسم: "ڕەشماڵ" کە وشەیەکی ڕاستە و بە واتای "سیاه چادر" تۆی نووسەریش سەبارەت بە "ڕەشماڵ" بابەتێکی بەنرخت نووسیوە بەڵام چونکە تۆ ڕێنووسی یەکگرتووت نەزانیوە و بە شێوەی **"ڕەش ماڵ"**ت نووسیوە ئەوە من نووسینەکەت نادۆزمەوە و بێبەش دەبم و تۆش نووسینەکەت

دیار ناکرێ، کەواتە هەردووکمان بێبەش دەبین، من لە خوێندنی، تۆش لە پێشکەشکردنی مژارەکەت.

**دوو:** ڕەچاوکردنی ڕێنووسی یەکگرتوو دەبێتە هۆی ئەوە کە نووسینەکەت بەخێراترین شێوە بخوێنرێت و چاوی خوێنەر ماندوو نەکات بۆ نموونە:

ئەو لە ماڵ دا نی یەو ئێمەش لەماڵ ین لە گەڵی نە ڕۆیشتم ✗

دەر بە دەر، ووشە، ووتە، ڕێکو پێک، سێ شە ممە، قوتاب خانە ✗

دەستمانلێهەڵگرتووە/ دەستمان لێهەڵگرتووە، پێم لێ هەڵ بڕی بوو ✗

دەبینن ئەم ڕستە و وشانە زۆر ناخۆش دەخوێنرێت و چاو ماندوو دەکات کەچی بە ڕێنووسی یەکگرتوو دەبێتە:

ئەو لە ماڵدا نییە و ئێمەش لە ماڵین، لەگەڵی نەڕۆیشتم ✓

دەربەدەر، وشە، وتە، ڕێکوپێک، سێشەمە، قوتابخانە ✓

دەستمان لێ هەڵگرتووە، پێم لێ هەڵبڕیبوو ✓

وەک دەبینن زۆر خۆشتر دەخوێنرێت و چاویش ماندوو ناکات.

**تێبینی:** جاری وا هەیە چونکە تەختەکلیلی کوردی و گونجاو بەکار نابردرێ دەبێتە هۆی ناڕێکبوونی زۆرتری نووسینەکە و زیاتر هەڵەدەرچوونی وشەکان

**سێ:** ڕێنووسی یەکگرتوو دەبێتە هۆی ڕاست و بێهەڵەبوونی واتای وشەکان بۆ نموونە: کۆبوونەوە: (جلسە) کۆ بوونەوە: (جمع شدن)

**خۆشەویستی من** (عزیز من، یار من) **خۆشەویستیی من** (دوست داشتن من )

**خراپترین نەخۆشی جیهان** (بدترین مریض جهان)

**خراپترین نەخۆشیی جیهان** (بدترین مریضی جهان)

**زانستی دەروناسی من زۆرە** (علم روانشناس من زیاد است)

**زانستی دەروونناسیی من زۆرە** (علم روانشناسی من زياد است)

خۆتان سەیر بکەن لەم هۆنراوەیەی مامۆستا هێمن واتا دەگۆڕدرێ ئەگەر نزیک و دووری وشە بەرچاو نەگرین:

کە ماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەم شارە وێرانە          یا     کەماڵت بێ ...

کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من    یا   کەماڵی دەڵەمەندی دی ...

**چوار:** هەبوونی ڕێنووسەکی شیاو بۆ نژوەنووسین زۆر کێشەکانی فێرکاری چارەسەر دەکات و هەروەتر دەبێتە بەرگرێک لە ناشیرین و ئەستەم دەرچوونی و دوورودرێژبوونی وشەکان لە ڕستەدا بۆ خوێنەر.

بۆ نموونە: لە کورمانجی خوارووەوە تا کورمانجی ژوورووەوە لە ڕووبەڕووەوە

کەچی بە ڕێنووسی یەکگرتوو دەنووسرێ:

لە کورمانجی خوارووە تا کورمانجی ژووروەوە لە ڕووبەڕووە

هۆی زۆرە بەڵام بۆ درێژنەبوونی پێشەکی واز لە نووسینی دێنم.

بەڕێزان هیوادارم هەستان بە گرنگی ڕێنووسی یەکگرتوو کردبێ و خۆتانی فێر بکەن و لێی یەکگرتوو بن جێی ئاماژەیە بڵێم کە ڕێنووسی یەکگرتوو یان بەگشتی ڕێنووس ڕای زۆرە ڕەنگە زۆر کەس نووسینی **"دەست پێکردن"** بە ڕاستتر بزانن و هەندێکیش **"دەستپێکردن"** و ... بەڵام وەک کوتم وا باشترە ڕوو بکەینە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، ڕای مامۆستایانێکی مەزن وەک باوکی زمانەوانی کورد دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، مامۆستا مەسعوود محەممەد و ... هەروەتر ڕای شارەزایانی ئەم زمانە کە جێپەنجەیان ماوەیەکی زۆرە لەسەر ڕێنووس دیارە و شارەزای چەندین زمانی زیندووی جیهانن و بە بەراورد لەگەڵ ئەم زمانانە بە شێوەیەکی زۆر زانستی و سەرچاوەدار تێ دەکۆشن بە زمانێکی زۆر ساکار خەڵک بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو هان بدەن نەک تاقمێکی کە نە کتێبەک و نە نامیلکەیەکیان هەیە و دژی ئەم سەرچاوانە بڕیار دەدەن و شتەکەشیان زانستی دەزانن.

بێگومان فێرگەکانی زمانی کوردیش ئەزموونی ئەم کەڵەپیاو و شارەزایانە و ئەکادیمیای زمانی کوردی لە هەولێر بە خەباتێکی دووروودرێژەوە لەگەڵ ڕای تاقمێک ناگۆڕنەوە و بابەتی زانستی و سەرچاوەدار وەردەگرن کەواتە کاتی ئەمە هاتووە هەمووومان ڕێک کەوین و زمانمان بەباشترین شێوە فێر بین، فێر بکەین هەروەها سەر بە ئەکادیمیا، زانستگەکان و فێرگەکان بین و ڕای مامۆستایانی بەئەزموونی ئەم شوێنانە وەرگرین بەهیواین تا هەموومان لە بەهێزترکردنی ڕێنووسی یەکگرتوو بەشدار، هاودەنگ و یەکگرتوو بین.

هەر وەک مامۆستایەکی بەڕێز دەفەرمێت: "هەندێک جار ڕێنووس پاڵپشتییەکی زمانەوانی لەگەڵە، هەندێ جاریش تەنها پێویستی بە "**ڕێککەوتن**"ێک هەیە."
پیتەکانی ئەلفبێی هیچ زمانێک بەتەواوی هەموو دەنگەکانی ئەو زمانە نانوێنن، بەڵکوو دەبێت ڕێککەوتنێک لەنێوان بەکارهێنەرانی زمانەکەدا هەبێت.
ئەم ڕێککەوتنەش نابێت بەپێی چێژی تاکەکەسی بێت بەڵکوو دەبێت بەپێی بڕیاری گشتیی زۆرینەی زمانەوانان یان کۆڕ و کۆمەڵە زمانەوانییەکانی زمانێک بێت.

## پریپۆزیشن (preposition)

ئامرازی پەیوەندی (حروف اضافه ـ حرف جر) لە زمانی کوردیدا جاری وایە لە ڕستەدا تەنیا دەردەکەون وەکوو:

گۆران دەچێت **بۆ** کرماشان.

(لێرەدا (**بۆ**) ئامرازی پەیوەندییە کە پێش ناوی کرماشان کەوتووە.)

کۆسار **بە** فڕۆکە **لە** کرماشان دابەزی.

(لێرەدا (**بە، لە**) ئامرازی پەیوەندییە کە پێش ناوی فڕۆکە و کوردستان کەوتووە)

ئەم جۆرە ئامرازانە پێیان دەوترێت "ئامرازی پەیوەندی" کە سەربەخۆن لە ڕستەدا سەربەخۆ دەنوسرێن و نالکێن بە وشەی پێش یان پاش خۆیانەوە.

جاری وایە ئەم ئامرازانە لەگەڵ پاشبەندێکدا دەکەونە ئەملا و ئەولای وشەیەک

وەکوو: **لە** سلێمانی**دا** _ **لە** شارەکەمان**دا** _ **لە** ماڵ**ڕا** _ **لە** کەرکووک**ێ**
ئەو کاتە بەم دووانە دەوترێت: "دەوربەند" یا "لابەند" چونکە ئەملا و ئەولای وشە دەگرن.
لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێک لابەندمان هەیە:

لە ...دا　　لە ...ڕا　　لە ...وە/ەوە　　لە ...ێ　　بە ...ەوە
بە ...دا/ێ　　بۆ ...ێ

لەم دۆخانەدا پێشبەندەکان سەربەخۆ دەنووسرێن و پاشبەندەکان دەلکێن بە وشەکانی پێش شیانەوە وەکوو:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە قوتابخانەدا | ✓ | نەک | لە قوتابخانە دا ✗ | یا | لەقوتابخانەدا ✗ |
| لە کرماشانەوە | ✓ | نەک | لە کرماشانە وە ✗ | یا | لەکرماشانەوە ✗ |
| لە کوێوە | ✓ | نەک | لە کوێ وە ✗ | یا | لەکوێوە ✗ |
| لە تارانێ | ✓ | نەک | لە تاران ێ ✗ | یا | لەتارانێ ✗ |
| لە کوێڕا | ✓ | نەک | لە کوێ ڕا ✗ | یا | لەکوێڕا ✗ |
| بە ئاسمانەوە | ✓ | نەک | بە ئاسمان ەوە ✗ | یا | بەئاسمانەوە ✗ |

**تێبینی:**

لە کورمانجیدا کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، هەم پێشبەندەکان و هەم پاشبەندەکانی ئەم ئامرازانە بەجیا دەنووسرێن.

**li** mal **de** / **ji** mêj **ve** / **di** jiyana min **da** / **ji** te **re** dibêjim min **bi** te **re** got / **li** van bajaran **de** / **li** wir **da** / **di** darstanê re

بە ئەلفبێی کوردیی ئارامی ئەگەر جیا بکرێنەوە وشەکان سەیروسەمەرە دەردەچن بۆ نموونە ناکرێت بنووسین:

| | | |
|---|---|---|
| لە کوێ **وە** هاتووی؟ | بە ئەسب **ێ** دەچم، | لە ماڵ **دا** دادەنیشم |
| لە ئەوێ **ڕا** دەڕۆم ەوە | لە ژیانی من **دا**، | لە مێژە **وە** |

بۆیە پێشبەندەکان سەربەخۆ دەنووسین و پاشبەندەکان دەلکێنین بە وشەی پێشیانەوە:

لە پۆلدا ✓ نەک لە پۆل دا ✗ لە ماڵدا نەک لە ماڵ دا ✗

لە ئەوێڕا ✓ نەک لە ئەوێ ڕا ✗ بە شنۆدا نەک بە شنۆ دا ✗

دەوربەندەکان مەرج نییە کە تەنیا دەوری یەک وشە بگرن بەڵکوو جاری وایە دەکەونە ئەملا و ئەولای چەند وشەوە، وەکوو:

"شاهێکە **لە**بن سایەیی باڵی دوو هۆما**دا**"

" دۆینێ **لە** ماڵە گەورەکەی کاک شێرکۆ**ڕا** هاتم"

" بڕیارە **بە** تەواوی وڵاتانی ئاسایا و ئەوڕووپا**دا** بڕاوت"

**تێبینی:** هەندێ کەس بەهەڵە زۆر جار "دا" کە پاشگرە بە "کردار = فعل" دادەنێن و لە وشەکەی پێش خۆیەوە دووری دەکەنەوە. بۆ نموونە لە باتی "من در خانە هستم." دەنووسن:

من لە ماڵ دام. پێیان وایە "دام" بەرانبەر بە "هستم"ی فارسییە، کە بیری وا هەڵەیە، چونکە ئەگەر وا بێت خۆ دەبێت لەباتی **"من کرد هستم"** بنووسرێت: **"من کرد دام"**، باش دەزانن ئەوە هەڵەیە. ئەمە نیشان دەدات کە لەو نموونەیەدا بەس "م" بەرانبەرە بە "هستم"ی فارسییە.

من ئەندازیارم: (من مهندس هستم).     لە شنۆم: (در اشنویە هستم).

هەروەها:

هەڵە: من لە ماڵ دام ✗.     ڕاست: من لە ماڵدام✓.

هەڵە: لە خزمەت دام ✗.     ڕاست: لە خزمەتدام (در خدمت هستم) ✓.

هەڵە: لە ژیانێکی خۆش دام ✗.   ڕاست: لە ژیانێکی خۆشدام ✓.

وشەی (دا) کە ڕابردووی (دان، دایین)ە جیاوازیی هەیە لەگەڵ پاشگری (دا) و دەبێ بەجیا بنووسرێت چونکە ئەو کار (فعل)ە و واتای (دادن، زدن)ی فارسی دەدات ئەگەر سرنجی بدەنێ بۆ نموونە :

لە ماڵدا نامەکەم پێ دا ✓. (در خانە نامە را بە او دادم) (نامەم پێدا ✗).

لە شەڕدا لاوان گوێیان لە دوژمن نەدا ✓. (نەک دوژمننەدا ✗).

بەڵێنم دا ببینم✓. ( بەڵێنمدا ✗)  _  وەڵامی دایەوە✓. (وەڵامیدایەوە ✗).

چێشتەکی زۆری پێ دام✓. (پێدام ✗) _ بەردێکی خێرا لێ دا ✓ (لێدا ✗)

## کێشەی (لە)

وەک لە وانەی پێشوودا خوێندمان ئامرازی (لە)، سەربەخۆ دەنووسرێت:

من **لە** تۆ دەپرسم.    هەژار **لە** پۆلدا وانە دەخوێنێت.    دیاکۆ **لە** ماڵەوە هات.

**لە** دێ دەچمە نێو شار **لە** شاریش ئۆقرە ناگرم.    دەست **لە** جەگەرە هەڵگرە.

بەڵام هەندێ جار ئامرازی "**لە**" دەلکێ بە وشەکەی پاشیەوە و وشەیەکی نوێ پێک دێنێ وەکو: (**لەگەڵ** with)، (**لەسەر** on)، (**لەژێر** under)، (**لەتەک** with)، (**لەبن** under)

وەک دەبینن لە نموونە ئینگلیزییەکانیشدا ئەوانە یەک وشەنە، کەواتە دەبێ لە ڕێنووسی زمانی کوردیشدا پێکەوە بنووسرێن.

نموونەی دیکە لە زمانی کوردی وەکوو: لەنێو، لەژوور، لەبەر، لەپاڵ، لەمەڕ، لەبان، لەولا، لەملا، لەلا، لەناکاو، لەپڕ، لەوپەڕ، لەبەرانبەر، لەپشت، لەتەنیشت و ...

لەو دۆخانەدا نابێ بە دوو وشە جیا کرێنەوە و بنووسرێن:

(لە گەڵ، لە سەر، لە ژێر، لە نێو، لەو لا و ... ✕).

تێبینی: ئامرازی (لە)، هەندێ جار لەگەڵ وشەکانی (ئەوێ) و (ئێرە) کۆ دەبێتەوە و ئەو کاتە، (ئە) و (ە ئـ) دەقرتێنرێن:

لە ئەوێ = لەوێ.    لە ئێرە = لێرە    لە ئەملا = لەملا

نموونە:

لەنێو خۆمدا دەمرم، لەسەر کێوی غەڕە، لەژێر دەریای خۆویستی، لێرە لەگەڵ منێکی پاشگەز و نامۆ لەژوور و لەدەر، لەملا و لەولا، لەسەر و لەخوار گیراوم. بەڵام بە تۆوە زیندوو دەبمەوە و دەفڕم بۆ هەموو لا .

## ڕاهێنان

**١. هەڵەکانی ئەم دەقە بدۆزەوە و ڕاستەکەی لە ژێرەوە بنووسە.**

لەسەردەمی نالی دا، شیعر نووسین بە کوردی، شێوەزاری سۆرانی وەک عەیبێک وابووە، نالیش یەکەم کەس بووە کە بە زمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی شیعر دەنووسێت، بۆیە کاتێک کە لەخەڵکان، رۆشنبیران و شاعیرانی ئەو سەردەمە شیعرەکانی نالی دەبینن، دەست دەکەن بە تانە لێدان لەنالی و شیعرەکانی، نالیش بەم شێوەیە لەوێ وەڵامییان دەداتەوە.

تەبعی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی، لە عەمدەن وا دەکا

یا لەمەیدانی فەساحەت دا بە میسلی شەهسەوار

بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

وڵامەکی زۆر جوانی دا، کەچی لەنێو خەڵکی کورد دا ئەو شتە زۆر باوە کە تا لەشتێک تێ نەگەیشتن ئەوە بێ پرسینی هۆیەکەی دەست دەکەن بە گاڵتە پێکردن، لە ئەو سەردەمەمیش‌دا ئەوە زەق دیارە. مێژوو زۆر شتی بە هەموو کەسدا بەڵام وانەمان لێ وەرنەگرت..

## کێشەی ئامرازی (تر) و وشەی (تر)

ئامرازی بەراوردکردن (تر، ترین) دەبێت بلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە، وەکوو:
جوان: جوانتر، جوانترین  مەزن: مەزنتر، مەزنترین  گەرم: گەرمتر، گەرمترین

**وشەی (تر) بە واتای (دی، دیکە)**

بەڵام وشەی (تر) کە وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێت بەجیا بنووسرێت چونکە واتای (دیگر) لە زمانی فارسی دەدات وەک: پیاوی **تر**، شەوێکی **تر**، نووسەرێکی **تر**، جارێکی **تر**، جورێکی **تر**، هەڵوێستەکی **تر**، ئاوەمەنی **تر**، وڵاتانی **تر** و ...

بە زاراوەی موکریانی ئەم کێشەیە نییە چون "**دی، دیکە**"ی لە شوێنی بەکار دێنن هەروەها لە کورمانجیدا بە "دن، دیتر" دەکوترێ: میناک: مرۆڤەکی **دیکە** هات، چەند کەسی **دی** ناونووسی دەکرێت. شەوێکی دی و غەمێکی دی دەستی پێکرد.

çend kesên **dîtir** hatin    Min mirovekê **din** dît

## کێشەی (و)ی پەیوەندی (بەیەکەوەبەستن)

پیتی (و and) وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێ سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ و نەلکێندرێ بە وشەکانی پێش و پاشی خۆی. بۆ نموونە دەبێ بنووسرێ:
(من و تۆ)  نەک  (منو تۆ✖)  یا  (منو تۆ✖).
(دڵ و گیان)  نەک  (دڵو گیان✖)  یا  (دڵ وگیان✖).
(هیوا و ئاوات)  نەک  (هیواو ئاوات✖)  یا  (هیوا وئاوات✖).

**سەرنج:** نموونەکانی سەرەوە هەر کامەیان سێ وشەی جیاوازن و پێکەوە مانایەکی نوێ پێک ناهێن چون دوو وشەی جودان و وشەی نوێ چێ ناکەن. دروستە کە لە زۆر شوێن (و and) واتای (وو)ی درێژ و لە هەندێ جێگاش (واو w)، (وە) دەدات بەڵام لە زمانی کوردیدا هەر بە یەک (و) دەنووسرێت. بۆ میناک:

مامۆستا **و** هێمن هاتن. _ من **و** شێرزاد ڕۆیشتین _ ڕۆنیا **و** ڕۆژیا خوشکن. خوێندکاران **و** قوتابییان بەشدارن _ شار **و** گوندەکانی وڵاتمان _ کار **و** ژیانم ماوەیەکی دوورودرێژ من **و** تۆ پیاسە دەکەین _ ئەستێرە **و** مانگ دەدرەوشێنەوە.

له کورمانجیدا به پیتی "û" وشەکان لەنێو ڕستەدا پێکەوە دەبەسترێنەوە کە هەر ئەو واتایەی "and"ی ئینگلیزی دەدات و جیا لە وشەکان دەنووسرێت. بۆ میناک:

mamoste **û** Azad hatin,  Ez **û** Hîwa …

هەندێ لە مامۆستایان دەڵێن: لە زمانی کوردیدا بە هەر شێوەیەک کە وشە بێژە بکرێ دەبێ بەم شێوەیەش بنووسرێت، واتا (و)ی لێکدەر دەلکێتە وشەی پێش خۆی بەڵام وەک کوتم ڕێنووسی یەکگرتوو هاتووە تا باشترین شێوە بۆ نووسینەکان دابین بکات ئێستا لکاندی "و"ی لێکدەر بە وشەکانەوە بەم هۆیەیە کە ئەم پیتە بۆتە بەشێک لە وشە، بەڵام لە (و)ی پەیوەندیدا سەربەخۆیە و هەر بۆیەش بڕیار دراوە جودا بنووسرێ.

وەکوو: گوڵ**و** دڕوو … مردوو**و** زیندوو … گرتوو**و** ئازاد … چیرۆکو ڕۆمان …

کەچی دەبێ ئاوا بنووسرێن: گوڵ و دڕوو… مردوو و زیندوو … گرتوو و ئازاد … چیرۆک و ڕۆمان …

**تێبینی:** تەنانەت بەشێوەی نیومەوداش پەسەند نەکراوە واتە "گوڵو دڕوو" هەر هەڵەیە.

## پیتی (ت) لە وشە و کاردا

جاری وایە دەنگ یان پیتی "ت" لە وشەدا لەبیر دەکرێت، واتە ڕەنگە کاتی قسەکردن بیقرتێنین بەڵام کاتی نووسین دەبێت بنووسرێت، وەک:

دەستەسڕ نەک دەسەسڕ.    دێت و دەڕوات نەک دێ و دەڕوا.

دەستاودەست نەک دەساودەس.    دەبینێت نەک دەبینێ

ماستاوچی نەک ماساوچی.    دەست خۆش نەک دەس خۆش

## ڕاهێنان

**١. هەڵەکانی ئەم دەقە بدۆزەوە و لە خوارەوە ڕاستەکەی بنووسە.**

جارێکی تر زۆر باش تر من ئەوم لە ماڵێکیتر دیتو پێم کوت داخۆ چ شانازییەک بە خۆت دەکەی؟

شانازییە تۆ نازانی بە زمانی خۆت بنووسی؟ هەر ئەو وڵاتانەی تۆ هەموو شتەکانت قەبووڵە دەڵێن: کەسێک بە زمانی دایکی نەزانێ بخوێنێ و بنووسێ نەخوێندەوارە، چیترت پێ بڵیم؟

کەسێک خۆی لە خەو دابێت بە هیچ دەنگێک هەڵناستێت. بۆیە جارێکیتر بۆ منو و کەسانێکی تر کە ژیانیان بۆ دەرباسبوون لە کۆیلەتی وڵاتانی ڕۆژاوا (غرب) تەرخان دەکەن و ژیانێکی باش تر بۆ ئێمە دەخوازن بە گەمژانە و سووکی نەگەڕێ.

## کێشەی (ئی Î)

ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی درێژی "ی Î" کۆتایی هات و پێش ئەو پیتەش نەبزوێن

بوو دەبێت هەر بە "**ی**" بنوسرێت.

وەکوو: شیرینی şîrînî (نەک شیرینیی ✖) ماسی masî (نەک ماسیی ✖)

کوردی kurdî ( نەک کوردیی ✖) هەولێری hewlêrî ( نەک هەولێریی ✖)

واتا زۆر کەس بەهەڵە تێ دەگات کە پیتی "**ی Î** "ی کوردی کاتێ کۆتاییی وشەکان دێت، دەبێ بە دوو "**ی**" بنووسرێ تاکوو لە "**ی**"ی نەبزوێن جیا بکرێت کە ئەویش کارێکی هەڵەیە چون دوو پیتی " **Î y** " لە ڕێنووسی کوردیی ئارامی هەر بە شێوەی یەک پیت دەنووسرێن و پێویست ناکات بەم شێوانە بەهەڵە بینووسین.
بۆ میناک: کورت + ی : کورتی (کورتیی✖)

چاوەدێر + ی : چاوەدێری (چاوەدێریی✖)

نەخۆش + ی :نەخۆشی (نەخۆشیی✖)

هاوین + ی: هاوینی (هاوینیی ✖)

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی درێژی (ی Î) کۆتایی بێت و پێش ئەو پیتەش دەنگێکی بزوێنی دی بێت. ئەوە دەبێت ئەمیان بە (یی yî) بنووسین هۆیەکەشی دەگەڕێتە سەر ئەوە کە نابێ دوو بزوێن بەدوای یەکدا بێن.

واتە هەندێ وشە کە بە بزوێن کۆتاییان پێ هاتووە، یەک (ی)ی ناونجی دەگرێ بۆوەی نەهێڵێت دوو "بزوێن" بە دوای یەکدا بێن بۆ میناک: لە وشەی "گەورە"دا کۆتاییی وشەکە بە بزوێنی "ە"یە و کاتێ دەمانهەوێ بە بزوێنی (ئی Î ) وشەیەکی نوێی لێ دروست بکەین یا بیدەینە پاڵ وشەیەکی دی ئەوە دەبێت (ی)ی ناونجی بۆ دابنێین واتە بەم شێوەیە:

گەورە + ی + یÎ : گەورەیی (gewreyî) شنۆ+ی+ی : شنۆیی (şinoyî)

میناکی دیکە وەکوو:

(ڕەشایی reşayî)، (بەرایی berayî)، (دوایی diwayî)، (کۆتایی kotayî)، (پانایی panayî)، (سنەیی Sineyî)، (هەڵەبجەیی Hellebceyî)، (ڕانیەیی Ranyeyî)، (ورمێیی Wirmêyî)، (شێنەیی şêneyî)

## (ی)ی دانەپاڵ (خستنەسەر، پەیوەندی)

ئەو دەنگە (ی)یەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو ناو، یان ناوێک و ئاوەڵناوێکەوە بە فارسی "(ترکیب اضافی، ترکیب وصفی)" پێ دەڵێن کەچی لە زمانی فارسیدا (کسره ـِ) (نقش نمای اضافه، کسره اضافه)ی پێ دەکوترێ وەکوو: (مردِ خوب، پسرِ احمد) کەچی لە زمانی کوردی "ی"ی دانەپاڵ، خستنەسەر یان "ی"ی پەیوەندی پێ دەڵێن و دوو ناو، ناو و ئاوەڵناوێک پێکەوە گرێ دەدات کە ئەوکات پێی دەڵێن گرێی ناوی بەم شێوەیە لە زمانی کوردیشدا بەجێی "(کسره اضافه)" ئەوە "ی" دانەپاڵ دێت و دوو وشە پێکەوە گرێ دەدات.

وەکوو: مامۆستا**ی** قوتابخانە. کچ**ی** شۆخ، گوڵ**ی** جوان، کوڕ**ی** شێرکۆ، فڕۆکە**ی** کرماشان، سێو**ی** سوور و بەتام**ی** باغی شار**ی** شنۆ

کێشەکە لەوەدایە کاتێ وشەیەک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، وەکوو: کورد**ی**، ئیسلامی، کرماشانی، سنـەیی، کـۆیی، شنۆیی، خۆشەویستی، گەورەیی و ...

ئیتر هەندێ کەس (ی)ی دانەپاڵیان لەبیر دەچێت نایانووسن کە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە چونکی زۆر جار واتای وشە دەگۆڕێت.

**تێبینی:** دەبێت وردبین بین و نەهێڵین (ی)ی پەیوەندی بقرتێنرێت

لەم نموونانەی خوارەوەدا (ی)ی پەیوەندی ڕەچاو کراون:

تاڵیی ژیان، قوتابخانەی سەرەتاییی کچان، کۆماری ئیسلامیی ئێران، کرماشانیی دڵسۆز، "یەکێتیی ئیسلامیی جیهان"، جوانیی سروشتەکەمان پەپوولەی خۆشەویستیی من، کۆییی هونەرمەند، کاکەییی دڵسۆز زاراوەی هەورامیی کۆن، زانست و زانایی گەورەپیاوان.

هەر وەک دەبینن لە گرێی **"خۆشەویستی من** (محبوب من)" لەگەڵ **"خۆشەویستیی من** (محبت/ دلدادگی من)" زۆر جیاوازە یان **"سنەی جوان** (شهر سنندج زیبا)" لەگەڵ **"سنەیی جوان"** (فرد اهل سنندج که زیبا است)" ئەم کێشانە لە ڕێنووسی کوردی لاتینیدا نییە بۆ نموونە:

sineyî ciwan, xoşewîstîy min, şinoyîy dillsoz

## ڕاهێنان

**١. بە هێنانی پیتی "ی" لە کۆتاییی ئەم وشانەی خوارەوە وشەی نوێ دروست بکە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیس: | جوان: | پاوە: | جیهان: |
| مێژوو: | پیرانشار: | سەردەشت: | پەشم: |
| سەرەتا: | هەورامان: | زانا: | شارەزا |
| شنۆ: | یاسا: | مێوان: | مازووڤان: |
| هەور: | شێت: | خێرا: | دەستدرێژ: |
| گێرۆدە: | پیر: | ئامریکا: | خۆشەویست : |
| ئەدەب: | خۆش | یار: | دەروونناس: |
| پیر: | جەوان: | گەورە: | کرماشان: |

**٢. تۆش ئەم وشانە لە تێنووسدا بدە پاڵ وشەی گونجاو و لە ڕستەدا بەکاری بێنە هەروەتر "ی"ی دانەپاڵت لەبیر نەچێت.**

**بۆ میناک:**

گەورە: گەورەی شار (بزرگ شهر) گەورەیی: گەورەیی شار (بزرگی شهر)

شنۆ، شنۆیی، کۆتایی، نەخۆش، نەخۆشی، گۆرانی، ئافریقا، ئافریقایی، شارەزایی، چووکە، چووکەیی، منداڵ، منداڵی و ...

## کێشەی (یە)

جاری وایە وشەکەی پێش (ە) کە کاری ناتەواوە لە فارسیداش بە واتای (است)ـە بە پیتێکی بزوێنی (ا-و-ۆ-وو-ە-ی-ێ)، کۆتایی هاتووە، وەکوو: (مامۆستا، هەڵۆ، ماسی، کاشی، هەرمێ و ...)، ئەو کاتە ئیتر لە جیاتیی (ە) دەنووسین (یە): مامۆستایە نەک مامۆستاە، هەڵۆیە نەک هەڵۆە، ماسییە نەک ماسیە، کاشییە نەک کاشیە، هەرمێیە نەک هەرمێە

**تێبینی:** کاری (یە)ش هەر وەکوو (ە) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە (مامۆستایە) نەک (مامۆستا یە) چون لێرەش "ی" ناونجی هاتووە تا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نەیێن و کێشە ئەمەیە زۆر کەس ئەو **"یە"**یە جودا دەنووسن و دەڵێن چون واتای (است)ی فارسی دەدا دەبێ جودا بێت کەچی ئەمە لە ڕێنووسی کوردی بە پیتی ئارامی لەلایەن ئەکادیمیا و ... دروست نییە، کەچی ئەگەر پێش **"ە"** بە نەبزوێن کۆتایی هاتبوو ئەوە **"ە"** دیسان زۆر ئاسایی دەلکێت وەک: ئەو ئەندازیار**ە**، گۆڤارەکی بەکەڵک**ـە**، کوڕێکی دلێر**ە**، ماڵێکی جوانـ**ـە** و ...

تەنانەت ئەگەر وشەکە بە (یی)ش کۆتایی هات هەر پێکەوە دەنووسێنرێت وەک:

(سپییە)، نەک (سپیە، سپیـیە، سپی یە). (چییە)، نەک (چیە، چیـیە، چی یە).
(نییە)، نەک (نیە، نیـیە، نی یە). (کوردییە)، نەک (کوردیـیە، کوردی یە).
(سنەییە) نەک (سنەیی یە، سنەیە). (شنۆییە) نەک (شنۆیی یە، شنۆییـیە).

چەند میناکی ڕاست لە وشەکان لە ڕستەدا

ژیان پڕ لە خۆشەویستییە. (Jiyan pirr le xoşewîstî ye)

کوڕێک لەم کۆتاییـیە. (Kurrêk lem kotayî ye)

تێکۆشانی مامۆستایان پڕ لە گەورەییە.

(Têkoşanî mamostayan pirr le gewreyî ye)

گۆڤارەکی زانستییە (govarekî zanistî ye)

ماستی ترش بۆ دۆیە (mastî tirş bo do ye)

**تێبینی:** له زاراوەی کورمانجی به تیپی لاتینی کاری ناتەواو چ به شێوەی "ه" دوای نەبزوێن و چ به شێوەی "یە" دوای بزوێن بەجیا دەنووسن بۆ میناک:

Ew kur **e**        Ew mamoste **ye**        Ew şinoyî **ye**

## ڕاهێنان

**١. جیاوازی لەنێو (ئەو شنۆیە) و (ئەو شنۆییيە) چییە؟**

**٢. چەند ڕستە بنووسە کە بە کاری ناتەواوی "ە" یان "یە" کۆتایی هاتبێت**

نموونە: ئەم کوڕە باشـە.

**٣. هەڵەکانی ئەم دەقە بدۆزەوە و دەقە ڕاستەکەی لە ژێری بنووسە.**

دەبێ و نابێ بەزگی برسیەوە لەکۆڵانێکی نوێ لایاندا، لەو کۆڵانەشەوە چوونە یەکیتر. چوونە کۆڵانێکی باریک. لە کۆڵانێکیی تاریک و سەر داپۆشراو تێپەڕبوون. گەیشتنە کۆڵانێکی پیس. سەریان لەکۆڵانێکی بن بەست دەرهێنا. دەبێ و نابێ کون بە کون بەدوای خواردن دا دەگەڕان کە لەپڕ دەبێ گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگەکە دەیگوت: پش پش پش!!! دەبێ پێشتریش گوێی لە پش پش ببوو، بەڵام پێشتر هیچ کات بیری لە ماناکەی نەکردبۆوە، هەر گرنگیشی پێ نەدابوو. نابێ گوتی: ئەو دەنگە چیە؟ دەبێ گوتی: سەیرکە ئەو کچ بچکۆلەیە بە ئێمە دەڵێ پش پش! نابێ گوتی: وەرە بابڕۆین، من تاقەتی

مرۆڤەکانم نیە. دەبیّ گوتی: نا ڕاوەستە بزانین ئەو کچە بچکۆلەیە مەبەستی لە پش پش چیە! نابیّ گوتی: نەخێر ڕاناوەستم وەرە بابڕۆین، ئەو کچە دەیهەویّ بمانگریّ و بمانکاتە پشیلەی خۆماڵی! دەبیّ گوتی: پشیلەی خۆماڵی؟ یانی دەمانباتە ماڵی خۆیان؟ نابیّ گوتی: مرۆڤەکان دەمانبەنە ماڵی خۆیان و دەستە مۆمان دەکەن! دەبیّ گوتی: یانی دەستمان بە سەر دادێنن و نازمان دەدەنیّ؟ نابیّ گوتی: بەڵیّ، بەڵام زۆر جاریش دەمانکەن بە گاڵتە جاڕ و یاریمان پیّ دەکەن و پێمان پیّ دەکەنن! دەبیّ گوتی: یانی مرۆڤەکان دەمانکەن بە هاوڕیّ خۆیان و یاریمان لە گەڵ دەکەن؟ نابیّ گوتی: دەبیّ گیان مرۆڤەکان ئاژەڵە خۆماڵیەکانیان زۆر خۆش دەویّ، بەڵام ئەوان لەرادەبەدەر چاوەدێریمان دەکەن و ئازادی و سەربەستیمان بە چاوەدێری کردن لیّ دەستێننەوە! دەبیّ گوتی: یانی مەبەستت ئەوەیە ئەگەر لە ڕادەبەدەر چاوەدێریمان بکەن ئێمە دەبینە دیلیی ئەوان؟ نابیّ گوتی: ئافەرەم ریێک مەبەستم ئەوە بوو! دەبیّ گوتی: باشە نابیّ گیان وەرە با بچین بۆ ماڵی ئەو کچە بچکۆلەیە و تێر بخۆین ئەو کات خۆمان دەشارینەوە و هەڵدێن و ناهێڵین دەستەمۆمان بکەن! نابیّ گوتی: نابیّ! دەبیّ گوتی: دەبیّ بۆ نابیّ! نابیّ گوتی: نابیّ ئاخر ئەگەر ببیّ و بچین خواردن بخۆین و دوایە هەڵبێین، پێمان دەڵێن سپڵە! دەبیّ گوتی: سپڵە یانی پیّ نەزان وانیە؟ نابیّ گوتی: بەڵیّ! دەبیّ گوتی: باشە ئێمەش سپڵە نابین و لەبری ئەوەی تێرمان دەکەن کارێکیان بۆ دەکەین! نابیّ گوتی: چ کارێک! دەبیّ گوتی: یەک دوو مشیکان بۆ دەگرین و تەواو! نابیّ گوتی: بیرۆکەیەکی زۆر باشە، وەرە بابچین! دەبیّ و نابیّ چوون لە ماڵی کچە بچۆلەکە تێر و پڕ شیر و ماست و شتی خۆش خۆشیان خوارد و دوو مشیکان بۆ گرتن و دوای ئەگەر زانیتان چیان کرد؟

## کێشەی " دە " و " ئە "

لە دەقە کۆنەکانی ویژەی کوردیدا هەمیشە نیشانەی **"دە"** بەکار هێنراوە، لەباتی **"ئە"** وەکوو: "دەڕۆم" لە باتی "ئەڕۆم"، ئەمڕۆکە **"ئە"** زیاتر سەری هەڵداوە، بەڵام بۆ پاراستنی شێوازی ئەدەبی کوردی تا بکرێت باشترە کەڵک لە **"دە"** وەربگرین.

نالی دەفەرمێت:

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم    من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم[١٧]

جێی ئاماژەیە کە لە کورمانجیشدا نیشانەی "د" بەکار دێنن وەکوو: دگرم،دگرن، دبینم، دچم، دخوازم، دخۆن و ...

## کێشەی (بێ) یان (بەبێ)

لێرەدا دەمانەوێ بەراوردێک لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکاندا بکەین، بۆ ئەو مەبەستە باشترە بە نموونەیەک دەست پێ بکەین: جیاوازی (بێماڵ) لەگەڵ (بێ ماڵ) لە چیدایە؟ لکاندن یان نەلکاندنی (بێ) بە وشەکەی پاشی خۆیەوە بەتەواوی واتای وشەکە دەگۆڕێ:

ئەو پیاوە دوو ساڵ بێماڵ بوو. (آن مرد دو سال بیخانمان "دربەدر" بود)

ئەو پیاوە دوو ساڵ بێ ماڵ بوو. (آن مرد دو سال بدون خانه بود)

**بێماڵم:** (دربەدر و بیخانمان هستم) ــ بێ ماڵم: (یعنی خانه🏠 ندارم)

**بێ عەقڵ:** (بدون مغز سرمان) ــ **بێعقل:** (نادان)

هەر کاتێ ناوێکت هەبوو و خاوەنێتییەکی لێ سەندرابێتەوە (بێ) دەلکێنین بە سەرەتای وشەکەوە: بێباوک، بێخانوو، بێکەس، بێوڵات، بێنیشتمان، بێپارە، بێتام واتە: کەسێ کە باوکی نییە. کەسێ کە خانووی نییە، کەسێ کەسی نییە و ...

---

[١٧] **بڕوانە لاپەڕی ٨٦ی ئەم کتێبە**

**تێبینی:** لە ڕاستیدا وشەیەک بە هاتنی (بێ) واتای سەرەکی خۆی لە دەست بدات و واتایەکی مەجازی لێ وەدەست کەوێ، ئەوە (بێ) پێشگرە و دەبێ بە وشەکە بلکێت و ئەگەریش واتای سەرەکی خۆی مەبەست بێ ئەوە (بێ) وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێ جیا بنووسرێت.

ئەم مەبەستە، لە زمانە ئەورووپییەکاندا، زۆر جار بە پاشکۆیەک کە دەلکێ بە وشەکەوە دیاری دەکرێت:

(بێـ...) = (...less) = بێخانوو homeless = بێتام، بێچێژ tasteless

کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ (without):

(بێ، بەبێ) = (without):

بێ (بەبێ) تۆ ناچم بۆ ئەوێ = I do not go there **without** you

## وشەی بیانی

هەر وشەیەکی بیانی هاتبێتە ناو کوردییەوە دەبێ بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت یان ئەگەر پێویست بوو وەکوو خۆی بنووسرێتەوە دەبێ بخرێتە ناو دوو کەوانەوە (...).

ئەڵڵا، قەڵەم، ئەکبەر. میناک: من (**الله**)م خۆش دەوێ

یان: من **ئەڵڵام** خۆش دەوێ   نەک: من **اللهم** خۆش دەوێ ✖

(**انشاالله**) بەم زووانە دەتبینم  یان **ئینشائەڵڵاهـ** بەم زووانە دەتبینم

نەک: **انشاالله** بەم زووانە دەتبینم ✖

من نەرمەواڵەی (whatsapp)م هەیە   یان   من نەرمەواڵەی **واتساپم** هەیە

نەک: من نەرمەواڵەی whatsappم هەیە ✖

من دەگەڵ (**قاضی حسن**) قسان دەکەم   یان  من دەگەڵ **قازی حەسەن** قسان دەکەم

نەک: من دەگەڵ **قاضی حسن** قسان دەکەم ✖

## ڕاهێنان

**١. ئەم وشانەی خوارەوە وەکوو نموونە لە ڕستەیەک بەکار بێنە.**

❖heartless بێدڵ (دڵڕەق) بێ دڵ (بدون قلب)

ئەو کوڕە بێدڵە (آن پسر بی‌عاطفه است) ئەو کوڕە بێ دەڵە (آن پسر بدون دل است)

❖brainless بێمێشک (نادان) بێ مێشک (بدون مغز)

.................................................................................................

❖ Chilllessبێمنداڵ (عقیم) بێ منداڵ (بدون بچە)

.................................................................................................

❖ Endless بێکۆتایی (بی‌پایان) بێ کۆتایی (بدون کۆتایی)

.................................................................................................

❖motionless بێجووڵە (بی‌حرکت) بێ جووڵە (بدون حرکت)

.................................................................................................

❖sleepless بێخەو (بی‌خوابی) بێ خەو (بدون خواب)

.................................................................................................

❖weightless بێکێش (بی‌وزن، سبک) بێ کێش (بدون وزن)

.................................................................................................

٢.ئەم وشانە لەنێو ڕستەیەکدا بەکار بێنە(close, open)

.................................................................................................

(عمر خیام، عبدالرحمان شرفکندی)

.................................................................................................

# ئاوەڵکار (قید)

کاتێ وشەیەک چۆنیەتیی کار (فرمان، کردار = فعل)ێک ڕوون دەکاتەوە پێی دەوترێ ئاوەڵکاری چۆنیەتی واتە (قید حالت، کیفیت)  کە وڵامی "چۆن، چاوا، چلۆن" دەداتەوە. نموونە: ئاسۆ بەخێرایی قسەی دەکرد. (چۆن قسەی کرد؟ "بەخێرایی")

سۆما **بەتووڕەیی** وەڵامی دایەوە. (چۆن وەڵامی دایەوە؟ "بەتووڕەیی")

لاله **بەئەسپایی** هاتەوە. (چۆن هاتەوە؟ "بەئەسپایی).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە **"بە"** دەلکێت بە ئاوەڵناوەکەی پاشیەوە و نابێت لێک دوور بخرێنەوە. بۆ نموونە: بەجوانی، بەشادی، بەسەربەرزی، بەهێواشی، بەتوندی، بەزۆری، بەژیری، بەگورجی، بەخۆشی، بەپەلە، بەگوڕ، بەتاریکی، بەساکاری، بەهێمنی، بەباشی، بەهێژایی، بەڕندی، بەڕوونی، بەهەڵە، بەپیسی، بەگەرمی، بەساردی، بەهەژاری، و ...

ئەم شێوازە لە زمانی ئینگلیزیدا (ly) دەگرێت و لەو زمانەشدا دەنووسێت بە ئاوەڵناوەکەوە: (بەئەستەمی hardly)، نەک (بە ئەستەمی  hard ly ).

(بە) کاتێک واتای سەربەخۆی هەبێت بەجیا دەنووسرێت:                    **بە**<br>
ئۆتۆمبیلەکەم ڕۆیشتم.  _  **بە** زمانی خۆت بنووسە و بخوێنە.        من **بە**<br>
فڕۆکە هاتم  _  من **بە** ئێوەم کوت  _  من **بە** گەورەیی ئێوە بڕوام هەیە   ئاسۆ **بە**<br>
شنۆدا دەڕوات  _  ژیان **بە** فێرکردن و فێربوون واتای هەیە.        شێرکۆ **بە**<br>
منداڵەکەی شانازی دەکات  _  بەهار **بە** گوڵ و **بە** بارانەوە جوانە      **بە** من **بە** تۆ **بە**<br>
دار پێ دەکەنێ  _ بەپەلە **بە** ئەسپەکەی ڕۆیشت.

## ڕاهێنان

**١.ئەم وشانە وەکوو ئاوەڵکار لە ڕستەدا بەکار بێنە.**

زیقەزیق، گریان، خەواڵوویی، ئەسب، بریندار

## ڕێنووسی یەکگرتوو (بەشی چوارەم)

## وشە

وشە (کلمە) لە بڕگەیەک یان چەند بڕگە پێک هاتووە کە واتایەکی هەیە وەکوو: گوڵ، دارستان، ژیاننامە، دیتن، گرتن، خەو، فێرگە و ...

**جورەکانی وشە لە ڕووی داڕشتنەوە:**

١) **سادە** ٢) **ناسادە** (داڕێژراو، لێکدراو)

**١) وشەی سادە:** وشەیەکە کە لە یەک بێژە بەبێ پێشگر و پاشگر پێک هاتووە وەک: نەوت، چیا، بەرز، کەوتن، دڵ، ئاسن، ماڵ، مانگ، خواردن، ددان، لەش و ...

**٢) وشەی ناسادە**

**ئەلف) داڕێژراو:** بە وشەیەک دەوترێت کە بە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان وشەیەکی نوێتر پێک دەهێنن و پێکەوە دەنووسرێن، واتە لە بێژەیەکی واتادار لەگەڵ بێژەیەک یان چەند بێژەی بێواتا کە دەتوانێت پێشگر، پاشگر و ... بێ، پێک دێت. وەکوو: پیاوەتی، ملوانکە، نازدار، هەڵگرتن، داهات و ... ئەمانە کاتی نووسین دەبێ پێکەوە بنووسرێن. وەک:

لەگەڵ پێشگر: بەزات، بەهێز، تێچوون، بێکەس، هەڵکەندن، دابڕین

لەگەڵ پاشگر: خوێندنگە، بەرزایی، شەوگار، گوێچکە، وردەڵە

لەگەڵ پێشگر و پاشگر: بەجوانی، بێکەسی، بێبەشی

**ب) لێکدراو:** هەندێ جار دوو یان چەند وشە، کە هەر کامەیان بۆخۆی واتایەکی هەیە، پێکەوە کۆ دەبنەوە و سەرجەم واتایەکی نوێتر پێک دەهێنن، کە پێی دەڵێن (وشەی لێکدراو). وشەی لێکدراو دەبێ بلکێن بەیەکەوە و نابێ بەجیا بنووسرێن لەم وشەیەدا بە لانیکەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدایە وەکوو: پیرەمێرد، مارماسی، بەردەنوێژ، دەستگرتن، ڕەشماڵ، کرێکار، سەرچنار و ... ئەمانەش هەروەتر دەبێ پێکەوە بنووسرێن.

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بێ هیچ یارمەتییەک دروست دەبێت و تەنیا وشەکان پێکەوە دەلکێن: ڕەش + ماڵ = ڕەشماڵ، کە پێکەوە واتایەکی تر پێک دەهێنن و **ئەو کاتە دەبێ پێکەوە بنووسرێن**: ڕەشماڵ.

زانست + پەروەر = زانستپەروەر          پاش + بنەما = پاشبنەما
کتێب + فرۆشی = کتێبفرۆشی          دڵ + شاد = دڵشاد

**بە یارمەتیی پیتی (و):** جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتی (و) پێکەوە دەلکێن:

ئاڵ + و + گۆڕ = ئاڵوگۆڕ.          مشت + و + مڕ = مشتومڕ.
ئەلف + و + بێ = ئەلفوبێ.          دەنگ + و + باس = دەنگوباس.

**بە یارمەتیی پیتی (ە):** جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتەبزوێنی (ە) پێکەوە دەلکێن:

بەرد + ە + قارەمان = بەردەقارەمان.          گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم.
بەرز + ە + فڕ = بەرزەفڕ.          ئاگر + ە + دیوار = ئاگرەدیوار.

**تێبینی:** جۆری دروستبوونی وشەی لێکدراو زۆرە ئەم چەند نموونەیەش بۆ ناساندن و باش جێکەوتنی پێناسەی وشەی لێکدراو هێنراوە.

نموونەی دیکەی وشەی لێکدراو:

خۆکوژ، بەردباران، کاروبار، ئەلفوبێ، هاتوچۆ، زانستپەروەر، زانستخواز، ئازادیخواز، وڵاتپارێز، سێشەمە، ڕاستەوخۆ، نیشتمانپەروەر، گوڵەگەنم، ڕێنووس، باوکمردوو، یەکگرتوو، ئاڵوگۆڕ، ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، پەیامنێر، بەرزەفڕ، جەرگبڕ، مناڵپارێز، چەمچەماڵ، بێکەس، جێبەجێ، دەستبەجێ، کانیکەوە، هەڵگورد، تاقبۆستان (تاقۆسان)، ملهوڕ، تەختەکلیل، پاشبنەما، بنکەدراوە(databa) ، بەستهێڵ(dash) ، ڕوومێز (desktop)، زانیارینامە(encyclopedia) ، ئاگرەدیوار.

ئەوەی کە لێرە زۆر گرنگە ئەوەیە کە وشەکانی داڕێژراو، لێکدراو دەبێ هاینە پێکەوە بنووسرێن و نابێ بۆشایی بکەوێتە نێوانیان وەک نموونەکانی سەرەوە.

# چاوگ (مصدر infinitive)

چاوگ وشەیەکە کە ڕوودانێک یا کردەوەیەک نیشان دەدات بەڵام ئەم ڕوودانە نەخراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک، کاتیشی تێدا نییە و بە پیتی **(ن)** کۆتایی دێت. لە سادەترین پێناسەی چاوگ لە زمانی کوردیدا، دەشێت بگوترێت، کە هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بە یەکێک لە نیشانەکانی **(ان، دن، وون، تن، ین)** کۆتایی هاتبێت، بە مەرجێک بتوانین **(ن)**ی کۆتایی بسڕین و گەردانی بکەین:

**جۆرەکانی چاوگ:**

**ان** **وەکوو:** سووتان، سەرسووڕمان، کێڵان، نەمان، خلیسکان، ... هتد.

**دن** **وەکوو:** مردن، دەرکردن، کردن، خواردنەوە، خوێندن، بردن، ... هتد.

**وون** **وەکوو:** بوون، تەواوبوون، چوون، نوقمبوون دەرچوون، ... هتد.

**تن** **وەکوو:** هەڵکەوتن، خەوتن، دەستگرتن، کەوتن، نوستن، ... هتد.

**ین** **وەکوو:** فڕین، کڕین، بڕین، خزین، هەڵدڕین، ... هتد.

لە دۆخی چاوگدا [18] وشەکان بە شێوەی یەک تا چوار بەش هەڵسوکەوتی دەگەڵ دەکرێت جا کە ئێستا جوان بۆتان دەرکەوتووە "چاوگ" چییە، با بەردەوام بین تا بزانین شێوازە جۆراوجۆرەکانی چۆن دەنووسرێت.

**ئاوڕدانەوەیەک لەسەر نووسینی ئەو چاوگانەی لە چەند بەش پێک هاتوونە:**

١. **یەکبەشی:** ئەم چاوگانە تەنیا یەک بەشن و کەس نییە لێکیان جیا بنووسێت. **وەک:** کردن، بڕین، دیتن، بیستن، مردن، گرتن، کەوتن، هاتن، ڕۆیشتن و ...

٢. **دووبەشی:** ئەم جۆرە چاوگانە لە دوو بەش پێک هاتوونە کە دەبێ پێکەوە بنووسرێن **وەک:** کارکردن، شەڕکردن، هەڵگرتن، سەرکەوتن، فێربوون، دابڕین، و ...

---

[18] مصدر در دستور زبان فارسی، کلمه ای است که بر انجام گرفتن کار یا روی دادن حالت دلالت می کند، **بی آنکه زمان و شخص داشته باشد. فرق مصدر با فعل درآن است که فعل زمان و شخص دارد، ولی مصدرزمان و شخص ندارد.**

رفت ( فعل )　　رفتن ( مصدر )　گرفت ( فعل )　　گرفتن ( مصدر )

**٣. سێبەشی:** ئەم جۆرە چاوگانە لە سێ بەش پێک هاتوونە کە دەبێ پێکەوە بنووسرێن **وەک:** کارتێکردن، دەستپێکردن، کارپێکردن، خەولێکەوتن، لێکردنەوە، لێپرسینەوە، داکەوتنەوە، سواربوونەوە و ...

**تێبینی:** ئەگەر کۆتایی **وشەی یەکەم** (بەشی ئەوەڵ) پیتەلکاو بێت، دەتوانیت بە دوو شێوەی لکاو یان نەلکاو بینووسیت (لەبەر جوانی یان خێراخوێندنی هەندێ چاوگ):

دەســت تێخستن / دەستتێخستن          دەســت لێدان / دەستلێدان

بەڵام باشترە هەر پێکەوە بنووسرێن: ماڵـوێرانکردن، کارتێکردن و ...

**٤. چواربەشی:** ئەم جۆرە چاوگانە لە چوار بەش پێک هاتوونە کە دەبێ دوو بەشی ئەوەڵ سەربەخۆ و جیا بنووسرێن و دوو بەشی کۆتایی چاوگەکەش پێکەوە بنووسرێن **وەک:** دەست لێ بەردان، پێ لێ هەڵگرتن، شەق تێ هەڵدان، دەست لێ هەڵگرتن، دەست تێ وەردان، سەر تێ وەردان و ...

**چاوگەکان لە هەموو شوێنەک بەم شێوەیەی باس کرا دەبێ بنووسرێن بۆ نموونە:**

مژاری **کۆبوونەوە**، **ماڵوێرانبوون**ی خەڵک لە **شەڕکردن**دا بوو.

**دەستپێکردن**ی بە خۆتە بەڵام **تەواوکردن**ی بە ئێمە.

**بانگدان** واتە **بانگکردن** و **ئاگادارکردنەوە**ی موسڵمانە بۆ نوێژە.

**جگەرەکێشان** وەکوو سەرەتایە بۆ **نوقمبوون** لە نەخۆشییەکان.

**یانی هەڵەیە ئەگەر ئەم چاوگانەی سەرەوە ئاوها بنووسین:**

**ماستاو کردن✘ _ نەخۆش کەوتن✘ _ سوور بوون✘ _ بەجێ ماین✘**

**کەم بوون✘ _ دوا کەوتن✘ _ نقوم بوون _ تووش بوون✘ _ سەر گرتن✘**

**تێر بوون✘ _ سەر کەوتن✘ _ جنێو دان✘ _ ناو نان✘ و ...**

# جێناوی لکاو و چاوگ

لە زمانی کوردیدا چەند جۆر جێناومان هەیە، بۆ نموونە جێناوی لکاوی:

**جۆری ئەوەڵ:** (...م، ...ت، ...ی / ...مان، ...تان، ...یان).

**جۆری دووەم:** (...م، ...یت، ... / ...ین، ...ن، ...ن).

**جۆری ئەوەڵ لەگەڵ (کاری تێپەڕ / فعل متعدی)دا بەکار دەهێنرێن.**

وەک: (خواردن، بردن، نووسین، بڕین، دزین، کڕین، گۆڕین، پرسین و ... ).

**جۆری دووەم لەگەڵ (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم)دا بەکار دەهێنرێن.**

وەک: (فڕین، وەرین، پژمین، وەڕین، پەڕین، دابڕین، دابەزین، چلمسین و ... ).

**تێپەڕ و تێنەپەڕ چینە؟**

**تێپەر (متعدی):** بەو چاوگ (مصدر) یان ئەو کارانە دەکوترێت کە بەرکار (مفعول)یان پێویستە یان دەتوانین بڵێین بەو کارانەی کە جێناوەکانی: جۆری یەکەم واتە "م، ت، ی، مان، تان، یان" دەگرێت. یانی تێپەڕەکان وڵامی **چ شتێک** یان **چ کەسێک** دەدەنەوە. من خواردم چت/کێت خوارد؟ سێوم خوارد.

**تێنەپەر (لازم):** بەو چاوگ (مصدر) یان ئەو کارانە دەکوترێت کە بەرکار (مفعول)یان پێویست نییە یان دەتوانین بڵێین بەو کارانەی کە جێناوەکانی: جۆری دووەم واتە **"م، یت، ـ، ین، ن، ن"** دەگرن. و وڵامی چ شت یان چ کەس نادەنەوە. بۆ نموونە: ڕۆیشتن چ ڕۆیشتن؟ **مانای نییە، ڕۆیشتمان**، ئەویش مانای نییە کەواتە ئەوە تێنەپەڕە.

واتە دەتوانین بە دوو شێوە یەک کرداری تێپەر لە تێنەپەڕ جیا بکەینەوە.

**یەک:** بە گرتنی جۆری جێناوەکان **دوو:** وڵامی چ/کێ بدات یان نەدات.

**کێشەی ئەمە لە چیدایە؟**

**وڵام:** کێشەکە لە چاوگی "یایی"دایە

چونکە کاتێک کە قەدی چاوگێکی "یایی" بەدەست دێنین[19] ئەو کات "ی" دەمێنێت دەگەڵ "ی"ی سێهەم کەسی تاک و کۆ لە تێپەڕەکان و لەگەڵ "یت" و "ین" دووەم و ئەوەڵ کەسی کۆ لە تێنەپەڕەکان تێکەڵ دەکرێ.

نموونە: نووسین، درین، کڕین، وەرین، وەڕین، دڕین، بڕین، فڕین، قڕین، پرسین، دوورین، سڕین، پەڕین، چلمسین، هەڵپەڕین، هەڵفڕین، هەڵگەڕین، دابڕین، داڕزین، دابەزین، ڕاپەڕین، پژمین و....

جا لە کاتی ڕابردوودا کە گەردانمان کرد، ئەوکات لە تێپەڕەکان (ی، یان) سێهەم کەسی تاک و کۆ لە تێنەپەڕیکانیش (یت، ین) دووەم کەسی تاک و ئەوەڵ کەسی کۆ لەگەڵ "ی"ی خودی چاوگە تێکەڵ دەکرێت و دانانرێت.

قەد: نووسین: نووسی          دڕین: دڕی          فڕین: فڕی          پژمین: پژمی

نووسیـ م، نووسیـ ت، نووسیـ ی          نووسیـ مان، نووسیـ تان، نووسیـ یان

دڕیـ م، دڕیـ ت، دڕیـ ی          دڕیـ مان، دڕیـ تان، دڕیـ یان

فڕیـ م، فڕیـ یت، فڕی          فڕیـ ین، فڕیـ ن، فڕیـ ن

پژمیـ م، پژمیـ یت، پژمی          پژمیـ ین، پژمیـ ن، پژمیـ ن

**نموونەی تر:**

**تێپەڕەکان:** ئەو دزیـی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی.

ئەوان دزییان، ئەوان بڕییان، ئەوان کڕییان، ئەوان گۆڕییان، ئەوان نووسییان.

**تێنەپەڕەکان:** تۆ پەڕییت، تۆ دابڕییت، تۆ وەرییت، تۆ دابەزییت، تۆ هەڵپەڕییت.

ئێوە پەڕیین، ئێوە دابڕیین، ئێوە وەریین، ئێوە دابەزیین، ئێوە هەڵپەڕیین.

---

[19] **قەدی چاوگ (بن ماضی) بە لابردنی "ن"ی کۆتایی چاوگەکان بەدەست دێت و کاتەکانی ڕابردووی لێ دروست دەکرێت. بۆ میناک: پرسین دەبێتە: پرسی، فڕین دەبێتە: فڕی خواردن دەبێتە: خوارد هاتن دەبێتە هات.**

## ڕاهێنان

**١. ڕێنووسی کام لەم وشانەی خوارەوە هەڵەیە لە ژێری ڕاستەکەی بنووسە.**

مار ماسی، سەرۆک کۆمار ئاڵوگۆڕ، بەردە قارەمان، پێدەشت، ڕەشماڵ، ورچە سپی، شەوکوێر، دەست کورت، ڕەشە ولاغ، سەهۆڵ فرۆش، وێبگەڕ، گژوگیا، گورج و گۆڵ، خشە خش، کەشوهەوا، هێلکەوڕۆن، کولێرەبەڕۆن، ماڵ پەڕ .

**٢. پێناسەی وشەی داڕێژراو و لێکدراو بنووسە و چەند میناکیان بۆ بێنەوە.**

**٣. لە ژێرەوە ١٠ چاوگ بنووسە کە سادە، داڕێژراو و لێکدراوی تێدا بێت دوا گەردانیان بکە.**

**٤. کام لەم چاوگانەی خوارەوە هەڵە نووسراوە؟ ڕاستەکەی بنووسە.**

دەست لێ بەردان، پێ لێهەڵگرتن، شەق تێهەڵدان، دەست لێ هەڵگرتن، دەست تێ وەردان، سەرتێ وەردان، نان خواردن، نوقمبوون، هەڵ گرتن، وەرسووڕانەوە.

**٥. کێشەی گەردانکردنی چاوگەکانی "یایی" لە کاتی ڕابردوودا چییە؟**

## کار (فعل verb)

کار یان لێکەر، گرینگترین بەشی نووسینە کە بەبێ کار ئەوە واتای ڕستەش ناتەواوە، بۆ نموونە: من تۆ **دەبینم**. پیاوەکە **هات**. ژیان بەبێ خوێندن واتای **نییە**. ئێستا لەم ڕستانە ئەگەر کارەکانی (دەبینم، هات، نییە) بسڕینەوە ڕستەکە واتای نامێنێت، تەواوی کارەکان لە زمانی کوردیدا لە چاوگەکان وەردەگیرێن بۆیە پێشتر جۆری چاوگەکانمان تاوتوێ کرد و ناسیمانن.

وەک لە سەرەتادا باسمان کرد زانیمان کە کار بۆ واتاداربوونی ڕستە چەندە گرینگە و هەروەها چاوگمان ناسی، جا لەم بەشەدا پێناسەی کار دەڵێین و فێر دەبین چۆن شێوازە جۆراوجۆرەکانی بنووسین.

دەتوانین بڵێین کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕوودان و کاتی تێدایە، مەبەست لە ڕوودانەکە، ئەوەیە کە شتێک ڕووی دابێ یان ئەنجام درابێ، مەبەستیش لە کات، کاتی ڕانەبردوو و ڕابردوو دەگرێتەوە کە لەڕووی پێکهاتنەوە دابەش دەکرێن بەسەر **١. سادە** **٢. ناسادە** (داڕێژراو و لێکدراو)

### ١. کاری سادە

لە یەک وشەی واتادار پێک هاتووە کە ناتوانین بەسەر چەند پشکی دیکە دابەشی بکەین بۆ نموونە: من تۆ **دەبینم**. نامەکەم **گرت**. پیاوەکە **هاتووە**. منداڵەکە **کەوتبوو**. لەم نموونانەدا وشەی (دەبینم، گرت، هاتووە، کەوتبوو) هەمووی کاری سادەنە و ناتوانین بەسەر بەشی دیکەدا دابەشیان بکەین ڕەنگە بڵێی بەڵێ دەتوانین وەک: (دە+بین+م، کەوت+بوو) بەڵام ئەم دابەشکردنە لێرەدا هەڵەیە چونکی ئێمە دەڵێین کار لە چاوگ دروست دەبێ و دەشێ ئەم کارانە ببەینە سەر چاوگی بنەڕەتی خۆیان جا ئەوجار بۆمان دەردەکەوێ کاری (دەبینم، کەوتبوو) لە (بینین و کەوتن) پێک هاتوونە و ئەوانەش سادەن جا ئەو (دە، م، بوو) نیشانە و جێناون، واتە بەشێک لە وشەکە نینە و هەردەم دەگەڵی نایێت، تەنیا بۆ گەردانکردن و کات نیشاندانی کارەکە دەردەکەون و بەسەر هەموو کارێکدا دێن.

**تێبینی گرینگ:**

هەرچی نیشانە یان جیناو لەگەڵ کاری سادەدا بێت هەر دەبی پێکەوە بنووسرێن یانی لە نووسینی کاری سادە تەواوی بەشەکانی پێکەوە دەنووسین وەک:

| | |
|---|---|
| دەماندیت نەک دەمان دیت | دەمبووریێت نەک دەم بووریێت |
| دەتبینم نەک دەت بینم | گرتبوومان نەک گرت بوومان |
| خواردبێتمان نەک خوارد بێتمان | ڕۆیشتبووباین نەک ڕۆیشت بووباین |
| گرتبێتم **نەک** گرت بێتم | دەمانبردەوە **نەک** دەمان بردەوە |

## ٢. ناسادە (داڕێژراو و لێکدراو)

کار یان لێکەری ناسادە بەو وشانە دەوترێن کە بە یارمەتیی ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، پێشگر، پاشگر و ... لەگەڵ کردارێکی سادە چێ دەکرێن، بەتەنیا واتای خۆیان هەیە و پێکەوە کرداری ناسادەی داڕێژراو و لێکدراو چێ دەکەن.

### ئەلف) کاری داڕێژراو

کار یان لێکەری داڕێژراو بە یارمەتیی پێشگر، پاشگر یا هەردووک چێ دەبێت کەواتە باشترە لە پێشدا بە ناسینی جۆری پێشگرەکان دەست پێ بکەین و وردەوردە بچینە ناو باسەکەوە:

**پێشگر**

کورتەبەشێکن کە دەلکێن بە پێشەوەی "کار" یان "چاوگ" و دەیانکەنە داڕێژراو، دەتوانین پێشگرەکان دابەش بکەینە سەر "سادە" و "ناسادە".

١. **پێشگری سادە وەکوو:** (دا، ڕا، وەر، هەڵ، دەر / ڕۆ، پێ، تێ، لێ، وێ ).

**وەکوو:** **دا**کردن، **دا**گرتن، **ڕا**خستن، **ڕا**گرتن، **وەر**گرتن، **وەر**گێڕان، **هەڵ**کردن، **هەڵ**ماڵین **دەر**کردن، **دەر**چوون، **ڕۆ**چوون، **ڕۆ**نان، **تێ**گرتنەوە، **تێ**گەیشتن، **ڕۆ**چوونەوە، **هەڵ**کردنەوە، **لێ**کەوتن، **پێ**گرتن، وێخستن و ...

**٢. پێشگری ناسادە وەکوو:** (پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، پێوە، پێک، لێک، تێک، ڕێک، وێک و ... )

**وەکوو: پێدا**بردن، **تێدا**چوون، **پێڕا**گەیشتن، **تێوە**گلان، **تێڕا**بردن، **پێوە**دان، **پێکـ**هێنان، **تێ**کدان، **ڕێکـ**خستن، **وێکـ**چوون، **لێکـ**کەوتن و...

**گەردانکردنی کاری داڕێژراو**

چ سادە و چ ناسادە لە کاتی **چاوگدا** پێکەوە دەنووسرێن وەکوو: ڕاخستن، تێخستن، هەڵوەراندن، پێدابردن، تێوەگلاندن، تێکردن، پێکردن، پێکهێنان، وێککەوتن، پێڕاگەیشتن، پێتێکردن، ڕێخستن و ... یان تەواوی نموونەکانی سەرەوە.

**پێشگری سادە**

**١. پێشگری سادەی جۆری یەک (دا، ڕا، هـەڵ، دەر، وەر)**

لە کاتی گەردانکردندا پێشگری سادە **جۆری یەک** واتا ئەوانەی بزوێنی **( ا ، ە)**یان تێدایە وەک (**دا، ڕا، هـەڵ، دەر، وەر**) ئەوا لە تەواوی دۆخەکاندا پێکەوە دەنووسرێن:

**چاوگ: دا**کردن، **ڕا**کردن، **هەڵ**کردن، **دەر**کردن، **وەر**گەڕان، **هەڵ**ماڵین، **هەڵ**اتن و ...

**داخوازی: دا**بکە، **ڕا**بکەن، **هەڵـ**خەن، **دەر**چن، **وەر**بگەڕێ، **دا**بگرەوە، **هەڵ**بگرنەوە و ... (زۆر جار نیشانەی "ب" دانانرێ لەم کاتەش هەر پێکەوە دەنووسرێن: ڕاکە، هەڵخە، دەرچن، داگرە و ...)

**ڕابردوو: دام**کرد، **ڕام**گرتبوو، **ڕایان**گرتبووبێت، **هەڵمان**کردوونە، **دەریان**کردبووبا، **وەریـ**گەڕاند، **هەڵیـ**دەگرت، **هەڵیا**ندەگرت، **دەر**تانکردبا، **دەر**مکربێت و ...

**ڕانەبردوو: دایدە**کەم، **ڕاماندە**گرێت، **هەڵیاندە**کات، **دەریدە**کەم، **وەریدە**گەڕێنم، **هەڵیـ**بگریت، **هەڵیا**ندەگرین، **دەر**مانبکەن، **دەر**مدەکرد، **هەڵدە**کەین، **دەر**دەچم، **وەر**دەگەڕێنم، **هەڵدە**گرمەوە، **دا**دەگرینەوە، **ڕا**دەمێنین، **وەر**دەگیرا و ...

**بەرکاری:** ڕاکراو، داکراو، هەڵخراو، دەرکراو، داسەپێنراو، هەڵکراو و ...

**بکەری:** ڕاخەر، شەڕکەر، نانکەر، خوێنمژ، ئاشتیخواز، دەستبڕ، قۆڵبڕ و ...

**تێبینی**: پێشگری ناسادە لەگەڵ چاوگدا یەک دەگرنەوە دەنا لە کاتی گەردانکردندا هەمیشە بەجیا دەنووسرێن.

### ٢. پێشگری سادەی جۆری دوو (ڕۆ، پێ، تێ، لێ، وێ)

لە کاتی گەردانکردندا پێشگری سادە **جۆری دوو** واتا ئەوانەی بزوێنی **(ێ)**یان تێدایە وەک (**ڕۆ، پێ، تێ، لێ، وێ**) ئەوا لە تەواوی دۆخەکان جیا دەنووسرێن:

**چاوگ:** **تێ**کردن، **لێ**کردنەوە، **پێ**گرتن، **وێ**کردن، **ڕۆ**کردن و ...

**ڕابردوو:** **تێم** گرت، **تێمان** گرتبوو، **لێیان** گرتبووبێت، **تێیان** کردبووبا، **پێی** گەڕاند، **وێی** دەخست، **پێیان** دەبرد، **لێیان** بووریم، و ...

**ڕانەبردوو:** **وێی** دەکەم، **تێی دە**گرێت، **تێی** دەکرد، **لێی دە**کەمەوە، **پێی** دەگەڕێنم، تێی گەیشت، لێی دەخست و ...

**داخوازی:** **وێی** بکە، **لێی** بکەنەوە، **لێ بخوڕن**، **پێ** بگرن، **لێی** بگرن، **تێی** بگرن و ... (زۆر جار نیشانەی "ب" دانانرێ لەم کاتەش هەر جیا دەنووسرێن: وێی کە، تێی خە، لێ خوڕن، تێی گرە و ...)

**بەرکاری:** تێکراو، لێکراو، پێدراو، پێخوست، تێچوو، پێزانراو و ...

**بکەری:** تێکۆشەر، لێکەر، پێدەر، لێزان، لێخوڕ، پێزان، پێکراو و ...

(لێرەدا چون وەکوو وشەیەک ناو یان هاوەڵناوی بەرکاری و بکەرینە پێکەوە دەنووسرێن چون کار (فعل) نینە و گەردان ناکرێن)

### پێشگری ناسادە

هەروەها پێشگرەکانی ناسادە واتە (پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، پێوە، پێک، لێک، تێک، ڕێک، وێک و ...) وەکوو هەموو پێشگرەکان لە دۆخی چاوگدا دەلکێن بەڵام وەکوو پێشگرە سادەکانی (ێ)یان تێدابوو هەردەم لە کاتی گەردانکردندا جیا دەبنەوە.

**چاوگ:** پێکهێنان، تێوەگلاندن، پێڕاگەیاند، تێکگرتنەوە، لێککەوتن، تێڕادیتن، ڕێککەوتن، پێوەچوون، وێکچوون، پێکگەیشتن و ...

**ڕابردوو:** **تێوەم** گلاند، **تێک** گەیشتین، **تێک** وەردەبوون، **لێکم** دا، **پێکم** هێنانەوە، **پێڕا** گەیشتووە، **وێک** چووبوون، **پێکم** هێنابوو، **ڕێک** خسترابوو و ...

**ڕانەبردوو: وێک** دەکەین، **تێک دەگرین**، **پێوەی** دەکرد، **لێکی دەکەمەوە**، **پێکی** دێنم، تێوە دەگلێنم، تێڕای دەبینێت، **ڕێک** خستراوە، **ڕێک** دەخستریێن و ...

**داخوازی: تێوە** گلێنە، **تێوە** گلێنن، **تێکی** بکە، **لێکی** بکەنەوە، **پێک** وەرن، **لێکی** بگرن، **تێکی** بگرن و ... (زۆر جار نیشانەی "ب" دانانرێ لەم کاتەش هەر جیا دەنووسرێن: لێکی کە، تێکی خە، تێکی گرە و ...)

**ب) کاری لێکدراو**

ئەگەر لە پێکهاتەی کارێک دوو بەش یان زیاتری واتادار بوو ئەوە دەبێتە کاری لێکدراو دەتوانێت چەند بەشی بێواتاشی دەگەڵ بێت هەر کاری لێکدراوە.

وەک: دەستبڕین، شەرمکردن، ملنان، سەرشکاندن، جێگەکردنەوە، ڕێگاگرتن، شەڕکردن، سووربوون، نەخۆشکەوتن، سەرخۆشبوون، زینکردنەوە، سوورکردن، ڕەشبوون، گەرمابوون، سەرمابوون، ناونان، نانخواردن و ...

نموونەی گەردانکردنی کاری لێکدراو (فعل مرکب): تەنیا کاتی چاوگ پێکەوە دەنووسرێن بەڵام کاتێک چاوگی لێکدراو گەردان کرا دەبێ بەشەکانی جیا ببنەوە.

**چاوگ:** فێرکردن، نوقمبوون، سەرکەوتن، شەڕکردن، پیربوون، ئاورکردن و ...

**ڕانەبردوو:** فێر دەکەم، شەڕ دەکەیت، پیر دەکات، ئاور دەکاتەوە، ئاو دەدات، فێر دەکردرا، گەورە دەکردراین، سەر بکەوم و ...

**ڕابردوو:** فێرم کرد، شەڕم کرد، ئاوم دەدا، نوقم بوو، گەورەم کردووە، شەڕ کردرابوو، گەورە کردراوم، سەر کەوتبێت و ...

**داخوازی:** فێر بکە، شەڕ بکەن، سەر بکەوە، جێگەی بکەنەوە، جوان بڕۆ و ...

**تێبینی:** زۆر گرنگە لە کاتی گەردانکردندا هێندە وردبین بین کە سێیەم کەس لەگەڵ چاوگدا تێکەڵ نەکەین، بۆ نموونە:

**هەڵە:** نوێنەرەکان لە ڕێک کەوتنێکدا لەسەر هەشت خاڵ ڕێککەوتــ**ن**✗.

**ڕاست:** نوێنەرەکان لە ڕێککەوتنێکدا لەسەر هەشت خاڵ ڕێک کەوتــ**ن**✓.

## ڕاهێنان

**١. کارەکانی ئەم دەقەی خوارەوە بدۆزە و ئەگەر هەڵە بوون ڕاستەکەی بنووسە.**

هەستییان پێکردبوو کە نەخۆشییەکی زۆر گەورە کە مێشکەکان دەمرێنێت وردەوردە تەواوی شارەکە دەگرێتەوە بۆیە بۆ ئاگادارکردنی خەڵک چەند کەسێک دەستیان کرد بە ئاگادارکردنی ئەوانەی نازانن. شوێنەکیان دۆزییەوە و بەخۆڕایی خەڵکیان ئاگاداردەکردەوە ئەوانەی کە ئاگادار بوون دەستخۆشییان لەم کەسانە دەکرد بەڵام ئەوانەی نەیاندەزانی پێیان خۆش نەبوو دەیانکوت شتی خۆڕایی هەر خۆڕاییە گوێدانی ناویَ و خۆی بەڵایە هەربۆیە هەندیَ دەبوون بەربەست ئەم چەند کەسە لە خەڵکەکە دەپاڕانەوە شوێنەکیان پیَ بدەن بۆوەی خەڵک کۆ بکەن و ئاگاداریان بکەن لە هەموو شوێنەک هاواریان دەکرد  تاکوو لەم بەڵایە ڕزگاریان بکەن، بەڵام هاوکارییان نەدەکردن، ئەوان پێگەیشتن کە نەخۆشییەکی زۆر گەورەتر بە ناوی نەخۆشیی لەبرسانمردن گیانی هەمووانی گرتووە زگ لە مێشک گەورەترە بۆیان دەرکەوت کە زانین بە زگیان ناوەستێت بۆیە لەم وڵاتە زگەکان پڕ دەبوون و مێشکەکان بەتاڵ دەبوون تاکوو خۆیان مردن و نەخۆشییەکە هەمووانی گرتەوە و هەموو مردن، کەچی دەیانتوانی ڕۆژانە بە ڕێگادا بڕۆن، قسە بکەن، پارووەک زیاتر بخۆن و زاوزێ بکەن.

**٢. چەند جۆر پێشگرمان هەبوو بۆ هەر کام نموونەیەک بێنە.**

**٣. چەند چاوگ بۆ پێشگرەکانی "دا، ڕا، پیَ، لیَ" بنووسە و گەردانیان بکە.**

## نیشانەکان

نیشانەکان بەشێک لە وشە یان لە کارەکانن کە هەندێ تایبەتمەندی بە وشەکان دەدەن واتە وشەی نوێ دروست ناکەن بەڵام هەندێ گۆڕان بەسەر وشەکان دێنن بۆ نموونە بە یارمەتی نیشانەی (ان) وشەکان کۆ دەکەن یا بەهۆی نیشانەکانی (ێک،ەک) ناوەکان نەناسراو و بەهۆی نیشانەی (ەکە) ناوەکان ناسراو دەکات یان نیشانەی (دە، ئە) بۆ کارەکانی ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام بەکار دێت یان نیشانەی (ب) بۆ کاری داخوازی و (نا، نە، مە) بۆ نەرێکردنی ئەم کارانە بەکار دێن:

ێک/ ەک: پیاو + ێک/ ەک = پیاوێک/ پیاوەک
مامۆستا + ێک / ەک = مامۆستاییێک/ مامۆستایەک

ەکە: پیاو + ەکە = پیاوەکە ژن + ەکە = ژنەکە
مامۆستا + ەکە = مامۆستاکە/مامۆستایەکە

ان: پیاو + ان = پیاوان ژن + ان = ژنان پێنووس + ان = پێنووسان

یان جاری وایە ناوە کۆیەکان ناسراو یان نەناسراو دەبن وەکوو: پیاوەکان، مامۆستاکان، پیاوانێک/پیاوانەک، ژنانێک/ژنانەک، مامۆستایانێک/ مامۆستایانەک و ...

دەبێ ئەم نیشانانە هاینە بە وشەکەوە بلکێت و جیا نەنووسرێت واتە:

مامۆستایانێک نەک مامۆستا یانێک گەورەکانێک نەک گەورە کانێک وڵاتەکان نەک وڵاتە کان پێنووسەکانمان نەک پێنووسە کانمان هەڵۆکان نەک هەڵۆ کان کورتکراوەکان نەک کورتکراوە کان

یان نیشانەکانی (دە، ئە) ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام هەرچی لە بەینیدا بێت دیسانیش دەلکێت بۆ میناک:

دەمانخوارد ✓ نەک دەمان خوارد✗ دەماندیت✓ نەک دەماندیت✗

دەمبەست✓ نەک دەم بەست✗ دەمانبوورێت✓ نەک دەمان بوورێت✗

دەمانگرێت✓ نەک دەمان گرێت ✗ دەمخوات✓ نەک دەم خوات✗

دەیانگرم✅ نەک دەیان گرم❌ ئەمانسووتێنن✅ نەک ئەمان سووتێنن❌

نەرێکردنیشیان دەبێ بلکێت: نەماندەخوارد، نەماندەدیت، نامانگرێت، نامخوات، نایگرم

هەروەتر (**ب**)ی نیشانە داخوازی بۆ میناک: بمانبوورە✅ نەک بمان بوورە❌
بمانگرە✅ نەک بم گرە❌ بیاننووسە✅ نەک بیان نووسە❌

نەرێکردنیشی هەر بەم شێوەیە: مەمانبوورە، مەمگرە، مەمانخۆ، مەمانبینە و ...

**واژین**

**یەکێک لە وەرزەکانی ساڵ بەدڵی خۆت باس بکە.**

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..........................................................

## خاڵبەندی

لە نووسینی دەقێکدا، سەرەڕای ڕەچاوکردنی کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای نووسین، نووسەر دەبێ ڕەچاوی یاساکانی خاڵبەندیش بکات. دەقێ کە خاڵبەندی تێیدا ڕەچاو نەکرابێ، دەبێتە هۆی سەرلێشێواندن لە خوێنەر و لە ئەنجامیشدا، بە هەڵەتێگەیشتن لە نووسراوەکە.

ئەو نیشانانەی لە خاڵبەندیدا زۆر بەکار دەهێنرێن بریتین لە:

١. خاڵ، کە بەم شێوەیەیە: ( . ).

٢. جووتخاڵ، کە بەم شێوەیەیە: ( : ).

٣. بۆر، کە بەم شێوەیەیە: ( ، ).

٤. خاڵبۆر، کە بەم شێوەیەیە: ( ؛ ).

٥. نیشانەی پرس، کە بەم شێوەیەیە: ( ؟ ).

٦. نیشانەی سەرسوڕمان، کە بەم شێوەیەیە: ( ! ).

٧. جووت کەوانەی بچووک، کە بەم شێوەیەیە: « ».

٨. کەوانە، کە بەم شێوەیەیە: ( ).

٩. هێڵ یان تەقەڵ، کە بەم شێوەیەیە: ( - ).

١٠. سێخاڵ، کە بەم شێوەیەیە: ( ... ).

١١. بۆشایی.

١٢. هێڵی لار (/)، (\)

**یەکەم: خاڵ (.):**

خاڵ لەم شوێنانە دادەنرێت:

١. لە کۆتاییی هەموو ڕستەیەکدا، جگە لە پرس و سەرسوڕمان دێت، وەک:

نەورۆز یەکەم مانگی کوردییە. دوێنێ نامەکەم نووسی.

٢. لەدوای یەکەم، یا یەکەم و دووەم پیتی ناوێک کە پێش ناوهێنانی پاشناوەکەی بکەوێت، وەک: ع. شەرەفکەندی. م. م. بەدرخان.

٣. بۆ کورتکردنەوەی هەندێ پیشە و نازناو و ڕێکەوت، دوای یەکەم پیت دادەنرێ، وەک: پێغەمبەر (د. خ.). (پێغەمبەر دروودی خودای لێ بێ). پ. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ). مادەکان ٧٠٠ ساڵ پ. ز. (پێش زایین) سەریان هەڵدا. د. سۆران. (دوکتۆر سۆران).

سەرنج: خاڵ، دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و نابێ بۆشایی هەبێ.

**دووەم ـ جووتخاڵ (:):**

جووتخاڵ لەم شوێنانە دادەنرێت:

١. لەپێش ئاخاوتنێکەوە کە وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، یان بگوترێت، وەک:

ئاسۆ وتی: «من خەڵکی کوردستانم.»

٢. لەدوای وشەیەک یان باسێک، کە پێویستی بە تەفسیر و ڕاڤە و لێکدانەوە بێت، وەک: میرنشینە کوردییەکان بریتی بوون لە: ئەردەڵان، سۆران، بادینان، بابان، هەکاری و بۆتان.

٣. پێش هێنانەوەی نموونە، لەبری: (بۆ وێنە، وەکوو، بۆ نموونە ...)، لەم دۆخەدا دەتوانرێت تەقەڵێکیش دوای جووتخاڵەکە دابنرێت.

وەکوو: ئاسمانی ئەدەبی کوردی پڕە لە ئەستێرەی درەوشاوە:– نالی، مەحوی، گۆران و ...

٤. زۆر جار لەنێوان کاتەکانی کاتژمێرێکدا هێمای جووتخاڵ بەکار دەچێت.

وەک: ٢٢:٢٠:١٠ (کاتژمێر ١٠ و ٢٠ خولەک و ١٢ چرکە).

سەرنج: جووتخاڵ، دەبێ بلکێنرێ بە وشەکەی پێشیەوە و بۆشاییی هەبێ لەگەڵ وشەی دوایدا.

**سێیەم ـ بۆر (،):**

بۆر نیشانەی پشوویەکی کورتە، لەو شوێنە دادەنرێت کە وا لە ڕستەکە بکات ئاسان بخوێنرێتەوە، ڕوون بێت و بەباشی تێ بگەیەنرێت. بۆر، چارەسەرێکی باشە بۆ ڕستەی دوورودرێژی پشووبڕ.

بۆر (،) لەم شوێنانە دادەنرێت:

١. لە دوای ناوی بانگکراوەوە، وەک: خەڵکینە، هەوڵ بدەن.

٢. لەو شوێنانەی کە ژماردن و دووپاتبوونەوەی تێدایە، وەک:
خوێ، ڕۆن، پیواز، برنج و سەبزی دەگەڵ خۆت بێنە.
٣. بۆ دابڕینی زنجیرە وشەیەک لە یەکتر، کە دوو دوو و پێکەوە بەکار هێنرابن، وەک:
کوڕەکە بە برسییەتی و تینوویەتی، بە هیلاکی و ماندوویەتی، کۆڵی نەدا.

٤. لەپێش ئامرازی لێکدەری (و، یا، یان)ەوە، بە مەرجێک نەکەوتبێتە سەرەتای ڕستەوە، وەک: نە تۆ هاتبووی بۆ کۆبوونەوەکە، و نە ئاراسی هاوڕێت.
یا نامەکە بنووسە، یان پەڕتووکەکە بخوێنەرەوە.
٥. لەدوای وشەی (بەڵێ، نە و نەخێر)ەوە، وەک: بەڵێ، نامەکەم نارد.
نە، لەو کاتەدا ناتوانم بەشدار بم.
٦. لە ڕستەی لێکدراودا، دەتوانرێت لەبری ئامرازی لێکدەری (و) بەکار بهێنرێت. وەک: شنۆ ویستی بچێ بۆ فێرگە، جلی لەبەر کرد، تێنووسی هەڵگرت، تەلەفۆنی لە هاوڕێکانی کرد، یەکیان گرت، خۆیان گەیاندە فێرگەکە.

٧. دەتوانرێ لەبری (کە)ی لێکدەر لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت، وەک: پێم خۆشە، پێکەوە بچین بۆ سینەما. سوپاست لێ دەکەم، سەرت لێ دام.
سەرنج: بۆر، دەبێ بلکێنرێ بە وشەکەی پێشیەوە و بۆشاییی هەبێ لەگەڵ وشەی دوایدا.

**چوارەم ـ خاڵبۆر (؛):**

خاڵبۆر بۆ وچانگرتنێکی درێژتر لە بۆری سادە، بەکار دەهێنرێت. زۆر جار، لەو ڕستانەی کە زۆر لێک نزیکن لەباتی خاڵ دادەنرێ، وەک: لەم ساڵانەی دواییەدا، کوردێکی زۆر پەڕیوەی هەندەران بوون؛ کوردەکان دەتوانن سوودێکی زۆر بە گەلەکەیان بگەیەنن.

**پێنجەم ـ نیشانەی پرس (؟):**
نیشانەی پرس، دەخرێتە کۆتاییی ئەو ڕستانەی کە پرسیاریان تێدایە، وەک:
١. پێنووسەکەت چی لێ کرد؟
٢. ئایا دەزانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی چ ساڵی دەرچوو؟

**شەشەم ـ نیشانەی سەرسوڕمان (!):**
ئەم نیشانەیە هەم بۆ سەرسوڕمانە، هەم بۆ ئەمرکردن یان داواکردنە.
١. لە کۆتاییی ئەو وشانە، یان ئەو ڕستانەی کە سەرسوڕمان، یان پەژارەیی، یان هەستێکی دەروونی تێدایە، بەکار دەهێنرێت، وەک:
چ هەستێکی بەسۆز! چەند دەنگت خۆشە! ئای! ئەوە لێرەیت!
ئۆخەی! سۆبەکە هەڵکرا. ئای لەو مانگە! چ جوانە!

٢. هەندێ جار لە کۆتاییی ئەو ڕستانەی کە فرمانپێدان یان داواکردنیان تێدایە، بەکار دەبرێ، وەک: بڕۆ دەرەوە! دەرگاکە داخە! بەجێم مەهێڵە!

**حەوتەم ـ جووت کەوانەی بچووک « »:**
هەندێ جاریش هێمای " " لەجیاتی جووت کەوانەی بچووک بەکار دەبەن و، لەم شوێنانە بەکار دەبرێ:
١. کاتێ بمانەوێ گرنگیی تایبەتی بدەین بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، دەیخەینە ناو ئەو هێمایانەوە، وەکوو:
زانایان «زمان» بە کۆڵەکەی نەتەوە دادەنێن.
من "مێژوو" بە چرای تاریکستانی داهاتوو دەزانم.
کاتێ بتوانین «ئەلفبێ جۆربەجۆرە کوردییەکان» بکەین بە «یەک ئەلفبێ»، ئەو کاتە گەلێ کێشەمان چارەسەر دەبێ.

٢. وتەیەک کە ڕاستەوخۆ دەگێڕدرێتەوە و ناشکێنرێت و دەستکاری نکرێ، دەخرێتە ئەو ناوەوە، وەک: پیاوە گەنجەکە وتی: "ڕاست دەکەی، ئێمە یارمەتیت دەدەین.
سەرنج: ئەگەر ڕستەکە بە خاڵ، بۆر، هێمای پرسیار، هێمای سەرسوڕمان و هتد کۆتاییی هات، ئەوانەش دەخرێنە ناو کەوانەکانەوە.

**هەشتەم ـ کەوانە ( ):**

کەوانە بە چەند مەبەستێک بەکار دەچێ:

١. وشەیەک، یان ڕستەیەک دەخرێتە نێوانی، کە واتایەکی تایبەتی تری هەبێت.

وەک: پیرەمێرد (حاجی تۆفیق) لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

شاری سلێمانی (کە کەوتۆتە دامێنی چیای ئەزمەڕ) سلێمان پاشای بابان بنیادی ناوە.

٢. وشەی بێگانە، وەک: ئاگرەدیوار (firewall) پێش بە خۆترنجێنەران دەگرێ بۆ ناو کۆمپیۆتەرەکەت. میری (حکومت) فرمانی کاولکردنی ناوچەکەی زوو دەرکردبوو.

بۆ نووسین بە کوردی پێویستە تەختەکلیل (keyboard)ێکی کوردی دامەزرێنی.

٣. ساڵی دەستپێک و کۆتاییی ڕووداوێ، یان ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی کەسێ، وەک: سنووری دەوڵەتی حەسنەوی (٩٤١ ـ ١٠١٤) کە پارە و پوولیشیان هەڵکەندبوو، هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور بوو.

**تێبینی:** کەوان کە دادەخرێ نابێ بکلێنرێ بە وشەکەی پاشیەوە، بەڵام ئەگەر وشەکە هێشتا تەواو نەبوو دەبێ بلکێت بە کەوانەوە، وەک: ئەمساڵ (حج)ێکی کرد.

وشەی (file)یان لە کوردیدا کرد بە «پەڕگە».

سەرنج: وشەکانی ناو کەوانەکان نابێ لەگەڵ کەوانەکاندا بۆشاییان هەبێ.

**نۆیەم ـ سێخاڵ (...):**

ئەم «سێ خاڵ»ە لەبری وشە، یان ڕستە، کە قرتێنراوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە، بەکار دەهێنرێت، وەک: کرماشان، مەهاباد، سلێمانی، کەرکووک و ...م چاو پێ کەوتووە.

لە کوردستاندا نەوت، ئاسن، زێڕ، زیو، گۆگرد و ... دەست دەکەوێت.

سەرنج:

١. ئەگەر لە نیوەی وشەکەدا پێویست بە "سێخاڵ" هەبوو ئەوە دەلکێت بە وشەکەوە ئەگینا دەبێت سەربەخۆ بنووسرێت.

٢. ژمارەی ئەو خاڵانە تەنیا سێ دانەن و نە زیاتر. هەندێ کەس لەخۆڕا ئەو خاڵانە بەکەیفی خۆی دادەنێت، ئەوە هەڵەیە و دەبێت تەنیا سێ خاڵ بن و بەس.

**دەیەم ـ بۆشایی :(space)**

بە مەودای نێوان دوو وشەی سەربەخۆ دەڵێن «بۆشایی». ئەمە زیاتر لە نووسین بە کۆمپیۆتەر و کەرەستەی نووسین زۆر گرنگە. سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

(ئاڵای شەکاوە ـ ئاڵایشەکاوە)

له یەکەمدا بۆشایی هەیە، لە دووەمدا بۆشایی نییە. دیارە ئەوەی یەکەم ڕاستە، یان کەسانێک هەن کە هەندێک جار لەو شوێنانەی کە پێویست بە «بۆشایی» ناکات، بۆشایی دادەنێن، وەک: "لە گە ڵ" کە دەبێت وا بنووسرێت: "لەگەڵ".

نووسەر دەبێت بزانێت لە چ شوێنێکدا "بۆشایی" پێویستە، یان پێویست نییە، ئەگینا وشەکان واتای هەڵە دەدەنە دەستەوە و تێگەیشتنیان قورس دەبێت.

سەیری چەند نموونەیەک بکەن:

(باسکرا) دەبێ بۆشایی هەبێ: (باس کرا). (وامەکە) دەبێ بۆشایی هەبێ: (وا مەکە).

(جێیهێشت) دەبێ بۆشایی هەبێ: (جێی هێشت). (خۆشمدەوێی) دەبێ بۆشایی هەبێ: (خۆشم دەوێی).

لەم هۆنراوەیەی مامۆستا هێمندا، دەبینن، دانانی بۆشایی لە (کەماڵ)دا واتاکە دەگۆڕێ: هەڵە:

کەماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟

کەماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من

کە دیارە دەبێت ئاوا بنووسرێت:

کە ماڵت بێ، کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟

کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من

**یازدەیەم - هێڵی لار (/)، (\)**

١. بۆ نووسینی ڕێکەوت کە بە ژمارە دەنووسرێت، کەڵک لە هێڵی لاری (/) وەردەگرین.

وەک: شاری کەرکووک لە ٢٠٠٣/٤/١٠ ڕزگار کرا.

٢. بۆ نووسینی «دابەشکردن» لەناو دەقێکدا کە پیتی تێدا بەکار چووە، کەڵک لە هێڵی لاری (\) وەردەگرین، وەک: خێراییی تێشک (٣٠٠ هەزار کم\چرکە)دایە.

دەرەنجام: ڕەچاوکردنی خاڵبەندی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر مەبەستەکەی بەباشی بگەیەنێتە خوێنەر و خوێنەریش بەهەڵە لە مەبەستەکە تێ نەگات.

## ڕاهێنان

**١. ئەم دەقەی خوارێ خاڵبەندی بکە.**

کوڕێک چوو بۆ داوای کچێک - کاتێک کچەکە حاڵی کوڕەکەی زانی وتی - بە مەرجێک شووت پێ دەکەم – (کە) دایکت بۆ ئاهەنگی مارەبڕین نەیەت - کوڕەکە زۆر پەشۆکا و نەیدەزانی چی بکات-بۆیە بیری کردەوە کە ڕاوێژ بکات بە هاوڕێیەکی کە زۆر خۆشی دەویست و متمانەی پێ بوو-

کاتێک بە هاوڕێکەی وت- هاوڕێکەی وتی- بۆ ئەم مەرجەی داناوە - کوڕەکە بەشەرمەوە وەڵامی دایەوە و وتی: کاتێک تەمەنم ١ ساڵ ... بوو باوکم مرد- ئیتر دایکم بەخێوی کردم بۆیە ناچار بوو جلوبەرگی خەڵکی بشوات تا ئێمەی پێ بەخیو بکات بۆیە من زۆر شەرم دەکەم لە کارەکەی دایکم و دەمەوێت ژیانێکی تازە دروست بکەم.
هاوڕێکەی وتی: تەنها داوایەکم هەیە لێت، بڕۆ دەستی دایکت بشۆ ئینجا سبەینێ وەرەوە وەڵامی خۆمت پێ دەڵێم - بۆیە کوڕەکە کاتێک گەڕایەوە خێرا بانگی دایکی کرد و وتی دەمەوێت دەستت بشۆم، کاتێک دەستی دایکی دەشۆرد بینی دەستەکانی دایکی چرچ بووە و هەمووی برین و زامە لەو کاتە کوڕەکە دەستی کرد بە گریان و هەردوو دەستی دایکی تێر ماچ کرد، هەر لەو کاتە خۆی پی نەگیرا تا سبەینێ چاوەڕی بکات و بڕواتەوە بۆ لای هاوڕێکەی بۆیە خێرا -تلفن-ی کرد بۆ هاوڕێکەی و وتی-زۆر سوپاست دەکەم هاوڕێکەم هەرگیز دایکم ناکەم بە قوربانی کەس لە کاتێکدا دایکم خۆی کردە قوربانی بۆ ئێستای من و بەختەوەریم-

- ئەوەی ڕێزی دایکی نەگرێت لە ژیانیدا ئەوە کەس ڕێزی ناگرێ -

٢. له چەند هێڵدا بنووسە کە چ هەستێکت هەیە کە دەزانیت بە کوردی بنووسی؟

## نموونەی تاقیی کۆتایی

**ئەم پرسیارانەی خوارەوە وڵام بدەنەوە.**

ئەلف) پیتی "ڕ" لەگەڵ "ر" هەروەها " ل " لەگەڵ " ڵ " چ جیاوازییان هەیە؟

ب) پیتەکانی بزوێنەکانی زمانی کوردی بنووسە.

پ) ئەم وشانەی خوارەوە بە ڕێنووسی کوردی بنووسەوە.

توپ: مرکزی: دوچرخە: خواب خویش: تصمیم کبری:

ج) ئەرکی هەمزە لە ڕێنووسی کوردی چییە؟ بە چەند نموونە ڕوونی بکەوە.

د) گرینگیی بەرچاوگرتنی ڕێنووسی یەکگرتوو لە نووسینەکاندا چییە؟

**ڕاستـترین وڵام هەڵبژێرە :**

١) ئەلف) لەکوێوە بۆ کوێ ب) لە کوێوە بۆکوێ
ج) لە کوێ وە بۆ کوێ د) لە کوێوە بۆ کوێ

٢) ئەلف) من لە چادر دام ب) لە سەرەوە بەڵێنم دا ناچم
ج) لەوێ لە خزمەت داین د) لە جێگایەکی لێمدا

٣) ئەلف) لە تەک بابمدا نێوانم خۆشە ب) تکایە دەستی پێ لێ هەڵمەگرە
ج) ماڵمان لە تەنیشت مزگەوتە د) دەست پێ کردنی لە ئێرەوەیە

٤) ئەلف) پار گەرمترین هاوینی هەبوو ب) جارێکیتر نەتبینمەوە
ج) لە وڵاتەکانی تر دا د) هیوا وئاواتم لە دەست دا

٥) ئەلف) دەستلێهەڵگرتن ب) دەست لێ هەڵگرتن
ج) دەستلێ هەڵگرتن د) دەست لێـهەڵگرتن

٦) ئەلف) پێموت ب) پێم ووت ج) پێمکوت د) پێم وت

٧) ئەلف) وەرم گرت ب) وەر بگرە ج) وەرمبگرە د) وەر دەگرم

٨) ئەلف) تێوە گلاندن ب) تێومگەلاند ج) تێوەگلاندن د) تێویبگەلێنە

٩) ئەلف) هەڵماندەگرت ب) هەڵمان دەگرت

ج) هەڵ ماندەگرت د) هەڵ مان دەگرت

١٠) پێشگرەکانی "پێ، تێ، لێ، وێ" چ کاتێک جیا نابێتەوە؟

ئەلف) چاوگ ب) کردار ج) جێناو د) ئەرێ/نەری

**هەڵەکانی ئەم ڕستانە بدۆزەوە و بیخە نێو بازنە.**

الف) مامۆستایانیی فێرگەی زمانیی کوردی لە دەست پێکی خولەکان دا وانە دەڵێنەوە،

ب) هەستیار بە زویری بە باوکیی کوت کە نابێت لە ماڵی ئێمەدا شەڕو کێشەی خێزانی سەر هەڵ بداتەوە،

پ) بە هۆی گرینگی فێربوونیی زمانی کوردی، لە فێرگەی زمانی کوردی ناونوسیم کرد:

ت) نوێنەرەکان لە ڕێک کەوتنێکدا لەپەرلەمان بێ کێشە لە سەر هشت خاڵ ڕێک کەوتن،

ج) وەرە بنوارە دوو دستی حەنایم، حەنایی چیی هەمو خۆ خوێنە قووربان،

چ) مەحمود و کاک محمەد لە چاوپـێـکەوتنەکەیاندا زۆر وت و وێژیان کرد،

**واتای ئەم وشانە بە وشەی هاوواتای کوردی یان فارسی بنووسن.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هۆڤی: | باڵوێزخانە: | ئاپۆرە: | خۆڕسکی: | ڕاوێژکار: |
| ڕووگە: | جەمسەر: | کەدی: | گۆڤار: | هزر: |

**خوێنەری هێژا**

هیوادارم تا ئێستا بەباشی فێری ڕێنووسی کوردی بووبیت و بتوانی دەست بۆ پێنووس بەریت و بنووسی بەڵام ئەمە بزانە کە هەر کارێک ئەستەمی هەیە و دەبێ بۆی تێ بکۆشی تا بتوانیت تەواو لێی ڕابێیت کەواتە چەند پێشنیارم بۆت هەیە کە لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ دەکەم، هیوادارم بەکەڵکتان بێ.

١. تکایە بەشی خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە تەواو وەکوو مەشقی شەوانە لە تێنووسدا بنووسە تا هەم چاوت ڕابێت و هەمیش دەستت لە نووسین بە کوردی خێرا بێت ئەوەش بزانە من بەئەزموونی چەند ساڵ کە فێرکاری زمانی کوردیم بە تاک یان کۆ کردووە وا دەڵێم دەنا نووسین یا نەنووسینی مەشق لەلایەن تۆی بەڕێزەوە تەنیا بۆ خۆتە کەواتە تۆزێ بایەخ و کاتی بۆ دابنێ.

٢. دەست پێ بکە و هەرچی دەق، نامە، بیرەوەری و ...ی ڕۆژانەت هەیە بە کوردی بنووسە و شانازی پێ بکە چون ئێستا بەپێی قسەی یۆنێسکۆ "خوێندەوار دێیتە هەژمار و کوردەکانی دەوروبەرت تەنانەت پسپۆڕ (متخصص)یش بێت گەر نەتوانن زمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن نەخوێندەوار دێنە هەژمار".

٣. لە ئینتێرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کوردی بنووسن و لە تەختەکلیلی کوردی کەڵک وەرگرن و پێداگری بکەن کە هەموو وا بنووسن.

٤. خوشکی بەڕێزم، کاکی هێژام، تێ بکۆشە کتێبی کوردی بکڕی و بخوێنیەوە ئێستا لە هەر بوارێک کە کتێبی کوردیت بوێت وەکوو: بیرکاری، زیندەوەرزانی، دەروونناسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئایینی، زانستی ڕۆژ، فیزیک، زەویناسی، فەلسەفە، فێرکاری، چێشت و ... هەزاران کتێب هەیە و ساڵانەش هەزاران کتێبیش لە چاپ دەدرێت تۆش وەکوو کوردێک ئێستا دەتوانی لەم دنیایە بۆ زانستت کەڵکیان لێ وەرگری.

٥. بە ئەرکی سەرشانتی بزانە و فێری بنەماڵە، دراوسێ و هاوڕێکانت بکە یان تەنانەت پێیان بێژە کە بنکەی فێرکاری زمانی کوردی هەیە و بڕۆن و ناونووسی بکەن تا لەم زمانە شیرنە بێبەش نەبن و ئەوانیش چێژی لێ بەرن.

٦. قسە هەزارن و دوویان بەکارن، کەواتە هیوادارم لە ژیانی ڕۆژانەت بایەخێک بە زمانە داماو و هەژارەکەت بدەی و لە بەرهەمە خۆشەکانی کەڵک وەرگریت و خۆت زیندوو ڕاگریت، هەروەها هیواداریشم ڕۆژێک ببیتە هۆی شانازیمان. **ماڵاوا**

## سەرچاوەکان


١. دەیان ماڵپەڕ و نووسراوەی مامۆستایان لەسەر ئینتێرنێت.

٢. کتێبی" ڕاهێنانی کوردی" مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی

٣. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی ٢٠٠٩، هەولێر.

٤. چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی و ئەلفبێی کوردی، مەسعوود محەمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، ١٩٨٢

٥. ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردستان، بەدران ئەحمەد حەبیب، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤

٦. فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی د. نەریمان خۆشناو، ٢٠١٣

٧. ڕێنووسی زمانی کوردی، زانستپەروەرانی کورد www.zkurd.org

٨. هەڵۆچکەیەکی تری، بەرەو ڕاستەڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر

٩. ماڵپەڕی (www.vejinbooks.com ) بۆ هۆنراوەکان

١٠. ماڵپەڕی: (www.yageyziman.com) بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو

١١. ماڵپەڕی ویکیپیدیای کوردی و فارسی

١٢. آواشناسی و دستور زبان کردی، د. علی رخزادی، چاپ دوم

١٣. زبان کردی و جایگاه آن در میان زبان های دنیا (زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا)، د. رفیق شوانی، ترجمه دکتر جبار میرانی، انتشارات کانی کتێب ١٣٩٥

١٤. آموزش خواندن و نوشتن زبان کردی به صورت علمی، مصطفی ایلخانی زاده، انتشارات کردستان ١٣٨٥

١٥. ڕێنووسی کوردی، رحیم سلطانی، چاپ دوم ١٣٨٤،

١٦. آموزش زبان کردی سۆرانی، د. علی رخزادی، انتشارات کردستان ١٣٩٢

١٧. دستورزبان و آموزش زبان کردی، د. مصطفی خرم دل، چاپ اول ١٣٩٥

١٨. زبان کردی و پراکندگی جغرافیایی لهجەهای آن، د. فواد حمه خورشید، مترجم دکتر سعید خضری _ جعفر خضری، چاپ دوم ١٣٩١

١٩. وارگەی مێژوویی کورد، محمد ابراهیمی محمدی، چاپ اول، ١٣٩٤

٢٠. وشەناسیی زمانی کوردی، سەعید کەرەمی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان ١٣٩٦

٢١. وشەسازی، بەشی پێنجەم: کردار، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ ١٣٩٦

٢٢. وشەسازی، بەشی یەکەم: ناو، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ ١٣٩٦

٢٣. چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، ٢٠١٤

٢٤. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم

٢٥کتێبی فێرگە، دەستەی نووسەران.

(تکایە گەر ناوی سەرچاوەیەکم لەبیر چووبێت یان ئاماژەم نەکردبێ، بمبوورن)